هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٠١

سالّی/ ٢٠١٤ — بەرگی سەدو یەك

---

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠١٩

# پێڕیست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١١) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — چوارشەممە ٢٠١٤/١١/١٩ ل ٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٢) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٠١٤/١١/٢٥ ل ١٠٣

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٣) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — چوار شەممە ٢٠١٤/١١/٢٦ ل ١٩٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٤) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — چوار شەممە ٢٠١٤/١٢/٣ ل ٢٩٥

چاودێری کردنی مەودای پابەند بوون پێیەوە بە گوێرەی پێویستی لە ماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر هەموار ئەکرێت.

٨- أ دەرکردنی ڕێنمایی دەرخستنی ئەستۆی دارایی بە پابەند کردنی فەرمانبەرانی هەرێم کە لەم یاسایە دەقیان لەسەر کراوە کە بەرژەوەندییە داراییەکانی خۆیان و بەرژەوەندییەکانی هاوسەر و منداڵە دواکەوتەکانیان ئاشکرا بکەن، و لە ماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر هەموار ئەکرێ، بە گوێرەی ئەوەی دەستە بە گونجاوی ئەبینێ بۆ دەستبەر کردنی ئەو مەبەستانەی لێی چاوەڕێ ئەکرێ.

ب- دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەکان زانیاری ورد لەخۆ ئەگرێ دەربارەی ئەو شتانەی کەسی داوا لێکرا و خاوەنیانە، لە نێوانیشیان خانووبەرەی گوازراوە و داهاتی دارایی و ڕەسید لە بانك و پشك و سەند و مافی مەعنەوی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم خاوەنیانە.

ج- دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەکان، هەریەك لە مانەی خوارەوە ئەگرێتەوە:

١ سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی.

٢- سەرۆکی پەرلەمان و جێگر و سکرتێر و ئەندامەکان.

٣- سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی.

٤-وەزیرەکان و ئەوانەی بە پلەی وەزیرن و بریکاری وەزارەتەکان.

٥- سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی و جێگرەکەی سەرجەم بەڕێوەبەرە گشتیەکانی دەستە و لێکۆڵەرەوەکانی.

٦- خاوەنی پلەتایبەتەکان و بریکار و یاریدەدەرکانیان.

٧- بەڕێوبەرە گشتی و یاریدەدەرەکانیان.

٨- دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی و سەرپەرشتیارە دادوەرییەکان و لێکۆڵەرەکان.

٩- ئەفسەرانی پاسەوانی هەرێم و ئاسایشی ناوخۆ لە پلەی موقەدەم بەرە و سەرەوە، ئەو ئەفسەر و مولازمانەی کاری لێکۆڵینەوە ئەکەن.

١٠- پارێزگار و سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان، سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنەکانی پارێزگا و قەزا و ناحیە و سەرۆکەکانی شارەوانی و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی.

١١- هەرکەسێك پۆستێکی مەدەنی یان سەربازی هەبێ لەسەرەوە ناوی نەهاتبێ و دەستە بە پێویستی بزانێ کە ڕاپۆرتی دەرخستنی دارایی بیگرێتەوە بەپێی ڕێنماییەك کە بۆ ئەو مەبەستە دەرئەکرێ.

د- دەستە بۆی هەیە ڕاپۆرتی دەرخستنی ئەستۆی دارایی بڵاو بکاتەوە و ڕێگە بدات بەوەی جەماوەر و ڕاگەیاندن سەیریان بکەن یان کۆپیان بکەن.

نۆیەم:

دەستە بـۆی هەیـە فەرمانگـەی پەیوەندیـدار ڕاسـپێرێ بـە دەسـت کێشانەوەی ئـەو فەرمانبـەرەی ملکەچـی لێکۆڵینەوەیە بەپێی یاسای بەرزەفتە کردنـی فەرمانبـەرانی دەوڵـەت ژمـارە (١٤) ی سـاڵی ١٩٩١ ی بـەرکار لـە هەرێم.

٢- دەسـتە بـۆی هەیـە ئـەو سەرپێچـیانەی پەیوەسـتن بـە سـتانداردەکانی ڕاژەی گشـتی ڕەوانـەی لایـەنی پەوەیندیدار بکات، و بۆی هەیە ڕاسپاردەی لەگەڵ هاوپێچ بکات بە گرتنبەری ڕێکاری بەرزەفتەکاری.

١٠- أ دەسـتە هاوکـاری دیـوانی چـاودێری دارایـی هـەرێم ئـەکات بـۆ چـاودێری وەرگـرتن و خـەرج کردنـی مایـەکانی هـەرێم و ڕەفتـار کـردن پێیانـەوە و ڕێگـەی بـەڕێوەبردن و دەرکردنـی ڕاپـۆرتی ناوبـەناو دەربارەیانەوە.

ب_ چاودێرێ کردنی ئاستی دەستپاکی و بڕیار و کارە بەڕێوەکراوەکان یان ئـەو کارانـەی گیراونەتـە بـەر لـە کەرتی گشتی و دەرکردنی ڕاپۆرتی گشتی ناوبەناو دەربارەیانەوە.

ج- پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی ملکەچی چاودێرییە لەسـەر داوای دسـتە و بـێ دواکـەوتن زانیـاری و ڕوون کردنەوە و بەڵگە نامە بەوانـەی کـە نهێنێشـن و هەرچـی بـێ پلـەی نەدرکانـدنیان پێشکەشـی دەسـت بکات، لەگەڵ هەرشتێکی تر کە دەستە بۆ مەبەستەکانی چاودێرێ بە پێویستی بزانێ و تێیان بڕوانێ.

د- ئەوەی سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی سێی ئـەو بەنـدە بکـات ئـەوە بـە بەنـد کـردن بـۆ ماوەیـەك کـە لـە شەش مانگ زیاتر نەبێ، و بە غەرامەیەك لە (١٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ یان بە یەك لەم دوو سزایە سزا ئەدرێ.

هـ- دەستە دەستەڵاتی جوڵاندنی سکاڵای سزاکاری و بەدواداچوونی هەیە بەپێی بڕگەی چواری ئەو بەندە.

ز- پێشنیار کردنی ئەو یاسانەی ئەکەونە بواری خۆپاراستن لە گەندەڵی یان بەرەنگار بوونەوی.

ع- دەستە بۆی هەیە فەرمانگە و دەمـەزراوەکانی کـەرتی گشـتی پابەنـد بکـات بـە بـڵاو کردنـەوەی داتـا یـان زانیاری یان بەڵگەنامەی دیاری کراو لەسەر هەر کاروبارێك کە سەپاندنی شەفافیەتی تێدا بەپێویست بزانێ بەپێی چەند میکانیزم و ڕێسایەك کە دەستە دیاری ئەکات.

١٣-جێ بەجێ کردنی ڕێ و شوێن بـۆ ڕێگـەگرتن لـە تێـوەگلانی کـەرتی تایبـەت لـە گەنـدەڵی و پتـەوکردنی شەفافیەت لە قەوارەکانی کـەرتی تایبـەت و ڕێگـە گـرتن لـە نـاکۆکی و بەرژەوەندییـە تاتیبەتـەکان تیایانـدا بەپێی ڕێکەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

١٤- دەرکردنی ڕێنمایی ڕێگەگرتن لە ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە هەرێم و چاودێری پابەند بوون پێیەوە و دەستنیشان کردنی سەرپێچی کردنی حوکمەکانی و دەرکردنی ڕاپۆرتی ناوبەناو دەربارەیانەوە.

١٥- دەستە بۆی هەیە هەرکارێك بکات کە بۆ هێنانەکایەی ئامانجەکانی بە پێویست و گونجاوی ببینێ.

ماددەی شەشەم:

بەندی یەکەمی ماددەی شەشەمی یاسای دەستە هەموار ئەکرێ و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

١ پەرلەمان هەڵئەستێ بە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستە بە دەنگدانی نهێنی و بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان لە نێوان سێ کاندید کە ئەنجومەنی دادگەری لە هەرێم کاندیدیان ئەکات، ئەوەی هەڵئەبژێردرێت بە مەرسوومی هەرێمی و بە پلەی وەزیر دادەمەزێ، و لە حاڵەتی سەرنەکەوتنی هیچ کام لەم کاندیدانە بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان ئەوا هەڵبژاردن لە نێوان ئەو دوو کاندیدە دووبارە ئەکرێتەوە کە زۆرینەی دەنگەکانیان بە دەست هێناوە، ئەوەی زۆرینە بەدەست بهێنێ ئەوە بە سەرکەوتوو دائەنرێ.

ماددەی حەوتەم:

هەردوو بەندی پێنجەم و شەشەمی ماددەی حەوتەم لە یاسای دەستە هەموار ئەکرێ و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

پێنجەم: سەرۆك بە بڕیاری پەرلەمان و بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی لە یەکێ لەو حاڵاتانەی خوارەوە لە پۆستی خۆی ئەبەخشرێ.

١ ئەگەربڕیارێکی دادگەری بنبڕ دەربچێ بە توانبار کردنی ئەنجامدانی تاوانێکی بە ئەنقەست یان کەتنێکی ئابڕووبەر.

٢- ئەگەر درێغی یان کەمتەرخەمی گەورە لە ئەنجامدانی کار و ئەرکەکانی بسەلێنرێ.

٣- خراپ بەکارهێنانی دەستەلاٌتەکانی.

شەشەم:

بڕیاری بەخشین لە هەردوو حاڵەتی (٢، ٣) لە بڕگەی پێنجەمی ئەو ماددەیە لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دەرئەکرێ کە بە بڕیاری پەرلەمان و بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای تەمیزی هەرێم و ئەندامیەتی دوو لە پێشکەوتوو ترین ئەندامانی دادگا پێکدەهێنرێ.

ماددەی هەشتەم:

ماددەی دەیەمی یاسای دەستە هەموار ئەکرێ و بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

سەرۆك ئەم دەستەڵاتانەی خوارەوە پیادە ئەکات:

١ بەڕێوەبردن و ڕاگیرکردنی کارەکانی دەستە و مسۆگەر کردنی بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی لە سنووری یاسا بەو جۆرە هێنانە کایەی ئامانجەکاتی مسۆگەر ئەکات.

٢- دەمەزراندن و بەرز کردنەوە و تەئدیب کردنی فەرمانبەرانی دەستە.

٣- أ دامەزراندنی لێکۆڵەر لە دەستە لەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن لە یاسا بەو مەرجەی کاری لێکۆڵینەوە ئەنجام نەدەن تا دەرچوونیان لە خولێك لە پەیمانگەی دادگەری هەرێم بۆ ماوەی سێ مانگ و سوێند خواردنی ئەو سوێندەی لە یاساکانی بنەمای دادگاییە سزاکارییەکانی ژمارە (٢٣) ی ساڵی ١٩٧١ دەقی لەسەر کراوە لەبەردەم سەرۆکی دەستە.

ب- لێکۆڵەرەوەکانی دەستە هەمان دەستەڵاتی لێکۆڵەریان ئەبێ بەپێی یاسای بنەماکانی دادگەرییە سزاکارییەکان، و هەمان مامەڵەی ئەوانیان لەگەڵ ئەکرێ لە سەرجەم ماف و ئیمتیازاتەکان سەباری دەرماڵەی تایبەت و ئیمتیازاتی بەخشرا و بۆیان وەکو فەرمانبەرانی دەستە.

٤- کردنەوەی لقی دەستە لە پارێزگاو ئیدارەکانی هەرێم بەو مەرجەی هەر لقێك لە لایەن بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوە ببرێت کەوا بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت.

٥- دامەزراندنی ئەکادیمیایەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتیدا لە ئەرکەکانی بوونیاتنانی تواناکان و راهێنان و بڵاوکردنەوەی چەمکەکانی دەست پاکی و لێپرسینەوە و شەفافیەت و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە ئەستۆ بگرێت.

٦- پێشکەش کردنی راپۆرتی ناو بە ناو بۆ پەرلەمان هەر شەش مانگ جارێك یان هەر کاتێك پێویست بکات چالاکیەکانی دەستە و پۆختەیەك لەسەر ئەو کێشانەی لێکۆڵینەوەیان لێ کراوە و ئەوانەی کە پارێزراون یان داخراون، ئەوانەی ڕەوانەی دادگا تایبەتمەندەکان کراون لە خۆ بگرێت و، دەستە لە پێگەی ئەلکترۆنی خۆی بڵاویان دەکاتەوە و دەیخاتە بەر دەستی ئامرازە جۆراو جۆرەکانی راگەیاندن.

٧- پێشنیار کردنی بودجەی دەستە و رەزامەندی دەربڕین لەسەر خەرجییەکانی.

٨- دەرکردنی ئەو ڕێنماییانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە.

٩- هەڵسان بە کار و ئەرکەکان و پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتانەی ئەم یاسایە یان هەر یاسایەکی بەرکاری تر دەقیان لەسەر دەکات.

ماددەی (٩)، ماددەی (١١) یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

یەکەم: سەرۆکی دەستە جێگرێکی دەبێت بە مەر سوومێکی هەرێمی دادەمەزرێت پاش کاندید کردنی لە لایەن سەرۆکەوە و بە پلەی بریکاری وەزارەت دەبێت و، لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆك بەهەر هۆیەك بێت جێگای دەگرێتەوە و لەو کاتەشدا گشت کار و ئەرکەکانی بەڕێ دەکات و گشت دەسەڵاتەکانیشی پیادە دەکات.

دووەم: سەرۆکی دەستە بۆی هەیە هەندێك دەسەڵاتەکانی تەخویل بکات بۆ جێگرەکەی یان بەڕێوەبەرە گشتیەکان یان هەر یەکێك لەوانەی خوار سەرۆکن.

سێیەم: جێگری سەرۆکی دەستە یان هەر یەك لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دەستە لە پۆستەکانیان بە مەرسوومێکی هەرێمی دەبەخشرێن لەسەر راسپاردەی سەرۆکی دەستە کە پاڵپشت بێت بە کاری لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە کەوا سەرۆکی دەستە بۆ ئەم مەبەستە پێکی دەهێنێت.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان: داوا لە بەڕێزتان دەکەم ڕێگە بدەن بە بەڕێز (نجیبە) خان بڕیاردەری لیژنەی نەزاهە بۆ تەواو کردنی خوێندنەوەی پڕۆژە یاساکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، فەرمووو خاتوو نجیبە.

**بەڕێز نجیبه لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (١٠) ماددەی (١٢) یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**دەستە پێك دێت لە:**

**یەکەم: فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکان بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بەرایی بێت لە یاسا و خاوەنی شارەزایی بێت لە بواری پسپۆڕی خۆی کە لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت و هەڵدەستێت بە ئاشکرا کردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی و کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەیان بە پشت بەستن بە دەزگا هۆنەرییەکان، وەرگرتنی هەواڵدان و زانیاری و سکاڵاکانی گەندەڵی و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی گەندەڵی و هاوکاری کردن لە بواری چاودێری خەرجکردن و وەرگرتن و ڕەفتار کردن بە مایەکانی هەرێم و ڕێگاکانی بەڕێوەبردن و هێنانەوەی ئەو تۆمەتبارانەی بۆ دەرەوە ڕایان کردووە و گەڕانەوەی ئەو مایەو سامانانەی بۆ دەرەوە ڕفێندراون و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و لێکۆڵینەوەی هاوبەشی نێو دەوڵەتی و، چەند بەڕێوەبەرایەتیەکی لێکۆڵینەوە پێوە دەبەسترێنەوە کەوا بە فەرمانی سەرۆکی دەستە دەکرێنەوە لە هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێم.**

**دووەم: فەرمانگەی یاسایی بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلایەنی کەمەوە هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بەرایی بێت لە یاسا و خاوەنی شارەزایی بێت لە بواری پسپۆڕی خۆی کە لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت وبەم ئەرکانەی خوارەوە هەڵدەستێت:**

**١- پێشکەش کردنی بیرۆڕا و ڕاوێژ لە پرسە یاساییەکان کەوا دەخرێنە بەردەم دەستە و، نوێنەرایەتی کردنی دەستە بۆی هەیە لەو دەعوە یانەی بۆی یان لەسەری بەرز دەکرێنەوە بە بریکاری فەرمی کەلە سەرۆکی دەستەوە دەرکرا بێت.**

**٢- مورافەعە کردن لەبەردەم دادگا تایبەتمەندەکان لەوەی پەیوەستە بە تاوانەکانی گەندەڵی یان پێداچوونەوەی ڕێگاکانی تانە لێدان دەربارەیانەوە.**

**٣- نوێنەرایەتی کردنی دەستە لەو لیژنەی لێکۆڵینەوە کە لەسەر داواکاری دەستە پێکهێناون. ٤- ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی یاسایی تایبەت بە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ڕێککەوتنامە نێو دەوڵەتییەکانی ئەم بوارە.**

**٥- پێشکەش کردن و داواکردنی یارمەتی یاسایی نێو دەوڵەتی ئاڵوگۆڕکراو.**

**٦-چاودێری لەسەر دەست پاکی بڕیار و کارەکانی کەرتی گشتی.**

**٧-دانانی ڕێنمایی ڕێگەگرتن لە کن ناکۆکی بەرژەوەندیەکانی لە هەرێمدا.**

**٨- گرتنەبەری ڕێکار بۆ چاودێری ئاستی دەست پاکی بڕیار و کارەکانی کەرتی گشتی و دەرکردنی راپۆرتی ناو بە ناو لەم بارەیەوە.**

٩- دانانی پەیڕەوی تایبەت بە پاراستنی گەواهیدەر و، هەواڵدەر و، قوربانیان و، شارەزایان و، پەیڕەوەکانی هاندانی جەماوەر و، راگەیاندن و، کۆمەڵگای مەدەنی و، تۆمەتباران بۆ هاوکاری کردنی دەستە.

١٠- ئامادەکردنی پێشنیار و پرۆژە یاسا لە بواری نەهێشتنی گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی. سێیەم: فەرمانگەی خۆ پاراستن و شەفافیەت:

بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بەرایی بێت و خاوەنی شارەزایی بێت لە بواری پسپۆری خۆی کە لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت و، ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

١- وەرگرتنی دەرخستەکانی بەرژەوەندییە داراییەکان و مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو زانیاریانەی تیایاندا هاتوون و گەڕان بەدوای راستییەکانی و بەدوادا چوونی ئەوانەی دواکەوتوون لە پێشکەش کردنی و چاودێری کردنی زیاد بوونی مایەی ئەوانی داوا کراون دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەکانیان پێشکەش بکەن و گرتنە بەری رێکاری یاسای دەرهەق دەسەلێنرێت کەوا زیاد بوونێکی گەورە لە سامانی یان سامانی هاوسەری یان یەکێك لە منالە دواکەوتەکانی بوونی هەیە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

٢- هاوکاری کردن لەگەڵ رێکخراوە نا حکومییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی و راگەیاندن لە جێبە جێ کردنی رێ و شوێنی هاوبەش بۆ رێگە گرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی.

٣- گەشە پێدان و پێشخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو لایەنانەی هاوشێوەن.

٤- بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکانی راهێنان و ئەنجامدانی کۆنگرە بەهاوکاری وەزارەتە تایبەتمەندییەکان و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت.

٥- بلاوکردنەوەی رۆشنبیری دەست پاکی و شەفافیەت و لێپرسینەوە و پابەندبوون بە ستانداردەکانی راژەی گشتی.

٦- هاوکاری کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دانانی پرۆگرامی خوێندنی نیشتمانی بۆ پتەوکردنی دەست پاکی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

٧- دانانی رێنمایی رێساکانی رەفتاری پیشەیی و چاودێری کردنی پابەند بوون پێیەوە و جەخت کردنەوە لەسەری.

٨- دنانی رێنمایی دەرخستنی ئەستۆی دارایی.

٩- دانانی پەیڕەو و میکانیزم و رێسای بلاوکردنەوەی زۆرە ملێی داتاو زانیاری و بەلگەنامەکان.

١٠- دانان و جێبە جێ کردنی رێ و شوێنی رێگە گرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی و پتەوکردنی شەفافیەت و رێگە گرتن لە ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لەکەرتی تایبەتدا.

١١- بەدوادا چوون و گەڕان بەدوای راستیەکاندا دەربارەی ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لەکەرتی گشتیدا و دەرکردنی راپۆرتی ناو بە ناو دەربارەیانەوە.

چوارەم: فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی و دارایی:

بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شارەزایی بێت لە بواری پسپۆڕی خۆی کە لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت و هەڵدەستێت بە ئەرکەکانی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان و دابین کردنی ڕاهێنانی پێویست و بونیاد نانی تواناکان.

پێنجەم: بەڕێوەبەرە گشتیەکان بە مەرسۆمێکی هەرێمی پاش کاندید کردنیان لە لایەن سەرۆکی دەستەوە دادەمەزرێن.

شەشەم: نووسینگەی سەرۆکی دەستە فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات کە بە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت.

ماددەی (١١) بەندی یەکەم لە ماددەی (١٣) یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

١- لێکۆڵەرەکانی دەستە دەسەڵاتی لێکۆڵەریان هەیە بەو پێیەی لە یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاکارییەکانی بەرکار لە هەرێمدا دەقیان لەسەر کراوە و دەسەڵاتیان هەیە بڕواننە نووسراوە بەڵگەنامە فەرمییەکان بەوانەی نەهێنیشن و پلەی نەدرکاندنیان هەرچییەك بێت و، پێویست کاری چوونە ژوورەوەیان بۆ فەرمانگەی پەیوەندیدار لەگەڵ ئەو ئامێرانەی سرۆشتی کارەکانیان پێویستی دەکات ئاسان بکرێت و پاراستنیان دابین بکرێت و نابێت ئەو ئامێرانەی پەیوەستن بە کارەکانیانەوە لێان بسەندرێتەوە.

ماددەی (١٢) هەردوو بەندی دادێن بۆ ماددەی (١٣)ی یاسای دەستە بە هەردوو ڕێزبەندی سێیەم و، چوارەم بەم شێوەیەی خوارەوە زیاد دەکرێن.

سێیەم:

١- دەستە بەبڕیاری سەرۆکەکەی بۆی هەیە هەواڵدان یان زانیاری یان سکاڵا بەبێ ئەوەی بیانخاتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە بپارێزێت ئەگەر هێما کردن بە بوونی تاوان لە خۆ نەگرێت یان ئەگەر لای دەستە بە گەڕان و لێکۆڵینەوەی بەرایی سەلمێندرا کەوا هەواڵدانەکە دورست نییە یان درۆیە.

٢- دادوەری لێکۆڵینەوە یان ئەندامی داواکاری گشتی تایبەتمەند بۆی هەیە داوای هەر دۆسیەیەکی پارێزراو بکات بە پێی یەکی ئەم بەندە و گرتنەبەری ئەوەی کە بە گونجاوی دەزانێت دەربارەیەوە بە پێی حوکمەکانی یاسا.

چوارەم:

١- ئەوەی حوکم بدرێت لەسەر تاوانێکی گەندەڵی بە ئەنقەست ئەوە لێهاتوویی وەرگرتنی وەزیفەی گشتی لە دەست دەدات و کەرتی گشتی بۆی نییە وەك بەڵێندەر یان هێنەری خزمەتگوزاری یان کەل و پەل گرێبەستی لەگەڵدا بکات.

٢- ئەو فەرمانبەرەی حوکمی تاوانبار کردنی بە تاوانێکی گەندەڵی بە ئەنقەست دەدرێت ئەوا بە گەیشتنی حوکمەکە بە پلەی بنبڕ دەست بەجێ بە دەرکراو عەزل لە وەزیفەکەی دادەنرێت.

ماددەی (١٣) بەندی دووەم: لە ماددەی (١٤) یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
بەپێی ئەوەی لەسەرەوەدا هاتووە هەر زیاد بوونێکی گەورە لە ساماندا لە دوای وەرگرتنی وەزیفەی گشتی یان راسپاردنی گشتی یان سیفەت یان لە سامانی هاوسەری یان یەکێك لەو منالە دواکەوتەکانی بێتە ئارا کاتێك لەگەڵ داهاتە رەواکانیان نەگونجێت و دەستە وەستان بێت لە بۆ دەرخستنی بەهۆکارێکی شیاو ئەوا بە ئیستیغلال دادەنرێت.
ماددەی (١٤) ماددەی (١٥) هەڵدەوەشێنرێتەوە و ئەوەی خوارەوە دێتە جێگای:
هەرکەسێك بۆ خۆی یان بۆ غەیری خۆی دەست کەوتێکی نا رەوای دەست بکەوێت ئەوا بە بەندکردن یان زیندانی کردن بۆ ماوەیەك لە (٧) ساڵ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك یەکسان بێت لە گەڵ دەست کەوتە نا رەواکەی و دەست بەسەرداگرتنی ئەو دەست کەوتەی سزا دەدرێت.
ماددەی (١٥)، ماددەی (١٧)ی یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
١- نەمانی دەعوەی سزاکاری بەهۆی مردن نابێتە رێگر لەبەردەم گەڕاندنەوەی دەست کەوتەکە بە حوکمی دادگای تایبەتمەند لەسەر داوای دەستە لەماوەی (٣) ساڵ لە رێکەوتی مردنەکەو لە مایەی هاوسەر و منالە دواکەوتەکانی بەگوێرەی سوود و وەرگرتنی هەر یەکێکیان لەو دەست کەوتە نارەوایە وەردەگرێتەوە.
٢- پێویستە لەسەر دادگای تایبەتمەند لەبەرامبەر ئەو هاوسەر و منالە دواکەوتانەی سوودیان لە دەست کەوتە نا رەواکە بینیوە بڕیار بدات بە حوکمی گەڕاندنەوەکە لە مایەی هەر یەکێکیان بەو بڕەی سوودی لێ دیوە.
ماددەی (١٦)، ماددەی (١٨) یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
بەشدار بوون لە تاوانی دەستکەوتی نا رەوا لە سزادان دەبۆردرێت ئەگەر هەڵسا بە ئاگادار کردنەوەی دەستەڵاتە تایبەتمەندەکان لە تاوانەکە بەر لە ئاشکرا بوونی یان هاوکار بۆ لە گەڕان و لێکۆڵینەوە لە ئاشکرا کردنی یان ئەو مایانەی لێوەوە دەست هاتوون ئاشکرا بکات و بگەڕێندرێنەوە و حوکمی ئەو ماددەیە پێویست بوونی حوکمدانی لەسەر بە گەڕاندنەوە پێشێل ناکات.
ماددەی (١٧)، ماددەی (١٩) یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
هەر داوا لێ کراوێك بە پێشکەش کردنی ئاشکرا کردنی بەرژەوەندییە داراییەکانی بە ئەنقەست یەکێك لەم کردەوانەی خوارەوە ئەنجام بدات ئەوا بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە لە (٣) مانگ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە (٣) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان بە یەکێك لەم دوو سزایە سزا دەدرێت:
١- دواکەوتن لە پێشکەش کردنی راپۆرتی دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەکانی بۆ ماوەیەکی زیاتر لە (٣) مانگ لەو ماوانەی لە لایەن دەستەوە دیاری کراون.
٢- هێنانەوەی داتای نا دورست لە راپۆرتی دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەکانی.

٣- بازنە كردنی بەرژەوەندی یان ئەو مایەی خاوەنیانە یان هی هاوسەرەكەیەتی یان هی یەكێك لە منالە دواكەوتەكانیەتی لە دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەكانی.

ماددەی (١٨) دەقی ماددەی (٢١) دەبێتە بەندی یەكەم و تیایدا و ئەم بەندەی خوارەوەی بۆ زیاد دەكرێت.

دووەم: ئەنجومەنی دەستە بۆی هەیە سەر مووچەی یەك ساڵ بداتە ئەو فەرمانبەرانەی هەوڵی بەرچاو دەبەخشن یان ئەنجامی ئاست بەرز بەدەست دێنن بە پێی چەند ستانداردێك كە ئەنجومەن دایان دەنێت و دەیان سەپێنێت.

ماددەی (١٩) دەقی ماددەی (٢٤)ی یاسای دەستە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١- دەستە پەیڕەوێكی تایبەت بە پاراستنی گەواهیدەر و، هەواڵدەر و، قوربانی و، شارەزایان دادەنرێت و، پەیڕەوەی هاندانی جەماوەر و، راگەیاندن و، كۆمەڵگای مەدەنی و، تومەتباران لە هاوكاری كردن لەگەڵ دەستەدا دادەنێت و تەخویل دەكرێت بە دەسەڵاتی جێبە جێ كردن و خەرجكردن لەسەریدا.

٢- سەرۆكی دەستە بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبە جێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەر بكات.

ماددەی (٢٠)، ماددەی (٢٥) هەموار دەكرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە: سەرۆكی دەستە بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەی دەستە بە گوێرەی پێداویستییەكانی كار بێنێتە كایەوە یان لێكیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە.

مادەی (٢١) ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقائع كوردستان) بڵاو دەكرێتەوە و لەڕێكەوتی بڵاوكردنەوەی بە بەركار دادەنرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستاش دەقی راپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەكە لەسەر پڕۆژە یاساكە بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە پڕۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای دەستەی گشتی دەست پاكی لە هەرێمی كوردستان - عێراق ژمارەی (٣) ساڵی (٢٠١١) لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی دەست پاكی ڕۆژی (١٣) گەلا ڕێزانی (٢٧١٤) كوردی بەرامبەر بە (٢٠١٤/١١/٤) زاینی كوبووەوە بۆ تاوتوێی كردنی پڕۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای دەستەی گشتی دەست پاكی لە هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (٣) ساڵی (٢٠١١) كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كرابوو، خوێندنەوەی یەكەمی لە دانیشتنی ژمارە (٧) لە بەرواری (٢٠١٤/١٠/٢٢) بۆ كرابوو رەوانەی لیژنەكەمان كراوە بۆ گفتو گۆ كردن و تاو توێ كردن لیژنەكان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- ناونیشانی پرۆژەی هەمواری یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی دەست پاکی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣) ساڵی (٢٠١١).

بەندی یەکەم: بڕگەی (٧) لە بەندی یەکەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: تاوانی گەندەڵی مەبەست لێی بریتیە لەهەر تاوانێك لەو تاوانانەی کەلە ماددەکانی (٢٣٣) و، (٢٣٤) و، (٢٧١) و، (٢٧٢) و، (٢٧٥) و، (٢٧٦) و، (٢٩٠) و، (٢٩٣) و، (٢٩٦) یاسای سزاکانی ژمارە (١١١) ساڵی (١٩٦٩) دەقیان لەسەر کراوە و تاوانەکانی پێشێلکار بۆ ئەرکەکانی وەزیفەی گشتی کە بریتین لە بەرتیل و ئیختیلاس و زیادەڕوی فەرمانبەران لە سنووری وەزیفەکانیان و تاوانەکانی شووشتنەوەی مایەو دالّدەدان و بەردەست کردنی ئەو سامانانەی دەرەنجامی تاوان یان کەتنی گەندەڵین و، هەر تاوانێك یەکێك لە بارودۆخە توندکراوەکانی دەق کراوە لە بڕگەکانی (٥) و، (٦) و، (٧)ی ماددەی (١٣٥) لە یاسای ڕێکخستنی دەرچوو لە ئەنجومەنی حوکمی هەڵوەشاوە پاشکۆ بە فەرمانی دەسەڵاتی ئیئتیلافی کاتی هەڵوەشاوەی ژمارە (٥٥) ساڵی (٢٠٠٤).

بڕگەی هەشتەم لە بەندی یەکەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

بەندی دووەم: وشەی گشتی لا دەبرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، بە پێی ئەم یاسایە دەستەیەك بەناوی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان - عێراق دادەمەزرێ خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆی دارایی و کارگێڕییە و بودجەیەکی سەربەخۆی هەیە ملکەچی چاودێری پەرلەمان دەبێت.

بەندی سێیەم: هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

بەندی چوارەم: دووڕای لەسەر هەیە ڕای یەکەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەبن بەسەر: ١- سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسادانان، جێبە جێ کردن، دادگەری و، ئەندامەکان و، ئەوانەی تیایاندا کارمەندن.

٢- کەرتی تایبەت بەتایبەتیش ئەو کەس و کۆمپانیانەی لەگەڵ قەوارەکانی کەرتی گشتیدا گرێبەستیان ئەنجام داوە.

٣- ڕێکخستنە سیاسییەکان و، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و، ڕێکخراوە نا حکومییە نیشتمانی و یەکێتیەکان و کۆمەڵەکان و یانەکان لەو شتانەی پەیوەستن بەڕەوایی سەرچاوەکانی مایە پێدان و جۆری خەرجکردن و دواکەوتنی شووشتنی مایە:

ڕای دووەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێت بەسەر هەموو کەسێکی ناو هەرێم و لەناویاندا ئەم لایەنانەی خوارەوە:

یەکەم: سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و، جێبە جێ کردن و، دادگەری و، ئەندامەکان و ئەوانەی تیایاندا کارمەندن.

دووەم: کەرتی تایبەت بە تایبەتیش ئەو کەس و کۆمپانیانەی لەگەڵ قەوارەکانی کەرتی گشتیدا گرێبەستیان ئەنجامداوە.

سێیەم: ڕێکخستنە سیاسەتکار و، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و، ڕێکخراوە نا حکومی و، نیشتمانی و یەکێتیەکان و کۆمەڵکان و یانەکان، لەو شتانەی پەیوەستن بەڕەوایەتی سەرچاوەکانی مایە پێدان و، جۆری خەرجکردن و، دواکەوتنی شوشتنی مایە.

بەندی پێنجەم: هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

بڕگەی یەکەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

بڕگەی دووەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

بڕگەیسێیەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

بڕگەی چوارەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

بڕگەی پێنجەم: هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

هاوکاری نێودەوڵەتی لەبواری ڕێگەگرتن لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی و ئاڵۆگۆڕکردنی زانیاری لەسەر گەندەڵی و لێکۆڵینەوەی هاوبەش بەتایبەتی لە تاوانەکانی گەندەڵی سنوور بڕ بەهاوکاری و هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

شەشەم: وشەی ڕەوشت، ئەخلاقیات، دەبێت بە وشەی چەمکەکان، مەفاهیم و، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری نیشتمانی بۆ گەشەپێدانی چەمکەکانی دەست پاکی، شەفافیەت، لێپرسینەوە، پابەندبوون بە ستانداردەکانی ڕاژەی گشتی و، کاردەکات لەگەڵ بەرپرسانی تایبەتمەند لەپێناو دانانی پرۆگرامی خوێندنی نیشتمانی بۆ پتەوکردنی چەمکی دەست پاکی گشتی.

حەوتەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوە، هەشتەم: یەکەم، وشەی فەرمانبەرانی دەوڵەت دەکرێتە راسپێدراوان بە خزمەتی گشتی و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: دەرکردنی ڕێنمایی دەرخستنی ئەستۆی دارایی پابەندکردنی راسپێدراوان بە خزمەتی گشتی کە لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە، کەوا بەرژەوەندییە داراییەکانی خۆیان و بەرژەوەندییەکانی هاوسەر و منداڵە دواکەوتووەکانیان ئاشکرا بکەن و لە ماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر هەموار دەکرێت بە گوێرەی ئەوەی دەستە بە گونجاوی دەبینێت بۆ دستەبەرکرنی ئەو مەبەستانەی لێ چاوەڕێ دەکرێت، دووەم و سێیەم وەکوو خۆی دمێنێتەوە، چوارەم، هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، دەستە بۆی هەیە راپۆرتەکانی دەرخستنی ئەستۆی دارایی بڵاو بکاتەوە و ڕێگە بدات بەوەی جەماوەر و راگەیاندن سەیریان بکەن یان کۆپی یان بکەن، سەبارەت بەوانەی حوکم دەدرێن بە یەکێك لەوتاوانەنەی کە لە بڕگەی حەوتەمی بەندی یەکەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، نۆیەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوە، دەیەم: یەکەم، وەکو خۆی دەمێنێتەوە، دووەم وەکو خۆی و سێیەم، هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی ملکەچی چاودێرییە لەسەر داوای دەستە و بە بێ دواکەوتن زانیاری و روونکردنەوە و نووسراو و بەڵگەنامە بەوانەی کە نهێنیش بن هەر چییەك بێت پلەی درکاندنییان پێشکەش دەستەیان بکات لەگەڵ هەر شتێکی تر کە دەستە بۆ مەبەستەکانی چاودێری بە

پێویستی بزانێت تێیاندا بڕوانێت بە پێی یاسا کارا پێکراوەکان، چوارەم و پێنجەم وەکو خۆی دەمێننەوە، ئەو دوو دێڕەی کە هاتووە دیارە لە جێگای خۆی نییە و بە شێوەیەکی زیادە نوسراوە، غەلەتی مەتبەعییە، ﴿١١ و ١٢﴾: وەکو خۆی دەمێننەوە و ﴿١٣﴾: هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، جێ بە جێ کردنی ڕێ وشوێن بۆ ڕێگەگرتن لە تێوەگلانی کەرتی تایبەت لە گەندەڵی دا و پتەو کردنی شەفافییەت لە قەوارەکانی کەرتی تایبەت و ڕێگەگرتن لە ناکۆکی بەرژەوەندییەکان تێیایدا، چواردەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوە، پانزدەهەم: هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، دەستە بۆی هەیە هەر کارێك بکات کە زەرووری بێت لە بواری بەرەنگاربوونەوەو خۆپاراستن لە گەندەڵی، بەندی شەشەم، بڕگەی یەکەم، دوو ڕای لەسەر هەیە، ڕای یەکەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە، ڕای دووەم ئەنجومەنی دادگەری لە هەرێم دەگۆڕێت بۆ لیژنەیەکی پەرلەمانی و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، پەرلەمان هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستە بە دەنگدانی نهێنی بە زۆرینەی دوو لە سەر سێی ژمارە ئەندامەکان لە نێو سێ کاندیدا کەوا لیژنەیەکی پەرلەمانی کاندیدیان دەکات و ئەو کەسە کە هەڵدەبژێردرێت بە مەرسومێکی هەرێمی بە پلەی وەزیر دادەنرێت و لە حاڵەتی سەرنەکەوتنی هیچ کام لەم کاندیدانە بە دوو لە سەر سێی دەنگەکانی ئەندامانی پەرلەمان ئەوا هەڵبژاردن لە نێو ئەو دوو کاندیدە دووبارە دەکرێتەوە کە زۆرینەی دەنگەکانیان بە دەست هێناوە ئەوەی کە زۆرینە بەدەست دەهێنێت بەسەرکەوتوو دادەنریت، بەندی حەوتەم، بڕگەی پێنجەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، پەرلەمان بۆی هەیە پرساندنی سەرۆکی دەستە بکات بە پێی ڕێکارەکانی پرساندنی وەزیرەکان، سەرۆك بەبڕیاری پەرلەمان بە زۆرینەی دوو لە سەر سێ لە یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە لە پۆستی خۆی دەبەخشرێت، یەکەم: ئەگەر بڕیارێکی دادوەری بنبڕ دەربچێت بە تاوانبار کردنی بە ئەنجامدانی تاوانێکی بەئەنقەست یان کەتنێکی ئابرووبەر، دووەم: ئەگەر درێغی یان کەمتەرخەمی گەورە لە ئەنجامدانی کار و ئەرکەکانی بسەلمێنرێت، سێیەم: خراپ بەکار هێنانی دەسەڵاتەکانی، بڕگەی شەشەم، وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەندی هەشتەم، بڕگەی یەکەم وەکو خوی دەمێنێتەوە، بڕگەی دووەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە ، دامەزرادن و بەرزکردنەوەی تەعدیل کردنی فەرمانبەرانی دەستە بە پێی یاسا کارپێکراوەکانە، بڕگەی سێیەم، أ: هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: دامەزراندنی لێکۆڵەر لە دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دادگەری لەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن لە یاسا بەو مەرجەی کاری لێکۆڵینەوە ئەنجام نەدەن تاکو دەرچوونیان لە خولێك لە پەیمانگای دادگەری هەرێم بۆ ماوەی سێ مانگ و سوێند خواردنی، ئەو سوێندەی لە یاسای بنەماکانی دادگای سزاکارییەکانی ژمارە ﴿٢٣﴾ی ساڵی ﴿١٩٧١﴾ دەقی لەسەر کراوە لە بەردەم سەرۆکی دەستە، ب: لادەبرێت دەبێتە ماددەی ﴿١١﴾ لە یاساکەدا، بڕگەی ﴿٤ و ٥ و ٧﴾ لە بەندی هەشتەم هەڵدەگیرێت و دەبرێتە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی دەستە لە بڕگەی دووەم، لە بەندی نۆیەم لەئەسڵی یاساکە بە خاڵەکانی ﴿٦و٧و٨﴾، شەشەم و هەشتەم وەکو خۆی دەمێننەوە، بەندی نۆیەم، بڕگەی یەکەم لە بەندی نۆیەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: سەرۆکی دەستە جێگرێکی دەبێت

به مەرسوٞمێکی هەرێمی دادەمـەزرێت پـاش کاندیـدکردنی لەلایـەن ئەنجومـەنی دەسـتە بـە پلـەی بریکـاری وەزارەت و لـەکاتی ئامادەنـەبوونی سـەرۆك بەهـەر مـەرجێك بێـت جێگـای دەگرێتـەوە و لـە کاتیشـدا گشـت دەسەڵاتەکانی پیادە دەکات، بڕگەی دووەم و سێیەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەندی دەیەم، هیچ تێبینییەکی لەسـەر نییـە، بەنـدی یـازدە بڕگـەی یەکـەم وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوە و بڕگـەی دووەم زیـاد دەکرێـت و بـەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، لیکۆڵەرەوەکانی دەستە هەمان دەسەڵاتەکانی لێکوڵەرەوەیان دەبێت بە پێی یاسـای بنـەماکانی داگاییـە سـزاکارییەکان و هـەمان موعامەلـەی ئـەوانیان لەگەڵـدا دەکرێـت لەسـەر جـەم مـاف و ئیمتیزاتەکان سەرباری دەرماڵەی تایبەت و ئیمتیازاتی بەخشراو بۆیان وەك فەرمانبـەرانی دەسـتە، بەنـدی دوازدە و سێزدە و چواردە و پانزدە هیچ تێبینیان لەسەر نییە، بەهەمان شێوە ﴿١٧ و ١٨ و ١٩ و ٢٠ و ٢١ ﴾ هـیچ تێبینیـان لەسـەر نییـە، هۆکارەکـانی دەرچواندن، بـۆ مسـۆگەرکردنی زیـاتری سـەربەخۆیی دەسـتەی دەسـتپاکی هـەرێمی کوردسـتان –عێـراق و لـە پێنـاو پشـتگیری کردنـی دەسـەڵاتەکانی بـۆ چەسـپاندن و بەهێزکردنی رێکارەکانی و رێگەگرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوە و بڵاو کردنـەوەی چـەمکی دەسـتپاکی و شەفافییەت و لێپرسینەوە لە دەزگاکانی کەرتی گشتی و تایبەت ئەم یاسایە داندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەست دەکەین بـە گفتوگـۆ لەسـەر پـرۆژە یاسـاکە و راپـۆرتی لیژنـە پەیوەندیـدارەکان لەسـەر پـرۆژە یاساکە، بەڕێز د. شێرکۆ نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم نیزامییە یان نا؟ بەڵام تەسەور دەکەم نیزامـی بێـت و ئەگـەر واش نـەبێت بـە دڵنیـایی لـە خزمـەتی کاری پەرلەمانتاری دایە، من دەزانم جەنابت بە پێـی خـاڵی دووەم لـە مـاددەی ﴿٧٢﴾، کـە دەڵێـت سـەرۆکی پەرلەمان خستنە رووی پرۆژە پێشنیازکراوەکە لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەنـد و کاروبـاری یاسـایی لـە یەکەم دانیشتنی پەرلەمان پاش دابەشکردنی بەسەر ئەندامەکان لـە ئەسـتۆ دەگرێـت، ئێسـتا یـەك سـەعاتە ئەو بەڕێزانە پرۆژە یاساکە و راپۆرتیان خوێندەوە، لە راستیدا جوملەکە جوملەیەکی لاستیکییە، دەکرێـت مەبەستی لە خستنە روو، دابەش کردن بێت بەسەر هەمووومان و ئێسـتاش کـە تەکنـەلۆجیا پـێش کـەوتووە دەکرێت بە سلاید لە ماوەی پێنج خولەك هەموو پیشان بدرێت و بە بڕوای مـن ئەمـە لـە خزمـەتی کـورت کردنەوەی کات و خزمەتکردنی کاری پەرلەمانتاری دەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز د.شێرکۆ، تا ئەو کاتەی پێڕەوی ناوخۆ هەموار دەکرێت، ئێمە ناچارین پابەنـدبین بـەو پێڕەوەی کە ئێستا لەبەردەستمانە و بە پێی ئەو عورفەی لە پەرلـەمان سـەبارەت بـە خوێندنـەوەی پـرۆژە یاسـاکان و گفتوگـۆکردن لەسـەری، پێموایـە بـەم شـێوەیە بـۆ ئـەوەی بڕواتـە پرۆتۆکـۆڵی پەرلـەمان کـە دەنووسـرێتەوە ئێسـتا، پێویسـت دەکـات دەقـی پـرۆژە یاسـاکە بخوێنرێتـەوە و راپـۆرتی لیژنـەکانی لەسـەر

بخوێنرێتەوە، ئەگەر راپۆرتی لیژنەکان کرایە بنەما ئەو کاتە بە دەنگدان دەکرێت بە بنەما و ئەگەر دەقی پرۆژە یاساکە کرا بە بنەما دوایی ماددە بە ماددە پرۆژە یاساکە دەخوێندرێتەوە و رای لیژنە پەیوەندیدارەکانی لەسەر دەوترێت و دەکرێتەوە بۆ گفتوگۆ کردن، ئەوەی کە جەنابت باسی کرد ئەو کاتە دەتوانرێت لە هەمواری پێڕەوی ناوخۆدا سوود لەو پێشنیارە وەربگیرێت بۆ پەلە کردن لە گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاساکان، بۆیە ئێستا پرۆژە یاساکە دەخەینە گفتوگۆ لە لایەن ئەندام پەرلەمانەکان، داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە ماددە بە ماددە پرۆژە یاساکە بخوێننەوە و ئەو برگەیەی لە راپۆرتی هاوبەش لیژنەکانیش سەبارەت بەو ماددەیە کە خوێنرایەوە بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی دوایی ئەندامانی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکەن، فەرموون،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی یەکەمدا ناونیشانی پرۆژەی هەمواری یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە ﴿٣﴾ی ساڵی ﴿٢٠١١﴾.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە لە ئەسڵی پرۆژە یاسای هەمواری یەکەم نەهاتووە، لە راپۆرتی لیژنەدا هاتووە، بۆیە ئەوەش دەخەینە گفتوگۆ، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەوەی کە ناونیشانی پرۆژەکە گۆڕانکاری تێدا بکرێت؟ و ناونیشانی پرۆژەکە وا لێبکرێت یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە ﴿٣﴾ ساڵی ﴿٢٠١١﴾، کێ قسەی لەسەر هەیە؟ دەبێتە ماددەی یەکەمی هەموارەکە، چەند بەڕێزێك ناویان نووسیوە پێشتر، بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین، د. فرست صۆفی، بەهزاد دەروێش ئایا بۆ ئەم ماددەیە قسە دەکەن یان بۆ ماددەکانی دواتر؟

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ ئەم ماددەیە قسەم نییە، بۆ ماددەکانی دواتر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. فرست بەهەمان شێوە و کاك بەهزاد هەر لێرە نییە، خاتوو سهام فەرموو،

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناڤ و نیشانێن ئەڤی پرۆژە یاسای ئەگەر ب ڤی رەنگی بیت یاسای دەستەی دەستپاکی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، ئەز پێشنیار دکەم ڤی رەنگی بیت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فەرهاد فەرموو،

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح ﴿فەرهاد سەنگاوی﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ﴿٢﴾ تێبینی بچووكم هەیە و حەزیشم لە درێژ دادەڕبرین نییە، سوپاستان دەكەم ئەگەر كاتم بڕی، من خۆم ئەیبڕمەوە، وشەی منالە دواكەوتووەكان، قاسرین كە بەكار هاتووە دواكەوتوو، یەعنی موتەخەلیف.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم ماددەیە نییە، ماددەی یەكەم.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح ﴿فەرهاد سەنگاوی﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەم نییە، دەست خۆش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جمال فەرموو،

**بەڕێز جمال عثمان كارەسول ﴿جمال مۆرتكە﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر ئەوەیە، كە لە ماددەی یەكەم دەڵێت، بریتین لە بەرتیل و ئیخلاس و زێدەڕۆیی و بە رای من كەمتەرخەمیش زیاد بكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمەش لەسەر ئەم ماددەیە نییە، ئێستا تەنیا یەك پێشنیار هەبوو بۆ ئەمە، بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن فەرموو،

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری پێشنیاری ﴿خاتوو سهام﴾ دەكەم، ئێمە لە ئامانج لە دامەزراندن یان دروست بوونی ئەم دەستەیە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بووە، دەكرێت یاسای دەستەی دەستپاكی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، رەنگە ئەوها گونجاوتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تەنها ئەو پێشنیارە هەبوو، رای لیژنە پەیوەندیدارەكان لەسەر ماددەی یەكەم، د. بهار فەرموو،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پـرۆژە یاسـایەکی تـر هەیـە لـە پەرلـەمان خوێندنـەوەی یەکـەمی بـۆ کـراوە بـە ناونیشـانی پـرۆژە یاسـای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، ئەم پێشنیارەی کە کرا لە ناو کۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنـەکان بـەئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی دەستە، موناقشەی زۆری لەسەر کرا، هەمان پێشنیار هەبوو کە ئەو بڕگەیـە ئیزافـە بکرێـت بۆ ناونیشانەکە، بەڵام دواجار گەیشـتینە ئـەو نەتیجەیـەی کـە ئـەم دەسـتەیە پێویسـتی بـە کۆمـەڵێك یاسـا هەیـە دەربکرێـت بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی گەنـدەڵی وەکـو یاسـای رێگـرتن لـە شووشـتنەوەی مایـە، ﴿غسـیل الاموال﴾ و چەند یاسایەکی تر، بۆیە وتمان ئـەم یاسـای بەرەنگاربوونـەوەی گەنـدەڵی بـە جیـا بـە یاسـایەك دەری دەکەین و بەرفراوانی دەکەین، بۆئەوەی هەموو ئەو تاوانانەی کە لە بەندی یەکەم باس کـراون، بۆیـە ئەو رەئیە مان لە کاتی دانیشتنەکە بڕیار بوو بەرێزت و ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە بۆیە ئەم پێشنیارەمان نەخستە ناو راپۆرتەکەمان،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە دەمـج نـەکراوە، دوو پـرۆژە یاسـاکە دەمـج نـەکراوە، ئـەوی تـریش وەکـو خـۆی ماوتـەوە، کـاك عمـر نوقتەی نیزامی هەیە؟

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرنجم لەسەر ئەو ناوانەیە کە پێش دەستپێکردنی جەلسـەکە دەنووسـرێت کـە دژی پێـڕەوە، بـە پێـی پێڕەو مادەی ﴿٥٥﴾، ﴿یتکلم العضو في الجلسه باذن من الرئیس، تسجل طلبـات الاذن في الکـلام مـع مراعـات تسجل تقدیمها و تری في اذن الاسبقیة فی الطلب﴾ بە هیچ شێوەیەك نەهاتووە لەم پێڕەوە لە پـێش جەلسـە ناو تۆمار بکرێت لەبەر ئـەوە ئەمـە پێویسـتە ریعایـەتی ئـەوە بکـەن لـە نـاو قاعـە نـاو بنووسـرێت و پـێش جەلسە نابێت ناو بنووسرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەناو پێڕەو نەهاتووە کە دەبێت لەناو جەلسە ناو بنووسرێت، بۆیە ئەندامانی پەرلەمان دەتـوانن تەتانـەت پێش جەلسەش،،..

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کوێی پێرەودا هاتووە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر، جەنابت دەبێت بە ئیزنی سەرۆك قسە بکەی، پێویسـتیش ناکـات وەڵامـم بدەیـەوە، سـەیری ئـەم بابەتەش دەکەین، بەڵام هیچ رێگرییەك نییە لەسەر ئەندامانی پەرلەمان لە سەر هەر بابەتێك ناوی خـۆی بنووسێت لای سکرتێری پەرلەمان، کاك د. سراج فەرموو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی پێشنیار كرا بە رای من لە ماددەی سێیەم، لە یەكەم باس دەكات لە ئامانجەكانی ئەو یاسایە كە باس لەمە دەكات دەڵێت، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و خۆپاراستن لێی، یەكێك لە ئامانجەكانی باس كرابێت وا تەسەور دەكەم ئیجاب بكات لە ناونیشانەكە بگوترێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵام لەبەر ئەوەی ئەندامێكی پەرلەمان پێشنیاری كردووە و یەكێكی تریش پشتگیری كردوە، دەخەینە دەنگدانەوە، لە سەرەتاوە ئەسڵی پرۆژەكە دەخەینە دەنگەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەو كاتە رای ئەندامانی تریش رەچاو دەكەین امنە خان فەرموو،

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ موناقشە كردن و دەنگدان لسەر هەر تشتەكێ باشە رەئیا سەرۆكێ دەستێ ژی بهێتە وەرگرتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، رات هەیە لەسەر ئەمە بەڕێز د. احمد؟

**بەڕێز د. احمد انور/سەرۆكی دەستەی دەستپاكی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی ئەسڵی پرۆژەكەی ئێمە دەستەی گشتی دەستپاكییە، بەڵام كە برادەرانی لیژنە باسیان كرد كە گشتیەكەی لا ببەین، دەستەی دەستپاكییەكە موختەسەرتر بێت چ ئەسڵەكە بێت، چ لابردنی گشتییەكە بێت، لای ئێمە شتێكی ئاساییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس. د. محمد علی فەرموو،

**بەڕێز د. محمد علی یاسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خالا ﴿٢١﴾، ل پێرەوێ ناوخۆی پەرلەمانێ كوردستانێ دڤێت زۆرینەیا ئەندداما ئامادەبن ل دانیشتناندا، دیتنا من ئەم زۆرینە نینە لێرە ئەم ئامادەینە و ئەگەر هاتو برگەیەك خستە دەنگدانێ دا، وی دەمیدا ئەم دێ تووشی كێشەی بین و ئەگەر زۆرینە ئامادە نەبیت دا ڤێ جەلسێ تەئجیل بكەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا، تەئکید لەوە دەکەین کە زۆرینەی ئەندامان ئامادەن، ئەو کاتە دەیخەینە دەنگدان، ﴿٥٨﴾ ئەندام لە هۆڵن، کەواتە نیسابمان هەیە، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارە وەکو بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی ئاماژەیان پێکرد ئێمە لە کۆبوونەوە هاوبەشەکەمان ئەوەمان یەکلا کردەوە کە ئەم یاسایە دەمج ناکەین، بۆیە رازی بووین ئەو ناونیشانە وەکو خۆی بمێنێت و دواتر ئیشلەسەر یاساکە و فراوانکردنی بکەین و ئەگەر بڕیاری دەمج کردنمان بدایا، بێگومان یاساکە بە شێوەیەکی تر دەبوو و بابەتی تر لە ناو ئەم هەموارە دەبوو، بۆیە دەمجمان نەکرد کە دواتر یاسای تر دەربکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاسن د. فرست فەرموو،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی ﴿٥٨﴾ لە پێڕەوی ناوخۆ، ئەگەر روخسەت بێت دەیخوێنمەوە، لەکاتی دەستکردن بە خستنەرووی هەر بەندێك لە بەندەکانی کارنامە بۆ گفتوگۆ ئەوا سەرۆك داوا لەو کەسانە دەکات کە داواکاری قسە کردنن، ناوەکانی خۆیان تۆمار بکەن، ئەوا ئێستا لە ناو قاعەن، ئینجا ئەوانەی تۆمار کراون کە پێشتر تۆمار کراون بە گوێرەی پێشینەی داواکارییەکە قسە دەکەن، مانای وایە لێرە زۆر زۆر وازیحە، ئەمە وەکو وەڵامدانەوە نییە، بەڵام خاڵێکی پێڕەوییە بۆ برای بەڕێزم ﴿کاك عمر﴾، خاڵی دووەم ئەوەیە من پێشتر ناوم لە ئەو بەرنامە کارەی کە پێشتر یەك پاکێج بوو لەگەڵ ئەوەی تۆمار کردبوو، دەمویست سەبارەت بە مەسەلەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوە قسە بکەم، قسەم کرد، واتە ئێستا من ئەندامی لیژنەی نەزاهەم و تێبینیکانی خۆم لەگەڵ بەڕێزان لیژنەی یاسایی تۆمار کردووە، بۆیە ئێستا نەنووسراوە بۆ کۆبوونەوەی پێشتر نووسرابوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، ماددەی یەکەم بەم شێوەیە بێت کە ناونیشانی پرۆژەی هەمواری یاساکە هەموار بکرێت، بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە، یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان –عێراق ژمارە ﴿٣﴾ی ساڵی ﴿٢٠١١﴾، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ناونیشانەکە بەم شێوەیە گورانکاری بەسەردا بێت؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٣٠) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٢) کەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، تەلارخان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، والله هەڵە لێك تێگەیشتنێك هەیە لە شێوازی دەنگدانەکە، ویستم ئەو کاتە پێش دەنگدانەکە روونکردنەوە بدەم، بەڵام بەڕێزت ئاگادار نەبووی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ببوورە، ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە ئێستا لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەکانەوە پێشنیاری ئەوە کرابوو کە ناونیشانەکە گۆڕانکاری بەسەردابێت، ناونیشانی یاساکە، بکرێتە ماددەی یەکەمی پڕۆژە هەموارەکە، ئێستا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بە زۆرینە دەنگی لەسەر درا، دەچینە سەر ماددەی دووەم کە دەکاتە ماددەی یەکەمی ئەسڵی پڕۆژە یاساکە، تکایە بیخوێننەوە، دوایی ئەوەشی لە راپۆرتی هاوبەشدا هاتووە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆوە.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم: هەردوو بەندی خوارەوە بووە ماددەی یەکەمی یاسای دەستە و زیدە دەکرێن بە هەردوو ریزبەندی (حەوتەم، هەشتەم).

حەوتەم: تاوانی گەندەڵی، مەبەست لێی برێتییە لە هەر تاوانێك لەو تاوانانەی کە لە ماددەکانی (٢٣٣، ٢٣٤، ٢٧١، ٢٧٢، ٢٧٥، ٢٧٦، ٢٩٠، ٢٩٣، ٢٩٦)ی یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) دەقیان لەسەر کراوە، تاوانەکانی پێشێلکار بۆ ئەرکەکانی وەزیفەی گشتی کە بریتیین لە بەرتیل و ئیختیلاس و زیدەڕەوی فەرمانبەران لە سنووری وەزیفەکانیان، تاوانەکانی شووشتنەوەی مایەو تەگەرەخستنەبەر رێڕەوی دادپەروەری و داڵدەدان، بەردەست کردنی ئەو سامانانەی دەرئەنجامی تاوان یان کەتنی گەندەڵین، هەر تاوانێك کە یەکێك لە بارودۆخە تووندکراوەکانی دەق کراو لە بڕگەکانی (٥، ٦، ٧)ی ماددەی (١٣٥)ی یاسای سزاکانی لە خۆ گرتبێت و، تاوانی دەست کەوتی نارەوا لەم یاسایەدا دەقی لەسەر کراوە.

هەشتەم: منداڵە دواکەوتەکان بریتیین لەو منداڵانەی نا کامن و هاوسەرگیریان نەبەستووە، ئەو منداڵانەی هاوسەرگیریان بەستووە کە لە رووی داراییەوە سەربەخۆ نین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راپۆرتی لیژنەی هاوبەش د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە راپۆرتی هاوبەشدا هاتووە بەندی یەکەم بڕگەی (حەوتەم) لە بەندی یەکەم هەموار دەکرێتەوە، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.

تاوانی گەندەڵی: مەبەست لێی برێتییە لە هەر تاوانێك لەو تاوانانەی کە لە ماددەکانی (٢٣٣، ٢٣٤، ٢٧١، ٢٧٢، ٢٧٥، ٢٧٦، ٢٩٠، ٢٩٣، ٢٩٦)ی یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) دەقیان لەسەر کراوە، تاوانەکانی

پێشێلکار بۆ ئەرکەکانی وەزیفەی گشتی کە بریتیین لە بەرتیل و ئیختیلاس و زیدەڕەوی فەرمانبەران لە سنووری وەزیفەکانیان، تاوانەکانی شووشتنەوەی مایەو داڵدەدان و بەردەست کردنی ئەو سامانانەی دەرئەنجامی تاوان یان کەتنی گەندەڵین، هەر تاوانێك یەکێك لە بارودۆخە تووندکراوەکانی دەق کراو لە بڕگەکانی (٥، ٦، ٧)ی ماددەی (١٣٥) لە یاسای ڕێکخستنی دەرچوو لە ئەنجومەنی حوکمی هەڵوەشاوە، پاشکۆ بە فەرمانی دەسەلأتی ئیتیلافی کاتی هەڵوەشاوە ژمارە (٥٥)ی ساڵی (٢٠٠٤).

بڕگەی هەشتەم: لە بەندی یەکەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە با ناوەکانیان بنووسرێ؟ بەڕێز کاك فەرهاد سەنگاوی فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەمە کارێکی زۆر دروستە کە دەستەی دەستپاکی و نەزاهە، بۆچی ئێمە دەستەی دەستپاکیمان هەیە؟ چونکە گەندەڵیمان هەیە، ئەگەر نا دەستەی دەستپاکیمان پێویست نەدەبوو، ئێستا لە ولأتە پێشکەوتووەکانی دونیا دەستەی دەستپاکیان پێویست نییە، کەواتە ئێمە پێشتر پێویستە بزانین گەندەڵی لە چییەوە دێت لێرە ئیشارەتی پێ نەکراوە، ئەگەر چی ئەو ژمارانەش هەموو ریزکراوە ماددەی ئەوەندە و ئەوەندە، بەلأم من گومانم نییە کە ئەسڵی مەسەلەکە باس نەکراوە، گەندەڵی لە هەموو دونیا، لە هەموو زەمان و مەکانێکدا، گەندەڵی لە دەسەلأتی موتڵەقەوە دێت، هەر دەسەلأتێك کە موتڵەق بوو گەندەڵی رووی تێ دەکات، ئەگەر هەموو سەرکردەکانیشی زۆر پاك و رێك و پێك بن، لەبەر ئەوە بۆ نموونە لە ولأتی ئەلمانیا (سەد ملیار) یۆرۆ سەرف بکرێ بۆ بودجە کاتێك کە تەواو بوو دەتوانی سەنت بە سەنتی بدۆزیتەوە، چونکە دەسەلأت شەفافە، هەر دەوڵەتێك و هەر دەسەلأتێك دەزگا و موئەسەساتی بوو، گەندەڵی رووی تێ ناکات، لە هەر شوێنێکی دونیاش گرنگترین کەسی سەر زەمین بەرپرسی ئەو دەزگایە و دەوڵەتە بێ، ئەگەر دەسەلأتەکە موتڵەق بوو ئەوە گەندەڵی رووی تێ دەکات، لەبەر ئەوە ئێمە پێویستە تەرکیز بکەینە سەر دەسەلأتی شەفاف و دەسەلأتی موتڵەق، ئەمە زەمینە و مەحەکی گەندەڵییە لە هەموو سەر زەمین، هەر دەسەلأتێك موئەسەساتی بوو گەندەڵی ناتوانێ رووی تێ بکات، هەروەها هەر دەسەلأتێك موتڵەق بوو پەیوەندی بە کەسێك و بە لایەنێکی موتڵەقەوە هەبوو ئەوا گەندەڵی رووی تێ دەکات، ئەوە زۆر گرینگە ئێمە تەرکیزی بکەینە سەر، دووەم: مەسەلەی زمانەوانی بوو منداڵی دواکەوتە، یەعنی موتەخەلیف، بکرێ بە منداڵی نەگەییو، هەتا لە کۆنی کوردیشدا دەیان گوت رەسید بۆ رەسیدە نەبووە، لەبەر ئەوە وشەی نەگەییو راست ترە، ئەگەر چی بۆ میوەش بەکار دێت، بەلأم بۆ مۆرڤیش ئاساییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك عباس فەرمووو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لـەو ماددەیـەدا مـن بـە پێویسـتی دەزانم ئـەو چـوار ماددەیـەش زیـاد بكـرێ، چـونكە پەیوەندیـدارە بـەم مەسەلەیە ماددەی (٣٠٤، ٣١٦، ٣٢٩، ٣٤١) لە یاسای سزاكانی عێراقی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە تاوانەكانی لادان لە ڕەوتی دادپەروەریدا لـە ماددەكـانی (٢٣٣، ٢٣٥) باسـی ئـەوە كـراوە كـە بـە گـرتن سـزا دەدرێ كە لە ساڵێك زیاتر نەبێ و بژاردنەكەشی لە (٢٢٥) هەزار دینـار، مـن لـەوەدا ئەگـەر لیژنـەی یاسـایی روونكرنەوەیەك بدەن لەسەر ئەو بڕەی كە دیاریكراوە لە راستیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك جمال مۆرتكە فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتكە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بابەتەكانی كە وەكو بەرتیل و ئیختیلاس و زیدەڕەوی فەرمانبـەران، بـە رای مـن كارمەنـد هەیـە یـان هـەر كادیرێك دەبینی هیچ ناكات تاوانی نییە، بەڵام ئەگەر كـەم تەرخـەم بـوو لـە كارەكـەی بـە رای مـن ئـەوەش ئیشارەت پێ بدرێت ئیزافە بكرێ كەم تەرخەمیش بە یەكێك لە تاوانەكان وەكو كەم تەرخەم لە مەسـەلەی گەندەڵی دیار بكرێت، شتێكی چاكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان بۆ مەسەلەی ناو نووسین، بـۆ قسـەكردن، تكایـە سـەرەنجی مـاددەی (٥٥)ی پـەیڕەوی نـاوخۆ بـدەن، بیخوێننەوە، بەڕێز كاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن هـەر بـە كـورتی سـەبارەت بـە پێناسـەكردنی گەنـدەڵی، لـە راسـتیدا هـەموو ئـەو ماددانـەی كـە لـە چوارچێوەی ئەو پێناسەیەدا ریزكـراون كـە یاسـای سـزاكانی ژمـارە (١١١)، مـن پێمـوایە كـە راسـتە ئەمـە بـۆ ئەوەیە كە ئەم دەستەیە بتوانێ رێ و شوێنی پێویست بگرێتەبـەر، پێشـتر ئەمـە نـەبووە، بـەڵام لـە هـەمان كاتدا هەموو ئەو تاوانانەی وەكو بـەرتیل و ئیختـیلاس و زیـدەڕەوی، ئێمـە بینیومانـە كـە روویـان داوە لـە

رابردوودا، داواكاری گشتییش لەسەریان نەهاتۆتە سەر خەت، بۆیە پێمباشە لە بری ئەوەی كە ئێمە لێرە لە ئێستادا هەر قانونمان هێناوە بە دەقی قانونی تیكراری دەكەینەوە كە ئەوە گرفت نییە، بەلاًم لە ماددە و برگەكانی داهاتوو بتوانین دەسەلاًتەكانی ئەو دەستەیە و ئەو رێ و شوێنانەی كە دەیگرێتەبەر لە پێناو بە دیهێنانی ئەوەی كە لە پێناسەی گەندەڵیدا هاتووە بە شێوەیەك بێ كە ئەگەر جێبەجێ نەكرێ پەرلەمان لێ پێچوونەوەی بكات، یەعنی بە مانایەكی تر راستە بەرپرسن لە بەردەم پەرلەمان، بەلاًم ئەمانە لە كاتی سەرپێچی كردنیاندا دەستەكە بە ئەركی خۆی هەڵستێ، چونكە دەستەكە لە رابردوودا وەك پێویست بە رای من بە ئەركی خۆی هەڵنەستاوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكەی من تەنها زمانەوانییە ئەوەی كە كوردیەكەیە، وا هاتووە مەبەست لێی بریتییە لە هەر تاوانێك لەو تاوانانەی كە لە ماددەكانی ئەوەندەی یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) دەقیان لەسەر كراوە، بە باشتری دەزانم بڵێین دەق نووس كراون لە بری دەقیان لەسەر كراوە، تاوانەكانی پێشێلكار بۆ ئەركەكانی وەزیفەی گشتیی كە بریتیین لە بەرتیل و ئیختیلاس و زێدەڕەوی، ئەوەش هەر لە رووی زمانەوانییەوە زێدەڕەوی كە لە كوردیەكە دەبێ چاك بكرێ (ی)یەكی تری بۆ زیاد بكرێ، لە سنووری وەزیفەكانیان و تاوانەكانی شووشتنەوەی مایەو داڵدەدان و بەردەست كردنی ئەو سامانانەی دەرئەنجامی تاوان یان كەتنی گەندەڵین (وە) ئەو (وە)یە جارێكی دیكەش هەر بەڕێزان زمانەوانەكانیش باسیان كرد كە ئەو (وە)یە عەرەبییە، (واو) دابنرێ، گەندەڵین و بەم شێوەیە دێڕەكەی دوای ئەو بگۆڕێ ئەگەر بە باش زانرا، هەر تاوانێكیش كە یەكێك لە بارودۆخە توندكراوەكانی دەق نووسكراوە، نەك دەق كراوە، بۆیە ئەوە لە رووی زمانەوانییەوە وا بە باشتری دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك دلێر ماوەتی فەرموو.

**بەڕێز دلێر مصطفی (دلێر ماوەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەر دێری چوارەم قسە دەكەم، زێدەڕەوی فەرمانبەران لە سنووری وەزیفەكانیان، زێدەڕەوی و گوێ نەدان و نەگەیاندنی پێشێلكاریەكانیش، ئەوەی بۆ زیاد بكرێ، چونكە هەر زێدەڕەوی نییە، نەگەیاندنی پێشێلكاریەكانیش لە سنووری وەزیفەكانیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین گوتووتە لەسەر ماددەی یەكەم دەتەوێ قسە بكەی؟ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من لە راستیدا سەرەتا وەکو لایەنی زمانەوانی زۆر هەڵەی تێدایە و هیچ قسە لەسەر ئەوە ناکەم، پشتیوانی لە تەواوی قسەکانی (کاك فەرهاد سەنگاوی) دەکەم، بە بڕوای من لە هەرێمی کوردستاندا بەراستی کە زۆر بە کورتی ئەمە دەڵێم کێشە نە لە یاسا هەیە، نە لە کەمی دامەزراوە هەیە، بەلاَم ئیرادەیەك نییە، یەعنی ئەو ئیرادەیە چۆن دروست دەکرێ ئەوە گرنگە کە بۆ رووبەڕووبوونەوەی بە تایبەتی مەسەلەی گەندەڵی، هەروەها ئەوەی لەم یاسایەدا لە راستیدا هیچ نەمبینی و لە کاتی خوێندنەوەکەشدا گوێم لێ نەبوو ئەوەیە کە چۆن چارەسەری ئەوە بکەی کە لە هەرێمی کوردستاندا بەشێکی گەورە لەو بابەتە تێکەڵبوونی بازرگانی و کاری سیاسییە، جا ئەم تێکەڵکردنە لە نێوان بازرگانی و کاری سیاسییە پێویستە زۆر بە روونی بە ماددەیەك لەم یاسایە جێی بکرێتەوە، هەروەها بە بڕوای من تا ئەوەش نەکرێت دەیان یاسای تر دەربکەن، دەیان دامەزراوە دروست بکات ناتوانێت رووبەڕووی ئەو دۆخە بێتە، هەر بۆ نموونە خۆ ئێستاکە دادگا هەیە، داواکاری گشتیی هەیە، دیوانی چاودێری دارایی هەیە، دەستەی دەستپاکی هەیە، بەلاَم هەموو ئەمانە دەکرێ رۆژێك بانگیان بکەین بۆ پەرلەمان، ببوورن، مەبەستم ئەوەنییە تەداخول بکەین لە دەسەلاَتی جێبەجێکردندا، بۆ ئەوەی جوملەکەی من وانەڕوا، دەکرێ ئەمانە پێمان بڵێن تا ئێستاکە چی کراوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، بۆ کەشفکردنی هەموو ئەو کەم کورتیانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، لەسەر پڕۆژەکە و لەسەر ئەسڵی یاساکەش لە راستیدا ئەوەی کە لە ماددەکانی یاسای سزادانی عێراقی ساڵی (١٩٦٩) ژمارە (١١١) کە من ئێستا لەبەر دەستمدایە، ئەو مادانە هەمووی ماددەی توونده، ئەگەر بێتو ئەوانە جێبەجێ بکرێ بە بڕوای من رەنگە پێویستی بە دامەزراوە و یاسای تریش نەبێت، بەلاَم لە هەندێکیاندا وەکو تێبینی هەندێکیان سزای تێدانییە، بۆ نموونە ماددەی (٢٣٣)، یاخود هەندێك لە ماددەکان سزاکەی زۆر سووکە، بۆ نموونە ماددەی (٢٩٣)، یەعنی ماوەی زیندانییەکەی تێدانییە، هەر دەڵێ زیندانی دەکرێ بەبێ ئەوەی ماوەی زیندانییەکەی دیاری کرابێت، هەروەها لە عمومیاتیشدا لە راستیدا تێکەلاَوییەکی روون هەیە لە نێوان ئەرکی دەستەی نەزاهە و دیوانی چاودێری دارایی، هەروەها تێبینییەکی تر تایبەت بەم مەسەلەی شووشتنەوەی مایە، یاخود (غەسیل الاموال) کە لە بەغدا یاسای بۆ دەرچووە هێشتا قانونی ئینفازی لە هەرێمی کوردستاندا پێ دەرنەچووە، زۆر بە روونی دەبێ یان لێرە پێناسە بکرێ (غەسیل الاموال) چییە؟ یان دەبێ ئینفازی ئەو قانونەی بەغدا بکرێت، جیاوازیەك لە نێوان ئەسڵی پڕۆژەکە و راپۆرتی لیژنەی هاوبەشدا هەیە، بۆ نموونە لە ئەسڵی پڕۆژەکە دەڵێ بڕگەکانی (٥، ٦، ٧) ماددەی (١٣٥)ی یاسای سزاکان لەخۆ دەگرێت، لێرە ئەمە یاسای سزاکانە ماددەی (٥، ٦، ٧)ی تێدانییە، یەعنی ئەمە ماددەی (١٣٥) لە یاسای ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی سزادانی عێراقی، تەنها چوار خاڵە (١، ٢، ٣، ٤) ئەوە یاساکەیە، بەلاَم لە راپۆرتی هاوبەشی لیژنەی یاسایی و لیژنەی نەزاهە دەڵێ بڕگەکانی (٥، ٦، ٧)ی ماددەی (١٣٥) لە یاسای رێکخستنی دەرچوو لە ئەنجومەنی حوکمی

هەڵوەشاوەی پاشکۆ بە فەرمانی دەسەڵاتی ئیتیلافی هەڵوەشاوەی ژمارە (٥٥)ی ساڵی (٢٠٠٤)، لە راستیدا ئەمە پێویست بوو هاوپێچ بکرێت لەگەڵ ئەم لیژنەیە، من لێتان ناشارمەوە زۆر گەڕام ئەمەم نەدۆزییەوە، یەعنی ئەوەی کە یاسای ژمارە (٥٥)ی ساڵی (٢٠٠٤)، یەعنی ئەم تەفاسیلٚ و ئەم وردەکاریە لە راستیدا دەبوو ئەم راپۆرتانە لەگەڵ راپۆرتی هابەشدا هەبوایە، بۆیە جارێکی تریش دەڵێمەوە ئەوەی موعالەجەکردنی بازرگانی لەگەڵ کاری سیاسی کە ئەمە خۆرکەی هەرێمی کوردستانە، هەروەها ئەو پێناسە بلاوەی گەندەڵی کە دەڵێ بەکارهێنانی پۆستە بۆ بەرژەوەندی شەخصی و تایبەتی، یەعنی هەموو ئەمانە دەبێ جێی بکرێتەوە، هەموو ئەمانە دەبێ موعالەجە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رای لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر قسەی ئەندامانی پەرلەمان، د.ڤالاٚ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاٚ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە زمانەوانی پێشنیارکرا کە منداڵی دواکەوتە بکرێتن بە منداڵی نەگەییو، ئەوە جێی دێڵین بۆ زمانەوانەکانی ئەندامانی پەررلەمان، بەڕێزان ئەگەر رایان لەسەر بێت، ئەوەی پەیوەندی هەیە بە جەرائیمەکان زیادکردنی و کەم کردنی و پێشنیارکردنی زیادکردنی جەرائیم، بەڕێزان، ئەوە مەحکومین ئێمە بە پێی مەبدەئێك لە قانونی عقوبات (لاجريمة ولا عقوبة الا بنص)، یەعنی لێرە لە دەسەڵاتی لیژنەی نەزاهە نییە کە هەموارەکەی پێشکەش کردووە لەو مەبدەئە دەربچێتن، بۆیە نەصی کردووە هەندێك لە جەرائیمەکان بە پێی مادده دانراوە، هەندێك لە جەرائیمەکانیش بە پێی ناو، ناویان هاتووە، بۆ نموونە کە پێشنیار دەکرێ ماددەی (٣١٦) زیاد بکرێت، ماددەی (٣١٦) پەیوەندیدارە بە ئیختیلاس، ناوی ئیختیلاس لەناو هەموارەکەدا هاتووە، بۆیە ئەو بابەتە بابەتێکی یاساییە و مەحکومە بە مەبدەئی (لاجريمة ولا عقوبة الا بنص)، دەست کاری کردنی کارێکی ئاسان نییە، بۆ بەرپرسیاریەتی پەرلەمان لە جێبەجێ نەکردنی ئەوە، بێ گومان پەرلەمان دوو دەوری هەیە، دەوری تەشریعی هەیە، دەوری رەقابیشی هەیە، هەروەها بەرپرسە لە بەدواداچوون لە جێبەجێ نەکردنی یاساکان، (د.شێرکۆ) تەئکیدی لەسەر ئەوەی کردەوە کە ماددەی (١٣٥) برگەی (٥، ٦، ٧) تێیدا نەهاتووە لە یاسای سزادانی عێراقی، بەڵێ، تێیدا نەهاتووە، بەلاٚم ئێمەش ئیشارەتمان نەکردووە بڵێین لە یاسای سزادانی عێراقیدا هەیە، ئەمە لە یاسایەکی تایبەتدا هەیە کە رەقەمی تەشریعەکەی (٥٥)ە، تاریخی تەشریعەکەی (٢٠٠٤)ە، بە تەعدیلی قانونی عقوبات ناو دەبرێ (يعدل قانون العقوبات، اولاً: اضافة مايلي الى نهاية الفقرة (١٣٥)، (خامساً) ئەوەی کە ئیشارەتمان پێداوەو برگەی پێنجە، (اساءة استعمال المركز العام او الثقة المرتبطة به من اجل الحصول على مكسب شخصي أو عرض أو منح أو قبول بعض الامتيازات المخالفة للمهام المنوطة بالمركز العام أو بالثقة الممنوحة لمن يشغل هذا المركز والاساءة لحقوق الاخرين بصفة رسمية أو محاولة التسبب في وقوع مثل هذه الاساءات والمخالفات).

برگەی شەشەمی (إرتكاب مخالفة فيما يتعلق بالأحكام المنصوص عليها في الأقسام الفرعية (٢٤ الى د) من القانون الأساسي الذي تم بموجبه انشاء المفوضية المعنية بالنزاهة العامة أو تأييد من يرتكب مثل هذه المخالفة أو يعيق محاولات الكشف عنها).

(سابعاً: مخالفة اللوائح التنظيمية الصادرة عن المفوضية المعنية بالنزاهة الوطنية بخصوص الكشف عن المصالح المالية)، ئەوە تێكرای ئەو دەقانەن كە بەڕێزیان داوای روون كردنەوەی لە لیژنەی یاسایی كردووە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان لەسەر ئەو پێشنیارانەی كە كرا، داوا لە بەڕێزتان دەكەین كە رێگاش بە سەرۆكی دەستەكە بدەن، ئەگەر هەر روون كردنەوەیەكی هەبێت لەسەر ئەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو بەڕێز سەرۆكی دەستەی دەستپاكی.

**بەڕێزد.احمد انور/ سەرۆكی دەستەی دەستپاكی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، دكتۆرە ڤالاّ بەشێكی روون كردنەوە، ئێمە پێمانوا بوو روون كردنەوەی ئەو ماددانە، یاخود مەبەست چییە لە موكافەحەی فەساد، یەعنی تەعریفی جەریمەی فەساد زۆر جار دەڵێین چییە، خۆی جەریمەیەك نییە تاوانەكانی گەندەڵییە، كۆمەڵێك تاوانن، دیارە لەو نەصە بەڕاستی تا رادەیەكی زۆر سوودمان لە یاسای دەستەی دەستپاكی ئیتیحادی لە بەغدا وەرگرتووەو، ئەویتریش ئەو تەعدیلاتە بوو كە دكتۆرە ڤالاّ خوێندییەوە، ئەوە لەكاتی بریمەردا قانونی عقوباتی تەعدیل كردووە لە قانونی هەیئەی نەزاهە تەبعەن هەیئەی نەزاهە كاتی خۆی بە قەراری سوڵتەی ئیتیلاف دامەزراو قانونەكەشی بۆ دەرچووە، بەلاّم دواتر قانونێكی تر دەرچوو لە پەرلەمانی عێراق لە خولی دووەم لە ساڵی ٢٠١١، بەلاّم دیسان لەو قانونە تازەیەش ئەو ئەحكامانەی كە بریمەر لە قانونی عقوبات تەعدیلی كردووە هەر ماوەتەوە، لەبەر ئەوە بەس دەمانەوێ كاتێك قسە لەسەری دەكەین ئەو ماددانە بە روونی و وازیحی بكەینەوە، جگە لەو تاوانانەش كە بە ناو ناویان هاتووە، مەسەلەن بەرتیلەو ئیختیلاسەو تەجاوزی فەرمانبەران كاتێك فەرمانبەر زیاد لە دەسەلاّتی خۆی تەجاوز دەكات و بەوەش زیاتر مەبەستی بەكارهێنانی پێگەی خۆیەتی بۆ خۆی، یاخود بۆ كەسێكی تر و لەگەڵ جەرائیمی غەسل ئەموال، غەسلی ئەموال خۆشتان دەزانن لە عێراق قانونێك هەبوو پێموایە ئەویش هەر لە زەمانی بریمەر دەرچوو قانونێكی زۆر باشە، بەلاّم لە هەرێمی كوردستان ئیشی پێ نەكراوە، ئەگەر ئیشی پێ نەكرێت، كاتی خۆی ئێمە لەگەڵ لیژنەی دەستەی دەستپاكی قسەمان كرد دەكرێت هەرێمی كوردستانیش پرۆژە یاساییەكی لەم بابەتەی هەبێت، ئەوە دەكرێت دواتر ئێمە لەگەڵ لیژنەكان، یان ئێوە چۆن و بە چ ئالیەتێك پێتان باش بوو، لەبەر ئەوە مەبەستمان ئەوەیە چەمكی قانونەكە روون بێت و وازیح بێت، دەقەكان تێدا وازیح بێت، كە هیچ جۆرێك لە تەداخول لەنێوان دەسەلاّتەكانی دەستپاكی بۆ نموونە لەگەڵ داواكاری گشتی و جیهەتێكی تر نەبێت، بۆیە ئەوەندەی بۆمان كراوە بە تەئكید هەوڵمانداوە روون و وازیح بێت و، ئەگەر بە

تەئكيد برادەران و ئەنـدامانى پەرلـەمانى بـەڕێزيش مولاحەزەيـەكيان هەيـە، بـەلاّم ئێمـە لـە زيـاد كردنـى جەرائيم وەكو دكتۆرە ڤالاّ گوتى مەبـدەئى (لا جريمـە ولا عقوبـە الا بـنص) ئێمـە نـاتوانين هـيچ تاوانێـك مەسەلەن بەڕێزێك گوتى ئيهيمال و تەقصير راستە، تەقصير خۆى پێوەرى خۆى هەيە لە زۆربەى دائيرەكان مەسەلەن لە قانونى مەدەنى هەيـەتى لـە شـوێنى تـر هەيـەتى، لـە قـانونى ئينـزيبـاتى مـوەزەڤ دەوڵـە قسـە لەسەر ئەو فەرمانبەرانە دەكات كە ئيهمال و تەقصير دەكەن، ئـەوە رێ و شـوێنى تـرى تێدايـە، بـەلاّم ئێمـە هـەوڵمان داوە ئـەو تاوانانـەو تاوانـەكانى گەنـدەڵى وازيـح بكـەين، وازيـح كردنەكـەش بەڕاسـتى بـە هێنـانى ماددەكانە، بۆ تەقصيريش ئێمە دەتوانين خۆمان هەموو ماددەكان بنووسينەوە، بـەلاّم دەبێتـە درێـژ دادڕى، ئێمـە قانونێكمـان هەيـە قـانونى عقوبـاتى عێراقـى، بـەس ئيشـارەتمان بـە ژمـارەى ماددەكـان كـردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، ئێسـتا ماددەكـە بخوێننـەوە، بـۆ ئـەوەى بيخەينـە دەنگدانـەوە، كـاك عـەباس نوقتـەى نيزامـى هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من چوار ماددەم پێشنيار كـرد، دكتـۆر وەلاّمـى نەدامـەوە، مـن بـۆ خـۆم دەقـى ماددەكـانم نەخوێنـدەوە، بـۆ ئـەوەى كـات زيـاتر نـەگرم، بـۆ جـەنابيم نـارد، بـەلاّم وەلاّمـى نەدامـەوە، بـۆ زيـادى نـەكرد؟ پـێم باشـە بيخوێنێتەوە بۆ ئەندامانى بەڕێزى پەرلەمان رەئى لەسەر دەربڕن، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

باشە سوپاس، بەڕێز دكتۆرە ڤالاّ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

وەلاّمم دايەوە گوتم ئەو جەرائيمانە، يان ئەو ماددانەى كە ئيشارەتى پێداوە راستە بەنصوص، بـە رەقـەمى ماددە ناوى نەهاتووە، بەلاّم بە جەرائيم ناوى هاتووە، بۆ نموونە ئەو داواى زياد كردنى (٣١٦) دەكاتن، (٣١٦) وەكو جەريمەى ئيختيلاس ناوى هاتووە، بۆيە دەبێتە تيكرار، ئـەوە روون كردنەوەمـدا لەسـەر ئـەو بابەتـە، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

باشە، ئێستا ماددەكە بخوێننەوە، بۆ ئەوەى بيخەينە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی (١):

بڕگەی (٧) لە بەندی یەکەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

تاوانی گەندەڵی مەبەست لێی بریتییە لە هەر تاوانێك لەو تاوانانەی کە لە ماددەکانی (٢٣٣ و ٢٣٤ و ٢٧١ و ٢٧٢ و ٢٧٥ و ٢٧٦ و ٢٩٠ و ٢٩٣ و ٢٩٦)ی یاسای سزاکان ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ دەقیان لەسەر کراوەو تاوانەکانی پێشێلکاری بۆ ئەرکەکانی وەزیفەی گشتی، کە بریتیین لە بەرتیل و ئیختیلاس و زێدەڕۆیی فەرمانبەران لە سنووری وەزیفەکانیان و تاوانەکانی شووشتنەوەی مایەو داڵدەدان و بەردەست کردنی ئەو سامانانەی دەرئەنجامی تاوان، یان کەتنی گەندەڵی و، هەر تاوانێك یەکێك لە باردۆخە توند کراوەکانی دەق کراوە لە بڕگەکانی پێنجەم، شەشەم، حەوتەمی ماددەی (١٣٥) لە یاسای رێکخستنی دەرچوو لە ئەنجومەنی حوکمی هەڵوەشاوەی پاشکۆ بە فەرمانی دەسەلاَتی ئیتیلاڤی کاتی هەڵوەشاوە ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٤.

بڕگەی هەشتەم لە بەندی یەکەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوەو، داوا لە بەڕێز دکتۆرە بەهار دەکەم بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منداڵە دواکەوتووەکان بریتیین لەو منداڵانەی ناکامن و هاوسەرگیرییان نەبەستووەو ئەو منداڵانەی هاوسەرگیرییان بەستووە کە لەڕووی داراییەوە سەربەخۆ نین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی دووەمی پرۆژە یاسای هەموار کراوەکەیە بەو شێوەیەی کە ئێستا خوێندرایەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٥٧) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە، کێ دژیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٣) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە پەسند کرا، کاك فەرهاد نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح(فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاکە گوتمان نەگەیی خۆ لە خۆڕایی قسە ناکەین؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئەوانەی کە پەیوەندی بە رێزمان و زمانەوانی و ئەوانە هەیە، دوایی لە صیاغە چاك دەکرێتەوە، ئەوە هیچ گرفتێکی نییە، بەڕێز کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بکرێتە منداڵی ناکام باشترە لە هەمووی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو شتانە ئاساییە، دوایی لە صیاغە چاك دەکرێتەوە، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە ئەم ماددەیە تازە دەنگی لەسەر دراوە، بەس پێم خۆشە ئەو روون کردنەوە یاسایە بدەم، بەڕێز سەرۆکی دەستەش دکتۆر ئەحمەد روون کردنەوەی زۆرتری لەلایە، چونکە من خۆم بۆ ئەو بەندە قسەم لەگەڵ جەنابیان کرد، منداڵە دواکەوتووەکان مەبەستمان لە منداڵە ناکامەکان نییە، قاصر جیایە، ئەم تەعبیرەی کە ئێستا ئێمە بەکارمان هێنا، ئەم تەعبیرە تەعبیرێکە لە یاسای دەستەی نەزاهەی عێراقیش بەکار هێنراوەو، یاسای دەستەی نەزاهەی ئێرەش بەکاریان هێناوە بۆ حاڵەتێك کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بۆ نموونە ئەو منداڵانەی هاوسەرگیرییان بەستووەو لە رووی داراییەوە سەربەخۆ نین، ئەمانە شەرت نییە قاصر بن، شەرت نییە ناکام بن، بۆیە کەلیمەی ناکام و پێ نەگەیی لەگەڵ ئەم تەعبیرە جیایە، کە ئێمە بەکارمان هێناوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئەوانەی رەئی جیاوازیان هەیە لەسەر ئەو دەستەواژەیە دەتوانن دوایی بە نووسین رەئی خۆیان بدەن بە لیژنەی یاسایی، بۆ ئەوەی لە کاتی صیاغە کردنەوە رەچاو بکرێت، بەڕێزان، ئێستا دانیشتەکەمان هەڵدەگرین بۆ پشوویەك کاتژمێر (٢) دەست دەکەینەوە بە دانیشتنەکەمان، سوپاس.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان.**

کۆبوونەوەی دووەمی دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکەین ، خولی هەڵبژاردنی چوارەم ، ساڵی دووەم ، دانیشتنی ژمارە (١٢) ، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/١١/٢٥ بەردەوامین لەسەر تەوەری دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە بریتییە لە گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان/عیراق ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١) بە پێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو ، ئێستا ماددەی سێهەمی پڕۆژە یاسای هەموارکراو ، ماددەی سێهەم " چونکە ماددەی یەکەم ئەبێتە هەمواری

ناونیشانەکەی پرۆژە یاساکە ، خاڵی یەکەم " لە پرۆژە یاسا هەموارکراوەکە نابێ ببێ بە ماددەی یەکەم ، خاڵ یەکەم ، باشە کەواتە لەماددەی دووەمین فەرموو بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی دووەم : وشەی (گشتی) لادەبرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە ( بە پێی ئەم یاسایە دەستەیەك بە ناوی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان لە عیراق دادەمەزرێت ، خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆی دارایی و کارگێڕییە و بودجەیەکی سەربەخۆی هەیە ملکەچی چاودێری پەرلەمان دەبێت).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ شکور کەس نییە قسەی لەسەری هەبێ ، کاك عمر ، کاك بەهزاد ، دکتۆر شوان ، مامۆستا عومەر تەوزیحت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر (عمر کۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس بۆ تەوزیح ، ئەوە نە پڕۆژەی قانونە ئەوە تەعدیلە ، ئەڤ پڕۆژەی یاسایە ژی دەستخۆشی لە دەستەی نەزاهە ئەکەین ، ڕاستی هەمی کەسانی پسپۆڕ بە کاملی دروست کرییە ، چەندین دانیشتن ژی لە لیژنەی نەزاهە ژی مە کرییە ، لبەر ئەوە قسەناکەین لێرە ئەندامانیش هەمی ئەزانن شاهیدن دکتۆر فرسەت و کاك برزۆ و کاك ئومێد چەندین دانیشتن و تێبینییەکان دوای دانیشتن ژی لگەڵ یاسایی ژی هەموو تاوتوێ کرییە ، پڕۆژەکە کاملە ئەگەر قسە نەبی ژی ئیستیغراب نەکەین ، چونکە پڕۆژەکە کاملە زۆر کەسانی پسپۆڕ نووسییە ، مەوزوع قسە بۆ قسەیە ئەگەر بۆ شتێکی گرنگ بی تەبیعیەو ڕێ لەکەس ناگرین ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ئەوەندەم ویست بیڵێم (ملکەچی چاودێری پەرلەمان دەبێت) پەرلەمان دەستەیەکی بڵێین هەیئەیەکی تەکنیکی بەوشێوەیە نییە بتوانێ چاودێری بکا ، ئایا پەیوەندی ئەم لەگەڵ چاودێری دارایی چییە؟ نەدەکرا بڵێی چاودێری دارایی چاودێری ئەوانیش ئەکا ، من مەبەستم ئەوەیە کە پەرلەمان ناتوانێ ستافێکی تەکنیکی وایان هەبێ بچێ لاپەڕەکانی ئەم دەستەیە هەڵبداتەوە و بەووردی بەدواداچوون بکا ، لەبەر ئەوە پەرلەمان دەستەیەکی تەکنیکی بەو شێوەیە نییە ، ئەکرێ بیدا بەو دام و دەزگایانەی کە خۆی هەیەتی ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە مەبەست لە پرۆسەی چاودێرییە ، وەکو چۆن حکومەت لە ژێر چاودێری پەرلەمانە ، بەهەمان شێوە ئەم دەستەیەش ئەکەوێتە ژێر چاودێری پەرلەمان ، پەرلەمانتار ئەتوانێ پرسیاری ئاراستە بکا ، سەرۆکی دەستەکە بانگ بکاتە پەرلەمان بۆ پرسینەوە ، پێموابێ مەبەست ئەوەیە ، بەڕێز کاك قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە کە گرفتی بەردەم ئەم دەستەیە لە مومارەسەکردنی دەسەڵاتەکانی خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ڕووبەروبوونەوەی مەلەفەکانی گەندەڵی و ڕەوانەکردنی ئەو مەلەفانە بۆ دادگا تایبەتمەندییەکان کە بە پێی قانون لە دەسەڵاتی ئەواندابووە ، ئاستەنگی بەردەم ئەمە بریتی نەبووە لە کەمی بودجە ، لەوەی ئەمە دەستەیە بودجەی سەربەخۆی خۆی نەبووە ، ڕاستە ئەمە ئیجابییاتی خۆی هەیە ، بەڵام لە ڕاستیدا تەنها بودجەی زۆر ، بودجەی سەربەخۆ بۆ ئەم دەستەیە قورسایی دروستکردن بۆ بودجەی گشتی ئەگەر نەبێتە هاندانێك بۆ هەستانی دەستەکە بە ئەرکەکانی خۆیان کە من پێموایە وەك پێویست نەبووە ئەمە دەبێتە هۆی بار قورسی لەسەر بودجەی گشتی لەوانەیە لە خودی دەستەکەدا بەداوای لێبووردنەوە لە هەندێك حاڵەتدا گەندەڵی دروست بێ لە خودی دەستەکەدا ، چونکە ئەگەر پاداشتکردنی کارمەندەکانی تێدابێت بۆ ئەوەی ئەو کارمەندانە ئەوانەی کە چالاکن لەوانەیە ئەو کاتە خۆ گەندەڵ هەر دزینی پارە نییە ، کۆمەڵێك شتە جەنابتان باشتر دەزانن ، بۆیە ئەگەر تەنها بۆ ئەوەبێ من لەگەڵیدانیم هەروەك خۆی بمێنێتەوە لە بودجەی گشتی ئەوەی بۆتەرخان بکرێ ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز دکتۆر شوان فەرموو.

**بەڕێز د. عمر مصطفى باوەمیر (د. شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر لەسەر وشەی ملکەچی یەعنی وەکو بڵێی جۆرێکە لە ئاستی بەندایەتی ، ئەگەر بوترێت چاودێری و لێپرسینەوەی وردی لەگەڵ دەکرێت لەلایەن پەرلەمانەوە ڕەنگە باشتر بێ ، ملکەچی ئەگەر بکرێ وشەیەکی ترهەبێت لە بەدیلیدا باشترە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی سەر وێ خاڵێ خولا سێیا پەرلەمانێ چەندین ئەنداما دەست لەکار کێشاوە لە لیژنا دەستەی نەزاهە ، ئەویژ سەبەب ئەڤە بی ئەم لیژنەیە ، ئەم دەستەیە ملکەچی چاودێری پەرلەمان بیت ، ئەوە

ئیزافه بکرێتن پێم باشه هەر شەش مانگ جارێك سەرۆکێ دەستە بێتە پەرلەمان ، ڕاپۆرتەکەی بخوێنێ دواجار یەعنی گفتوگۆ لەسەر بکرێت و تەقیمی ئەو دەستەیە بکات ، چونکە مەسەلەی گەندەڵی یەعنی گشتگیرە لە هەموو دەزگاکان هەیە ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانێ خاڵەکا دی ژ هەیە نازانم مەجال هەیە لێرە ئیزافە بکەم؟

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی دەتەوێ بۆ ئەم ماددەیە ئیزافە بێ؟

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

نەخێر ئیزافە بۆ گشت پڕۆژەکە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی بکە بزانین لەکوێدا جێی ئەبێتەوە.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

یەك لەو خاڵانە ئەوەیە حەزدەکەم ماددەك ئیزافە بکرێ ، چونکی زۆر گرنگە بەڕاستی ئەم یاسایە بەلای منەوە ، کە بڵێن پێویستە ئەنجومەنی وەزیران لەبەرنامەی خۆیدا لەهەر کابینەیەکدا گرنگی بداتە نەهێلانی گەندەڵی ، یەعنی لەبەرنامەی کاردا لە ئەنجومەنی وەزیران خاڵێکی ستراتیژی هەبێ کەخۆی بەخۆی ئیش لەسەر ئەم قەزییە بکا بەڕاستی ئەوە خاڵەك ، خاڵێکی تر ئەز بێژم چەندین جۆرێت گەندەڵی هەیت لێرە باس نەکرینە ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانێ چەوا دێ جەوەکێن یان ماددەکەدی ئیزافە بکەین مەسەلەن چەندین جۆرێت گەندەڵی هەی ، بۆ نموونە ڕێگا گرتن لە گەندەڵیا یاسایی ، بۆ نموونە هەندێك جارا مەسەلەن بەحسێ نموونەیەکی بکەین مەسەلە هەنکێ بەحسێ عاردا زیراعی بکەین ئیتفاکرنا وە لەسەر عەردێت شارەوانی ، یاسایەك هەیە ڕاستە یاسایە بەلاّم بۆ هەندەك کەسا جێبێجێ دبیت ، بۆ هەندەك کەسا جێبەجێ نابیت ، گەندەڵییەکی زۆریش ئەو مەجالەی دایە ، چونکە ڕاستی مەسەلەی عەرزە و ئیتفاکرنە و مەسەلەی جێگایا کە داوای تەعویز دەکا مەسەلەن (٣) قتعە دایە خودان عەرزێکی زراعی لەوانەیە لە جێگایەك بدەی کە بۆ یەکەکی دی (١٠) قات لەو سعرە بی ، ئەوش گەندەڵی نییە؟ حەزدەکەم یەعنی مەجموعەك خاڵ هەن جێگایان بکرێتەوە لەو یاسایەدا.....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەتوانی بیدەی بە لیژنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی بزانین لە کوێدا جێگای ئەبێتەوە ئەگەر بگونجێ لەگەڵ پڕۆژە یاسایەکەدا جێگای بکەنەوە ، سوپاس بۆ جەنابت ، ڕای ئێوە چییە لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەو قسانەی کە کران؟ فەرموو دکتۆرە ڤالاّ.

**بەڕێز د. ڤالاّ فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوی کە پەیوەندیدارە بە بابەتی (ملکەچی چاودێری پەرلەمان دەبێتن) ، ئەوەیە کە ئێمە لە ماددەیەکی تردا باس لە ئیستیجوابی سەرۆکی دەستەکە دەکەین ، باس لە ئیعفاکردنی دەکەین ، ئیعفاکردن و ئیستیجواب کردنی کاتێك پەرلەمان دەتوانێ بیکات کە دەستەکە لەژێر چاودێری پەرلەمان دابێتن.....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە ، ئەو ملکەچییە ببێ بەهۆی کە لە ژێر چاودێری پەرلەمان دابێت ....

**بەڕێز د. ڤالأ فرید ابراهیم:**

دەتوانرێ دەستکاری بکرێ ، بەڵام ملکەچ لە (خضوع) وەرگیراوە موستەڵەحێکی عەرەبییە (خاضع) دەبێ بۆ رەقابەی پەرلەمان لێرانە پەیوەندی بەو تەفسیرە نییە کە کرا ، بەڵام دەشکرێ بڵێین لەژێر چاودێری پەرلەماندا دەبێت ، لە مەوادی تر ئەگەر بەڕێزیان خوێندبیتیانەوە باسمان لەوە کردووە کە سەرۆکی دەستە مولزەمە بە پێشکەشکردنی ڕاپۆرت بۆ پەرلەمان لەسەر ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەداتن ، لێرانە باس لەگەندەڵی کراوە گەندەڵی وەکو جەریمە باسی لێوە کراوە ، وەکو جەریمەش ڕوونکردنەوەمان دا کە مەحکومە بە (مبدء لاجریمة ولا عقوبة الی بنص) ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز سەرۆکی دەستە هیچ تێبینییەکت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله مولاحەزەکان وازحە ، بەس برادەرێك بەڕێز قسەی لەسەر ئیش و کاری دەستە کرد ئەوا ڕەنگە ئەوە مەوزوعێکی جودابێ لە قانونەکە ، خۆت دەزانی من ماوەیەکە داوام کردووە پەرلەمانی بەڕێز کاتمان بۆ تەرخان بکا بێین قسە لەسەر ئیش و کارەکان بکەین لەوەتەی دامەزراوە تاکو ئێستا ، کەسیش تەسەوڕنەکا ئەم دەستەیە بودجەیەکی وا گەورەی هەیە بەعەکسەوە ڕەنگە کەمترین بودجەی هەبێ لە کوردستاندا ، هەر بودجەی نەبووە ، چونکە (٢٠٠٣) کە دامەزرا قانونی موازەنە ئیقرار کرابوو جێی نەبۆوە ، (٢٠١٤)ش خۆتان دەزانن بودجە ئیقرار نەکراوە ، لەبەر ئەوە حەقی خۆیانە چاودێری پەرلەمان بەڕای من ئەوەیە کە دەبێ جگە لە ڕاپۆرتەکان ناوە ناوە ئەگەر سەرۆکی دەستە داوای کرد یان پەرلەمانتاران داوایان کرد قەزییەی دژایەتی گەندەڵی من پێمخۆشە ئێوە زۆرتر ئیهتمامی پێبدەن ، ئیهتیمام دانیش بەڕاستی چوونە ناو تەفاسیلە کە هیوادارین ئەوە لە دانیشتنێکی دیدا ئێوەی بەڕێز ئەوەتان هەبێ ، بەنیسبەت سەربەخۆیی ئەوە شتێکی ئاساییە ، چونکە تۆ قسە لەسەر دەستەیەکی سەربەخۆ دەکەی سەربەخۆیی برادەران ئەزانن دوو جانیبان دەگرێتەوە لایەنی ئیداری ، لەگەڵ لایەنی مالی دەێگرتەوە ، کە قسەت لەسەر دەستەیەکی سەربەخۆ کرد جا ئەو دەستە سبەینێ کۆمسیۆن بێ ، دەستەی مافی مرۆڤ بێ ، دەستەی چاودێری دارایی بێ ، دەستپاکی بێ ڕەنگە دەستەی تریش لە داهاتوو لە هەرێمی کوردستان دابمەزرێن ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بۆیە ئێستا تكایە ماددەكە بخوێننەوە بۆ ئەوەی دواجار بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

بەندی دوو " وشەی گشتی لادەبرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە (بەپێی ئەم یاسایە دەستەیەك بە ناوی دەستەی دەستپاكی هەرێمی كوردستان/عیراق دادەمەزرێ خاوەن كەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و كارگێڕییە و بودجەیەكی سەربەخۆی هەیە و لە ژێر چاودێری پەرلەماندایە).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە كە بەو شێوەیە خوێندرایەوە؟ كێ لەگەڵیەتی؟ (٧٤) ئەندام لەگەڵیەتی ، كێ لەگەڵی نییە ، دژیەتی؟ كەس نییە ، كەواتە پەسەندكرا ، فەرموون بەندێكی تر.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

بەندی سێیەم هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە ، دكتۆرە بەهار دەیخوێنێتەوە دەدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ دكتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێزد. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەمی یاسای دەستە هەمواردەكرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە ،

ئامانجی ئەم یاسایە بریتییە لە:

یەكەم: بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و خۆپاراستن لێی.

دووەم: پاڵپشتی كردنی پرەنسیپەكانی دەستپاكی و شەفافییەت و لێپرسینەوە و بەرجەستەكردنی پرینسیپی سەروەری یاسا.

سێیەم: هەڵسەنگاندن و ڕاستكردنەوە و پەرەپێدانی كار و ڕەفتاری وەزیفەیی و ستانداردەكانی ڕاژەی گشتی ، لە ئەستۆگرتنی بەرپرسێتی و نەهێشتنی ڕۆتین.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ بەڕێز دكتۆرە جوان فەرموو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی (٣)م فەقەرەی (٣)م دەڵێ (هەڵسەنگاندن ، ڕاستكردنەوەی پەرەپێدانی كار و ڕەفتاری وەزیفی ، ستانداردەكانی ڕاژەی گشتی ، لە ئەستۆ گرتنی بەپرسێتی و نەهێشتنی ڕۆتین) كە دەڵێی ڕەفتاری وەزیفی واتا بەس ئەوە نییە تەحەمولی مەسئولییەت ، شتی دیكە دێتە ناوی (ولاء الوظیفة للاستشهاد

والمثابرة ، تحسين النوعية ) ڕەفتاری وەزیفی زۆر شتە بەس تەحەمولی وەزیفە نییە ، پێم باشە ئەوەی هەڵگرین چونکە ئەگەر ئەوەی هەڵگرین مە عنای ڕەفتاری وەزیفی ئەوە هەموو سیفاتەکانی وەزیفی دەگرێتەوە ، لەگەڵ نەهێشتنی ڕۆتین ئەو یاسایە واناکا ڕۆتین نەمێنێ ، چونکە ئالیاتەکی دیکەهەیە لە ئیدارەی مەعروفە ئەویش (تبسیط الاجرءات) ئەو ئالییەتە بە (تبسیط الاجرءات) ڕۆتین نامێنێ ، واتا ئەو دێرەی سێیەمە ئەو شتە وا هەڵگیرێ بکرێتە هەڵسەنگاندن ڕاستکردنەوەی پەرەپێدانی کار و ڕەفتاری وەزیفی ، ستاندەرەکانی ڕاژەی گشتی لێرە ڕا تەواوبی ، ئەمن لەلایەنی کارگێڕی قسەی دەکەم ئەو دوو وشەیە نەمێنێ باشترە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەخاڵی یەکەم بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و خۆپاراستن لێی ، من پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بێ (بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پێادەکردنی ڕێکاری یاسایی پێویست بۆ خۆپاراستن لێی) ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر قسەی ئەندامان ، بەڕێز مامۆستا انس فەرموو.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم ل هەر لیژنە ژیدا لسەر نەهێشتنێ ڕۆتین ئاخافتنەکا دی هەبوو کو ل باتی نەهێشتن بدانین کەم کرنا ڕۆتینێ ، کەم کرنا ڕۆتینێ پتر مولائیمە دلگەل ڤێ بەندێ ، نەهێشتن زۆر شتەکی زەحمەتە هەر نابیت ، ئەما کێم کرن ئەو ئیحتیمالییە هەی ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە ڕایەکەی دکتۆرە جوان دەکەین بەوەی کە نەهێشتنی ڕۆتین بکرێ بە (تبسیط الاجرءات).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، جا بۆیە تکایە ماددەکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

ماددەی سێیەم هەموارکراوە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە

ئامانجی ئەم یاسایە بریتییە لە:

یەکەم: بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و خۆپاراستن لێی.

دووەم: پاڵپشتی کردنی پرینسیپەکانی دەستپاکی و شەفافییەت و لێپرسینەوە و بەرجەستەکردنی پرینسیپی سەروەری یاسا.

سێیەم: هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوە و پەرەپێدانی کار و ڕەفتاری وەزیفەیی و ستانداردەکانی ڕاژەی گشتی ، لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی و ئاسانکاری ڕێکارەکان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ بەندەکەیە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە؟ (٨١) ئەندام لەگەڵیەتی ، کێ دژیەتی؟ کەس نییە کەواتە پەسەندکرا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

بەندی چوارەم دوو ڕای لەسەر هەیە ڕای یەکەم" حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەبن بەسەر:

یەکەم : سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسا دانان و جێبەجێکردن و دادگەری و ئەندامەکان و ئەوانی تیایاندا کارمەندن.

دووەم : کەرتی تایبەت ، بەتایبەتیش ئەو کەس و کۆمپانیایانەی لەگەڵ قەوارەکانی کەرتی گشتیدا گرێبەستیان ئەنجامداوە.

سێیەم : ڕێکخستنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییە نیشتمانی و یەکێتییەکان و کۆمەڵەکان و یانەکان لەو شتانەی پەیوەستن بە ڕەوایی سەرچاوەکانی مایەپێدان و جۆری خەرجکردن و دواکەوتنی شووشتنەوەی مایە.

ڕای دووەم حوکمەکانە ئەم یاسایە پیادەکرێ بەسەر هەموو کەسێکی ناو هەرێم ، لەناویاندا ئەم لایەنانەی خوارەوە:

یەکەم : سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسا دانان و جێبەجێکردن و دادگەری و ئەندامەکان و ئەوانی تیایاندا کارمەندن.

دووەم : کەرتی تایبەت ، بەتایبەتیش ئەو کەس و کۆمپانیایانەی لەگەڵ قەوارەکانی کەرتی گشتیدا گرێبەستیان ئەنجامداوە.

سێیەم : ڕێکخستنە سیاسەتکار و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییە نیشتمانی و یەکێتییەکان و کۆمەڵەکان و یانەکان لەو شتانەی پەیوەستن بە ڕەوایەتی سەرچاوەکانی مایەپێدان و جۆری خەرجکردن و بە دواکەوتنی شووشتنەوەی مایە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ بەڕێز دکتۆر شێرکۆ جودت فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەهەردوو ڕاکەدا هاتووە، ڕای یەکەم و دووەم، مەسەلەی کەرتی تایبەت، بەتایبەتی ئەوانەی کە گرێبەستیان لەگەڵ حکومەت هەیە، جا بۆ ئەوەی تەخصیصی نەکەین تەنها بەئەوان، چونکە کەرتی تایبەت هەیە، کۆمپانیایە گرێبەستی لەگەڵ حکومەت نییە، بەڵام کوتلەیەکە لەگەندەڵی، لەبەر ئەوە حەلێك بدۆزینەوە بۆ ئەو تەخصیصە، یەعنی ئەگەر ئێمە بڵێین کەرتی تایبەت بەگشتی پێم وایە زۆر باشترە وەك لەوەی تەخصیصی بکەین بڵێین تەنها ئەوانەی، یان بەتایبەتی ئەوانەی کە گرێبەستیان هەیە، لەگەڵ حکومەت، چونکە کۆمپانیای زۆر هەیە گرێبەستی نییە، لەگەڵ حکومەت و کەرتی تایبەتیشەو سەروەت و سامانی ئەم وڵاتەش بەهەدەر دەبات و گەندەڵیش دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر شێرکۆ حەمە امین، فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی سێیەم دەڵێت ئەو شتانەی، خۆی وشەی (شت) لەڕاستیدا وشەیەکی هەم ناڕوونە، هەم زۆر کوردی نییە، هەر ئەکرێت لای بەرین، یان دیاری بکەین ئەوانەی کە پەیوەستن چییە؟، بڵێین ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن، ئەوە گونجاوترە، پرسیارەکەشم ئەوەیە، ئایا ئەمە سەرۆکایەتی هەرێم دەگرێتەوە، چونکە سەرۆکایەتی هەرێمی تێدا نییە، دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن تەنها مەبەستیان دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمە؟، یان بەپێی دەستوور سەرۆکی دەسەڵاتی باڵای جێبەجێکردنیش هەیە لەهەرێمی کوردستان، جا ئەوە ڕوون بکەنەوە، پێشنیازیش دەکەم، ئەگەر نایگرێتەوە پێویستە دیاری بکەین و بیگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەقسەکانی هەردوو بەڕێز دکتۆر شێرکۆ جودت و دکتۆر شێرکۆ حەمە امین دەکەم، سەرباری ئەوەش من ئەتوانم بڵێم سەرۆکەکان بکرێت بە سەرۆکایەتیەکانی دەسەڵاتی یاسادانان، ئەوە باشترە، پشتگیری لەوەش دەکەم و هی ئەو هاوڕێیانەی کە پەیڕەوی ناوخۆ هەموار دەکەن، پەرلەمان بتوانێت

چاودێری کەرتی تایبەت بکات، بۆ ئـەوەی لـە مەهامـەکانی پەرلـەمان بێـت، چونکە ئێـستا لـەوڵاتی ئێمـەدا بەرەو کەرتی تایبەت دەچێت، بەرەو خەصخەصە دەچێت، کارەبا، نەوت، نیشتەجێبوون، زۆربەی بوارەکانی ژیان لەکوردستان بەرەو ئاراستەی کەرتی تایبەت دەچێت، ئێمە وەکو پەرلەمان ئەگـەر نـەتوانین چاودێری کەرتی تایبەت بکەین لێرەش نـاتوانین جێبـەجێی بکـەین، لەبـەر ئـەوە مـن داوادەکـەم لـەو بەرێزانـەی کـە پەیڕەوی ناوخۆ هەموار دەکەنەوە، لەمەهامی پەرلەمان باس لەوە بکرێت کەچۆن چاودێری کـەرتی گشتی دەکـەین ئـاواش هـی کـەرتی تایبـەت بکـەین، چونکە کـەرتی تایبـەتیش پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی بـە ژیـانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئاری هەرسین.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من ئەمەوێت بیڵێم لەوانەیە زیاتر لەشێوەی پرسـیاردا بێـت، مـن لەگـەڵ بۆچـوونی دووەمـم، بـەڵام لەوێشدا ناوی زۆر لایەن براوە، من پرسیارەکەم ئەوەیە بۆچی باسی ناوەندی ئاینی نـەکراوە، لەبـەر ئـەوەی ئەگەر هەر فۆرماسیۆنێك بێت، فۆرماسیەکی سیاسی بێت، یەعنی وەکو حزب، ئابووری بێت، وەکو کۆمپانیا، یـان ئـاینی بێـت، ئەگـەر لـەو فەزایـەدا مـەجال هـەبێت لەگـەڵ ڕێـزو خۆشەویسـتیم بـۆ هـەموو لایەنـە سیاسییەکان و هەموو بنکە ئاینییەکان لەپێش هەموویان مزگەوت، بەڵام نموونەمان بینیـوە لـەوڵاتانی تـر، هەندێجار ئەو ناوەندە ئاینییانە سووء ئیستیفادە لێکراون، بەمەبەستی دژی ئینسانی وە پارەی ڕەشیان تێدا کۆکراوەتەوە، لەپشتی دەوائیری زەریبەو حکومەتەوە، هەتا بـۆ پشـتیوانی ڕێکخـراوە تیرۆریسـتیەکان، ئینجا بۆیە مـن پرسـیار دەکـەم، ئایـا لـە چوارچـێوەی ئەوانـەی کـە بـراون ناوەنـدە ئاینییـەکان ئەگرێتـەوە؟، یـان نایانگرێتەوە؟، لێرەشدا ناوەندی ئاینی بێگومان تەنها ئاینی پیرۆزی ئیسلام نییە؟، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك انور قادر، فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کران؟، لە ڕەئیەکانیش لەگەڵ ڕەئی دووەمم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عباس غەزالی، فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی سەرۆکی دەستە دەکەین، بەخێربێت، من لەگەڵ ڕەئی یەکەمم و پشتگیری ڕەئی هەردوو دکتۆر شێرکۆ دەکەم، خاڵی یەکەم و دووەم، بەڵام لەخاڵی سێیەم، ئەگەر چاك بکرێت دەزگای ڕاگەیاندن زیاد بکرێت، چونکە هۆکارێك بوون بۆ هاوکاری و لەگەڵیدا بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك فرحان جەوهەر، فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕای دووەمدا پێم باشە حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێت لەسەر هەموو کەسێکی ناو هەرێمی کوردستان، گشتی بێت کەسە عامەکانیش ئەگرێتەوە، چونکە دەبێت گشتی بێت، هەموو کەسێکی ناو هەرێم نابێت، نەك کاسب کارێك، کاسب کارێکیش دەگرێتەوە، هاووڵاتیەکیش دەگرێتەوە، بەس کەسی گشتی گرنگە، پێم باشە وشەی گشتی ئیزافە بکرێت، لە خاڵی دووەم: کەرتی تایبەت لەگەڵ ڕای دکتۆر شێرکۆ جەودەتم تایبەتی نەمێنێت، هەروەها لەگەڵ ڕای کاك عمر عینایەتم، کۆمپانیاکان جیا نەکرێنەوە، ئەوانەی گرێبەستیان هەیە، یان ئەوانە لەگەڵ کەرتی گشتی کار دەکەن، کەرتی تایبەت بەتەنها بێت، ڕێخستنی سیاسەتکار، ئەوە بکرێت بە ڕێکخستنە سیاسییەکان، لەبەر ئەوە دەبێت حزبەکانیش بگرێتەوە، ڕێکخستنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، نیشتمانیەکان ناوێت، چونکە ڕێکخراوی ناحکومی خۆی نیشتمانیە، وشەی نیشتمانی بسڕێتەوە، سەندیکاو یەکێتییەکان، واتە سەندیکاشی بۆ زیاد بکرێت، یەکێتی و سەندیکاکان خۆی جیاوازە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر سراج، فەرموو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی سێیەم: باس لەوە دەکات کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بکەونە ژێر چاودێری نەزاهەوە، ئەوە کارێکی چاکەو پەسەندە، بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە ئایا بۆ فۆڕمی تایبەت بە زانیاری نەزاهە بەسەریاندا دابەش ناکرێت، ئەوانیش زانیارییەکان لەڕێگای فۆڕمەوە بدەن، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین چەندین ڕێکخراو و ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی مومتەلەکاتیان هەیە، ئیستیسماراتیان هەیە، ئیش دەکەن، خۆ دەبێت ئەوانیش لەو فۆڕمە بێبەش نەبن و وەکو کەسایەتییەکان و شەخصیاتەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا ماجد، فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگشتی منیش ڕام لەگەڵ ڕای دووەمە، پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر شێرکۆ حمە امین دەکەم، پێم باشە بەو شێوەیە بنووسرێت، سەرۆکەکانی دەسەڵات و جێبەجێکارو سەرۆك و( ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان)ئیزافە بکرێت، وە بەپێی پرسی جێبەجێکارو دادگەری و ئەندام و کارمەندەکانیان، سەبارەت بە خاڵی دووەم: منیش پێم وایە، ئەگەر باسی کەرتی تایبەت بکرێت بەگشتی هەروەکو بەڕێز دکتۆر شێرکۆ جودت ئاماژەی پێکرد، جۆرێك لە ستەمدا لەهەندێ خەڵکی بێ موشکیلەو سادە، بۆیە دەبێت ئەو عیبارەیە ڕێك بخرێت، هەروەها پێم باشە ئەگەر بکرێت سەرمایەدارەکانیش بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك محمد سعدالدین، فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەخاڵی یەکەم سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادگەری و ئەندامەکان، لێرە باشە بەس ئەوانەی تێیدا کارمەندن، یەعنی کارمەندەکانی هەر سێ دەسەڵاتەکە، واتە هەموو فەرمانبەرەکان دەگرێتەوە، باشتر نییە دیاری بکرێت، چونکە دەستەی نەزاهە ئەوە دەزانین تەعامول، لەگەڵ دامەزراوەکان، لەگەڵ موئەسەسات و دەسەڵاتی مەعنەوی و پلە بەرزەکان وپلە تایبەتەکان دەکات، نەك کارمەندەکانی هەر سێ دەسەڵاتەکە، یەعنی هەموو فەرمانبەران دەگرێتەوە، پرسگەش بێت، کارمەندێکی ئاسایش بێت، ئەوە دەبێتە قورساییەك بۆ دەستەی نەزاهە، لە داهاتووشدا لەوانەیە بۆ شتێکی تر ئاراستە بکرێت، مەسائیلی سیاسیش بێت، بۆ تەسفیەی حساباتی سیاسیش بێت، لەبەر ئەوە دەستەی نەزاهە بۆ دامەزراوەو پلە تایبەتەکان وپلە بەرزەکان دەکرێت، بۆیە ئەوانەی تێیدا کارمەندن بەشێوەیەکی زۆر عامە، یەعنی هەموو کەس دەگرێتەوە، ئەوەی فەرمانبەرەو مووچە وەردەگرێت دەیگرێتەوە، بۆیە دیاری بکرێت، باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان لەسەر قسەی ئەندامان، دکتۆرە ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کە تایبەت بوو بە کەرتی تایبەت، ئێمە لەو بڕگەیەدا دەڵێین تایبەت، بەتایبەتیش ئەو کەس و کۆمپانیایانەی، لەگەڵ قەوارەکانی کەرتی گشتی گرێبەستیان ئەنجامداوە، واتە عموم و خصوصێك هەییە، لە سەرەتادا دەڵێین کەرتی تایبەت، کە بەشێوەیەکی گشتی هەمووی دەگرێتەوە، ئینجا خصوصیەتێکیشمان داوە بەو کەرتە تایبەتیەی کە لەگەڵ قەوارەو کەرتی گشتی گرێبەستیان هەیە، لێرە کەرتی تایبەت بەهیچ شێوەیەك بەدەر نەکراوە، باس لە سەرۆکایەتییەکان کرا، بەڵێ کە دەڵێین

سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، بەپێیی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆك دەسەڵاتی جێبەجێکردن سونائیە واتە لەبەڕێز سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێك دێت، وە بەڕێز سەرۆکی هەرێم سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، هەردووکیان دەگرێتەوە، هەروەها سەرۆکەکانی یاسادانان و دادگەریش دەگرێتەوە، ئەندامەکانیشی دەگرێتەوە، ئەوانەشی کە تێیدا کارمەندن دەیانگرێتەوە، چونکە لێرەدا دەستەی نەزاهە، بەپێی ویلایەتی خۆی ئەوەندە لەگەڵ ئەشخاص نییە ئەوەندەی لەگەڵ جەرائیمە، ئەو تاوانەی کە لەوانەیە دەستەی نەزاهە بەدواداچوونی بۆ ئەکات لەلایەن کارمەندێکەوە ئەنجام بدرێت کە ئەو کارمەندە لەیەکێك لەو دەسەڵاتانەدا کار دەکات، باس لەناوەندە ئاینییەکان کرا، دیارە ئێمە لێرەدا کە دەڵێین دەسەڵاتی جێبەجێکردن، وەزارەتی ئەوقافیشمان هەیە، ناوەندە ئاینییەکانیش سەر بەوەزارەتی ئەوقافن، هەر کارێکی گەندەڵی لەوێش ئەنجام بدرێت دووبارە دەچێتەوە ژێر ویلایەتی دەستەی نەزاهە، سەندیکاکان زیاد دەکەین، ئەو پێشنیارەی کە لەلایەن (فرحان جوهر)کرا، لەدارشتنەوەی ماددەکە دای دەنێین، سەرمایەدار ئیقتراح کرا کە دای بنێین، سەرمایەدار، کەرتی تایبەت، شەخصی سەرمایەداریش دەگرێتەوە، ئەو پێشنیارەی کە کرا تایبەت بوو بەو شتانەی کە دەیکەین، لەو بابەتانەی کە لەلایەن بەڕێز دکتۆر شێرکۆ پێشنیار کرا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا ئەنەس، فەرموو.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم وەکو لیژنە دگەل ڕەئیا ئەوەلین، چونکی جامعەو مانعەو موختەسەرە، پتر مولائیمە دگەل وێ قانونێ، هەروەسا باسی ناوەندی ئاینی کرا، تەبعەن ئەوی تابعی موسوڵمانا بت، مزگەفتن، وە تەکیە، ئەوژی هەمی تابعی ئەوقافن، برا ئیزیدیەکانیش دیسا هەروەسا بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی مەسیحیش هەیە و ئێزیدیش هەیە، تەنها هەندەك کەنائیس هەین، ئەڤێت تەبشیریەت ئینجیلی ئەو نەخازعن بۆ چ قانونا ژی دیڤی قانونا گرن، ئەگەر ئیشارەتا بدەنە وان، ئەوان بنکەیەت ئاینی ئەڤێت دەرەوەی حکومەتا هەرێمێ دێ جێ خۆ بتن زۆر شتەکی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆرە ڤاڵا، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو لیژنە لەگەڵ ڕای یەکەمین، بۆیە داوا لەبەڕێزت دەکەین ڕای یەکەم بدرێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ئەحمەد قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی یەکەم تەقریبەن هەر یاساکە خۆیەتی، لەگەڵ فەقەرەی سێیەم گۆڕاوە، ئێمە وەکو دەستەی دەستپاکی لەگەڵ ڕای دووەمین، ڕای یەکەم مەزمونەکانی هیچ فەرقێکی نییە، بەڵام ئێمە کە یاسا دادەڕێـژین ئـەبێت حسابی ئەوەش بکەین کەسێك لەدەرەوە ئەو یاسایە دەخوێنێتـەوە، ڕەئـی یەکـەم دەڵێـت (حوکمـەکانی ئـەم یاسایە پیادە دەبن بەسەر)یەکسەر باسی سەرۆکەکانمان بۆ دەکات، کەسێك لەدەرەوە ئەم یاسایە بخوێنێتەوە گومانێکیان هەیە کە ئەم یاسایە لەسەر سـەرۆکەکان جێبـەجێ ببێـت، بۆیـە ڕەئـی دووەم ڕەئـی ئێمەیـە کـە دەڵـێین، (حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە پیـادە دەبێـت بەسـەر هـەموو کەسـێکی نـاو هـەرێم) لەناویشـیاندا سەرۆکەکان، خۆی ئەگەر ڕاستیت دەوێت ناوەکەشی ناوێت، چونکە کە تۆ وتت هـەموو کەسێك لـە هـەرێم، هەمووی دەگرێتەوە، بەڵام ڕەنگـە بـۆ زیـاتر تەئکیـد کردەنـەوە بێـت، چـونکە ئەمـە یەکـەمجارە لەهـەرێمی کوردسـتان دەسـتەی دەسـتپاکی دادەمـەزرێت، یـەك دوو ئەنـدام پەرلـەمانیش پرسـیاریان کـرد، فلان دەزگـا دەگرێتەوە، فلان بەڕێز دەگرێتەوە، بۆیە پێم وایە دووەم تۆزێك شمولی تر دەبێت، کە تۆ دەڵێیت ویلایەتی دەستە ویلایەتێکی عامە، کەوایە بەسەر هەموویان تەنفیز دەبێت، تەئکیدیش لەسەر ئەوەندە دەکاتـەوە تـا هیچ گومانێك دروست نەبێت کە دەیانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا هەسـت دەکـەم تووشـی هەڵەیـەکی یاسـایی دەبـین، ئەگـەر لێـرە کـەرتی تایبـەت داخـڵ بکـەین و لـەناو مەهامەکانی پەرلەماندا داخڵ نەکرێت، لەناو مەهامەکانی پەرلەماندا چاودێریکردنی کەرتی تایبەتی تێدا نییە، بۆیە من بە بـەڕێزتم ڕاگەیانـد تەوصیەی لیژنـەی پـەیڕەوی نـاوخۆ بکـەیت کـە پەرلـەمان بتوانێـت چاودێری کەرتی تایبەت بکات، ئەوکاتە ئێمە دەتوانین لەژێر چاوەکانی پەرلەمانەوە کە بریتیە لەدەسـتەی نەزاهەو چاودێری دارایی، ئەوکاتە بتوانین چاودێری کەرتی تایبەتیش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر ئەمە دوو شتی جیاوازن، ئەمە باسی یاسای دەستەی دەستپاکییە، باسی ئەو شوێنانە دەکرێت کە دەکەونە ژێر چاودێری ئەوانەوە، بەڵام ئەو داوایەی بەڕێزیشت داوایەکی ڕەوایە، لیژنـەی پەیوەندیـدار لـەناو هۆڵی پەرلەمانن، ئەتوانن موناقەشەی بکەن لە لیژنـەی پـەیڕەوی نـاوخۆ، ئەگـەر بەباشـیان زانـی کـە کـەرتی تایبـەتیش بخەنـە ژێـر چـاودێری پەرلـەمان هـەروەکو چـۆن ئێسـتا ئەمـە پەسـەند بکرێـت دەخرێتـە ژێـر

چاودێری دەستەی دەستپاکی، بەڵام ئەمە مانع نییە کە بخرێتە ژێر چاودێری دەستەی دەستپاکی پەرلەمانی کوردستانیش، ئەمەویت تۆزێك تەوزیح بدەم، بەڕێزان ئێستا دوو ڕەئی هەیە لەبەردەم ئێوەدا، پێشتر بۆتان هاتووەو لە صندوقەکانتان بووەو خوێندووتانەتەوە، ئەبێت بەدواداچوونتان بۆ کردبێت، ڕای یەکەمیان بەشێوەیەکی حەسری ئەو کەس و لایەنانە دیاری ئەکات کە ئەچنە ژێر چاودێری دەستەی دەستپاکییەوە، بەشێوەیەکی حەسری ناویان دەهێنێت، کەسی تر ناچێتە ژێر چاودێرییانەوە، ڕەئی دووەم هەموو کەسێك ئەچێتە ژێر چاودێرییانەوە، بەڵام وەکو عەرەب دەڵێت(على سبيل المثال) هەندێك ناوی هێناوە هەندێك شوێن وکەسایەتی هێناوە، چونکە ئەوانە زیاتر ئەچنە ژێر چاودێرییەوە، بۆیە من پێم وایە پێویست دەکات نەبێتە ئیشکال لەوەی کە کامیان یەکەمجار دەخەینە دەنگدانەوە، کامیان دووەمجار دەخەینە دەنگدانەوە، پێویست دەکات ئێوە خۆتان ساغ بکەنەوە، ( على سبيل الحصر) تەنها ناوی ئەو کەسانە بهێندرێت کە دەکەونە ژێر چاودێری دەستەی دەستپاکییەوە، یان هەموو کەسایەتییەك لەهەرێمی کوردستان بچێتە ژێر چاودێری ئەم دەستەیەوە، لەیاساکەدا بەشێوەی نموونە یان دەڵێت لەزمنیاندا ئەو کەسایەتییانەی کەهێناویەتی ناویان بنووسرێت، تەبعەن ڕای دوو لیژنەکە خۆتان بیستتان، ئەوەیە کە ڕای یەکەم تەرجیح دەکەن، ڕای لیژنەی دەستپاکیش ڕای دووەم تەرجیح دەکات، هەندێك لەئەندامانیش ڕای دووەمیان تەرجیح کردووە، کاك ئاری نوقتەی نیزامی هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من حەزم لێیە سەرۆکی پەرلەمان هەڵوێستە بکات لەسەر ئەو قسەیەی کە مامۆستا فەرمووی، بێگومان کە ئینسان قانون دادەنێت بەمەبەستی گومان کردن نییە، نە لە تاکی ئینسان، نە لەهیچ فۆماسیۆن و ڕێکخراوێك لەناو کۆمەڵگاکەدا، بەڵام دای دەنێین بۆ ڕۆژێك، لەکاتێکی مومکیندا ئەگەر شتێکی وا ڕوویدا چۆن چارەسەری بکات، ئەوەی مامۆستا فەرمووی ئەگەر بەڕاستی لەکوردستاندا موئەسەساتی دینی لەچوارچێوەی کەنیسەیەکی کریستیانیدا هەبن، کە نەکەونە ژێر چاودێری هیچ یاسایەکەوە، ئەمە بەڕاستی نابێت شتی وا، حەقە لەسەر ئەوە قسە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئومێد، فەرموو

**بەڕێز ئومێد حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەك ئەندامێکی لیژنەی دەستپاکی ئەوە دەڵێم ئێمە هەموو موناقەشەکانمان، ئەو هەوڵانەی کە لەڕابردوو داومانە بۆ هەموارکردنەوەی ئەو یاسایە، لەپێناو ڕەخساندنی دەستکراوەیی زیاتر بووە بۆ دەستەکە، تا بتوانێت باشتر چاودێری بکات لەڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی، بۆیە ڕای دووەم ڕایەکی ئیجگار

گونجاوە، با سەیری واقیعی گەندەڵی لەهەرێمی کوردستان بکەین ئەوەی کە پیادەی گەندەڵی دەکات تەنها لەناو سیستمی سیاسی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە دەڵێین پشتگیری لە رای یەکەم دەکەین وەکو دوو لیژنەی تایبەتمەند، مەبەستمان ئەوەیە کە لە رووی یاساییەوە بۆ تەنزیم کردنی یەك قاعیدە نابێت بە دوو مەبدء وەربگیرێتن، اما (علی سبیل الحصر) دیاری دەکەی کە هەمووانیشی گرتۆتەوە، کە لە بڕگەی یەکەمدا دەڵێین سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسا دانان و جێ بە جێ کردن و دادگەری و ئەندامەکانیان و ئەوانەی تێدا کارمەندن، کێ دەمێنێتەوە لە موئەسەساتی حکومی کە نەی گرتێبێتەوە، لە خاڵی دووەمدا کە دەڵێین کەرتی تایبەت بە شێوەیەکی گشتی ئینجا بە دوای ئەوانیشدا، ئەوانەی ئەو کەرتی تایبەتەی کە لە گەڵ قەوارەی گشتی گرێبەستیان هەیە، ئینجا دێنە سەر خاڵی سێیەم هەموو رێکخستن سیاسی، مەبەستمان لێرە مولاحەزەکەتان تەنها مولاحەزەیەکی یاساییە بۆ تەنزیم کردنی یەك قاعیدە نابێت بە دوو مەبدء وەربگیرێ، (علی سبیل المثال) لە یەك حاڵەتدا و (علی سبیل الحصر)یش بۆ تەنزیم کردنی هەمان قاعیدە، مولاحەزەکە تەنها مولاحەزەیکی یاساییە و لە هەر دوو حاڵەتدا هەموو کەسەکان دەگرێتەوە، هیچی لێ بەدەر نییە، لە خاڵی یەکەمیشدا هیچ کەسێك بەدەر نابێت لەوەی کە بکەوێتە ژێر هەیمەنە و رەقابەی دەستەی نەزاهە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، من تەنها یەك داوام لە ئێوەی ئەندامانی پەرلەمان هەیە، بەڕێزان، ئێستا هەر دوو راکان بۆ ئێوە روون و ئاشکرایە وازیحە، تکایە با لەمەولا ئەم پرسە کامیان لە پێشەوە ئەخرێتە دەنگ و کامیان لە دواوە ئەخرێتە دەنگ ئەوانە نەبێت بە کێشەی پەرلەمانی کوردستان، من پێم وایە ئەمە کارێکی نەشیاوە کە ئێمە وابزانین ئەگەر هەر رایەك یەکەم جار خرایە دەنگ ئیتر ئەبێ زۆرینە بە دەست بێنێ و رای دووەم زۆرینە بە دەست ناهێنێ، ئەبێ ئەندامی پەرلەمان خاوەنی رای خۆی بێ، یەکەم جار بخرێتە دەنگەوە، دووەم جار بخرێتە دەنگەوە، دەیەم جار بخرێتە دەنگەوە، بۆیە خۆتان ساغ بکەنەوە ئێستا رای لیژنە پەیوەندیدارەکان ئەوەیە کە رای یەکەم بە پەسەند دەزانن، دەستەی دەستپاکی رای دووەم بە پەسەند دەزانن و هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمانیش کە موداخەلەیان کرد رای دووەم بە پەسەند دەزانن و ئەیخەینە دەنگەوە، ئێمە گرنگی بەوە نادەین کە کێ رای چییە؟ بۆیە ئێوە خۆتان یەك لای ئەکەنەوە لەسەر ئەم پرسە، رای یەکەم بخوێننەوە ئەیخەینە دەنگەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا رای دووەم ئەخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رای یەکەم حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەبن بە سەر یەکەم سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسا دانـان و جێ بـە جێ کردن و دادگەری و ئەندامەکان و ئەوانەی تێیاندا کارمەندن، دووەم : کەرتی تایبەت بە تایبەتیش ئەو کەس و کۆمپانیانەی لە گەڵ ڤەوارەکانی کەرتی گشتی دا گرێ بەستیان ئـەنجام داوە، سێیەم : ڕێکخستنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە نـاحکومی و نیشتیمانییەکان و یەکێتیـەکان و سەندیکاکان و کۆمەڵەکان و یانـەکان و لـەو بابەتانـەی پەیوەسـتن بـە ڕەوای سەرچاوەکان و مایـە پێـدان و جۆری خەرج کردن و دواکەوتنی شۆشتنەوەی مایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا هەورامان نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی کاک ئاری هەرسین ئەکەم و پێم خۆشە ئـەو مولاحەزەیـە بـە هەنـد وەربگـیرێ و بخرێتە دەنگدانیش زیادکردنەکەی، نـاکرێ هـیچ موئەسەسـەیەك هـەبێ بـە تایبـەت ئـاینی لـە ژێـر ڕەقابـە نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، رای لیژنەی یاسایی لە سەر ئەو پرسە، کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك ئاری ئەو ئیشکالیاتە لە بەشـی دووەم حـەل ئـەبێ ئەگـەر لیژنـەی یاسـایی رای دووەم کـە باسـی هەموو ئەکات بە سەر هەموو کەسێکی ناو هەرێم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دووبارە ئەکەمەوە، رای یەکەم بە شێوەی حەصـری ئـەو کەسـایەتیانە دیـاری ئـەکات کـە دەکەونـە ژێر چاودێری دەستەی دەست پاکییەوە، رای دووەم هەموو کەسـایەتییەکان لـە هـەرێمی کوردسـتان ئەڕۆنـە ژێر چاودێرییەوە و (علی سبیل المثال) کۆمەڵێك لە دەسەڵات و کەسایەتیەکانی هێنـاوە، لیژنـەی دەسـتپاکی مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح کۆچەر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دکتۆرە ڤاڵا وتی سەرۆکی پەرلەمان، کو ئەو هەر دوو لیژنە لە سەر رەئیەکن، بەس ئەو هەر دوو رەئیـە لـە لیژنە هەبوو لەوا ئێمە لە راپۆرت هەر دوو رەئی نووسینە، وەکو کاك ئومێد عەرز کری، ئێستا بۆ من دیـار

بووە ئەگەر یا دووەم بێیتن باشترە و گشتگیرترە، لە گەڵ ئەوی مەسەلەن ئەگەر کێماسیەکا ئاینی هەبیتن نە تابعێ حکومەت بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە، خاتوو ڤیان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز نزانم، پێشنیار دکەم خالا ئێکەم دویماهیك جوملە ئیزافە بکەین، ئەو ژی هەموو دەسەڵاتێت فەرمی ژبەر کو لڤێرێ نە دەستە نە کۆمسیۆن نەهاتیە دیار کرن، چ دەستە و چ کۆمسیۆن یێن سەربەخۆ یەعنی ئەڤە ناکەڤنە بەر ریقابێ؟ فەرعەکا تەشریعی دی پەیدا بیت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش تێبینی یەکی دروستە، بەڕێز دکتۆر سراج فەرموو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پاڵپشتی رای مامۆستا هەورامان و کاك ئاری ئەکەم و دەکرێت خاڵی سێیەم جێ بکرێتەوە، رێکخراەکانی کومەڵگای مەدەنی و رێکخراوە ناحکومییەکان و ناوەندە ئاینی یەکان و یان مونەزەماتی ئاینی دەکرێت لە وێندەر شوێنی بکرێتەوە و ئیشی یەکە حەل ئەکرێت پێم وا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر رای یەکەم بڕگەی سێیەم بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، رێکخستنە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و رێکخراوە ناحکومییە نیشتیمانی و یەکێتی یەکان و سەندیکاکان و ناوەندە ئاینەکان و کۆمەڵەکان و یانەکان لەو بابەتانە پەیوەستن بە ڕەوایی سەرچاوەکانی مایە پێدان و جۆری خەرج کردن و دواکەوتنی شوشتنەوەی مایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەوە لە دوویەمدا هەموو کەسایەتییەکانی تێدایە، ئەگەر رای یەکەم دەنگی نەهێنا ئەو کاتە ئەچینە سەر رای دووەم، ئێستا کێ لە گەڵ رای یەکەمە؟ بەو شێوەیە کە خوێندرایەوە، (٣٤) کەس لە گەڵێیەتی، کێ لە گەڵێ نییە؟ (٤٧) لە گەڵ نییە، دژیەتی، کەواتە پەسەند نەکرا، رای یەکەم پەسەند نەکرا، ئەچینە سەر رای دووەم، لە رای دووەمیش ئەو تێبینی یانە ئەگەر ڕەچاو بکەن.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەم (٤٧) کەس دژی بوو، زۆرینە دژی بوو بە مەعنای ئەو، ئەوانە لە گەڵ رای دووەمن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نە، نە مەرج نییە رای دووەمیش ئەخەینە دەنگەوە، ئەو تێبینی یانەی بۆ ئیزافە کەین، ناوەندە ئاینی یەکان، بەڵێ کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیجازە بفەرموی من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی قانونی، ئەمەی کی دایئەنێن ئێستا ئەگەر رێکخراوێك یا وەکو چۆن بۆ کۆمپانیایەك تەصەور ئەکەم شمولی بکا، ئایا بۆ رێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی دیسانەوە ئاینی کە لە دەرەوەی کوردستان بێت ئەکتێڤێتی یەعنی چالاکی هەبێت لێرە ئەم حوکمانە شمولی ئەوان ئەکات وەکو پرسیار؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ناوەندە ئاینی یەکانمان هێناوە بە شێوەیەکی موتلەق، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو ناوەندە ئاینی یانە ئەگەر وەکو کەسی ئەجنەبیش لێرانە تەعامولیان لە گەڵ بکرێت ئەگەر لێرە تاوانەکانیان ئەنجام بدەن و تاوانەکانیان بە پێی ئەو ماددانەی کە لە بڕگەی حەوتەمی بەندی یەکەم هێنامان ئەوە مەشمول دەبێتن کاتێك کە تاوانەکانیان ئەنجام بدەن لە چوار چێوەی ئەو وڵاتەدا و زەرەر بەو وڵاتە دەگەێنن، رای دووەم : حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێت بە سەر هەموو کەسانی ناو هەرێم و لە ناویاندا ئەو لایانانەی خوارەوە :

یەکەم : سەرۆکەکانی دەسەڵاتی یاسا دانان و جێ بە جێ کرن و دادگەری و ئەندامەکان ئەوانەی تێیاندا کارمەندن، دووەم : کەرتی تایبەت بە تایبەتیش ئەوە کەس و کۆمپانیانەی لە گەڵ قەوارەکانی کەرتی گشتی دا گرێ بەستیان ئەنجام داوە، سێیەم : رێکخستنە سیاسەتکار و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و رێکخراوە ناحکومی و نیشتیمانی، یەکێکتییەکان و سەندیکاکان و کۆمەڵەکان و ناوەندە ئاینەکان و یانەکان

لەو بابەتانەی پەیوەستن بە ڕەوای سەرچاوەکانی مایە پێدان و جۆری خەرج کردن و بە دوا کەوتنی شوشتنەوەی مایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا رای دووەمیش ئەخەینە دەنگەوە بۆ ئەوەی بزانین کێ لە گەڵ رای دووەمە، بەڵام پێم وایە ڕێکخستنە سیاسییەکان گونجاوترە لە ڕێکخستنی سیاسەتکار، ئەو وشەیە لە هەرێمی کوردستان زۆر نەرۆشتووە ڕێکخستنی سیاسەتکار دوای ئەوەی لە سیاغە ئەتوانن چاکی بکەنەوە، کێ لە گەڵ رای دووەمە بەو شێوەیە کە خوینرایەوە؟ ٤٩ کەس لە گەڵییەتی، کێ لە گەڵی نییە؟ ٢٧ کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، ئەچینە سەر بەندێکی تر، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی پێنجەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخویندرێتەوە، بڕگەی یەکەم، بڕگەی دووەم، بڕگەی سێیەم، بڕگەی چوارەم، وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بڕگە پێنجەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخویندرێتەوە : هاوکاری نێو دەوڵەتی لە بواری ڕێگە گرتن لە بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز دکتۆرە ڤاڵا، تکایە لە پێشەوە بەندی پێشەوە یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم بخوێنەوە مادام ئەڵێین وەکو خۆی، ئەو کات بچنە سەر ئەو بەندانەی کە ئەوتوانین تەعدیلی کەین، بۆ گفتۆگۆ، بەڵێ، باشە.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

پێنجەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، هاوکاری نێودەوڵەتی لە نێوان ڕێگە گرتن لە بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی و بەرەنگار بوونەوەی ئاڵۆگۆڕ کردنی زانیاری لە سەر گەندەڵی و لێکۆڵینەوەی هاوبەش بە تایبەتی لە تاوانەکانی گەندەڵی سنوور بڕ بە هاوکاری و هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان، بڕگەی شەشەم : وشەی رەوشت (اخلاقیات) دەبێتە وشەی چەمکەکان، مەفاهیم و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری نیشتیمانی بۆ گەشە پێدانی چەمکەکانی دەست پاکی و شەفافیەت و لێپرسینەوە پابەند بوون بە ستانداردەکانی راژەی گشتی و کاردەکەن لە گەڵ بەرپرسانی تایبەتمەند لە پێناو دانانی پرۆگرامی خویندنی نیشتیمانی بۆ پتەو کردنی چەمکی دەستپاکی گشتی، بڕگەی حەوتەمیش وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بڕگەی هەشتەم : یەکەم، وشەی فەرمانبەرانی دەوڵەت دەکرێ بە راسپێدراوان بە خزمەتی گشتی و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە، دەرکردنی ڕێنمایی دەرخستنی ئەستۆی

دارایی بە پابەند کردنی راسپێدراوان بـە خزمـەتی گشـتی کـە لـەم یاسـایەدا دەقییـان لـە سـەر کـراوە کـەوا بەرژەوەندییە داراییەکانی خۆیان و بەرژەوەندییەکانی هاوسەر و منداڵ و دواکەتووەکان ئاشکرا بکەن، و لـە ماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر هـەموار دەکـرێ بـە گـوێرەی ئـەوەی دەسـتە بـە گونجاوی دەبینـێ بـۆ دەسـتەبەر کردنـی ئـەو مەبەسـتانەی لێـی چاوەڕێ دەکـرێ، خـاڵی دوو : وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوە، سـێ، وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوە، چـوار هـەموار دەکرێـت و بـەم شـێوەیە دەخوێندرێتـەوە، دەسـتە بـۆی هەیـە راپۆرتـەکانی دەرخستنی ئەستۆی دارایی بڵاو بکاتـەوە و رێگـە بـدات بـەوەی جـەماوەر و راگەیانـدن سـەیریان بکـەن یـان کۆپیان بکەن سەبارەت بەوانەی حوکم دەدرێت بە یەکێك لەو تاوانانـەی کـە لـە بڕگـەی حەوتـەمی بەنـدی یەکەمی ئەم یاسادا هاتووە، نۆیەم : وەکو خۆی دەمێنێتەوە، دەیەم : خاڵی یەکەم وەکو خـۆی دەمێنێتـەوە، خاڵی دووەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە، سێیەم، هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتـەوە، پێویسـتە لـە سەر ئەو لایانەی ملکەچی چاودێری یە لە سەر داوای دەستە و بە بێ دواکەوتنی زانیاری و روونکردنـەوە و نووسراو و بەڵگەنامە بەوانەی کە نهێنیشن هەر چی یەك بێت پلەی نەدرکانیان پێشکەش دەسـتەیان بکـات و لە گەڵ هەر شتێکی تر کە دەستە بۆ مەبەستەکانی چاودێری بە پێویستی بزانێت، تێیان بڕوانێ بە پێـی یاسا کارپێکراوەکان، چوارەم و پێنجـەم وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوە، یـازدەم وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوە، دوازدەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە، سێزدەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، جێ بە جێ کردنـی رێ و شوێن بۆ رێگە گرتن لە تێوە گلانی کەرتی تایبەت لە گەندەڵی دا و پتەوکردنی شەفافیەت لـە قـەوارەکانی کەرتی تایبەت و ڕێگری کـردن لـە نـاکۆکی بەرژەوەندیـەکان تیایانـدا، چواردەیەم: هـەموار دەکرێـت و بـەم شـێوەیە دەخوێندرێتـەوە: پازدەیـەم: دەسـتە بـۆی هەیـە هـەر کارێـك بکـات کـە زەروری بـێ لـە بـواری بەرەنگاربوونەوە و خۆپاراستن لە گەندەڵی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو بەندە؟ فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە لاپەڕە (٢) لە پرۆژە یاساکە لە ئەسڵەکەدا، خاڵی دووەم تابەنـدی پێنجەم وشـەی ئـاخیری دێڕەکـە دەڵێـت (هـەموو هەواڵـدانی گەوجـە)، لەڕاسـتیدا مـن زۆر گـەڕام نـەمزانی ئـەوە واتـای چییە، پێشـتریش تـەعریف نەکراوە یەعنی (هەواڵدانی گەوجە)، لەڕاستی نەمزانی مەبەستی لە چییەو بۆچی لـەوێ دانـدراوە؟ ئەگـەر مەبەست لە هەواڵی ناڕاستە ئەوە دەتوانرێت بنووسرێت (هەواڵی ناڕاست)، هەر لەوێ لـە پـرۆژە ئەسـڵیەکە لە خاڵی سێیەم بەبڕوای من ئەگەر ئەوە زیاد بکرێت (لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی گەندەڵی لـە ڕێگـای دادوەر یان لیکۆڵەری سەر بە دەستە، لەژێر سەرپەرشتی دادوەری لێکۆڵینەوە)، یەعنی مەبەستم ناو دەستە ئەگەر دادوەر هەیە ئەوەشـی بـۆ زیـاد بکرێـت شـتێکی باشـە، هـەر لـەو ماددەیـە لـە خـاڵی پێنجەم بـە بـڕوای مـن پێشـنیاردەکەم ئـەوەی بـۆ زیـاد بکرێـت، (هاوکـاری نیودەوڵـەتی لـە بـواری ڕێگـەگرتن لـە گەنـدەڵی و

بەرەنگاربوونـەوەی و ئـاڵوگۆڕکردنی زانیـاری لەسـەر گەنـدەڵی و لێکۆڵینـەوەی هاوبـەش بەتایبـەتیش لـە تاوانەکانی گەندەڵی سنووربەر، گەڕانەوەی سامانی بەدەستهاتوو، یەعنی ئێمە ئێستا ئەو شتانە دەنووسم بۆ بەڕێزتان، گەڕانەوەی سامانی بەدەسـتهاتوو لـە کـاری تـاوان یـان گەنـدەڵی لـەوپێناوەدا دەسـتە بـۆی هـەبێت ڕاستەوخۆ نووسراو ئاراستەی لایەنە تایبەتمەندەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عیراق بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرمووو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لە بەندی پێنجەم خاڵی شەشەم لە کۆتاییەکەی پێم باشـە ئـەوەی بـۆ زیـاد بکرێت، بـۆ پتـەوکردنی چـەمکی دەسـتپاکی گشـتی و، ئـەوەی بـۆ زیـاد بکـرێ ڕێسـاکانی رەفتـار چـاکی و پـەروەدەری هـاووڵاتی تەندروست، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا قسەکانی من لەلایەن بەڕێز دکتۆر شێرکۆ کرا، منیش پشتیوانی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. جوان فەرمووو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی پێنجەم فەقـەرە (٧) دەرکردنـی ڕێنمـایی ڕێساکانی رەفتـاری وەزیفـی، پـێم باشـە بڵـێین ئەرێنی، چونکە سلوك وەزیفی سلبیش هەیە، پـێم باشـە وشـەیەك دابنـێن بڵـێین ئـەرێنی یـەعنی ئیجابی، ڕوونکردنــەوەی ســتاندەرەکانی ڕاژەی گشــتی، ڕەوشــتەکانی کــە پێویســتە فەرمانبــەرانی هــەرێم پێــوە، ڕەوشتەکانی بڵێین ڕەوشتەکانی کار، چونکە ئیدارییـەن مەعروفـە پێـی دەڵـێن ئـەخلاقی عەمـەل ئیزافـەی بکەین، پێوەپابەند بن وەك مەرجێکی دامەزراند بڵێن یەکێك لە مەرجەکانی دامەزراندن، چونکە مـەرجی دامەزرانـدن بـەس سـلوکی وەزیفـی نییـە، بـەڵکو شـەهادەیە، ئیختساسـە، شـارەزاییە، ئەوانـە مـن چـاکم کردووەتەوە بۆ لیژنەی یاسایی نووسیتم، هیوادارم سوودی لێوەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرمووو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێنجەم لە راپۆرتەكە تێبینیەكانی من زیاتر زمانەوانییە، هاوكاری نێودەوڵەتی لە بواری ڕێگاگرتن لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ئەوە هەڵەیە، ناكرێت ڕێگا لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بگیرێت، دەبێت ئەوە لابرێت، ڕێگاگرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی ئاڵوگۆڕكردنی زانیاری لەسەر گەندەڵی و ئەو وشەی گەندەڵیەش هەر زیادەیە، ئاڵوگۆڕكردنی زانیاری و لێكۆڵینەوەی هاوبەش بەتایبەتی لە تاوانەكانی گەندەڵی سنووربڕ ئەوە بەو شێوەیەی لێبكرێت، شەشەم: بلاّوكردنەوەی رۆشنبیری و نیشتمانی بۆ گەشەپێدانی چەمكەكانی دەستپاكی و شەفافیەت و، ئەگەر بۆ كوردانـدنی بكرێتە (ڕوونیەتی و لێپرسینەوە)، (پابەند بوون بە ستاندەرەكانی ڕاژەی گشتی و كاركردن)، نەك (كاردەكات)، كاركردن لەگەڵ بەرپرسان بێ، من لەپێناو دانانی بەرنامەی نەك پرۆگرام، بەرنامەی خوێندنی بەوشێوەیەیە، هەشتەم: دەركردنی ڕێژەی ڕینمایی، دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەكان، ئەگەر لەبڕی ئەستۆی دارایی كە هەندێك ناڕوونە، بەرژەوەندییە داراییەكان، بەپابەندبوونی ڕاسپێردراوان بە خزمەتی گشتی، ئەگەر ئەو ڕاسپێردراوانە بە خزمەتی گشتی هەر لەوەی پێشووتریشدا بكرێتە ڕاسپێراوانی خزمەتی گشتی، بەبڕوای من لەڕووی زمانەوانییەوە باشترە، دەقیان لەسەر كراوە دەڵێت كە لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر كراوە، ئەم دەقیان لەسەر كراوە لەڕووی زمانەوانییەوە هەندێك ناڕوونە، هەندێك باش نییە، بەبڕوای من بكرێتە دەق نووس كراون ئەوە لەپێشتریشدا هەمان تێبینیم هەبوو، داراییەكانی خۆیان و بەرژەوەندییەكانی هاوسەرو ئەو بەرژەوەندیەكانی ئەوەش هەر زیادەیە لەوێ، كەوا بەرژەوەندییە داراییەكانی خۆیان و هاوسەر و منداڵە دواكەوتەكانیان ئاشكرا بكەن، دوای ئەوە (وە) دیسانەوە ئەو (وە)یە لابرێ، ئەگەر وەك بڕگەیەك یان بەجیاوازیش بنووسرێت ئەوە هەر گونجاوە، بكرێە ئەو ڕێنماییانە ئەوەی بۆ زیادبكرێت، ئەم ڕێنماییانەی لە ماوەیەك بۆ ماوەیەكی تر هەموار دەكرێت بەگوێرەی ئەوەی دەستە بە گونجاوی دەبینی بۆ دەستەبەركردنی ئەو وەستانەی لێی چاوەڕوان دەكرێت، چوارەم: هەموار دەكرێت بەمشێوەیە دەخوێندرێتەوە، راپۆرتەكانی دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەكان ڕێگا بدات بەوەی هەندێك وشە هەیە زیادەیە، بەوەی زیادەیە لابرێت، جەماوەر زۆر یاسایی نییە، ئەگەر بكرێتە ڕێگا بدات هاووڵاتیانی هەرێم و رۆژنامەنووسان بیان بینین و لەبەریان گرنەوە، واتە كۆپی كردن بەوشێوەیە بگۆڕێت، دەیەم: پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی ملكەچی چاودێریە لەسەر داوای دەستەو بە بێ دواكەوتن زانیاری و ڕوونكردنەوە و نووسراو و بەڵگەنامە بەوانەی كە نهێنیشن پێشكەشیان بكات، بەو شێوەیە ئەگەر ئەو گۆڕانكاریانەی تێدا بكرێت وەك خۆی بنووسرێتەوە، بەو شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له هەشتەم خاڵی چوارەمی دەڵێت دەستە بۆی هەیە ڕاپۆرتەکانی دەرخستنی ئەستۆی داریی بڵاو بکاتەوە و ڕێگە بدات بەوەی جەماوەر و ڕاگەیاندن سەیریان بکەن یان کۆپیان بکەن، تا ئەوێ تەواوە ، بەڵام دەڵێت سەبارەت بە ئەوانەی حوکم دەدرێن بە یەکێك لەو تاوانانەی کە لە بڕگەی (٧) ی بەندی یەکەمی ئەم یاسایە داهاتووە، یەعنی لەڕووی ڕێزمانیەوە ئەو جوملەیە تەواو نییە، ئەگەر وای لێ بکرێت، (دەستە بۆی هەیە ڕاپۆرتەکانی دەرخستنی ئەستۆی داریی ئەوانەی حوکم دەدرێن بە یەکێك لەو تاوانانەی کە لە بڕگەی (٧ )ی بەندی یەکەمی ئەم یاسایە داهاتووە بڵاو بکاتەوە و ڕێگە بدات بەوەی جەماوەر و ڕاگەیاندن سەیریان بکەن یان کۆپیان بکەن)، ئەوە تەواوترە، چونکە لێرە ئاوها مانا نادات، پشتیوانی لەوەی کاك ئومێد دەکەم سەبارەت بە دەیەم، خاڵی سێیەمی لەوە یەك تۆز گومان بۆمنیش دروست بووە، پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی ملکەچی چاودێریە، یەعنی ئێمە وتمان هەموو کەس ملکەچی چاودێرییە، ئەگەر ئەوەش وابکەین پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی کە دەستەکە داوای زانیاری لێ دەکات، یەعنی دیاری نەکەین ئەو لایەنەی ملکەچی چاودێرییە، یەعنی لایەنێك نییە ملکەچی چاودێری نەبێ، بۆیە ئەگەر ئەوەش لابرێت هەروای لێ بکرێت پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی ملکەچی چاودێریە لەسەر داوای دەستەو بە بێ دواکەوتن زانیاری و ڕوونکردنەوە و نووسراو بەڵگەنامە بەوانەی کە نهێنیشن پێشکەشی دەستەکە بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوانەی کە تێبینیتان هەبوو، تێبینیەکانتان بنێرن بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان، بۆئەوەی کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر قسەی ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر شتێکتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی (هەواڵدانی گەوجە) لە ڕاستیدا ئەوە تەرجومە کراوە، خۆی لە ئەسڵدا (الاخبارات المغفلە)، مانای ئەوەیە ئیخبارێ کە بە عەفەوی دەکرێت، بەڕێز سەرۆکی دەستەش ئەگەر ڕوونکردنەوەی زیاتر بدات، ئەخبارێك کە بە عەفەوی دەکرێت، یەعنی بە ئەنقەست ناکرێت، سەبارەت بەوەی کە دادوەر لێکۆڵینەوە بکات، ئێمە دادوەرمان نییە لە دەستەکە، بەس لێکۆڵەرمان هەیە، بۆیە وتوومانە لێکۆڵینەوە بکات لەژێر چاودێری دادوەرەکە لە قەزائا، بەڵام لێکۆڵەرەکە لەناو دەستەکەیە، سەبارەت بەو تێبینیەی کە وترا ڕێسارەکانی ڕەفتار چاکی بۆ بەندی شەشەم زیاد بکرێت، ئەگەر سەیری بڕگەی حەوتەم بکەن، بڕگەی حەوتەم ئەوەی تێدایە باسی ڕێساکانی ڕەفتار چاکی دەکات، سەبارەت بە تێبینیە زمانەوانییەکان پێمان بگات ئەوەی کە بەشێکی زۆریان ڕاستییان تێدایە وەریدەگرین، سەبارەت بە تێبینییەکانی بەڕێز دکتۆرە

جوانیش ئەخلاقیاتی عەمەل کار وەردەگرین، هەروەها یەکێك لە مەرجەکانی دامەزارندن ئەوەش بەجێیە وەریدەگرین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی دەستە دکتۆر احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من مولاحەزەیەکم لەسەر هەشتەم ، چوارەم هەیە، ئێمە لە تەعدیلەکە داوامان کردبوو کە دەستە سەلاحیەتی ئەوەی بدرێتێ راپۆرتەکانی، فۆرمەکانی ئاشکراکردنی سەروەت و سامان بۆ ڕای گشتی بلاّو بکاتەوە، بەلاّم دیارە لیژنە تەقیدیان کردووە بۆی کە سەبارەت بەوانەی حکوم دەدرێن بە یەکێك لەو تاوانەی کە لە بڕگەی حەوتەمی بەندی یەکەمی ئەم یاسایە هاتووە، لەبەر دەستی دەستە بێ باشترە، ڕەنگە ئێستا ئەو پرۆسەیە یەکەمجارەو بەڕێوە دەچێ، ئێمە حیساباتی وەزعی خۆمان دەکەین، زۆر خەڵك هەیە ئەگەر چی داهاتەکەشی زۆر شائیە، بەلاّم پێی خۆش نییە ئەو داهاتە بلاّوبکرێتەوە، لەبەرئەوەی وتمان بۆی هەیە واتە دەستە خۆی تەقدیر بکات، بەلاّم لێرەدا برادەرانی لیژنە تەقیدیان کردووە بە ئەوە هەر کەسێك حکوم درا ئەوە ئیتر حکوم درا بەسەر گەندەڵی و ئەوانە، بەڕای من چ ئەوەك نامێنێتەوە ڕەنگە ئەوەش موجەرەد دەستەو ئەو وەسایقانەی لایەتی تەقدیمی مەحکەمەی دەکات، کاتێك ئەو کەسە لە کەیسێکی گەندەڵی تێ ئالاّوە، پرەنسیپەکانی شەفافیەت لە زۆربەی ولاّتانی جیهان فەرز دەکات، هەموو کەسێك بەتایبەتی ئەوانەی پۆستی بالاّ وەردەگرن سامان و سەروەتەکانیان ئاشکرا بکەن، بەلاّم ئێمە تێ دەگەین کە بەتایبەتی لە کوردستانەوە هەیە، پێشم وایە دەستەی نەزاهەی عیراقیش تا ئێستا نەکردبێت، لەبەرئەوە تۆزێ موراعات کردنی وەزعەکە ئەوەش وەکو (مبدء) ئێمە خۆشمان هەموو ئەو بەڕێزانە کە فۆڕمیان پڕ کردووەتەوە وتوو مانە زۆر تەبیعییە، هانیشمان داون ئەگەر خۆیان فۆڕمەکان لەسەر سایتی خۆیان بلاّودەکەنەوە، لە پەیجی خۆیان ، لە تۆڕە کۆمەلاّیەتییەکان بلاّوی دەکەنەوە، بەس لێرە دیارە ئەوەیان کردووە حەسریان کردووەو قەراری ئاخیری لەلای ئێوەی بەڕێزە، بەلاّم موهیم تەعدیلە ئەساسییەکەی ئێمە ئەوە بوو کە ئەو سەلاحیاتە بدرێت بە دەستە، چونکە بەخۆتان دەزانن زۆر لە ڕاگەیاندنەکان داوامان لێ دەکەن، لەڕاستیدا ئێمە وتمان ئەوە مانایەکی قانونی هەیە، دوایە هەتا ئەگەر مانایەکی قانونیشمان هەبێ، بۆیە بە تەئکید موراعاتی ئەو زروفە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی هەشتەم خاڵی چوارەم، کە ئێستا بەڕێز سەرۆکی دەستە ڕوونکردنەوەیەکی لەسەردا، ئێمە بۆیە موقەیەدمان کرد بەوە، چونکە ئەم بڕگەیە ئەگەر بەمشێوەیە موقەیەد نەکرێت پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ بنەماکانی خسوسیاتی کەسەکان، بۆیە تەنها ئەو کەسانە بۆیان هەبێ کە دەستە بۆی هەبێ ئەموالیان بداتێ یان کاتێك کە حکوم دەدرێن بە یەکێك لە تاوانەکان، غەیری ئەوە پێمان وابوو پێچەوانەی خسوسیاتی کەسەکانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەکە دارێژنەوە، ئەو زیادکردنانەی کە باستان کرد تێدا بوون، هەڵە ڕێزمانییەکان چاك دەکەنەوە، بۆئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی پێنجەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڕێز دکتۆرە بەهار دەیانخوێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

١- جێ بەجێ کردن و سەپاندنی یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ستانداردەکانی ڕاژەی گشتی بە پێی دەستوور و یاسا بەرکارەکان.

٢/ وەرگرتنی هەواڵدان و زانیاری و سکاڵا لە سەر گەندەڵی بەسەرجەم ڕێگە و ئامرازەکان و لەسەرجەم سەرچاوەکان ومامەڵە کردن لەگەڵ سەرجەم ئەو شتانەی ڕەدی دەکەنەوە لە نێوانیشیاندا هەواڵدانی گەوجە (الاخبارات المغفله).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لێرە دەرفەتێکمان بدێ، بەڕێز سەرۆکی دەستە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەداینێ لەسەر هەواڵدانی گەوجە، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا وەكو دكتۆرە بەهار وتی ئەوە تەرجومەی حەرفیە، بەڵام هەندێكجار وشەكان لە كوردی تۆزێك بەكورتی نازانم ناخۆش دەبێ یان زۆر حەزدەكەی گەوجە بێ لەناو قانون ناگونجێت، ئەو (الاخبارات المغفلە) زۆرجار مەسەلەن ئیخباریات بۆدەستەی دەستپاكی دێ، مەسەلەن سەیر دەكەی نە سەرچاوەكە، نە ئەو كەسەی پێی هەستاوە، ئەوەنییە، یەعنی ئەو تەقدیرە بۆچی دەگەڕێتەوە، كۆمەڵێك ئیخباراتت بۆ دێت، ئیخباریاتی حەقیقیت بۆ دێت لەسەر كەیسەكانی گەندەڵی زانیاری تێدایە، ئیخباریاتی لەو جۆرەشت بۆ دێت، بەڵام بەس بۆ وشەكە خۆتان دەتوانن ئەگەر تەرجومەیەكی باشتر هەیە، چونكە ئەوە هەمان مەبەستی دەستەی دەستپاكی عیراقیش، لێتان ناشارینەوە بەشێكی زۆرمان ناڵێین هەمووی، بەڵام زۆرمان سوودمان لەوە وەرگرتووە، چونكە ئەوانە لەپێشی ئێمەش هەم نزیكەی (٩) ساڵ تەجروبەی عەمەلیشیان هەیە، دووجار، دوو یاسایان بۆ دەرچووە، یاسای دامەزارندنیانی، یاسای دووەمیشیان كە لە (٢٠١١) لە خولی دووەمی پەرلەمان دەرچووە، لەبەرئەوە دەكرێ ئەگەر ئەوە ئیشارەتی پێ بكرێت، یەعنی ئە و ئیخبارانە هەیە لە ئەرزی واقیعدا، ئەوان زیاتر لە تەجروبەی خۆیانن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

یەعنی مەبەستمان (الاخبارات المغفلە)یە، ئەگەر وشەیەكی باشترمان بۆ دەدۆزیەوە لەكاتی سیاغەدا ئەوە بۆی دادەنێین، فەرموو كاك زانا.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی هەواڵدان شەرت نییە لەكوردی، یەعنی هەواڵدان ئاوانییە بەو ئسلوبە، هەر هەواڵ بێ ئە ویش هەواڵی ناڕاست، یەعنی هەواڵێك كە ڕاست نییە، ئیتر لە سەرچاوەكەیەوە ڕاست نییە، ئەوەی كە گەیاندوویەتی ڕاست نییە، من پێم وایە زۆر گشتگیرە، ئەو هەواڵدانەكەش بكرێت بە هەواڵ، یان هەواڵدەر، ئەوەی كە هەواڵ دەدات، هەواڵدان نییە، هەواڵدەرە، بەسە ئەگەر هەر هەواڵ بەكاربهێنرێت باشترە لەجێگای هەواڵدان، ئەویش هەواڵی ناڕاست بەكاربهێندرێت، پێم وایە ئەوە گونجاوترە لەڕووی زمانەوانیەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. فرست فەرموو.

**بەڕێزد. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاردەكەم بۆ سوود وەرگرتن لە كات، وەكو شتێكی عورفیش لە پەرلەمان ڕۆیشتووە، مەسەلەی سیاسی پاش و پێش كردنی جوملەو ئەوانە دواتر هێشتراوەتەوە، جا گەوجە، ناڕاستە ئەوەیە، من تەسەوڕ دەكەم مەفهومەكانی ناگۆڕیت، بۆیە پێشنیاردەكەم بۆئەوەی سوود لە كات وەربگرین ئەو مەسەلە سیاغیانە

بدرێتـه ئـەو بەڕێزانـەی کـە دواتـر سـیاغەی دەکەنـەوە زۆر ئاسـاییە، ئێمـە لەسـەر مەسـایلی مـەوزوعی گفتوگۆبکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ باشە، سوپاس، بەڕێز کاك فایەق مصطفی، فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەکرێ هەواڵی چەواشە یان خەڵەتێنەریش بەکار دێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانن دوایی هەر پێشنیارێکتان هەیە بماندەنێ، بۆ ئەوەی لە کاتی صیاغەدا سوودی لێ وەربگیرێ، کاك عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

قسەکانی من کاك فائق کردی، فەقەت هەواڵدان، پشتگیری کاك زانا دەکەم هەواڵ، ئیتر هەواڵدان لە کوردیدا نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، د.سراج، فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەم کرا، هەواڵی چەواشەکاری مەبەستم بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئاری، فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو جارێ ئێمە گوێبیست دەبین کە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەڵێت گوێ مەدەنێ لە کاتی صیاغە کردن دا ئەوە چاك دەکرێتەوە، بەڵام ئەوە قانونە، قانون ریازیاتە، وشە دەربرینی عەقلە، بۆیە فاریزە و نوقتە و وشە دەتوانێ شت بگۆڕێ لە ڕستەدا، دەتوانی مەعنای قانونی بگۆڕێ، ئینجا بۆیە ئەگەر گەرەنتی ئەوە بەس قسەکانی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانە لە ناو پرۆتۆکۆل دا نووسراوە بەندە خۆم قبوڵمە، ئەگەر شتێکی تریش هەیە، ئەوە مەوزوعێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بەڕێز كاك ئاری، لە دوای تەواوبوونی یاساكان جاری وا هەیە بە سێ حەفتەش ئەم پرۆژە یاسایانە نانێردرێن بۆ سەرۆكایەتی هەرێم، تا بە تەواوەتی تەتەڵە دەكرێ، سەرجەم ئەو گرفتانەی كە هەن چارەسەر دەكرێن و ڕای خەڵكی تایبەتمەند وەردەگیرێ، ئێستا ئەوەی لەو بەندەدا هاتووە بە عەرەبییەكەی (الإخبارات المغفلة)یە، دوایی هەر وشەیەكی گونجاو هەبوو لە كوردی دا، دەتوانین بۆی بە كار بێنین، بۆیە ئێستا دەچینەوە سەر خوێندنەوەی بڕگەكانی تری ئەو بەندە، فەرموون.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

٣/ لێكۆڵینەوە لە تاوانەكانی گەندەڵی لەڕێگەی لێكۆڵەری سەر بە دەستە لەژێر سەرپەرشتی دادوەرانی لێكۆڵینەوە بە پێی یاسای بنەماكانی دادگاییە سزاكاریەكان بەدواداچوونیان و پاراستنی نهێنی ناسنامەی ئەوانەی هاوكارن بە پێی یاسا.

٤/ گەڕانەوەی ئەوانەی تۆمەتبارن بە تاوانی گەندەڵی كە بۆ دەرەوە ڕایان كردووە و گەڕاندنەوەی مایە و سامان و داهاتەكانی گەندەڵی كە بە قاچاغ براونەتە دەرەوە بە هەماهەنگی و هاوكاری لایەنە تایبەتمەندەكان.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

٥/هاوكاری نێودەوڵەتی لەبواری ڕێگەگرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی و ئاڵوگۆڕ كردنی زانیاری لەسەر گەندەڵی ولێكۆڵینەوەی هاوبەش بە تایبەتی لە تاوانەكانی گەندەڵی سنووربڕ بەهاوكاری وهەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەكان.

٦/ وشەی ڕەوشت (اخلاقیات) دەبێتە وشەی چەمكەكان و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

بڵاوكردنەوەی ڕۆشنبیری نیشتمانی بۆ گەشەپێدانی چەمكەكانی دەستپاكی، شەفافیەت، لێپرسینەوە پابەند بوون بە ستانداردەكانی ڕاژەی گشتی و كاركردن لەگەڵ بەرپرسانی تایبەتمەند لە پێناوی دانانی پرۆگرامی خوێندنی نیشتمانی بۆ پتەوكردنی چەمكی دەستپاكی گشتی.

٧/ بڕگەی حەوتەم هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

دەركردنی ڕێنمایی ڕێساكانی ڕەفتاری وەزیفی بۆ ڕوونكردنەوەی ستانداردەكانی ڕاژەی گشتی و ڕەوشتەكانی كار كە پێویستە فەرمانبەرانی هەرێم پێیەوە پابەند بن وەك مەرجێكی دامەزراندن و بەردەوام بوون لە ڕاژە و چاودێری كردنی مەودای پابەند بوون پێیەوە بە گوێرەی پێویستی لە ماوەیەك بۆ ماوەیەكی تر هەموار دەكرێت.

/٨

١-وشەی فەرمانبەرانی دەوڵەت دەكرێ بە ڕاسپێردراوان بە خزمەتی، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

دەرکرنی ڕێنمایی و دەرخستنی ئەستۆی دارایی بە پابەند کردنی ڕاسپێردراوان بە خزمەتی گشتی کە لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە کەوا بەرژەوەندییە داراییەکانی خۆیان و بەرژەوەندییەکانی هاوسەر و منداڵە دواکەوتەکانیان ئاشکرا بکەن، لە ماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر هەموار دەکرێ بە گوێرەی ئەوەی دەستە بە گونجاوی دەبینێت و بۆ دەستەبەر کردنی ئەو مەبەستانەی لێی چاوەڕێ دەکرێت.

خاڵی دووەم و سێیەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

٢/ دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەکان زانیاری ورد لەخۆ دەگرێت دەربارەی ئەو شتانەی کەسی داوا لێکراوخاوەنیانە لە نێوانیشیاندا ئەو خانووبەرە و گوازراوە و داهاتی دارایی و ڕەصید لە بانك و پشك و سەنەد و مافی مەعنەوی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم خاوەنیانە.

٣/ دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەکان هەر یەکە لە مانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ/ سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی.

ب/ سەرۆکی پەرلەمان و جێگر و سکرتێر و ئەندامەکان.

ج/ سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی.

د/ وەزیرەکان و ئەوانەی بە پلەی وەزیر و وەزیرن و بریکاری وەزارەتەکان.

ه/ سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی و جێگرەکەی و سەرجەم بەڕێوبەرە گشتیەکانی دەستە و لێکۆڵەرەوەکانی.

و/ خاوەنی پلە تایبەتەکان وبریکار و یاریدەدەرەکانیان.

ز/ بەڕێوبەرە گشتی و یاریدەدەرەکانیان.

ح/ دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی و سەرپەرشتیارە دادوەریەکان و لێکۆڵەرەکان.

ت/ ئەفسەرانی پاسەوانی هەرێم و ئاسایشی ناوخۆ و ئەوانەی لە پلەی موقەدەم بەرەو سەرەوەن، ئەو ئەفسەر و مفەوەزانەی کاری لێکۆڵینەوە دەکەن.

ی/ پارێزگار وسەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان و سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنەکانی پارێزگا و قەزاو ناحیە و سەرۆکەکانی شارەوانیەکان و ئەندامانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی.

ك/ هەر کەسێك پۆستێکی مەدەنی یان سەربازی هەبێت لەسەرەوە ناوی نەهاتبێ و دەستە بە پێویستی بزانێ کەوا ڕاپۆرتی دەرخستنی دارایی بیگرێتەوە بە پێی ڕێنماییەك کە بۆ ئەم مەبەستە دەردەچێت.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

چوارەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

دەستە بۆی هەیە ڕاپۆرتەکانی دەرخستنی ئەستۆی دارایی ئەوانەی حوکم دەدرێن بە یەکێك لەو تاوانانـەی کە لە بڕگەی (٧)ی بەنـدی یەکـەمی ئـەم یاسایەدا هـاتووە بـڵاو بکاتـەوە و ڕێگـە بـدات بـەوەی جـەماوەر و ڕاگەیاندن سەیریان بکەن یان کۆپیان بکەن.

نۆیەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نۆیەم/ ١/ دەسـتە بـۆی هەیـە فەرمانگـەی پەیوەنـدار ڕاسـپێرێت بـە دەسـت کێشانەوەی ئـەو فەرمانبـەرەی ملکەچی لێکۆڵینەوەیە بە پێـی یاسـای بەرزەفتـە کردنـی فەرمانبـەرانی دەوڵـەتی ژمـارە (١٤)ی سـاڵی (١٩٩١) بەرکار لە هەرێمدا.

٢/ دەسـتە بـۆی هەیـە ئـەو سەرپێچییانەی پەیوەسـتن بـە سـتانداردەکانی ڕاژەی گشـتی ڕەوانـەی لایـەنی پەیوەندار بکات و بۆی هەیە ڕاسپاردەی لەگەڵ هاوپێچ بکات بە گرتنە بەری ڕێکاری بەرزەفتەکاری.

دەیەم/

١/ دەستە هاوکاری دیوانی چاودێری دارایی هەرێم دەکات بـۆ چـاودێری وەرگـرتن وخـەرجکردنی مایـەکانی هەرێم و ڕەفتار کردن پێیانەوە ڕێگەی بەڕێوەبردن و دەرکردنی ڕاپۆرتی ناوبەناو دەربارەیانەوە.

٢/ چاودێری کردنی ئاستی دەستپاکی بڕیار وکارە بەڕێکراوەکانیان و ئەو کارانەی گیراونەتە بەر لە کەرتی گشتی و دەرکردنی ڕاپۆرتی ناوبەناو دەربارەیانەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

سێیەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

٣/ پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی کە ملکەچی چاودێرییە لەسەر داوای دەستەو بـە بـێ دواکـەوتن زانیـاری و ڕوونکردنەوە و نووسراو و بەڵگەنامە بەوانەی کە نهێنیشن هەرچییەك بـێ پلـەی نەدرکانـدنیان پێشکەش دەستەیان بکات و لەگەڵ هەر شتێکی تر کە دەستە بۆ مەبەستەکانی چاودێری بە پێویسـتی بزانـێ تێیانـدا بڕوانێ بە پێی یاسا کارپێکراوەکان.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

٤/ ئەوەی سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی (٣)ی ئەم بەندە بکات ئەوا بە بەند کردن بۆ ماوەیـەك کـە لـە (٦) مانگ زیاتر نەبێ و بە غەرامەیەك کە لە (١٠) ملیۆن دینار زیاتر نـەبێ یان بە یەکێك لـەم دوو سـزایە سـزا دەدرێ.

٥/ دەستە دەسەڵاتی جوڵاندنی سکاڵای سزاکاری و بەدواداچوونی هەیە بە پێی بڕگەی (٤)ی ئەم بەندە.

١١/ پێشنیار کردنی ئەو یاسایانەی دەکەونە بواری خۆپاراستن لە گەندەڵی یان بەرەنگاربوونەوەی.

١٢/ دەستە بۆی هەیە فەرمانگە و دامەزراوەکانی کەرتی گشتی پابەند بکات بە بڵاوکردنەوەی داتا یان زانیاری یان بەڵگەنامەی دیاری کراو لەسەر هەر کاروبارێك کەوا سەپاندنی شەفافیەتی تێدا بە پێویست بزانێ بە پێی چەند میکانیزم ورێسایەك کە دەستە دیاریان دەکات.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید إبراهیم:**

١٣/ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

جێ بەجێ کردنی ڕێ و شوێن بۆ ڕێ گرتن لە تێوەگلانی کەرتی تایبەت لە گەندەڵی دا و پتەوکردنی شەفافیەت لە قەوارەکانی کەرتی تایبەت و ڕێگری کردن لە ناکۆکی بەرژەوەندییەکان تیایاندا.

١٤/ وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

١٤/ دەرکرنی ڕێنمایی ڕێگەگرتن لە ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە هەرێمدا و چاودێری پابەند بوون پێیەوە و دەست نیشان کردنی سەرپێچی کردنی حوکمەکانی دەرکردنی ڕاپۆرتی ناوبەناو دەربارەیانەوە.

بەڕێز د.ڤالآ فرید إبراهیم:

١٥/ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

دەستە بۆی هەیە هەر کارێك بکات کە زەروری بێ لە بواری بەرەنگاربوونەوە و خۆپاراستن لە گەندەڵی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەی پێنجەم لە بەندەکە ئەوەی کە باس کرا (ڕێگە گرتن لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بە رەنگاربوونەوەی)، ئەوە چارەسەر دەکرێ دوایی، ئەوە ڕاستە (بە رەنگاربوونەوە) دوو جار دووبارە کراوەتەوە، بۆیە ئەوە دواتر چاك دەکرێ، بەڵێ د.ڤالآ.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رەنگاربوونەوە بۆ جاری دووەم هەڵگیرا لە کاتی خوێندنەوەی چارەسەر کراو بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرا ئەو مولاحەزەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، بەڕێز د.جوان، فەرموو.

**بەڕێز د.جوان إسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ وشەم پێشنیار کرد لە ماددەی پێنجەم، فەقەرەی حەوتەم، دەڵێ ڕەفتاری وەزیفی ئەرێنی، یەعنی ئیجابی، یەعنی ئەو وشەیە دابنێین، چونکە ڕەفتاری وەزیفی سلبیش هەیە، ئەخلاقیاتی عەمەل بەڕێزان وەریان گرت، بەڵام وشەکەی تریش پابەند وەك یەك لە مەرجەکانی دامەزراندن، دەبێ ئەوەی دابنێین،

چونکە یەکێك لە مەرجەکانی دامەزراندن، چونکە بەس سلوکی وەزیفی نییە، شەهادەیە، ئیختیصاصە، شارەزایی یە، ئەگەر ئەوەی بە هەند وەرگرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە، سوپاس، لیژنەی یاسایی د. بەهار، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەلیمەی ئەرێنی بۆیە وەرمان نەگرت لەبەر ئەوەی کە ئێمە دەڵێین ڕێنمایی تایبەت بە ڕەفتارەکانی وەزیفە، ئیتر کە ڕێنماییەکە دەردەکات شەرت نییە هەر ئەرێنی دەربکات، یەعنی هەندێ شت هەیە، تۆ ڕێنمایی دەردەکەی حەزری دەخەیتە سەر، دەڵێی نابێ، هەندێکی تریش هەیە دەڵێی دەبێ ئەوە بکرێت، بۆیە تەنها ئەرێنییەکە ناگرێتەوە، باقی تێبینییەکانی ترمان وەرگرت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی سێیەم لە ماددەی پێنجەم من وتم ئەگەر بکرێت دادوەر، وەڵامەکە وابوو وتیان نییەتی، ئەی ناکرێ بۆی دابنرێت؟ ئەی ناکرێ دەستەی نەزاهە دادوەری هەبێت؟ خاڵی دووەمیش لە پێنجەمدایە، من وتم، بە نووسینیش بۆ بەڕێزان لیژنەی یاساییم نارد، بڕوام وایە ئەوە هەم لە بەرژەوەندی یاساکەدایە، هەم لە بەرژەوەندی سیستەمی سیاسی و شەفافیەتیش دایە لە هەرێمی کوردستان، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیش، ئەوەی کە من نووسیم جۆرێك لە دەسەڵاتی زیادکردنی دەستەشە، هەر بۆ بەڕێزانم نووسیوە، ئەگەر بە خێرایی خوێندمەوە (لە دوای تاوانەکانی گەندەڵی سنووربڕ) نووسیومە (گەڕانەوەی سامانی بە دەستهاتوو لە کاری تاوان یان گەندەڵی لەو پێناوەدا دەستە بۆی هەبێ ڕاستەوخۆ نووسراو ئاراستەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بکات) هیچ وەڵامێکم وەرنەگرتەوە، یەعنی من بڕوام وایە ئەوە لە خزمەتی یاساکە و شەفافیەت و مەبدەئی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیشدایە، ئەخیر شتیش لەوانەی کە فۆرمی شەفافیەت و یاخود ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان پڕ دەکەنەوە، پێویستە ناوی ڕاوێژکارەکانیش بنووسرێ، ڕاوێژکار لە هەموو ئاستەکان دا، لە ئاستی سەرۆکایەتی هەرێم، لە ئاستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لە ئاستی سەرۆکایەتی پەرلەمان، هەموو شوێنەکانی تریش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له برگەی پێنجەم دا کە دەڵێین بە تایبەتی لە تاوانەکانی گەندەڵی سنووربڕ بە هاوکاری و هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان، دەستەی نەزاهە، دەستەی نەزاهەی هەرێمی کوردستانی عیراقە، ئەوەی کە پەیوەندی بە تاوانی سنووربڕ هەیە، واتا حدود دەبڕێ، ئەوە پەیوەستە بە ئیتیفاقیاتی (تسليم المجرمين)، کە ئیتیفاقیە و بەستنی ئیتیفاقیات لە زیمنی ئیختیصاصی حکومەتی ئیتیحادی دایە، لێرە ئێمە بۆیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناتوانین بڵێین دەستە ئەو کارە دەکات، بەڵام وتوومانە دەستە ئەو کارە دەکات بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار، کە مەبەستمان لەلایەنی پەیوەندیدار جیهاتی مەعنییە لە حکومەتی فیدراڵی دا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەو پرسیارەش کرا کە باسی ئەوە کرا بۆچی دادوەریان نییە؟ ئەگەر بەڕێز د.أحمد جەوابی بداتەوە، بەڵام پلە تایبەتەکانی تیایە، بەڕێز د.شێرکۆ، خاوەن پلە تایبەتەکانی تیایە، بەڕێز د.أحمد، فەرموو.

**بەڕێز د. أحمد أنور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ڕاوێژکار، پلە تایبەتەکان، ڕاوێژکاریش پلەی تایبەتە، دەیگرێتەوە، بە نیسبەت دادوەر، خۆتان دەزانن سوڵتەی قەزائی لە کوردستان یەك سوڵتەیە، ناکرێ تەوزیع بکرێ، بۆیە لە قانونەکەش موراعاتی ئەوە کراوە کە دەسەڵاتی قەزا دادوەر دەستنیشان دەکات بۆ دەستەی دەستپاکی لە پارێزگاکان، ئێستا بە فیعلی ئێمە لە هەر سێ پارێزگاکە هەولێر و دهۆك و سلێمانی دادوەرمان هەیە، بەڵام دادوەر خۆی دەسەڵاتی قەزایە، تەحقیقات، موحەقیقەکان پێی هەڵدەستن، لە قۆناغی یەکەم (تحري) کۆکردنەوەی زانیارییە، دواتر کە دەچێتە تەحقیقی ڕەسمی لە ژێر ئیشرافی ئەو دادوەرانە دەبێت، کەواتە ئەوانە فیعلەن تەنسیب کراون بۆ دەستەی دەستپاکی و بۆ ئەو قەزایەی کە ئەو قانونەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێ، بەڵام وەکو میلاك و وەکو تەعین بوون و وەکو حقوق و ئەوانە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی قەزا دەمێننەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك تحسين، فەرموو.

**بەڕێز تحسين إسماعيل دۆڵەمەڕی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی پێنج، برگەی پێنجەم بەرەنگاربوونەوەی یەکەم دەبێ هەڵبگیرێ نەك هی دووەم، چونکە دەڵێ هاوکاری نێودەوڵەتی لە بواری ڕێگەگرتن لە گەندەڵی، نەك ڕێگەگرتن لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، ئینجا گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی، یەعنی ئەوەی دووەم دەمێنێ، دوای ئەوەش ئەو وشانەی کە

تەرجەمەی كوردی كراون و ناگونجێن بە ڕەئی من وەكو خۆی بە عەرەبی بنووسرێتەوە باشترە، وەكو دەرخستنی ئەستۆی دارایی كە لە كوردیدا نییە شتی وا، من نەمبیستووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، ئەو تێبینییانە دواتر لە صیاغە وەردەگیرێ، د.جوان شتێكی ترت مابوو؟ فەرموو.

**بەڕێز د. جوان إسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من باسی ئەوە دەكەم، ئەو خاڵە خاڵی حەوتەم، باسی ئەو كەسانە دەكات كە تەعین دەبن، كە ڕاژەیان لە خدمە ئیستیمرار دەكەن، واتا دەبێ بڵێی سلوكی وەزیفی ئیجابی (ئەرێنی)، چونكە تۆ باسی تەعین دەكەی، ئەو كەسانەی ئەوەی سلوكی وەزیفی باشیان هەیە، ئەوان تەعین دەكەی، لەبەر ئەوە دەبێ وشەی ئیجابی دابنرێت، سلوكی ڕەفتاری وەزیفی ئیجابی، تۆ باسی دامەزراندن دەكەی، ئەگەر زیاتر بە عەرەبییەكەی بۆ جەنابت بیخوێنمەوە، دەڵێ (إصدار التعلیمات و قواعد السلوك الوظیفي لتوضیح معاییر الخدمة العامة و أخلاقیاتها التي یجب أن یلتزم بها موظفوا الإقلیم بإعتبارها شرطا من شروط) دەبێ بڵێین، یەكێك لە مەرجەكان (من شروط التعین للإستمرار بالخدمة)، چونكە دەبێ سلوكەكە ئیجابی بێ ئەوجا تۆ تەعینی دەكەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەری دەگرن د.جوان، ئەوەش وەردەگرن، ئەو سەرنج و تێبینییانە وەرگیران، كاك عەباس، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە بەڕێزتان باسی ئەوەتان كرد دوایی صیاغەی دەكەن، بەڵام هەروەكو تێبینییەك لە خاڵی (١٥) دەڵێ (دەستە بۆی هەیە هەر كارێك بكات كە زەروری بێ)، من بە باشی دەزانم پێویست و گونجاو بێت، لە جیاتی ئەوەی وشەی زەروری بەكار بێنن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕاستە، باش، فەرموو د.ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها بڕگەی حەوتەم بە وەرگرتنی ئەو مولاحەزەیە لە ماددەی پێنجەم دەخوێنینەوە، بڕگەكانی تر خوێندمانەوە و دەخرێتە دەنگدان:

دەرکردنی ڕێنمایی  ڕێساکانی ڕەفتاری ئـەرێنی وەزیفـی بـۆ ڕوونکردنـەوەی سـتانداردەکانی ڕاژەی گشـتی و ڕەوشـتەکانی کـار کـە پێویسـتە فەرمانبـەرانی هـەرێم پێیـەوە پابەنـد بـن وەك مـەرجێکی دامەزرانـدن و بەردەوام بوون لە ڕاژە و چاودێری کردنی مەودای پابەند بوون پێیەوە و بە گوێرەی پێویستی لە ماوەیەك بۆ ماوەیەکی تر هەموار دەکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ بەندەکەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە؟ کێ لەگەڵیەتی؟ بـەڵێ هـەموو بەندەکـە، کـێ لەگـەڵ هەموو بەندەکەیە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە؟ (٦٨) کەس لەگەڵیەتی، کـێ دژیـەتی؟ کـەس نییـە، کەواتـە پەسند کرا، بەڵێ، فەرموو بەندی شەش.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/ ٦

بڕگەی/ ١

دوو ڕای لەسەر هەیە:

ڕای یەکەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە:

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار  محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمان هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستە بە دەنگدانی نهێنـی و بـە زۆرینـەی دوو لەسـەر سـێی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان لە نێوان سێ کاندید کەوا ئەنجومەنی دادگەری لە هـەرێم کاندیـدیان دەکات و ئەوەی هەڵدەبژێرێ بە مەرسومێکی هەرێمی و بە پلەی وەزیر دادەمەزرێت، لە حاڵەتی سەرنەکەوتنی هیچ کام لـەم کاندیدانـە بـە دوو لەسـەر سـێی دەنگـی ئەنـدامانی پەرلـەمان ئـەوا هەڵبـژاردن لـە نێـوان ئـەو دوو کاندیدە دووبارە دەکرێتەوە کە زۆرینەی دەنگەکانیان بە دەست هێناوە و ئەوەی زۆرینـە بـە دەسـت بهێنـێ ئەوا بە سەرکەوتوو دادەندرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای دووەم

ئەنجومەنی دادگەری لە هەرێم دەگۆڕێ بۆ لیژنەیەکی پەرلەمانی و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

پەرلەمان هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستە بە دەنگدانی نهێنی بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامەکان لە نێو سێ کاندید دا کەوا لیژنەیەکی پەرلەمانی کاندیدیان دەکات و ئەو کەسە کە هەڵدەبژێردرێت بە مەرسومێکی هەرێمی بە پلەی وەزیر دادەمەزرێت و لە حاڵەتی سەرنەکەوتنی هیچ کام لەو کاندیدانە بە دوو لەسەر سێی دەنگەکانی ئەندامانی پەرلەمان ئەوا هەڵبژاردن لە نێوان ئەو دوو کاندیدە دووبارە دەکرێتەوە کە زۆرینەی دەنگەکانیان بە دەست هێناوە، ئەوەی کە زۆرینە بە دەست بهێنێ، ئەوا بەسەرکەوتوو دادەندرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان جیاوازی لە نێوان ڕای یەکەم و ڕای دووەم ئەوەیە کە ڕای یەکەم کاندید کردن دەسپێرێ بە دەسەڵاتی دادوەری، ڕای دووەم کاندید کردن دەسپێرێ بە لیژنەیەکی پەرلەمانی، بۆیە کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە ئێستا؟ خاتوو مەدینە فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە؟ قسەیە باشە ناوت دەنووسم، مدینە خان فەرموو.

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بەندا شەشێ من ژی تەئیدی ڕەئیێ دکەم، تەرشیح لە مەجلسێ قەزای بی، چونکە مەجلس قەزا سەر ب سوڵتا قەزائی ڤەیە، (السلطة القضائية لا سلطان عليه غير القانون) دەستە ژی سیفەتەکی تەحقیقی هەی بۆ تاوانەکانی گەندەڵی یا باش ئەوە لایەنی مەجلس قەزا ڤەبت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من ڕای یەکەم یاسایی تر و واقیعی ترە، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە، پاش دیراسەت و موتابەعەکردنی ئەم بابەتە دەرکەوت کە لە زۆربەی یاساکانی وڵاتە پێشکەتووەکان واهاتووە کە سوڵتەی قەزائی ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت بۆ پاشان پەرلەمان تەواوکەری دەبێت، سوڵتەی قەزائی سوڵتەیەکی موستەقل و بێ لایەنە، بەرپرسە لە تەحقیقی عەدالەت و نەزاهەت، بۆ بەشداری پێ نەکردنی لەم پرۆسەیە، پاشان سوڵتەی قەزائی سێیەم دەسەڵاتی باڵای هەرێمە، زۆر زەرورە بۆ پرۆسەیەکی وا گرنگ و حەساس سوڵتەی قەزائی دەوری خۆی ببێنێ و ڕۆڵی بەرچاوی ببینێ، چونکە سوڵتەیەکی موستەقیلە، بەڵام پەرلەمان سوڵتەیەکی سیاسی تەشریعیە و ئەحزاب تێیدا وجودیان هەیە، لەوانەشە هەندێ جار حزب کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکە هەبێت، بۆیە من وا بەچاکی دەزانم کە سوڵتەی تەنفیزی هاوکاری سوڵتەی تەشریعی بێت بۆ دانانی سەرۆك بۆ ئەم دەستەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرحان فەرمووو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ڕای یەکەم دام و پشتگیری قسەکانی د.سراج دەکەم کە لەلایەن ئەنجومەنی داوەری هەڵبژێردرێت و بێتە ناو پەرلەمانەوە، لەبەرئەوەی هەر وەکو ئەو هۆکارانەی باسی کرد، لەوانەیە لەلایەنی دیکەشەوە تەحقیق بکرێ بۆ ئەوەی هیچ جەریمەیەکی نەکردبێ، ئەگەر قەزا تەحقیق لەو مەسەلەیەدا بکات باشتر دەکرێ، ئەوەی دیکەش لەڕووی زمانەوانییەوە لە عەرەبی تەرجومە کراوە و (یقوم البرلمان) ناکرێ نەسەن کوردیەکە وانییە، هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستە لەلایەن پەرلەمانەوە دەبێ نەك وشەی پەرلەمان هەڵدەستێ لە سەرەتاوە بێتن، لە زمانی کوردی دا ئەمە نییە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی کاروان فەرمووو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین(حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزەی یەکەمم ئەوەیە کە ڕای دووەم وەکو گرنگی مەوزوعەکە لە ئەنجومەنی دادوەری خەڵکی ناناسێ بە قەد ئەوەندە لایەنەکان خەڵکی دەناسن لە دەرەوە، لەبەرئەوە ڕای دووەم باشترە، بەش مولاحەزەیەکی تر کە هیوادارم سەرنجی بدەنێ، ئەگەر ئیزافە بکرێ لەناو ئەو بڕگەیە ئەو کەسەی هەڵدەبژێردرێت بێ لایەن بێ، یان پێشتر بێ لایەن بێ، یان کە هەڵدەبژێردرێ سوێندی بێ لایەنی خۆی بخوا و ئەوجا بێتە سەر سەرۆکی دەستە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەترسم وەکو ئەوەی کۆمسیۆنەکە بێ بێ لایەنیەکەی، کاك ابوبکر فەرمووو.

**بەڕێز ابوبکر عمر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئەنجومەنی دادگەری نییە، ئەنجومەنی دادوەریە، یەعنی ئەوە پێویستی بە ڕاست کردنەوە هەیە، دووەم/ من لەگەڵ ڕای دووەمم، بەڵام لەو بڕگەیەوە کە دەڵێ ئەگەر هیچ کام لە کاندیدەکان بە دوو لەسەر سێی دەنگەکانی ئەندامانی پەرلەمانی نەهێنا لەوە زیاتر بنووسرێ لەگەڕی دووەم دا واتە لە جەولەی دووەم دا بە زۆرینەی نێوان دوو کاندیدەکە کە زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەست هێناوە یەکلایی دەبێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرمووو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت ڕای دووەم بەلای منەوە پەسەندە، پەرلەمان هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستە، دیارە لیژنەیەکی پەرلەمانی لەبری ئەنجومەنی دادوەری، پەرلەمان هەم دەسەڵاتی یاسادانان وهەم چاودێری کردنە، بۆیە ڕۆڵ بینینی پەرلەمان لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دا ئەتوانم بڵێم ڕۆڵێکی هەرە گرنگ و بنچینەییە، دەستەکە سەر بە پەرلەمانە و پەرلەمان وا باشترە خۆی سەرۆکەکەشی دیاری بکات، بۆ واقیعی سیاسی کوردستانیش پەرلەمان زیاتر گوزارشت لە ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکانی خەڵك دەکات، ئەو دەستەیەش دەتوانم بڵێم ئیشەکەی ئیشێکی نیشتمانی گەورە و جدیە، لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی گەندەڵی وەك دیاردەیەکی بەرفراوان، بۆیە واباشترە پەرلەمان ئەو ڕۆڵە بگێڕێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سهراب فەرموو.

**بەڕێز سهراب میکائیل محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نسخا عەرەبی لبەر دەستێ منە، ئەگەر روخسەت بیت، ل دیماهیێ دبێژیت (یعاد الانتخاب بين المرشحين الحاصلين على اكثرية الاصوات و يعد فائزا من يحصل على الاغلبية) ئەز بێژم هەکە لڤێرێ ئیزافەکەین (بحيث لايقل عن ثلث اعضاء البرلمان) چونکە مەعقول نینە ئەوی بچیتە سەرۆکی دەستەی دشێتن (٢٠) دەنگا ببات، کو ببیتە سەرۆکی دەستەی، هە کە ڤی مەرجی دانێین (بحيث لايقل عن ثلث اعضاء البرلمان) هەندیا باش بیت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەجاری دووەم دا دوو کەس مورەشەحە، دەبێ یەکێکیان لەوی تریان زیاتر بێنێ، جا عەلئەکسەر لە سولس زۆر زیاتر دەبێ، بەم شێوەیە ئەگەر تەسویری بکەی، لە سولس زیاتر دەبێ، یەعنی تەقریبەن دەبێ نیوە زیاتر بێ، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز سهراب میکائیل محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە سەرۆکێ پەرلەمانێ، چێ بێتن هەر دوو دەنگا گەلەکە نەبن، یەعنی چی بێت (٢٠) دەنگا (١٥) دەنگا بەت، خەڵکی دی دەنگا پێ نادەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتیوانیم لە قسەکانی هەردوو برای بەڕێزم کاك فرحان جوهر و کاك حاجی کاروان، ڕاستە لە وڵاتانی دیموکرات دادگا تایبەتیترین شوێنە، بۆ؟، لەبەرئەوەی فیعلەن موستەقیلە، بەڵام لە کوردستان

وانییە بەڕاستی، نە موستەقیلەو نە هینە، ئینجا بۆیە بە بۆچوونی من لەگەڵ ڕای دووەمم کە لە پەرلەمان هەڵبژێردرێ هەتا ئەو کاتەی کە خەڵکی کوردستان دڵنیا دەبن کە بەڕاستی دادگاکانی کوردستان بێ لایەنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس فەرمووو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی ڕەئیەکانی شێخ سراجم، لەبەرئەم هۆیە، ئێمە دەڵێین خەڵکی بێ لایەن، ئێمە با خۆمان فێڵ لە خۆمان نەکەین، ئێمە هەموو لەگەڵ لایەنێك داین، بەڵام کاری تەخەسوسی وا دەکات کەس نەناسێ، لیژنەی یاسایی وەختێ باسی قانونیەك دەکەن کەس نازانێ لەسەر کام فراکسیۆنە، بەڵام ئێمە لەلایەنی تر بێ هەتا بە وشە و کەلیمات بێ لایەنەکانی خۆمان تێدا بەرجەستە دەکەین با دادگا سەروەر بێ و ئەمن لەگەڵ ڕەئی یەکەم دام.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو حەیات فەرمووو.

**بەڕێز حەیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕای یەکەمم و پشتگیری لە قسەکانی مەدینە خان و د.سراج دەکەم کە بەشێك لە قسەکانی منیان کردو و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستان هەیە، بەڵام من پشتگیری لە قسەکانی کاك ئاری هەرسین دەکەم، ناکرێ بڵێین دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستاندا سەربەخۆیە، ئەم دەستەیە کە دروست دەبێ، دەستەیەکە سەر بە پەرلەمانی کوردستانە و پەرلەمانی کوردستان دیاری دەکات و ڕاستەوخۆ پەیوەندە پێوە، لەبەرئەوە پێویستە ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆکی دەستەکە بە (سی، ڤی) بێ و لیژنەیەکی پەرلەمانی، ئەو لیژنەیە داوای (سی، ڤی) لەخەڵك بکات ناکرێ بڵێی خەڵکی سەربەخۆ لەم وڵاتە نییە، دەتوانین بڵێین ئەگەر سەربەخۆش نەبێ کەسێك گەر بە ویژدانەوە بێ کە چووە سەر کورسی حوکم و لەسەر مێزی حوکمی دەسەڵات دانیشت دەتوانێ واز لە حزبایەتی بێنێ و بیر لە حزبایەتی نەکاتەوە، تا ئەو کاتەی لەسەر کورسیەکەیە، لەبەرئەوە من پشتگیری ئەو ڕایە دەکەم کە پێویستە لە پەرلەمانەوە بێ ئەم دەستەیە

پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پەرلەمانەوە هەیە، داوا دەکەم لە ڕێگای پەرلەمانەوە سیڤیەکان وەربگیرێ و سەرۆکی دەستەکە لەلایەن پەرلەمانەوە دیاری بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە هەموو ئەو ڕایانە دەکەم کە ڕای دووەم پەسەند دەکەن، واتە لە پەرلەمانەوە هەڵبـژێردرێت، لە پەرلەمانەوە دیاری بکرێ، بەو بەهانەیەشی کە هەم دەستەکە سەر بە پەرلەمانەو پێویستە لەژێر چاودێری پەرلەمانیش دابێ، هەروەها بڵێین کە بەداخەوە دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان دا لەژێر هەژموونی حیزبدایە هەتا ئەم لەحزەیەش، هەروەها جۆرێك لە با بڵێین هەتا پۆلیسی تایبەت بەخۆشیان نییە کە تاوانباری بچووکیش دەستگیر بکات لە هەرێمی کوردستان دا، هەروەها یەکێك لەو داواکاریانەی کە هەبوو داوا دەکراً لە کاتی هەمواری ئەو یاسایانەی کە تایبەتمەندن بە بواری دادوەری بە تایبەتی یاسای دەسەڵاتی دادوەری و داواکاری گشتی سوڵتەی قەزائی و پۆلیسی تایبەت بەخۆی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ ڕاستەوخۆ بڕیارەکانی خۆی تەنفیز بکات، بۆیە لە کۆتایی دا دیسان پشتیوانی لە هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە ڕای دووەمیان پەسەند کردووە واتە لە ناو پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژ بەر گرنگیا ڤێ دەستێ، ئەز پشتیوانیا ڕەئیا دوێ دکەم، وەکی برادەران بەحس کر، لگەل ئەوەی کو هەندەك مەرجا دابنێین، یەعنی ل ڕەئیا دووێ دا هەندەك مەرجا مەسەلەن بنووسین دەبیت کاندید بۆ پۆستێ سەرۆکێ دەستە ئەم مەرجانەی تێدا هەبێت، یەکەم/ سەربەخۆ بێت، کاتی سوێند خواردن، دوو/ لایەنی کەم هەلگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت، سێ/ تێوەگلا نەبی بە ئەنجامدانی تاوان دژ بە میللەتی کورد، چوار/ موتەهەم نەبێ بە قەزای گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانی، تەمەنی لە (٢٥) ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٦٠) ساڵ زیاتر نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جا ئەومەرجانەی جەنابت باسی دەکەی لە ئەسڵی یاسایەکەدا هەیە، کاک محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود حاجی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی له ڕایەكەی كاك ئاری هەرسین و كاك عمر و كاك شێركۆ دەكەم، لە پەرلـەمان هەڵبـژێردرێ، لەبەرئەوەی یاسا لە وڵاتی ئێمە سەروەر نییە تا ئەم چركەساتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئەگەر لە دوای ئەوە دەگەڕێین كە كەسێكی سەربەخۆ فیعلەن لـە ژێـر هەیمەنـەی هێـزە سیاسـییەكان نەبێ، ئەسڵ وایە لە دەرەوەی پەرلەمان تەرشیح بكرێ، لەبەرئەوەی ئێمە نموونەی كۆمسیۆنی سـەربەخۆی هەڵبژاردنەكانمان هەیە، ئەوە ئێستا چارەنووسی كۆمسیۆنی هەڵبژاردن دەبینن چۆن لە نێوان موحاسەسەی حزبی دایە و دەخولێتەوە، بۆیە پێموایە باس كـردن لـەوەی و عەلامـەتی ئیسـتفهام داانـان لـەناو پەرلـەمان لەسـەر دەسـەڵاتی دادوەری مـن بـەكارێكی باشـی نـابینم، بـۆ ئاینـدەی ئێمـەش لـە پەیوەنـدی و تەنسـیق وهاریكاری لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری و لەگەڵ دەسـەڵاتی دادوەری كـارێكی بـاش نـابێ، پێموایـە قسـەیەكی دروست و لە جێگای خۆشی دانییە، بڵێین لە ژێر هەژموونی حزب دایە، ئێمە بە دەیان و بە سەدان قازی و دادوەرمـان هەیـە كـە ئەمانـە خـەڵكی پرۆفیشـناڵن و خۆیـان لەسـەرووی حیزبـەكانیش دەبیـنن و خـەڵكی خەراپیش لە هەموو شوێنێك هەیە، بۆیە من پێموایە ئەگەر ئێوە دەتانەوێ سـەرۆكی دەسـتەی نەزاهـە كـە لە هەمان كاتـدا دەسـەڵاتی تەحقیقیشـیان هەیـە و بـە جۆرێـك لـە جۆرەكـان تێكـەڵاویش دەبێتـەوە لەگـەڵ دەسـەڵاتی دادوەری لـە هەنـدێك شـوێند كـە مەسـائیلی تەحقیقیـە بمانـەوێ ئـەو تێكەڵاوییـەی هـەبێ و پەرلەمان لێرە دەنگی لەسەر بدات سەربەخۆی دەستەی نەزاهە و دەسەڵاتەكەشی بەوە دەبێ كـە دەسـەڵاتی دادوەری قسەیەكی لەبارەوە هەبێ و تەنها تەرشیحیشەوە، لێرە تەسویت دوو لەسەر سـێی هـیچ هێزێـك بـە تەنها نـاتوانێ لێـرە تێـی پـەڕێنێ، بۆیـە مـن تەسـەور دەكـەم بـەم شـێوە بیركردنەوەیـە كـە هـەر شـتێك لـە دەرەوەی پەرلەمان بوو ئیتر بە حزبی دەكرێ، بە پێچەوانەوە شـتێك كـە لێـرە بـوو بـە حزبـی دەكـرێ، لـە دەرەوەی پەرلەمان تۆزێك ئومێدمان هەیە كە بە جۆرێك لە جۆرەكان بونێكی پـرۆفیشناڵیەت و ئەكادیمی و پاكی و ئەوانەی دەبێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

با لیژنە پەیوەندارەكان قسەی خۆیان بكەن، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ڕێگە بە سەرۆكی دەستە بدەی دوای ئەویش من قسەی خۆم هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد انور (سەرۆكی دەستەی دەستپاكی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆتان دەزانن پۆستی سەرۆكی دەستەی دەستپاكی بەڕاستی پۆستێكی حەساسە، ڕاستە ئێستا دەستەكە لە دەستپێكی ئیشەكانە و ڕەنگە زوو بێ بە حوكمدان لەسەری، بەڕای من بوونی فلتەرێكی تر شتێكی باشە، كاتێك كە دەسەڵاتی قەزا سێ كەس تەحدید دەكات، لە ئەوەڵ و ئەخیر دا پەرلەمان خۆی قەرار دەدات بە دوو لەسەر سێ و هەتا (٥٠+١) یش لە پەرلەمان دا هیچ كوتلەیەك نیەتی، هیچ كوتلەیەكمان نیە(٥٠+١)ی هەبێ ئەگەر چاوەڕێ بكات بۆ خولی دووەمیش، دوو/ لە قانونی نەزاهەی عیراق وابوو كە سپاردبوویان بە لیژنەیەكی پەرلەمانی، بەڵام مەحكەمەی ئیتحادی هەڵیوەشاندەوە، سێ/ گومان دانان لەسەر دەسەڵاتی قەزائی ئێمە ژیان و مومتەلەكات و حیمایە و هەموو شتمان لەبەردەستی قازیە، ئێستا بچینە دەرەوە یەكێك شتێكمان لێ بكات و دەچین شكات لە قەزا دەكەین، لەبەرئەوە بوونی ئەو فلتەرە باشە، من لە چەندین كۆبوونەوەی دەرەوە حازر بووم، ئەو خاڵە بە یەكێك لە خاڵە باشەكانی دەستەی نەزاهە كوردستان دادەنێنین، خۆشتان دەزانن ئەم مەوزوعە رەبتی بە شەخسی منەوە نییە، من هەڵبژێردراوم و زۆریشمان نەماوە بۆ تەواوكردنی، بەڵام قسە لەسەر شتێكی موستەقبەلی دەكەم، بەڵێ دەبێ دەسەڵاتێكی دەرەوە ئەو تەرشیحاتە بكات، بە قوەتترە، دەسەڵاتی قەزا ڕاستە كەموكوڕی زۆرە، بەڵام چ دەسەڵاتێكی دیكە كەموكوڕی نییە، كەموكوڕی هەیە، بۆ مسداقییەت، ئەوەی عیراق وابوو لیژنەیەكی پەرلەمانی بوو، ئەویش مەحكەمەی ئیتحادی هەڵیوەشاندەوە لە ئەوەڵ و ئاخیریش دا سیاسییەكان ئەگەر ئیتفاق نەكەن هیچ بەڕێزێك نابێتە سەرۆكی دەستە، لەبەرئەوە پێم باشە ڕەئیەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە، وەكو شتێك بۆ دەرەوەی خۆشمان خاڵێكی باشە و ریسالەیەكی باشە، ئەوەی خولی سێیەمی پەرلەمان كردوویەتی خاڵێكی باشە و هیوادارم خولی چوارەمی پەرلەمان نەمانگێڕێتەوە بۆ پێش خولی سێیەم وئەوەش قەراری لای ئێوەی بەڕێزە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو د.ڤاڵا فەرمووو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وەكو سەرۆكی لیژنەی یاسایی لەگەڵ ڕای یەكەمم، واتە ئەنجومەنی دادوەری حەقی تەرشیح كردنەكەی هەبێ، داوا لە بەڕێزتان دەكەم ئەو دەسەڵاتە وەكو دەسەڵاتێكی سەربەخۆیە و خازیعە تەنها بۆ قانون، هەر

تەعنێك لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بۆ ئەو دەسەڵاتە كرابێت داوا لە بەڕێزتان دەكەم كە لە پرۆتۆكۆڵ ڕەش بكرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر(عمر كۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەمە لەپەرلەمان پەرلەمان پتر فرەوانترە ئەو حەسرە بەس، لە مەجلسی قەزا بە قەناعەتی من خزمەت ناكات بەم وڵاتەو بەم وەزعەی كە ئێستا ئێمەی تێداینە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماموستا انس فەرموو.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرووكی پەرلەمان.**

سوپاس سەرۆكی پەلەمان بە حەقیقەت ئەڤ دەستەیە، دەستەیەكا گەلەكا موهیمە و دڤێتن تابعێ حیزبە پێڤە نەبیتن، دڤێت یا دویر بیتن ژ حیزبیاتیێ، و هەروەسا وەختێ قانون دهێتە دانان نە بۆ ئەڤرۆ دهێتە دانان یەعنی مە نە بەحسێ ئەڤرۆیە، قانون بۆ وەختەكێ درێژ دهێتە دانان، ئەگەر نووكە هندەك كەسان هندەك مولاحەزە سەر ئەنجومەنی دادوەریێ هەی ئەو مولاحەزە ئیحتمیالە ل هەموو جێگا هەبن، ئەما ئەنجومەنی دادوەری ئیستیقلالیەتا خۆ یا پاراستی و هەروەسا یا موستەقیلە دویرە ژ حیزباتیێ، ل پەرلەمانی دا ئەم هەمی تەمسیلا كۆتلێت سیاسی دكەین، هەر تشتێ ژ ڤێرێ دەركەڤیت تابعێ حیزبی یێ پێڤە دیارە، وەختێ دكەڤیتە بن موسەوەماتێت سیاسیڤە ل پەرلەمانی حەقیقەت دێ گەلەكا بزەحمەت بیت حەتا ئەم بشێن كەسەكێ دەست نیشان بكەین و ئەم ترسین نموونا هەی یا پارێزگەها سلێمانیێ دوبارە ببیتەڤە، ئەڤە چەندە ئەم نەشێن پارێزگارەكێ بۆ خۆ بدانین ل سلێمانیێ ژبەر موساوماتێت سیاسی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. شوان نوقتەی نیزامی هەیە پێم وابێت فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر (د. شوان قەلادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان .**

دەكرێ بۆ سەرۆكی دەستەی داهاتوو مەرجەكانی سەرۆكی دەستە وا بكرێتەوە دەكرێ ئەو سەرۆكی دەستەیە بۆی بسەلمێ كە لە كوردستان لەسەدا یەك موستەقیل بێت یەك لە مەرجەكان ئەوە بێت بەرپرسیارێتی حیزبی نەبووبێت بەرپرسێكی دیار نەبووبێ با ئەو كەسە سەربەخۆ بێت مورەشح بكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. بەهار فەرمووو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم دوو رایە كە هاتۆتە ناو راپۆرتەكەوە كە من خۆم یەكێك بووم لە موئەیدنی رای یەكەم واتە لە ناو پەرلەمان بێ ئەوەندەی مەبەستمان، لەوە ئەو بووە ئەم دەستەیە كاتێك كە دروست دەبێ سەر بە پەرلەمان دەبێ لە تەئسیسەكەیدا بە كامیلەن لە ناو پەرلەمانا بێ ئەوەندە مەبەستمان نەبووە، كە عەلاماتی ئیستفهام بخەینەسەر هیچ دەستەیەك و سەر هیچ دەسەلاتێك لەم هەرێمەدا هیچ دەسەڵاتێك، لەم هەرێمەدا (perfect ) نییە، وە ئێمەش لە هێنانی رایەكەش مەبەستمان نەبووە كە عەلاماتی ئیستفهام بخەینە سەر هیچ دەسەڵاتێك ئەمە یەك، دووەمیشیان حەزم كرد بەشێك لە ئەندامانی بەڕێز داوایان كرد كە شروت بۆ سەرۆكی دەستەكە دابنرێت، حەزم كرد بگەرێی، ئێمە سێ شتمان هەیە ئێستا ئەسڵی یاساكەمان هەیە پرۆژەی هەموارەكەمان هەیە راپۆرتی لیژنەكەشمان هەیە بۆ ئەوەی كە شروتەكانی بەڕێز سەرۆكی دەستە ببینن كە ئەبێ تیایدا بێ ئەبێ بگەڕێنەوە سەر ئەسڵ ئەسڵی یاساكە نەوەك ئەسڵی ئەو هەموارەی كە پێشكەش كراوە، وە ئەو شروتانەی هەموو تیایە كە جەنابتان باستان كرد، سوپاس .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. سراج نوقتەی نیزامیە؟ ئاخر كاتی پرسیار نەما قسەكان كرا، گفتوگۆكرا ئێستا دوو رای وازیح هەیە نوقتەی نیزامیت ئەگەر هەیە فەرموو، بەڵام ئەگەر غەیری ئەوە تەواو بوو كۆتایی پێ هات گفتوگۆ، بەڕێزان دوو را هەیە ئێستا لەناو پەرلەمانی كوردستان نوقتەی نیزامیە كاك خلف فەرمووو؟ .

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە نوێنەرایەتی كردنی لیژنە پەیوەندیدارەكان لەسەر ئەوە، بۆ ئەوەیە بۆ نموونە لیژنەی دەستپاكی نوێنەرایەتی ئێمە ئەكەن لیژنەی دەستپاكی، لەسەر ئەوە نەك بەراستی قسەكەی بەڕێز جێگیری لێرسراوی لیژنەی دەستپاكی لەم بابەتەوە نییە، بۆیە داواكارم جەنابت رێگە نەدەی كە شتێك كە پەیوەندی بە بابەتەكەوە نەبێ بوترێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێز کاك خلف لە راپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەکە ئەم دوو رایە تەسبیت کراوە واتە رای جیاواز لە هەردوو لیژنەکە هەبووە، بۆیە هەردوو راکە تەسبیت کراوە وە ئەگەر نا تەنها یەك رایان تەسبیت دەکرا بۆیە ئەندامانی لیژنەش لەم حاڵەتەیە ئەتوانن رای خۆیان بڵێن.

**بەرێز خلف احمد معروف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پەیوەندی بە دانانی سلێمانی و ئەوە مەبەستمە دەزانم رەئی خۆیان دەتوانن قسە بکەن، بەڵام ئەوە نوێنەرایەتی لێژنەی نەزاهە ئەکەن، رای ئێمە لەوێ، ئەگەر شتێك هەبوو ئەوان لەبری ئێمە قسە بکەن، نەك باسی محافەزەی سلێمانی ودارایی ، چونکە ئەمە پەیوەندی بەم بابەتەوە نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئێستا روون بوویەوە دوو را لەناو پەرلەماندا هەیە، رایەکیان پێی باشە دەسەڵاتی دادوەری سێ کەس کاندید دەکات بۆ پەرلەمان پەرلەمانی کوردستان دەنگدانیان بۆ ئەکا پێویست ئەکا دوو لەسر سێ دەنگ بێنێ ئەو کەسەی کە ئەبێ بە سەرۆکی دەستەکە، بەڵام ئەگەر یەکێك لەو سێ کاندیدەی کە دەسەڵاتی دادوەری ناردوویەتی بۆ پەرلەمان نەیتوانی دوو لەسەر سێی دەنگ بێنی، ئەوە دوو کاندید کە یەکەم دەنگیان بە دەست هێناوە کە هەر کامێکیان زۆرتری هێنا لەویتریان هەر دەنگێکی بەدەست هێنابێ ئەوە براوەی دەبێ و دەبێتە سەرۆکی دەستەکە، رای دووەمیان پێم وایە لە لیژنەیەکی پەرلەمانی سێ کەسەکە کاندید بکەن، وە دوو لەسەر سێ بێنێت ئەو کەسەی کە یەکەم جار سەرکەوتن بەدەست دێنێ وە ئەگەر دوو لەسەر سێی بە دەست نەهێنا دووانی یەکەم هەر کامێکیان زیاتری هێنا ئەبێتە سەرۆکی دەستەکە، بۆیە تکایە یەك بەیەك رایەکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە فەرموون بیخوێننەوە رای یەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رای یەکەم:

یەکەم پەرلەمان هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی دەنگدانی نهێنی  بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان لەنێوان سێ کاندید کەوا ئەنجومەنی دادگەری لە هەرێم کاندیدیان دەکات، ئەوەی هەلدەبژێرێت بە مەرسومێکی هەرێمی و بە پلەی وەزیر دادەمەزرێت وە لە حاڵەتی سەر نەکەوتنی، هیچ کام لەم کاندیدانە بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان، ئەوە هەڵبژاردن لە نێوان ئەم دوو کاندیدە دووبارە دەکرێتەوە کە زۆرینەی دەنگەکانیان بە دەست هێناوەو، ئەوەی زۆرینە بە دەست بهێنێ بە سەرکەتوو دادەنرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەل ئەم رایەیە؟ کێی لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە کە دەسەڵاتی دادوەری کەسەکە کاندید بکا لە بۆ پەرلەمان؟ (٣١) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نیە؟ کێ دژیەتی؟ (٤٢) کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند نەکرا، بۆیە تکایە رای دووەم بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبوو رای سەرۆکی دەستەی نەزاهە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرێ لەو بابەتە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رای ئەندامانی پەرلەمان بەرێز د. ڤالا سەرۆکی دەستە رای خۆی وت، ئەندامانی پەرلەمانیش ئەتوانن قسەی خۆیان بکەن لەم بارەیەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رای دووەم لە ئەنجومەنی هەرێم دەگۆڕێت بۆ لیژنەیەکی پەرلەمانی، بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە هەلبژاردنی سەرۆکی دەستە لەلایەن پەرلەمانەوە دەبێت، بە دەنگدانی نهێنی زۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامەکان لە نێو سێ کاندیدا لیژنەیەکی پەرلەمانی کاندیدیان دەکاتو ئەو کەسە کە هەڵدەبژێردرێت مەرسومێکی هەرێمی بە پلەی وەزیر دادەمەزرێت وە لە حالەتی سەرنەکەوتنی، هیچ کام لەم کاندیدانە دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان، ئەوا هەڵبژاردن لە نێو ئەو دوو کاندیدە دووبارە دەکرێتەوە کە زۆرینەی دەنگەکانیان بە دەست هێناوە، ئەوەی کە زۆرینە بە دەست دەهێنێ ئەوە بە سەرکەوتوو دادەنرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز ابو کاروان نوقتەی نیزامیت هەبوو ؟فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند جارێکی تر دوو پاتم لەو مەسەلەیە کردۆتەوە، ئەوەی کە دوو خاڵ بێ، دوو رەئی بێ، پێویستە یەك جار دەنگی لەسەر بدرێ، ئەچێتە نیزامی خەیاراتەوە، ناکرێ لە هەردووکیا، بڵێی کێ لەگەڵیەتی؟ کێ دژیەتی؟ هەردو خەیارەکە بخرێتە دەنگەوە ئەوەی زۆرینەی هێنا ئەوە سەر ئەکەوێت، زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز كاك ابو كاروان تا ئێستا رێ و شوێنی دەنگدان لە پەرلەمان بەم شێوەیە بووە خەیار بە خەیار واتە را بەرا ئەخرێتە دەنگەوە ئەگەر یەكێكیان سەركەوتنی بە دەست نە هێنا ئەچینە سەر رای دووەم، رای دووەم ئەگەر سەركەوتنی بە دەست هێنا، یان ئەوەش سەركەوتنی بە دەست نەهێنا ئەچینە سەر رای سێیەم كە رەنگە رای جەنابت بێت ئێستا كێ لەگەڵ رای دووەمە كە ئێستا خوێندرایەوە؟ واتە سێ كەسەكەی كاندید بۆ سەرۆكی دەستەكە لە لایەن لیژنەیەكی پەرلەمانیەوە كاندید بكرێن، (٤٦) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ (٢٢) كەس دژیەتی كەواتە پەسەند كرا، ئەچینە سەر بەندی دوای ئەو بەندی حەوت.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان .**

رای دووەم/ بەندی حەوت برگەی پێنجەم هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، پەرلەمان بۆی هەیە، پرساندنی سەرۆكی دەستە بكات بە پێی رێكارەكانی پرساندنی وەزیرەكان سەرۆك بە بریاری پەرلەمان، بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ لە یەكێك لەو حاڵەتانەی خوارەوە لە پۆستی خۆی دەبەخشرێت.

١- ئەگەر بڕیارێكی دادگەری بنبڕ دەرچێت بە تاوانبار كردنی بە ئەنجامدانی تاوانێكی بە ئەنقەست یان كەتنێكی ئابڕووبەر.

٢- ئەگەر درێغی یان كەم تەرخەمی گەورە لە ئەنجامدانی كارو ئەركەكانی بسەلمێنرێت.

٣- خراب بە كارهێنانی دەسەڵاتەكانی.

بڕگەی شەشەم وەكو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د. بەهار محمدود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی شەشەم:

بڕیاری لابردنی سەرۆك لە پۆستەكەی لە هەردوو حاڵەتی (٢، ٣) لە بڕگەی پێنجەمی ئەم ماددەیە لەسەر راسپاردەی لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە دەردەكرێت كە بە بڕیاری پەرلەمان بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ بە سەرۆكایەتی سەرۆكی دادگای تەمییزی هەرێم و ئەندامێتی دوو لە پێشكەوتووترین ئەندامانی دادگا پێك دەهێنرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ كاك شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاز ئەكەم لەهەر شوێنێكا وشەی بەخشین هەبوو لە پۆستەكەی بگۆردرێت بە لە پۆستەكەی لادەبرێت، كە بە پێی ئەوەش بێت، یەعنی بەخشین جۆرێكە لە ئیمتیاز بەراستی، بەڵام لابردن جۆرێكە لەسزا لەسەر ئەوانەی، كە لە قانونەكە هاتووە، كە پێی تاوانبار دەكرێ بۆیە پێشنیار ئەكەم وشەی لە هەر كوێ بەخشین هەبوو بكرێ لە پۆستەكەی لادەبرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فەرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من رەئیم وایە پەرلەمان بۆی هەیە پرساندنی سەرۆكی دەستە بكات، بە پێی ریكارەكانی پرساندنی وەزیرەكان، سەرۆك بە بڕیاری پەرلەمان بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی لە یەكێكی لەم حالەتانەی هەڵدەبژیردرێ جیا بكرێتەوە پرساندنی سەرۆك بكرێتە خالێكی سەربەخۆ لەمە جیا بكرێتەوە لەم پێشنیارەكەم ئەوەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان وەڵلاهی من شتێكم هەیە من تەسەور ئەكەم لە چوارچێوەی نوقتەی نیزامیا جێگای ببێتەوە داواكاریەكە لە جەنابت، هەموو جارێك ئێمە ئەبیستین ئێمە لە دەرەوە تەرویجی ئەوە ئەكەین لە ناو جەماوەری خەڵكی كوردستاندا كە ئەڵێی ئێمە لە ناو قاعەی پەرلەمان نوێنەری هەموو خەلكی كوردستانین، حیزبایەتی ناكەین، كوردایەتی ئەكەین، مەعولەمە جەنابت هەموو جارێ رێگە بەوە ئەدەی كە من جوملەكەم بەنەس نووسیوە ئەڵێ هەر شتێك لێرە دەرئەچێ تابیعی حیزبی هەیە، من لە جەنابت ئەپرسن ئەمە راستە؟بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەتوانی سەیری پرۆتۆكۆل بكەی ئەتوانی ئێستا ئەمر بفەرموی بۆت بێنم، هەر شتێك لێرە دەردەچێت تابیعی حیزبی پێوەیە، ئەگەر ئەمە راستە هیچ پێویستی بە پەرلەمان نیە هەرێمی كوردستان هەر كەس لە مەقەڕی خۆیەوە حیزبایەتی بكا ، بەڵام بە بۆچوونی من راست نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تەبعەن شتێكی زۆر ئاسایشە كە ئەم فراكسیۆنانەی لە پەرلەمانی كوردستانن نوێنەری حیزبەكانیشیانن،وە ئەو حیزبانەش ئەو نوێنەرانەی ناردوون، هەریەكە بەرنامەیەكی سیاسی لە كاتی هەڵبژارنەكاندا خستۆتە روو بۆ دەنگدەرەكانی وە بە پێی ئەو بەرنامە سیاسییەوەیە پێی ئیش كردنی كادیرە حیزبیەكان ئەم

فراكسيۆنانە هاتوونەتە پەرلەمان، بۆيە بيرو بۆچوونى ئەو بەرنامە سياسيەشى ئەم فراكسيۆنانەى پێى هاتۆتە پەرلەمان پێم وابێت هيچ كێشەيەكى تيا نييە لە ناو پەرلەمانيشا ئەو بيرو بۆچوونانە جياوازيشيان هەيە، بەڵام ئەمە رێگر نييە لەبەر دەم بۆ ئەوەى كە ئەندامانى پەرلەمان بيرو بۆچوونى سەربەخۆشيان هەيە لە پەرلەمان وە جارى واش هەيە بيرو بۆچوونى ئەمانە جياوازە لە بيرو بۆچوونى فراكسيۆنەكانيان وە يە شێوەيەكى سەربەخۆ بير دەكەنەوە، بەڵام ئەوەى كە بوترێ هەموو ئەو شتانەى كە لە پەرلەمان ئەكرێ يان دەرئەچێ تابعێكى حيزبى هەيە، بەمە شێوەيە نييە، ئەزموونيش ئەمەى دەرخستووە. كاك سهراب فەرمووو.

**بەڕێز سهراب ميكائيل محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئاخافتنێت من هاتنە كرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

راى ليژنە پەيوەنديدارەكان ئەوەى كە باسكرا لەلايەن ئەندامانى پەرلەمان .

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

راى دووەم/ ئەوەى زياتر كە باسكرا تێبينى لوغەوى بوون و وشەى (بەخشين) دەكرێت بە وشەى (لادەبرێت) و بەم شێوەيە دادەڕێژرێتەوە .

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

بەرێز د. احمد هيچ تێبينيەكت هەبوو، بۆ ئەو ئێستا چاك بكرێ، بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەى بيخەينە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان .**

راى دووەم / بەندى حەتەم

بڕگەى پێنجەم هەموار دەكرێت و بەم شێوەيە دەخوێندرێتەوە:

پەرلەمان بۆى هەيە پرساندنى سەرۆكى دەستە بكات بەپێى رێكارەكانى پرساندنى وەزيرەكان، سەرۆك بە بڕيارى پەرلەمان بە زۆرينەى دوو لەسەر سێ لە يەكێك لەو حاڵەتانەى خوارەوە لە پۆستەكەى لادەبرێت:

١-ئەگەر بڕيارێكى دادگەريى بنبڕ دەربچێت بە تاوانبار كردنى بە ئەنجامدانى تاوانێكى بە ئەنقەست يان كەتنێكى ئابڕووبەر.

٢-ئەگەر درێغى يان كەمتەرخەمى گەورە لە ئەنجامدانى كارو ئەركەكانى بسەلمێنرێت.

٣-خراپ بەكارهێنانى دەسەڵاتەكانى.

**بەڕێز د. بەهار محمدود فتاح :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەی شەشەم:**

**بڕیاری لابردنی سەرۆك لە پۆستەکەی لە هەردوو حاڵەتی (٢، ٣) لە بڕگەی پێنجەمی ئەم ماددەیە لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دەردەکرێت کە بە بڕیاری پەرلەمان بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای تەمییزی هەرێم و ئەندامێتی دوو لە پێشکەوتووترین ئەندامانی دادگا پێك دەهێنرێت.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵ ماددەکەیە بەم شێوەیەی کە خوێندرایەوە؟ (٦٥) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کێ دژیەتی؟ کەس نیە کەواتە پەسەند کرا، بەڕێزان ئەمڕۆ دانیشتنەکەمان کۆتایی پێ ئەهێنین هەڵی ئەگرین بۆ سبەینێ بۆ کاتژمێر (١١) دانیشتنەکەمان دەست پێ ئەکەینەوە .**

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)ی**

**چوارشەممە رێکەوتی ٢٠١٤\١١\٢٦**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٣)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١١/٢٦

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١١/٢٦ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٣)ی نخولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١٣)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١١/٢٦ دا بەم شێوەیە بێت:

١. بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١) بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٣)، ڕۆژی دانیشتن (٢٠١٤/١١/٢٦)، بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (١٣)ی خولی گرێدانی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (٢٠١٤/١١/٢٦) بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت،

١. بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١) بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو بەخشیندەی میهرەبان، ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی لە بەرواری (٢٠١٤/١١/٢٥)، مۆڵەت پێدراون یان بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، بەم شێوەیەی خوارەوەیە: لە کۆبوونەوەی یەکەمی ئەو ڕۆژەدا (باپیر کامەلا ـ مۆڵەت، پەروا علی ـ مۆڵەت، زۆزان صادق ـ مۆڵەت، گەشە دارا ـ مۆڵەت، گۆران ئازاد ـ مۆڵەت، یروانت نیسان ـ مۆڵەت)، لە دانیشتنی دووەم لە بەرواری (٢٠١٤/١١/٢٥) ئێوارە مۆڵەت پێدراون یان بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، بەم شێوەیەی خوارەوەیە: (باپیر کامەلا ـ مۆڵەت، پەروا علی ـ مۆڵەت، زۆزان صادق ـ مۆڵەت، گەشە دارا ـ مۆڵەت، گۆران ئازاد ـ مۆڵەت، یروانت نیسان ـ مۆڵەت)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئێستا داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٢) لە بەرواری (٢٠١٤/١١/٢٥)، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو،

١ ـ دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

٢ـ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئامادەنەبوو و، ئامادەنەبووی کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان، هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمان.

٣ ـ ئاڵوگۆڕکردنی خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار لەگەڵ خاڵی دووەم و بە پێچەوانەوە.

٤ـ گفتوگۆکردن لە سەر پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەستەی دەستپاکی و، بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ دواخرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان داوای لێبووردن دەکەین بەهۆی هەندێك کاری پێویستی پەیوەندیدار بە دروستکردنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم و، پەیوەندی نێوان پەرلەمان و حکومەت و مەسەلەی پرسیارەکانی ئێوە کە بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان هاتە نووسینگەی سەرۆکایەتی بۆ ماوەیەك دواکەوتین لە کۆبوونەوەکە، ئێستا داوا لە سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دەستپاکی پەرلەمان دەکەین کە بفەرموون بۆ سەر منەصە بۆ دەستکردن بە بەرنامەی کار، فەرموو کاك علی نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیزامی نییە، بەڵام دوێنێ حاڵەتێك روویدا هێزەکانی بەدر لە ناو جەرگەی شاری کەلاردا لە مامۆستایەك دەدەن، زۆر خراپی لێ دەدەن،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە نوقتەی نیزامی نییە، کاك علی،

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە ئەزانم نوقتەی نیزامی نییە، بەڵام هەموو دام و دەزگاکانی دەوڵەت تێ دەگەیەن و هەمووی بێ باکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، هەمووی بێ دەسەڵاتی پێشان دەدات، یەعنی ئەگەر (١٠)ی تریشیان بکوژتبایە وەك ئێستا

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت دەتوانی یاداشتێك ئاڕاستەی ئێمە بکەی بۆ ئەوەی ئەم بابەتە بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، گفتوگۆی لە سەر بکرێ، فەرموو کاك عمر نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی رۆژی (٢٠١٤/١١/١٠) ساڵی دووەم، من لەگەڵ ژمارەیەك هاوڕێم ئامادەی هۆڵی پەرلەمان بووین، لە جەلسەکە حازر بووین، نیصابمان تەواو کردووە، لە دەرەوە لە سەر دەفتەرەکە واژۆمان کردووە، بەڵام ئەوەی زۆر جێگای داخە لە دانیشتنی رۆژی (١٨)ی مانگدا ئێمە وەك نەهاتوو یان غائیب دانراین، هیوادارم ئەمە نەبێتە نەریتێك، ئێمە لە سەر بابەتێکی دیاریکراو بە شێوەیەکی زۆر مەدەنیانە، زۆر شارستانیانە هۆڵەکەمان بەجێ هێشتووە و چووینە دەرەوە، تەعبیرمان لە رەئی خۆمان کردووە، داوامان کردووە رێگەی قسەکردنمان پێ بدرێ، رێگەمان پێ نەدراوە، بمبوورە با قسەکەم تەواو بکەم جەنابی سەرۆك، ناکرێ لە سەر هەڵوەستەکردن لە بابەتێك

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ئەو قسانە دووبارەیە، کاك عمر من ئێستا وەڵامت دەدەمەوە، ئەوەی جەنابت باسی دەکەی راستە، ئاخر دووبارەیە،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با قسەکەم تەواو بکەم، لەم هۆڵە دووبارەم نەکردووە، ئەوە باسی قسەکردنم کرد، بمبوورە، باسی غیابم نەکردووە بەهیچ جۆرێك، ئەمە یەکەم جارە باسی غایب بوونی خۆم دەکەم، لە سەر هەڵوێستێکی سیاسی،

مەدەنی، یاسایی کە من چوومەتە دەرەوە لەم هۆڵە لەگەڵ دوو هاوڕێم، زۆر بەداخەوە ئەوەی لە سەرۆکایەتیەکانی پێشتر نەیانکرد بەرامبەر بە ئەندام پەرلەمان ئێوە بەرامبەر بە ئێمە کردووتانە، ئێمە لە سەر هەڵوێستێکی مەدەنیانە چووینەتە دەرەوە، زۆر زۆر بە ئەدەبەوە، بە تەربیەتەوە چووینەتە دەرەوە، هیچ جۆرە یاسا شکێنیەکمان نەکردووە، تەعبیرمان لە رەئی خۆمان کردووە، ویستوومانە دەنگی دەنگدەرانی خۆمان بگەیەنین بە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام رێگەمان پێنەدراوە لە سەر ئەوە چووینە دەرەوە، بەڵام ئێمە بە غائیب نووسراین لە کاتێکدا ئێمە نیصابی قانونیمان تەواو کردووە و زۆر داوای لێبوردن دەکەم،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەبعەن ئێمە لێرە موراقیب نین، غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان بنووسین، غیاباتی پەرلەمان لە کاروباری پەرلەمانەوە رێك دەخرێت و، ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی ئێمە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەین بزانین جەنابتان بۆچی بە غیاب نووسراون و، دوایی وەڵامی ئێوەش دەدەینەوە لەم بوارە، فەرموو د.سراج،

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەواو پاڵپشتی کاك علی دەکەم و، داواش لە بەڕێزتان دەکەم کە پەرلەمان هەڵوێستێکی نیشتیمانیانە بنوێنێ بەرامبەر ئەو کەسانەی لە سەر بیروڕای مەزهەبی یاخود بلێین قەومی بەو شێوازە مامەڵەیان کردووە، داوا دەکەین کە پەرلەمان هەڵوێست بنوێنێ بۆ ئەوەی جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە، لەبەرئەوەی ئێمە نوێنەری خەڵکین،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سراج وەڵامی ئەویشم دایەوە، لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆدا هیچ شتێك لەو بابەتە نییە، بۆیە ئێوە دەتوانن بە یاداشت ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکەن، ئەگەر دەتانەوێ لە کۆبوونەوەی پەرلەمان باس بکرێ، ئەگەر دەتانەوێ لیژنەکانی پەرلەمان بەدواداچوونی بۆ بکەن، هەموو ئەو رێکارانە لەلایەن ئێوەوە دەتوانن بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بیگرنە بەر، فەرموو کاك علی،

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتەڤانیە ئاخافتنی کاك عمر عینایەت دکەم، ئو ب دیتنا من تشتەکی دروست و شارستانیە ل هۆلا پەرلەمانیدا دێ دانیشتنا یاسایی ژی حازری و غایبی بێتە کرن، چونکە ئەم داخازا دکەم قوتابخانە و زانکۆ ئەڤ دیاردە نەمینێت، ئەڤرۆکە لە هۆلا پەرلەمانی کوردستانی هەبیت ئەڤە دیاردەیەکە ب شارستانی و دروست نزانم، هیڤیدارم پێداچوون پێدابێتە کرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە مەسەلەیەكە پەیوەندیدارە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، جەنابتان دەتوانن پەیڕەوی ناوخۆ هەموار بكەن، غیاباتی تێدا نەبێ، هەركاتێك ئەوەتان كرد، ئەو كاتەی ئێمەش غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان ناخوێنینەوە، فەرموو د. شوان،

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر (د.شوان قەلآدزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی كام ماددەی پەیڕەوی ناوخۆ لە سەر بایكۆت یان لە سەر هەڵوێستێكی سیاسی، مەدەنی كەسێك غایب دەدرێ، ئەگەر بەو پێیە بوایە دەبوو لە خولی سێیەمدازۆریك لەو پەرلەمانتارانەی كە بە مانگ بایكۆتیان دەكرد، دەبوو ئەسڵەن هەر لە كاری پەرلەمان دووربخرابانەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم بابەتە پەیوەندیدار نییە بە ئێمە، بە دەستەی سەرۆكایەتی، غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان لە رێگای ئیمزاوە لەلایەن كاروباری پەرلەمانەوە رێكخراوە، سەبارەت بەو بابەتەشی كە باستان كرد، ئێمە لێكۆڵینەوە دەكەین، ئەگەر ئێوە ئیمزای ئەو وەرەقەیەتان كردبێ پێش ئەوەی بڕۆنە دەرەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە غیاب نابن، ئەوانیش لە سەر وەرەقەكە غیابات دەنووسن، لە سەر واژۆكانتان و، ئەگەر نا هیچ بابەتێك لەوە لە ئارەدا نییە، ئەوەی رۆیشتە دەرەوە لە هۆڵی پەرلەمان یەكسەر بە غیاب بنووسرێ ئەمە یەك، دوو: ئەوەشی كە بایكۆت دەكات بە غیاب نانووسرێ، یان ئیمزای نەكردووە رۆیشتە دەرەوە بە غیاب نا نووسرێ، ئەوەش مەسەلەیەكە پەیوەندیدارە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، دەبێ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا ئەوە موعالەجە بكرێ، فەرموو مامۆستا هەورامان،

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف(هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بۆ خۆم پرسیارم لە جەنابت كرد و، پرسیارەكەشم بۆ ئەوە بوو كە بەڕاستی حاڵی ببم، هیچ مەبەستێكم نەبوو، پێم وتی ئایا بایكۆت كردن یەكسانە بە غایب بوون، فەرمووت بەڵێ، لە راستیدا منیش ئەو قسەیە دووپات دەكەمەوە ئەگەر بایكۆت كردن غایب بوون بێ دەبێ خولی سێیەم ئەو پەرلەمانتارانە هەموو عەلامەت ئیسفهام بخرێتە سەر ئەندام بوونیان، ئەوەندە بایكۆتیان كردووە، حەقی خۆشیان بوو،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم قسانەتان هەمووی دووبارەیە، وەكو باسم كرد لەلایەن سكرتێری پەرلەمانەوە بەدواداچوون بۆ ئەو پرسە دەكرێ و، دوایی وەڵامی پەرلەمانتارانیش دەدرێتەوە، لە خولی پێشووش چۆن كراوە؟ چۆن نەكراوە؟ ئێمە مولزەم نین پێی، پەیڕەوی ناوخۆ پەیوەندی نێوان ئێمەو پەرلەمانتاران رێك دەخات و هیچی تر، بۆیە تكایە ئەم مەوزووعە واز لێ بێنن، ئێمە لێرە وەكو باسم كرد مەعنی نین بە غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان، بەشێوەیەكی ئسوڵی رێكخراوە، هەر گلەییەكیشتان هەیە لە پەیڕەوی ناوخۆ، هەر پێشنیارێكتان

هەیە بۆ هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ دەتوانن بیدەن بە لیژنەی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ، فەرموو خاتوو زولفا،

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ئەوەی کە کاك علی باسی کرد ئەوە بەس نەبوو، دوێنێ ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بوو، هێزەکانی بەدر هەر لە کەلار ئیهانەیەکی زۆریان بە کچە خوێندکارەکانی ئەوێ کردووە، بە قسەی ناشرین، بە دەبە تێگرتن، بە ئیشارەتی ناشرین،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێم وابێت وەڵامم دانەوە،

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە هەلوێستەی لە سەر بکرێ،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆماندا نییە، ئێوە دەتوانن بە یاداشتێك ئەمە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن، بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کار یان لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان بەدواداچوونی بۆ دەکەن، فەرموو کاك ئاری،

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم(ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای (١٠٠٪) بۆ پشتیوانی کردنم بۆ قسەکانی بەڕێز کاك علی حەمە صالح، مەسەلەیەکی تر هەیە ئەوەی جەنابت دەفەرموێ ڕاستە لە پەیڕەوی ناوخۆدا مەسەلەی غیابات باسکراوە، بەڵام ئالیاتی ئیش پێکردن بەوە دەستەی سەرۆکایەتی دایدەنێ، ئینجا بۆیە ئەم حازر و غیاب کردنە، ئەوە بەدەست خۆتانە و، ئێمە لە کۆبوونەوەی لیژنە لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان بڵێین کۆبوونەوەی سەرۆکی لیژنەکان ئەوەمان باسکرد، دیار بوو تەعاتووفێ هەبوو و، بە ئێمەی وت کە ئەو مەوزوعە دێنێتە کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتیەوە، هیوادارم کە دەستەی سەرۆکایەتی ئەم مەوزوعە بە هەند وەربگرێ لەبەرئەوەی ئەو ئێمە حاڵی بووین، زۆرینەی ئەو ئەندام بەڕێزانەی لە هۆڵەدا نەڵێم هەمووی دژی ئەمەیە، ئینجا بۆ ئەوەی کە تەنسیق و لێك حاڵی بوون لە بەینی ئەندام پەرلەمانەکان و بەڕێزت و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەبێت، حەقە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەو مەوزوعە بەهەند وەربگرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا غریب.

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پرۆتۆكۆلەی كە دابەش كرا بە سەر ئەندامەكاندا دووبارەبوونەوەی تێدایە، ژمارە چوار و ژمارە پێنچ تێكەڵ بوون بەیەكەوە، پرۆتۆكۆلی ژمارە چوار لاپەڕە (٢٨٢) تا (٣٤٤) پرۆتۆكۆلی ژمارە پێنجی تێدا نووسراوە، لە لاپەڕە (٣٦٤) دەست پێ دەكات تا كۆتاییەكەی هەمووی دووبارەیە، تكایە چارەسەر بكرێت،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك ابوبكر.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله (ابوبكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەموو لایەك و، خەڵكی كوردستان خۆشحاڵین بەو سەركەوتنانەی هێزی پێشمەرگەی كوردستان لە جەلەولا و سەعدیە و پاككردنەوەی ئەو دوو شارە لە دەستی تیرۆریستانی داعش، بەڵام ئێستا جەنگێكی ڕاگەیاندن لە نێوان لایەنە سیاسییەكانی كوردستاندا هەیە كە هەر لایەنە و خۆی دەكاتە خاوەنی ئەو سەركەوتنە، قوربانی و سووتەمەنییەكەش، پێشمەرگە ڕەش و رووتەكانی كوردستانن، لەبەرئەوە ئەمە خزمەت بە كۆ دەنگی و یەك دەنگی كوردستان ناكات كە ئێستا پێم وایە ئەو كۆ دەنگییە لە ئاستێكی باشدا لە نێوان هێزە سیاسییەكانی كوردستان هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، ئەگەر لەم بابەتە هەر قسەیەكتان هەیە ئێوە دەتوانن بە یاداشتێك ئاڕاستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی بكەن، بۆ ئەوەی بیخەینە بەرنامەی كارەوە، ئێستا لە بەرنامەی كاری ئەمڕۆماندا نییە، بە دڵنیاییەوە یاداشتی ئێوە بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگیرێ، ئەگەر ئەو بابەتە دەتانەوێ بیهێنینە ناو پەرلەمان یان لیژنە پەیوەندیدارەكانی پەرلەمان بەدواداچوونی بۆ بكەین، بۆ زانیاریشتان لە یەكەم ڕۆژی ئەو ڕووداوانەشەوە ئێمە لیژنەی پێشمەرگەی پەرلەمانی كوردستانمان ڕاسپاردووە كە بەدواداچوون بكات، بەڕێز كاك ئاری هەرسین خۆی لێرەیە داوامان لێكردووە كە بەدواداچوون بۆ ئەم پرسە بكا بە دوور لە باسكردنی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن، چونكە ئێمەش نامانەوێ ئەو حاڵەتەی كە جەنابت باست كرد ببێتە هۆی تەشەنوجی زیاتری نێوان لایەنە سیاسییەكان، بەڵام ئەگەر ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێیان باش بێ ئەوكاتەی لە دانیشتنێكی پەرلەماندا دەتوانین باسی بكەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، هەرچەندە بەڕێزتان روونکردنەوەتاندا  لە سەر مەسەلەی غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام من پێم وایە بایکۆت کردن لەم خولەش، باسی خولی پێشتریش ناکەین، زۆرجار لەلایەن کۆمەڵێك پەرلەمانتار و خوشك براکانم روویداوە، بەڵام هیچ کاتێك مەسەلەی غیابات نەگیراوەتە بەر و، غیاب دانیش لە دەسەڵاتی ئێوەیە و، پێم وایە بە ئاگاداری ئێوەیە، موهیمە بۆئەندامانی پەرلەمانی روون بکەینەوە کە ئایا ئەگەر چونکە ئەمە دووبارە دەبێتەوە ئەندامی پەرلەمان لە سەر مەوقفی سیاسی بەپێی تێگەیشتنی ئێوە بۆ پەیڕەوی ناوخۆ لە هۆڵی پەرلەمان ئامادە بوو دواتر بەهەر هۆکارێك بێ چووە دەرەوە غیاب دەدرێ یاخود نا؟ ئەمە بۆ هەر چوار ساڵەکە بۆ ئەوەی بۆ ئێمە روون بێ لە سەر ئەو مەوقیفە، چونکە ئەمە مەوزوعێکە لە دەسەڵاتی ئێوەیە و، بە ئاگاداری ئێوەیە، بەڵام دەکرێ ئێوە بێ ئاگا بووبن کاروباری پەرلەمان کردبیتیەوە و، لە هۆڵی پەرلەمان غیاباتەکەتان خوێندبێتەوە هەر لەم خولەدا روویداوە، بەڵام کەسیش غیاب نەدراوە، بۆیە پێویستە ئەم مەوقیفە بە روونی تێگەیشتنی ئێوە لە سەر غیاب و غیاب نەبوونی ئەندامی پەرلەمان شێوازی غیاب دانەکەی بۆ ئێمە روونبکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو باسم کرد، ئێمە لە ناو هۆڵی پەرلەمان غیابات هاتۆتە بەردەست بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، سکرتێری پەرلەمان خوێندوویەتییەوە ئیعتیرازێك ئەگەر لە سەر ئەمە هەبووبێ داوامان کرد، لە دانیشتنی پێشووش داوامان کرد کە ئەگەر ئیعتیرازێك لە سەر ئەم بابەتە هەیە بە نووسراو ئاڕاستەمان بکرێت، دوێنێ نووسراوێکمان ئاڕاستەکراوە و، ئیعتیراز لە سەر ئەم بابەتە هەیە، ئێمە بەدواداچوون دەکەین بۆ غیابی ئەو رۆژە کە جەلسەی (١٠)یەمی پەرلەمان و، دواتر هەر روونکردنەوەیەکیش هەبوو دەتوانین لە هۆڵی پەرلەمانیش باسی بکەین، سەبارەت بەو بابەتەشی کە جەنابت باسی دەکەی ئایا بایکۆت بە غیاب دەنووسرێ یان نا؟ ئێمە تا ئێستا هیچ بڕیارێکمان لەم رووەوە نەداوە، دەتوانین بە راوێژ لەگەڵ خۆتان، لەگەڵ لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەو لیژنەیەی کە ئێستا خەریکی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆیە ئەم بابەتە رێك بخەین و، بۆ داهاتووش ئەم بابەتە رێك بخەین، مەسەلەیەکی ئەوەتۆ نییە، مەسەلەیەکی ئەوەندە قورس نییە کە بەم شێوەیە لە ناو هۆڵی پەرلەماندا بورووژێندرێ، جگە لە مەسەلەیەکی ئیجرائی، جگە لە ئیجرایەکی رۆتینی کە لەلایەن کاروباری پەرلەمانەوە لەوە دەچێ گیراوەتەبەر لەوەی کە غیاباتی ئەو رۆژە جێکی ئیمزاکان کرابێ و، لەوەوە غیابات نووسرابێ، جگە لەمە هیچ شتێکی تری لە پشتەوە نییە، وەکو باسیشم کرد دەستەی سەرۆکایەتی ئاگامان لێ نەبووە تا غیابات لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە خوێندراوەتەوە، فەرموو خاتوو حیات.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لێرە باسی ئامادەبوون و ئامادەنەبوون و ئەو شتانە زۆر کرا، بەڵام بەنیسبەت خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی لیژنەکاندا، ئێوە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان مولزەم نین لە خوێندنەوەی ناوی ئەندامان لە کۆبوونەوەی لیژنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان ئینجا تکایە چارەسەرێکی ئەو مەسەلەیەش بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان غیاباتی ئەندامان لە لیژنەکان بەهەمان شێوەی غیاباتی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، بۆ خۆتان دەزانن لیژنەکان کاروباریان نەدەچوو بەڕێوە، دانیشتنەکانیان ئەنجام نەدەدا، لەبەرئەوەی نیصابی یاسایی دانیشتنەکانیان تەواو نەدەکرا، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی بە راوێژ لەگەڵ سەرۆکی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەو ئیجرائە کە بە تەواوەتی پەیڕەوییشە، چونکە بەپێی پەیڕەو هەموو ئیجرائاتێك کە پەیوەستە بە غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان سارییە بەسەر غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنەکانیش و، ئەمە دەرهاویشتەی زۆر ئیجابی لێ کەوتۆتەوە، ئێستا دانیشتنەکانی لیژنەکان زۆر بە باشی دەڕواتە پێشەوە بەشێوەیەکی دەوری لیژنەکان دانیشتنی خۆیان ئەنجام دەدەن، ئەندامانی پەرلەمانیش حازر دەبن لە دانیشتنەکە و، ئێمە مولزەمین کە هەوڵی ئەوە بدەین ئەو یاسایەنەی کە دێتە ناو هۆڵی پەرلەمان خوێندنەوەیان بۆ دەکرێ داوا لە لیژنەکان بکەین کە راپۆرتیان لە سەر حازر بکەن، داوا لە ئەندامانی پەرلەمان بکەین کە ئامادەبن لە دانیشتنەکانی لیژنەکان بۆ ئەوەی نیصابیان هەبێ بۆ ئەوەی کاروباری پەرلەمان پەکی نەکەوێ، پێم وابێ دەرهاویشتەی ئیجابی هەبووە، لە ماوەی داهاتوو دەتوانین سەر لە نوێ لەگەڵ سەرۆکی لیژنەکان بەدواداچوونەوە بکەین بۆ ئەمە پێداچوونەوەی بۆ بکەین، بەڵام وەکو باسم کرد ئێستا ئەم ئالیەتە گیراوەتەبەر و، پێم وابێ دەرهاویشتەی ئیجابی هەیە لە داهاتووشدا دەتوانین قسەی زیاتری لە سەر بکەین، فەرموو خاتوو تەلار،

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزت باسی بەهەند وەرگرتنی ئەو یاداشتانەت کرد کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندام پەرلەمانەکانەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی دەکرێ، بەڵام ئێمە بە ژمارەی یاسایی یاداشتێکمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد بۆ قسەکردن لە سەر کچان و ژنانی ئێزیدی، بەڵام تاکو ئێستا ئەو دانیشتنە نەکرا و، هیچ وەڵامێکیشمان وەرنەگرتۆتەوە، بۆیە داواکارین روونکردنەوە لە سەر ئەوە بدەن،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەبعەن ئەو بابەتەی کە جەنابت باست کرد، ئێمە بەتەنسیق لەگەڵ لیژنەی کاروباری ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان ئێستا لە هەوڵی ئەوەین کە لە ماوەی کەمی داهاتوو دانیشتنێکی پەرلەمان ئەنجام بدەین لە سەر ئەو بابەتەی کە باستان کرد بۆ ئەوەی بەرنامەی کاری دانیشتنمان هەبێ، راپۆرت لە

دانیشتنەکە بخوێندرێتەوە و، هەوڵی ئەوەش بدەین بە هەندێك راسپاردەی باشەوە لە کۆبوونەوەکە دەربچین وا خەریکی ئامادەسازین بۆ ئەو مەسەلە، ئێستا داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە بچینەوە سەر گفتوگۆکردن لە سەر بەندی یەکەمی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆ کە بریتییە لە بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١) بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو، کە هەردوو لیژنە ئێستا ئامادەن بۆ دەستکردنەوە بە گفتوگۆ، تکایە بەندێکی تری پڕۆژە یاساکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆوە،

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی هەشتەم: بڕگەی یەکەم: وەك خۆی دەمینێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. بەهار،

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی هەشتەم: ماددەی دەیەمی یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە، سەرۆك ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات.

١. بەڕێوەبردن و راگیرکردنی کارەکانی دەستەو مسۆگەرکردنی بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی لە سنووری یاسادا بەو جۆرەی هێنانە کایەی ئامانجەکانی مسۆگەر دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڤاڵا.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووم: هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، دامەزراندن و بەرزکردنەوەو تەئدیبکردنی فەرمانبەرانی دەستە بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

بڕگەی سێیەم: أ ـ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: دامەزراندنی لێکۆڵەر لە دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دەستە لەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بە کەلۆریۆسن لە یاسادا بەو مەرجەی کاری لێکۆڵەرەوە ئەنجام نەدەن تاکو دەرچوونیان لە خولێك لە پەیمانگای دادگەری هەرێم بۆ ماوەی (٣) مانگ و سوێند خواردنی ئەو سوێندەی لە یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاکارییەکانی ژمارە (٢٣)ی ساڵ (١٩٧١) دەقی لە سەر کراوە لەبەردەم سەرۆکی دەستە.

ب ـ لا دەبرێت و دەبرێتە ماددەی یانزە لە یاساکەدا،

بڕگەی چوارەم و پێنجەم و حەوتەم، لە بەندی هەشت هەڵدەگیرێ دەبردرێتە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی دەستە کە لە بڕگەی دووەم لە بەندی نۆ لە ئەسڵی یاساکەدا هاتووە بە خاڵی شەش و حەوت و هەشت.

شەشەم: وەکو خۆی دەمینێتەوە،

هەشتەم: وەکو خۆی دەمینێتەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. بەهار،

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەشەم: پێشکەشکردنی راپۆرتی ناوبەناو بۆ پەرلەمان هەر شەش مانگ جارێك یان هەر کاتێك پێویست بکات چالاکیەکانی دەستە پوختەیەك لە سەر ئەو کێشانەی لێکۆڵینەوەیان لێکراوە و ئەوانەی پارێزراون و یان داخراون ئەوانەی رەوانەی داداگا تایبەتمەندییەکان کراون لە خۆ بگرێت و دەستە لە پێگەی ئەلیکترۆنی خۆی بلاویان دەکاتەوەو دەیخاتە بەردەستی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی راگەیاندن.

هەشتەم: دەرکردنی ئەم رێنمایانەی لەم یاسایەدا دەقیان لە سەر کراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی دەرگای گفتوگۆ بکەنەوە جەنابتان لە سەر ئەو بابەتە لە بەڕگەی سێیەم خاڵی (أ) کە دەڵێن هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە، دیارە دامەزراندنی لێکۆڵەرەوەی دادی لێرانە دراوە بە سەرۆکی دەستە بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دەستە، بەڵام ئەندامانی پەرلەمان لەوە ئاگادار دەکەینەوە کە ئەو خاڵە بە پێچەوانەی ماددەی (٥١)ە لە قانونی ئسوولی مەحاکەماتی جەزائی و، هەروەها تەحقیق لە قەزایەی فەساد بەپێی قانونی ئسوولی مەحاکەماتی جەزائی پێویستە بە واسیتەی موحەققین بێ و، لە ژێر ئیشرافی قازی تەحقیقی موختەس بێ هەر بەپێی ئەو یاسایە و، هەر بەپێی ئەو یاسایە، و گفتوگۆش ئەهێڵینەوە بە تایبەت بۆ یاساناسەکان، بۆ ئەوەی ئەو خاڵە یاساییەش تێنەپەڕێ، وەکو ئەو دوو هەڵە یاساییەی کە دوێنێ بەسەرماندا تێپەڕی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ فەرموو کاك ئەبو بەکر هەڵەدنی.

**بەڕێز ابو بکر عمر(هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم (دامەزراندن و بەرز کردنەوە( وشەی (تادیب کردن) پێم وایە بکرێتە (بەرزەفت) کردن، ئەوەی لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هاتووە، لە بڕگەی سێیەم پشتگیری لە بۆچوونی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەکەم کە گێڕانەوە و دانانی موحەقیق عەدلی ئەوە تەجهیزە کردنی دەستەڵاتی دادوەرییە، ئەوەش بەپێی قانونی ئسولی مەحاکەماتی جەزائی کە کارپێکراوە لە هەرێم، سەلاًحیاتی وەزیری عەدلە، لە ئێستا ئەنجومەنی دادوەرییە و لەبەردەم سەرۆکی مەحکەمەی ئیستیئنافە سوێندی یاسایی ئەخۆن، تەبیعیە ئەو دەستە بەرێزە چەند لێکۆڵەری ئەوێ دەبێ ئەنجومەنی دادەوەری بۆیان دابین بکات، بەڵام پێم وایە دامەزراندنیان و پلە بەرز کردنەوە بۆ ئەنجومەنی دادوەری بگێڕینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتوو تەلار.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەم لەسەر بڕگەی سێیەمە، پشتگیری تەواوی قسەکانی دکتۆرە ڤالاً ئەکەم، چ دامەزراندنی، چ سوێندەکەشی هەردووکی نایاساییە، بۆیە لێرە پێویستە کار لەسەر ئەوە بکەین پێشێلکاری لە یاساکان نەبێ، بۆیە زۆر زۆر گرنگە ئەو سەلاحیاتانە بگەڕێنەوە بۆ ئەنجومەنی دادوەری، بۆ ئەوەی نەبێتە تەدەخول لە دەستەڵاتیان، و هەرکاتێ بیەوێ کار لەسەر جێ بەجێ کردنی یاسایەك بکرێ، پێویستە پێش وەخت هەمواری ئەو یاسایانە بکرێتەوە ئەگەر سەلاًحیەت بەو دەستەیە بدرێ، بەلاًم نابێ ئەو سەلاًحیەتانە پێچەوانەی یاسای بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر رسول ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەم پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی ئەکەم کە بە پێی یاسا کارپێکراوەکان بێ، و سەبارەت بە بڕگەی سێیەم خاڵی (أ) پشتگیری لە قسەکانی تەلار خان ئەکەم، خاڵی (ب) ناچێتە زیمنی دەستەڵاتی سەرۆکی دەستە، بەڵکو ئەوە دەستەڵاتی لێکۆڵەرەوەیە، و لە هەمان کات ماف و ئیمتیازە، بۆیە بکرێتە ماددەی (١١)، هەروەکو لیژنەی یاسایی لە ڕاپۆرتی خۆی ئاماژەی پێداوە، و بڕگەی چوارەمیش بە هەمان شێوە، و سەبارەت بە دامەزراندنی ئەکادیمیا، پێم وایە دروست کردنی دامەزراوە لە پێناوی دروست کردنی دامەزراوە کافی نییە، بە زەروری نازانم، چونکە ئەگەر دەستەی دەستپاکی نەتوانێ بە کردار ڕووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە، کە تا ئێرەش وەکو پێویست نەبووە، ئەوە دروست کردنی ئەکادیمیا بە تیۆری ڕووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە، پێم وایە هیچ ئەنجامێکی سلبی نابێ، و مەفهومی شەفافیەت و ئەوانەش ڕوون و ئاشکران، بۆیە ئەکرێ دەستەی دەستپاکی بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکان، و بۆ کارمەندەکانی

که له چوارچێوەی ئەو دەستەیە ئیش ئەکەن، خول بکاتەوە، له دەرەوەی وڵات بێ یان لـه نـاوەوەی وڵات، و حکومەت میزانییەی بۆ تەرخان بکات، نەك دامەزراوەیەك هەبێ بـه بـەردەوامی کـاری ئـەوە بـێ، و هـاوڕام لەگەڵ ڕاپۆرتی دارایی که بڕگەی (٧، ٨) ببرێتە ماددەی (٩) له ئەسڵیەکە، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر فرست.

**بەرێز د.فرست صوفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پاڵپشتی هـەموو ئـەو ڕایانـە ئەکـەم کـە لـە ڕاپـۆرتی هاوبـەش هـاتووە، تـەنیا ئـەو خاڵـە نـەبێ پاڵپشتی دکتۆرە ڤالآ و هاوڕێکانی دواتریش ئەکەم که پێم وایە مادام له خاڵێك هەر له ناو خودی تەعدیلی دەستەی نەزاهە کە پێشکەشیان کردووە ئەڵێ (یتمتع محقق الهیئة بنفس السلطات و الصلاحیات المحققین وفق قانون اصول المحاکمات الجزائیة)، هەمووی قانونی ئسوڵی مەحاکەماتی جەزائی لەسـەر تـەتبیق ئـەبێ، مـادام وایـە سوێند خواردنیشـی ئـەبێ بـەپێی قـانونی مەحاکـەماتی جـەزائی بـێ، دووەم، لەبـەر ئـەوەی قـانونی ئسـوڵی مەحاکەماتی جەزائی و قانونی عقوبات و قانونی مـەدەنی، ئەوانـە ئـەحکامی عامـەن، شـومولی ئـەو نەصـە ناکـات و بڵـێ (الخـاص یقیـد العـام) لەبـەر ئـەوە ئـەبێ ڕەچـاویان بکـرێ، بۆیـە ئـەبێ موحـەقیق لەبـەردەم مەجلیسی قەزا سوێند بخوا، نەك لەبەردەم دەستە، ئەوانی تریش لەگەڵ ڕاپۆرتی هاوبەشم، پێم باشـە ئـەو ماددانە بگوازرێتەوە بۆ ئەو شوێنە باسیان کردووە، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سۆران.

**بەرێز سۆران عمر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕام لەگەڵ قسەی بەرێز کاك دکتۆر فرست بـەوەی لەبـەردەم دادوەرانـی لێکۆڵـەر، لەبـەردەم ئەنجومـەنی دادوەری سوێند بخۆن، بەڵام ئەمەوێ سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە دوێنێ چ دوو شتی نایاسایی بەسەرمان تێپەڕیوە و قەبوڵ کراوە؟ وەکو بەرێزیان فەرموویان بـۆ ئـەوەی ئـەمڕۆ شـتی نایاسـایی بەسەرماندا تێنەپەڕێ، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عمر.

**بەرێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەو یاسا کارپێکراوانەی ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا دامەزراندن لە دەستەڵاتی سەرۆکی حکەمەتە بە سیڤی لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بەرز ئەکرێتەوە، و دەستەی وەبەرهێنان و دەستەی گەشت و گوزاریش دوو دەستەن هاوشێوەی ئەو دەستەیە سەرۆکەکەیان پلەی وەزیری هەیە، بەڵام دەستەڵاتی دامەزراندنیان نییە، ئایا هۆکار چییە دەستەڵاتی دامەزراندن دراوە بە سەرۆکی دەستە؟ و دامەزراندن لە چ پلەیەکەوە بۆ چ پلەیەکە؟ چونکە پلە تایبەتەکانیش ئەگرێتەوە، ئەویش لە دەستەڵاتی سەرۆکی هەرێمە، پشتگیری قسەکانی بەرێز کاك ئەبو بەکر و دکتۆر فرسەت ئەکەم دەربارەی لابردنی وشەی (تەئدیب) کردن، ئەو وتانەش بەرێز دکتۆر فرست کردی، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە جوان.

**بەرێز د.جوان اسماعیل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاسی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دەستپاکی ئەکەم لەسەر ئامادە کردنی ئەو ڕاپۆرتە، زۆر بە وردی ئامادە کراوە، سوپاسی ئامادە بوونی بەرێز دکتۆر ئەحمەدیش ئەکەم، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان، بە نیسبەت بەندی هەشتەم فەقەرەی دووەم لەگەڵ بەرێز کاك ئەبو بەکرم، دامەزراندن و بەرز کردنەوە، و وشەی تەئدیب کردن جوا نییە، بە عەرەبی پێی ئەڵێن عەینی، لێرەش نووسرایە، بکرێتە ئینزیبات بە عەرەبی، بەرزەفت کردنیش بە کوردی، بە نیسبەت فەقەرەی پێنجەم لە بەندی هەشتەم باسی دامەزراندنی ئەکادیمیەك ئەکات بۆ موکافەحەی گەندەڵی، و ئەرکەکانی ئەو ئەکادیمیایەی باسی کردییە کە توانای ڕاهێنان و بڵاو کردنەوەی چەمکەکانی دەستپاکی و لێپرسینەوە و شەفافیەت، ئەگەر بێینە لاپەڕەی حەفتەم کە باسی فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی ئەکات، ئەبینین نەفسی ئەرکەکانە بە نیسبەت شەفافیەت و نەزاهەت و بڵاوکردنەوە و زانیاری، و لاپەڕەی هەشت کە باسی فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت ئەکات، ئەگەر بێینە سەر فەقەرەی چوار و پێنج عەینی باسی پرۆگرامی ڕاهێنان ئەکات، و فەقەرەی پێنجەم باسی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری شەفافیەت ئەکات، مەعنای ئەرکەکانی ئەو ئەکادیمیایە دائیرەی تەحقیقات ئەیکات، و دائیرەی خۆپاراستن و شەفافیەتیش ئەیکات، لەبەر ئەوە ئەو ئەکادیمیایە بۆچی دابمەزرێ؟ وابزانم ئەوە تەشکیلاتی دائیریت بۆ زیاد ئەکات، دوو فەرمانگەت هەیە ئەو ئیشانە ئەکات، پێویست ناکات ئەو ئەکادیمیایە دروست بکرێ، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئومێد.

**بەرێز ئومێد حەمە علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر شوان.

**بەرێز عمر مصطفى (د.شوان قەلادزەیی):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە بە گشتی سەرۆکی دەستەکە سەلاحیاتی زۆری پێدراوە، ئەگەر بکرێ لە هەموویان بکرێ بە هاوکاری ئەنجومەنی دەستە، شتێکی ئاوا زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر سیراج.

**بەرێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی دووەم پێشنیار ئەکەم کە ئەوها ڕێکبخرێتەوە (سەرۆك ئەو دەستەڵاتانەی خوارەوە پیادە ئەکات): (أ و ب) بۆ زیاد بکرێ:

أ دامەزراندن و فەسڵ و تەئدیب کردن، تا ئێستا باسی فەسڵ کردن نەکرایە کە عیلمەن سەرۆکی دەستە حەقی دامەزراندنی هەیە، حەقی بەرز کردنەوەی هەیە، حەقی تەئدیبی هەیە، ئەبێ حەقی فەسڵ کردن و لادانیشی هەبێ کە خۆی بە شیاوی ئەزانێ.

ب- پێدانی قیدەمێك لە شەش مانگ تێپەڕ نەکات بۆ ئەو کەسانەی کە جهودی ئیستیسنائی نیشان ئەدەن، لەبەر ئەوەی لە ماددەی (١٨) باسی ئەوە ئەکات سەرۆکی دەستە بۆی هەیە ساڵێك قیدەم بداتە هەر موەزەفێك، بەراستی ساڵێك هیچ کەسێك ئەو سەلاحیەتەی نییە، تەنیا سەلاحیەتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، نەك سەرۆکی دەستەیەك، با ئەو قیدەمە لە ماددەی (١٨) نەمێنێ، و ببێتە شەش مانگ، و باسی فەسڵێشی تێدابێ، چۆن باسی تەئدیب کردنی و بەرز کردنەوە ئەکات، لە بڕگەی سێ، باسی دامەزرادنی لێکۆڵەر ئەکات، دامەزراندنی ئەوها بە ڕەهایی، پێشنیار ئەکەم وای لێبێ، لەبەر ئەوەی موحەقیقی نوێ، مەبەستم موحەقیقی نوێیە، ناکرێ موحەقیقێکی نوێ لە مەوزوعێکی وا هەستیار لە نوێ تەعین بکرێ، چونکە کارەکەی هەستیارە، بە گەنجێکی تازە دەرچوو تەسەور ناکەم، کەم تەرجوبە کاری تەحقیقی ئەو مەلەفە حەساسانە بگرێتە ئەستۆ،با وای لێبێ سەرۆکی دەستە داوای نەقڵ بکات، هەندێ لێکۆڵەر لە هەندێ شوێن کە ئەزموونی چەند ساڵیان هەبێ، واباشە لە (٣) ساڵ کەمتر نەبێ، ئەوانە بە نەقڵ بکرێ، بە هەمان حقوق و ئیمتیازاتی ئەو شوێنەی تێیدایە، و و ئەگەر موبەڕیڕاتیش هەیە کە ئەوان بە تەنسیب دێن و وەکو میلاك حیساب ناکرێ، ئەکرێ ئەوان بە نەقڵ بێن، بە هەمان ئیمتیازاتیش، بەڵام بەو شێوەیە نا کە ئەوان تەعینی نوێ بن و ئەزموونیان نەبێ، و مەلەفی وا حەساس بگرنە دەست، نوقتەی پێنجەم، دامەزراندنی ئەکادیمیا باس ئەکات، ئەکادیمیا ئیشی بحوس و دیراساتە،

لێره بەس باسی ڕاهێنانی کردووه، ناکرێ ئەکادیمیایەك باسی بحوس و دیراساتی تێدا نەبێ، بەڕای من وا باشە ئەکادیمیا باسی بحوس و دیراساتی تێدابێ، و باسی وجودی باحیس و لێکۆڵەرەکانیش بکات، لە هەمووی گرنگتر ناوی نەوتراوە، من بە چاکی ئەزانم ناویشی تەحدید بکرێ، ناوی بنێن ئەکادیمیای دەستپاکی، ئەکادیمیای کوردستان بۆ کاری دەستپاکی، ئەوەی بە زەرور ئەزانم، لەبەر ئەوەی ئەکادیمیا بەبێ ناو هاتووە، ئەبێ ناویشی بۆ دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قانونی نیم، لە پەرلەمانی کوردستان (۱۱) پەرلەمانتاری بەڕێز کە لە لیژنەی قانونین ئێمە خۆمان سسپاردووە بە ئەوان، بۆیە داوای ڕوون کردنەوە لە لیژنەی قانونی ئەکەم، ئەوەی دوێنێ تێپەڕیوە دوو بابەتی نا قانونی تێپەڕیوە، چونکە ئەوە مەسئولیاتە لەم خولە، ئەگەر وایە با ڕوون کردنەوە بدەن، ئەگەر وا نییە با ئەو قسەیە لە پرۆۆتۆکۆل بسڕنەوە، چونکە ئەوە ئەبێتە ماڵ لەسەرمان کە لەم پەرلەمانە شتی نا یاساییمان تێپەڕاندووە، داوای ڕوون کردنەوە ئەکەم لە لیژنەی یاسایی کە ئەوەی دوێنی نا قانونییە، یان قانونییە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنە پەیوەندیدارەکان قسەیان چییە لەسەر ڕای ئەندامان؟ فەرموو دکتۆرە ڤالاً.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوێنێ ڕای خۆمان دا لەسەر هەردوو ئەو بڕگەی دەنگی لەسەر درا، ڕای یەکەم لە ماددەی چوار، ویلایەتی عام ئەدات بە دەستەی نەزاهە بەسەر هەموو کەسەکان، لە حاڵەتێك کە ویلاتی عام بەسەر هەموو شەخسێ لە سەلاحیەتی سوڵتەی قەزائی دایە تەنیا، وەکو سوڵتەیەکی موستەقیل، ڕای دووەمیش کە پێمان وا بوو ئەویش هەر ناشیرن کردنی یاساکە بوو، تایبەت بوو کە دەستەلاّتمان لە دەستەلاّتی دادوەری سەندەوە کە (۳) کاندید هەڵبژێرێ ئینجا بێ بۆ پەرلەمان، ئەویش بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی دەنگی لەسەر بدات، بەلاّم ئەو دەستەلاّتەمان لە دەستەلاّتێکی قانونی سەربەخۆ سەندەوە، دامان بە دەستەلاّتێکی سیاسی قانونی کە پەرلەمانی کوردستان بوو، ڕوون کردنەوەی من و ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە بەسەرمان تێپەڕی ئەو دوو خاڵە بوو، ئەوەی پەیوەندی هەیە بە مولاحەزاتی ئەندامانی پەرلەمان، سێ کەس پشتگیریان کردووە کە حەقی تەعین لە موحەقیقینی عەدلی بە پێی ماددەی (٥١) ی قانونی ئسوڵی موحاکەماتی جەزائی بێ، و لە بەڕێز سەرۆکی دەستە ئەو حەقە بسەندرێتەوە، و (۳) کەسیش پێشنیاری کردووە کە تەئدیب کردن هەڵگیرێ، و بەرزەفتە کردن ئیزافە بکرێ، و لە پاڵ

دامەزراندن و بەرز کردنەوە حەقی فەسڵیش بدرێ بە سەرۆکی دەستە، و زیاتر لە دوو ئەندام پەرلەمانیش لەگەڵ ئەوە بوون کە ئەکادیمیا هەر دورست نەکرێ، و ڕایەکیش لەگەڵ ئەوە بوو ئەگەر ئـەکادیمیا دروست بکرێ ئەوە پێویستە باس بکرێ کە کارەکانی چین؟ ئەوەش کە پەیوەندی بە مـەنحی قیدەمیـەوە هەیـە لـە شەش مانگ زیاتر نەبێ، دوایی بە ڕاوێژ هەردوو لیژنەی موختەس دایدەڕێژنەوە، هـەر ئـەو موڵاحەزاتانـە هەبوون، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دکتۆر ڕێ بە بەڕێزیشت ئەدەم، فورموو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو ئەو مەعلوماتە موتەوازیعەی هەمە لە یاسا، ئەندامانی پەرلەمان دڵنیا ئەکەمەوە کە هـیچ خەلـەلێکی قانونی نەبووە لەوەی دوێنێ تێپەڕیوە، لەبەر ئەوەی ئێمە وتوومانە ویلایەتی بەسـەر هـەموو کـەس ئـەبێ، ئەو هەموو کەسە زۆر کێشـەی لـە کۆڵ کردووینـەوە، دووەم، ئەگـەر ویلایـەتی بەسـەر هـەموو کـەس نـەبێ ناتوانێ کارە ڕەقابیەکەی خۆی وەکو ئەوەی هەیە بیکات، دوای ئەوەی لـە بڕگـەی دووەم دوو ڕەئـی هـەبوو، یەکێ وتی بکرێ بە ئەنجومەنی قەزا، یەکێکیش وتـی بکـرێ بـە لیژنەیـەکی پەرلـەمانی، هیچیان ناقـانونی نییە، بەڵام دەنگی پەرلەمان یەکلایی کردۆتەوە کە بدرێ بـە ئەنـدامانی پەرلـەمان، هـیچ نـا قـانونی نییـە، هەر کام لەو ڕەئیانەی دوێنێ ئەگەر ڕەئی موخالفیش دەنگی بهێنابایە هیچیان ناقانونی نەبوون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق - سەرۆکی پەرلەمان:**

من یـەك داواکـاریم لـە بـەڕێزتان هەیـە لـە لیژنـەکانی پەرلـەمان، بـە تایبـەتی لیژنـەی یاسایی، تکایـە ڕای شەخسی خۆتان لە ڕای لیژنەکە جیا بکەنـەوە، دوو، هـەرکاتێ شـتێکی ناقانونیتـان بـینی لـە ئامـادە کردنـی ڕاپۆرتەکان، ئەرکی لیژنەی یاساییە ئەگەر شتێکی ناقانونی هەبوو نەهێڵێ بێتە نـاو ڕاپـۆرتەکـە، ئەگـەریش هات با ئاماژە بدرێ بەوەی کە ئەوە موخاڵەفەی فڵان قانونـە، و ئەگـەرنا کـاتێ ئـەو ڕایانـە لـە نـاو ڕاپـۆرت تەبویت کراوە وەکو دوو ڕا، ئەندامانی پەرلەمان بە ڕای قانونی ئەبینن، و پێیان وایە بەپێی ئەوەی خۆیان کە تێیئەڕوانن و ڕای ئەوانە، ئەتوانن دەنگی بۆ بدەن، دوو نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو دکتۆرە ڕێواز.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگـەڵ پشـتگیری تـەواوم بـۆ قسـەکانی بـەڕێزت، یەکـەم، لیژنـەی یاسـایی لـە پەرلـەمانی کوردسـتان ئەگـەر بەڵگەی یاسایی حاشا هەڵنەگر، یـەعنی بەڵگـەی یاسـایی موتڵـەق هـەبێ لەسـەر مەسـەلەیەك کـە نایاسـاییە، نابێ بیهێنێتە ناو هۆڵ، ئەبێ قەناعەت بە یەکتری بکەن لە ناو لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی ئەو دەقە بـە دوو ڕا نەیەتە ناو هۆڵ، واتە ئەوان خۆیان (١١) قانونین، لە ناو خۆیان نەیانتوانیوە قەناعەت بـە یـەکتری بکـەن کە ئەوە یاساییە یان نا یاساییە؟ ئەیهێننە ئێرە، گریمان هیچ لە یاسا نـازانین، ئـەوان دوو ڕەئیـان هێناوەتـە

بەردەمی ئێمە، ئەگەر ماددەیەك نا دەستووری و نا قانونییە ئەبێ نەیهێنن قەناعەت بە یەکتری بێنن، دوو، سەبارەت بە مەسەلەی ویلاتی عام، ویلایەتەکە تەنیا لە حوکمەکانی ئەو یاسایەیە، و ئەو دەستەیە دەستەلاتی ئەوەی نییە حوکم بەسەر خەڵك بکات، ڕاستە لەوێ موحەقیقین هەن، دەستەلاتی تەحقیقی هەیە، کەواتە حوکمەکانی ئەو یاسایە بەس بۆ تەحقیقە، نەك بۆ حوکم دان، دواتر هەر کەسێك کە مەسئەلەیەکی لەسەر ساغ ئەبێتەوە، مەسەلەی حوکم دان بەسەری ئەگەڕێتەوە بۆ لای قەزا، سەبارەت بە مەسەلەی سێیەم، بە تەسەوری من ئەوەی کە کێ ئەو کەسانە تەرشیح بکات؟ ئەوەندەی بوعدێکی سیاسی هەیە، ئەوەندە قانونی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر ئیبراهیم، دکتۆرە ڤالاً دەرفەت بە بەڕێزیشت ئەدەم، با ئەو دوو نوقتە نیزامییە وەرگرین، فەرموو.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتەك براستی مشەوشە ل دیڤ من، ئەز نزانم پەیڕەوێ ل دیڤ جەنابێتە چاوا دیێتە خاندن؟ بەس هەر لیژنەکا مەعنی بابەتەکی ڤە، دێبینی لیژنا یاسایی پرۆژێت دیتە تەقدیم کرن ل پەرلەمانێ، ب سەراحەت دبێژم لیژنا یاسایی بتنێ نەبێتە لامیعی پەرلەمانی، ئەو لیژنەیەت هەی یێ مەعنی مەفڕوزە ئەڤ پرۆژە یاسایە، لیژنا مەعنی بداتە دانوستاندنێ، و لیژنا یاسایی بێتە جهێ ئیستیشاری، نە لیژنا یاسایی بهێتە جهێ دانوستاندنێ و موناقەشێ، چونکی ئەڤە ب هەماهەنگیێ چێ دبن، قەناعەتا من مەفروزە لیژنا مەعنی و مەوزوعی ئەڤ بابەتا کرن، لیژنا یاسایی بهاتبا ئیستیشارە کرن، و ئەڤ پرۆژە نا، بۆ هەر پرۆژەکی تر ژ بی، یەعنی ئەز بە حالێ خۆ دگەل هەڤالاً خۆ ل لیژنا پەروەردە و خوێندنی بالاً هەروەختەکی پرۆژێت یاسایێ پەروەردە و خوندنی بالاً هات، ڕێگە نادەم بخۆ کو ئەز تەکلیفا لیژنا یاسایی بکەم پرۆژە بداتە دانوستاندنا پەرلەمانێ، بەڵکو ئەم لیژنا خۆ بابەتێ دێنە دانوستاندنێ، و لیژنا یاسایی بلا بێتە جهێ ئیستیشاری، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ کە ئەبێ لیژنەی یاسایی ئیش لەسەر هەموو پرۆژە یاسایەك کە دێتە پەرلەمان ڕاپۆرت حازر بکات، بە تایبەتی ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارە بە لایەنی یاسایی، دەستووری بوونی یاساکان، گونجانی یاساکان، ئەوە ئەبێ لیژنەی یاسایی یەکلایی بکاتەوە، بۆیە لە پەیڕەویش ئاماژە بەوە کراوە، جاری واش هەیە ڕاپۆرتی هاوبەش حازر ئەکرێ لە نێوان لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندیدارەکانی تر، فەرموو دکتۆر فرست.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ کە بابەتێك تێپەڕی ناکرێ جارێکی تر قسەی لەسەر بکەینەوە، ئەوەی بەڕێز دکتۆرە ڤالاً فەرمووی تەنیا لە چوارچێوەی وەلأمدانەوە بوو، بەلأم ئێمە کە زیاتر دێین و گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بکەین، پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە، داوا لە بەڕێزت ئەکەم بەپێی ئەو دەستەڵاتەی هەتە ئەو مەسەلەیە دابخە، با بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕاستە، ناگەڕێینەوە سەر ڕابردوو، بەلأم ئاماژە بەوە درا لێرە ئێستا لەبەردەممانە گرفتێکی یاسایی هەیە، لەم ماددەی ئێستا موناقەشەی ئەکەین، ئاماژەش بەوە درا کە دوێنێش خەلەلی قانونی هەبوو، بۆیە ئەم گفتوگۆیە هاتە کایەوە، فەرموو دکتۆرە ڤالاً ئەگەر قسەی ترت هەیە؟

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بابەتەکە دادەخەین هیچ ڕوون کردنەوەیەکمان نییە، بەلأم ئەو خالأنەی دوێنێ تێپەڕین تیکراری ئەکەمەوە خالّی نایاساییین، و دەستەلأتی دادوەری ئەتوانێ دیفاع لە خۆی بکات لەو بارەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح ((عمر کۆچەر)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ تەوزیح ئەم دگەل لیژنا یاسایی هاوبەشین و مە چ ئیشکال دگەل نینە کو کی ئەو بکەتن و وانژی خواند و (نجیبە) یێ ژی خواند چی ئیشکال مە لسەر ڤێ خالێ نینن و مەوزوع مەوزوعەکێ قانونی و یاساییە و ئەم حەسدکەین تەبیعی یە لیژنا یاسایی دەورێ خۆ دڤی مەجالیدا ببینت، دوو تێبینی من هەبوون ئێك، ئەم ژی پشتگیریا وان بۆچوونا دکەین کو سوێند خوارن بەرامبەر ئەنجومەنێ دادوەران بیتن و، خالاً هەشتێ ژی، ئەز نزانم چەوا مە ئیشارەتەك کربوو کو ئەگەر نەمینت، چونکە د (اسباب موجبە) دا یا هەی خالاً (اصدار التعليمات المنصوص عليها في هذا القانون) بزمانێ عەرەبی ئەو یا د (اسباب موجبە) دا هەی ئەگەر لابدرێت باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز دکتۆر (احمد) سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان فەرموو.

**بەڕێز د.احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس جەنابی سەرۆك، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەست دەکەم ئەم خاڵە خاڵێکی ئێجگار گرنگە، ڕەبتی بە ئەساسی دامەزراندنی دەستەی دەستپاکییەوە هەیە، ئەساسی دەستەی دەستپاکی کە ئەرکە ئەساسییەکانی ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی گەندەڵی بکات، ئێمە تەقریبەن لە ساڵێك چوار تا پێنج مانگمان هەیە بەراستی، لە مانگی چواری ئەمساڵەوە دوای ئەوەی کە دەسەڵاتی دادوەری لە هەرسێ پارێزگاکە بۆ دەستنیشان کردووین تا ئێستا لەبەر گرفتی نەبوونی یاخۆد کەمی موحەقیق نەمانتوانیوە نە ئۆفیس لە پارێزگای دهۆك و، نە لە سلێمانی و، نە لە قەزا و ناحییەکانیشدا بکەینەوە کە ئەمە خاڵێکی ئێجگار گرنگە لەم مەسەلەیە، مەسەلەی موحەقیق بۆ ئێمە بۆ نموونە ئێستا لە سلێمانی یەك موحەقیقیان بۆ موتەفەریغ کردووین پاش سێ مانگ لە هاتو چۆ پەیوەندی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی دادگا لەوێ کە ئەویش هەقی خۆیەتی ئەویش موشکیلەی کەمی میلاکی هەیە بە تەئکید هەمان شتیش بۆ شوێنەکانی تر دەبێت، دوو: قەزییە لە بەغدا دەمێکە یەکلایی کراوەتەوە دەستەی دەستپاکی خۆی موحەقیقی هەیە و دەبێت موحەقیقی هەبێت، بە پێی پێدانی ئەو دەسەڵاتە بە دەستەی دەستپاکی لێرە من پێتان دەڵێم دەستەی دەستپاکی ناتوانێت تەحقیق لە هیچ کەسێکی گەندەڵ بکات، چونکە هەتا ئەو موحەقیقانەی بە تەنسیبیش هاتوون ئێمە لە سەرەتای ئەمساڵ (١٠) موحەقیقمان بە تەنسیب لە دەسەڵاتی دادوەری بۆ هەولێر وەرگرت، تەقریبەن پێنج تا شەشیان بەبێ ئەوەی ئێمەش ئاگادار بکەنەوە، بەبێ ئەوەی ئەو قەزایانەی کە لە لایەنیشیانە تەسلیم بکەنەوە چوون تەنسیبەکەی خۆیان هەڵوەشاندەوە، ئەوە نوقتەیەکی ئێجگار جەوهەرییە، ئێوە خۆتان پەرلەمان ئازادن چۆن قەرار دەدەن، بەڵام بەبێ پێدانی ئەو مافە بە دەستەی دەستپاکی پێتان دەڵێم ئیشی تەحقیق لە سەرتا سەری کوردستان چۆن ئێستا وەستاوە ناچێتە پێش، بە نیسبەت سوێند خواردنەکە موشکیلە نییە من پێموایە ئەو فەقەرەیە هەڵبگیرێت زۆر زەرور نییە تەنیا دەورەکە زەرورە، برادەرێك وتی، بەڵێ بەتەئکید ئەگەر ئەو هەقەمان پێبدرێت ئێستا لە کوردستان ژمارەیەکی زۆر موحەقیق هەن کە ئێستا کاری پارێزەری دەکەن، ژمارەیەکی زۆر لە موحەقیق ئێمە دەتوانین بە نەقل وەریان بگرین لە دەسەڵاتی دادوەری، فیعلەن نەقل خۆمان ئێستا دوو دەستەی فەرمانبەرەکانمان بە نەقل وەرگرتووە، چونکە خۆتان دەزانن فەرمانبەری تازە بۆ ئێمە لەگەڵ ڕێزمان ئەگەر ئێستا فەرمانبەری تازە وەربگری، بەڵام تازە لەگەڵ خاوەن خیبرەکان پێکەوە بڵێین تێکەڵکێش دەکەین ئێستاش ئەو موحەقیقە کۆنانە وەردەگرین کۆمەڵێك گەنجیش وەردەگرین دەبێت لەسەر دەستی ئەوانە فێربن، ئەو دەستە دەستەیەکی سابت و دائیمە بۆ موستەقبەل لە کوردستان ئیش دەکات لەبەرئەوە ئەوە خاڵێکی جەوهەری و ئەساسییە کە ئێمە تەقریبەن لە خولی سێیەمیشەوە ئیشمان لەسەر ئەو مەسەلەیە کردووە دەکرێت ئەو دوو فەقەرە سوێند خواردنەکە لابدەین، لەبەرئەوە ئەم مەوزوعە مەوزوعێکی ئێجگار گرینگە، هەر ئاراستەیەك دەیکەن ئەوا خۆتان وەکو پەرلەمانتار لێرەن، بەڵام بەبێ پێدانی ئەو مافە بە دەستەی دەستپاکی کە هیچیش موخالیف نییە لەسەر ئەوە و لە بەغداش ئەوە زیاتر لە (٩) ساڵە ئیشی پێدەکرێت، نە ئێمە لە عێراق یاسایی ترین و نە ئێمەش وەکو ئەوان وڵاتێکین

موئەسەساتیمان هەیە و، ئەو قانونەی لەسەر دەمی بریمەریش دەرچوو ئەو قانونەی کە لە خولی دووەمی پەرلەمانی عێراقیش بوو ئەوان بەردەوام موحەقیق لای خۆیان دادەمەزرێنن، مومکینە سوێند خواردنەکەش وەلەو لێرە ئیعتیرازاتێك بەرز دەبێتەوە لە دەسەڵاتی قەزایی، داواکاری گشتی هەقی خۆیانە، بەڵام بە تەئکید بوونی ئەو دەستەیە پێویستی بە ئەدەواتی خۆی هەیە دەبێت ئەو دەستەیە موحەقیقی تایبەت بە خۆی هەبێت بەبێ ئەوە بەهیچ شێوەیەك وە ئێستا هەر شتێکی لە پەرلەمان دەردەچێت قانونە، چونکە پەرلەمان خۆی دەسەڵاتی تەشریعی هەیە، پەرلەمان دەتوانێت قانون تەعدیل بکات بەبێ پێدانی ئەو سەلاحیاتە من پێتان دەڵێم کاری تەحقیق لە کوردستان چۆن ئێستا بە خاوی چۆتە پێش و ڕەنگە بەشێك لە پەرلەمان گلەییان هەبێت، بە تەئکید ئەوە دەبێت، بە نیسبەت وشەی تەئدیبەوە هەر خۆشی لە قانونی نەزاهەی عێراقدا هاتووە، تەئدیب هەیە، بەڵام دەکرێت وشەیەکی تری بۆ بکرێت، بە نیسبەت موکافەحەی فەسادیش بە تەئکید ئەکادیمیاکە و، ئەکادیمیا دیارە کە سەلاحیات دەڵێت مانای ئەوە نییە ئێمە بەیانی ئەکادیمیا دادەمەزرێنین ئەو ئەکادیمیایە ڕەنگە بۆ داهاتوو بێت بۆ پێگەیاندن و پەرەپێدان بە تواناکانی کادیرەکانمان بێت، ئێستا لە بەغدا ئەکادیمیای فەساد هەیە، بەڵام هەم وەزعی بەغداد خراپە هەم ئێستاش ئێمە عیلاقەی موباشیرمان لەگەڵیان نییە، هیوادارین سەرۆکی تازەی کە ئێستا لە ڕێگایە سەرۆکێکی دیکە بۆ دەستەی نەزاهەی عێراق دابنێن بتوانین ئەو تەنسیقە بکەین ئەگەر وەزعی بەغداد باش بێت ئێمە بتوانین سوود لە ئیمکانیاتی ئەوان وەربگرین، بۆیە ئەو تەشکیلاتانەی کە هاتووە شەرت نییە سبەی دابمەزرێن، بەڵام ئەو تەشکیلاتەی کە قسە لەسەر موئەسەسەیەك دەکات کامل بێت، بەراستی فەرمانبەرەکانی خاوەن باشترین ئاستی ئیداری بن بۆ ئەوەی بتوانن ئیشەکانی خۆیان جێبە جێ بکەن، لەبەر ئەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، مەسەلەی موحەقیق بۆ ئێمە شتێکی ئێجگار زەروری و حەیاتییە و هیچ موخالەفەشی تێدا نییە و ئەگەر موخالەفەش کرابێت بڕوا ناکەم هیچ موخالەفەیەك هەبێت و لە عێراقدا هەیە و لە زۆربەی وڵاتانیشدا هەیە ئێستا من ئەگەر بمزانیبامایە موناقەشەی زیاتر دەکرێت دەمتوانی قانونی چەندین وڵاتیشتان بۆ بێنم کە ئەو سەلاحیاتانەی داوە بە دەستەی دەستپاکی و دەستەی دەستپاکی وەکو خاتوو دکتۆرە (ڕێواز) باسی کرد هیچ ئەولەویاتی نییە، بە حیساب دەستەی دەستپاکی تەحقیق لە قەزایا دەکات قەزایاکە ئەوەل و ئاخیر دەچێتە بەر دادگاکان، دادگای حکومی بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەو کەیسانەی ئیمە دەدات، تەحقیقیش لە مەراحلی یەکەمدا موحەقیق تەنیا هاوکاری قازی تەحقیقە، قازی تەحقیق بۆی هەیە حکوم بدات بەهۆی ئەو تەحقیقە بەشی ئەوەندە بەڵگەی تێدابێت لەبەر ئەوە ئەوەل و ئاخیریش دەکات، لەبەرئەوە دەتوانم بڵێم لە سەدا (٦٠) تا (٧٠) ئەساسەن لە ژێر دەسەڵاتی قەزایە، ئەوە ویجهەت نەزەری ئێمەیە ئەوەش بە خاڵێکی گرینگ و جەوهەری دەزانین لەو تەعدیلە بۆ ئەوەی بتوانین کارەکانی خۆمان لەو مەسەلەیە ببەینە پێش و، بڕیاری کۆتایش بۆ ئێوەی بەڕێزە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێموابێت لیژنەی یاسایی قسەی خۆیان دەبێت، ئێستا بەڵگەی قانونی دەخەنە ڕوو لەسەر ئەو مەوزوعە، بەڵام سێ نوقتەی نیزامیمان هەیە، تکایە نوقتەی نیزامی بێت نەك پێدانی ڕای تازە، بەڕێز کاك انور فەرمووو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا من لەسەر، موشکیلە لە راپۆرتەکەدا تێبینیم نووسیوە، بەس بۆ سەرۆکی لیژنەی یاسایی کە شتەکەی شتی نا قانونی هەیە بۆ ئیمزای کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو ئەوە دامان خست، بەڕێز خاتوو منیرە فەرمووو.

**بەڕێز منیرە عثمان علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە دوا وشەی بەڕێز دکتۆرە (ڤاڵا)وە دەست پێدەکەم، کاتێك ئەو پێی وایە کە ئێمە فیعلەن پەرلەمانی کوردستان نا قانونیمان کردووە، ببوورە سەرۆکی پەرلەمان ئەو قسەیەی کۆتایی ئەو هاندانی دەسەڵاتی دادوەری تێدایە کە دژی پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستیان هەبێت سەبارەت بەو یاسایەی کە ئێمە دوێنێ تێمان پەڕاندووە، ببوورە ئەو دەڵێت هەقە هەڵوێستیان هەبێت، واتە هاندانی تیایە لەلایەن سەرۆکی لیژنەی یاساییەوە بۆ دەسەڵاتی دادوەری، من داوا دەکەم قسەکەی لە پرۆتۆکۆڵ بسڕێتەوە و، هەروەها روون کردنەوەشمان بداتێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز (مونیرە) خان ئەوە هاندان نییە، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی تکایە، سەرۆکی لیژنەی یاسایی وەکو ئەندامێکی پەرلەمان، بەڕێز (امنە) خان تکایە دەرفەت بدە لە جێی خۆی قسە مەکە، دەرفەت بدە با من قسەکانم تەواو بکەم، ڕێت پێدەدەم قسەی خۆت بکەی، سەرۆکی لیژنەی یاسایی مافی خۆیەتی بیرو بۆ چوونە یاساییەکانی خۆی بخاتە ڕوو و وەکو ئەندام پەرلەمانیش مافی خۆیەتی کە بیرو بۆ چوونەکانی خۆی بخاتە ڕوو، خاتوو امنە فەرمووو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

براستی ئەڤ مەوزوعە گەلەك درێژی بخوەڤە گرت، یێت دكەنە د قالبەكێ، یەعنی نزانم چ ناڤ بینم، ئەوا كو (مونیرە) خان دبێژیتن تۆهمەو تەشهیر كرنا سەرۆكا لیژنا یاساییە دڤێتن بیسەلمێنێتن كا چەوا هاندانا لیژنا ئەنجومەنێ دادوەری دكەتن بوی شێوازی دڤێت ئاخفتنا خۆ ئیسبات بكەت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێوە هاوكاریمان دەكەن كە ئەم مەوزوعە دابخەین، كۆتایی پێبێنین، بەڕێز دكتۆرە ڤالا تكایە ڕای یاسایی خۆت بڵێ لەسەر ئەو بابەتەی كە پەیوەندیدارە بە ماددەی (٨) فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٥١) لە قانونی ئصولی موحاكەماتی جەزائیدا لە ئەحكام عامەدا هاتووە لە خاڵی (ه) ((یعین المحقق بأمر من وزير العدل على أن يكون حاصلا على شهادة في القانون معترف بها او حاصلا على شهادة دبلوم الادارة القانونية من هيئة المعاهد الفنية و يجوز منح ضباط الشرطة و مفوضيها وموظفي وزارة العدل من القانونين سلطة المحقق بأمر من وزير العدل))، لە خاڵی (ه) دا هاتووە ((يعين المحقق بأمر من وزير العدل على أن يكون حاصلا على لشهادة في القانون معترف بها و يجوز منح ضباط الشرطة و مفوضيها و موظفي وزارة العدل القانون سلطة المحقق بأمر من وزير العدل))، (و) ((لا يمارس المحقق أعمال الوظيفته لأول مرة الا اذا حلف أمام رئيس المحكمة الأستئناف اليمين الاتية (أقسم بالله أن أؤدي الأعمال الوظيفة باالعدل وأطبق القوانين بأمانة) ))، وە ئەوەی كە لە قانونی هەیئەی نەزاهەی بەغدادا هاتووە لە ماددەی (٣) ((تعمل الهيئة على المساهمة في منع الفساد و مكافحتة و اعتماد الشفافية في ادارة الشؤون على جميع المستويات عن طريق، أولا " التحقيق في قضايا الفساد طبقا لأحكام هذا القانون بواسطة المحققين تحت اشراف قاضي التحقيق المختص وفقا لقانون اصول المحاكمات الجزائية))، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز دكتۆر احمد ڕایەكی ترت هەیە؟

**بەڕێز د.احمد انور/ سەرۆكی دەستەی دەستپاكی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان ئەو قسەیەی من دەكات خاتوو (ڤالا)، لە بەغدا ئەوە سەرۆكی دەستەی پێشوو ئێستا ڕاوێژكارە لای من، تەبعەن من پێم خۆشبوو بێت، بەڵام دیاربوو بەڕێز سەرۆكی دیوان پرسیبووی وتی زیاتر ڕەوانەی سەرۆكی دەستە بێت، نەخێر ئەوان موحەقیقیان هەیە و دایان دەمەزرێنن و، سوێند خواردنەكە زۆر موشكیلە نییە لە كوێ سوێند دەخوات، بۆیە ئەو بەڵگەی كە هێناویەتی كە لە قانون ئصولی موحاكەماتدا هەمان بەڵگە لە بەغدا منیش دەیهێنمەوە كە ئێستا دەستەی دەستپاكی لە عێراق خۆی موحەقیقی هەیە كەواتە خاتوو (ڤالا) بەو بەڵگانەی هێناویەتی تەئیدی ڕەئیەكەی من دەكات، چونكە ئەوان هەمان شتیان

کردووە، بەڵێ قانونەکەم بینیوە پێویست ناکات پێم پیشاندەی، دەڵێم لە بەغدا هەمان شت هەیە موحەقیقیان هەیە و موحەقیقیان لەبەر دەمی سەرۆکی دەستە ئەگەر حەزیش دەکەن ئەم فەقەرەیە تەسجیل بکەن من لە دانیشتنی داهاتوو ئەو راوێژکارە دێنم کە (٥)ساڵ خۆی سەرۆکی دەستە بووە لەبەر دەمی خۆیان سوێند دەخۆن...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر (احمد) جەنابت بە پێی یاسای دەستەی نەزاهەی عێراق بەلگەیەکت هەیە؟، تکایە بەلگەکەت بخە ڕوو.

**بەڕێز د.احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

بەڵێ، من پێت دەڵێم موحەقیق لە دەستەی دەستپاکی خۆیان دایان مەزراندووە...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە پێی یاساکە بۆی هەیە،

**بەڕێز د.احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

بەڵێ، قوربان بەپێی یاساکە موحەقیقە، من پێت دەڵێم بە فیعلی ئەوە کراوە، ئێمە لێرە ئێستا قسە لەسەر دەستەیەك دەکەین کە چۆن بتوانێت ئیشەکانی خۆی بکات ئەگینا مومکینە بە ڕەئیی شەخسی خۆم هەر نەمبێ باشترە ئەگەر دەسەلاتی قەزا بەهای ئەوە بتوانێت موحەقیق بۆ ئێمە دابین بکات با نەقلیان بکاتەوە، لەوانە خۆی دامەزراندنەکە، ئەسڵەن ئێستا تموحم لە نەقل کەمترە لەوەی دامەزراندن، چونکە دامەزراندن وەکو بەڕێز وتی تا گەنجەکان، لەبەر ئەوە ئەگەر بەغداد بێت نە وەك بەغداد موحەقیق دابمەزرێ و لەبەردەم سەرۆکی دەستەش خۆی سوێند دەخوات، بەلاَم سوێند خواردنەکە قەزییەك نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، دکتۆر (احمد)، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یاسای دەستەی نەزاهەی عێراقیدا هاتووە کە دەبێت دەستەکە موحەقیقی هەبێت، بەس نەهاتووە بڵێت سەلاَحییەتەکەی لە دامەزراندنی سەرۆکی دەستەیە، لە فەصڵی (٣) ((الاجرءات التحقيقية للهيئة))، ماددەی (١١) ئەوەلەن: ((للهيئة صلاحية التحقيق في أي قضية فساد بوا سطة المحققين تحت اشراف قاضي التحقيق المختص))، یەعنی بە مەعنای دەڵێت هەیبێ موحەقیقیها، بەلاَم نەی وتووە دامەزراندنەکە لە سەلاَحییاتی ئەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە ڕەئیتان چییە لەسەر ئەم بابەتە؟

**بەڕێز عمر صالح ((عمر كۆچەر)):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشگیری لە لیژنەی قانونی دەكەین، تەعین هەقی ئەوەی نییە، بەس موحەقیق هەبێتن، نەقل ببێتن، خیبرە هەبێتن، سوێند بخوات وەكو ئەوەی چۆن پێش لەگەڵ هەموو ئەندامانی نەزاهە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە لیژنەی نەزاهە ئێوەش ڕەئیتان لەسەر ئەوەیە كە موحەقیق لە لایەن سولتەی قەزاییەوە دابمەزرێت، ئێستا بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دوو ڕا هەیە، ڕایەكیان كە لە ئەسڵی پرۆژە یاساكەیەوە هاتووە كە لە لایەن دەستەی دەستپاكییەوە پێشكەش كرابوو و ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانیش واژوویان كردووە داوای ئەوە دەكەن كە دەستەی دەستپاكی خۆی مافی دامەزراندنی لێكۆڵەری هەبێت و، ڕایەكیش ڕای لیژنەی یاسایی و لیژنەی دەستپاكی پەرلەمانە، كە دەبوو لە ڕاپۆرتەكەدا جێی بكەنەوە بەداخەوە ئەمەتان لە ڕاپۆرتەكەدا جێی نە كردووەتەوە، دەبوو لە ڕاپۆرتەكەش جێی بكەنەوە، بەڵام ئێستاش مادام هەر ڕایەكی ترتان هەیە كە لەگەڵ ڕاپۆرتەكەشدا نا گونجێت دەكرێت لەگەڵ ڕای خۆتان سیاغەی بكەنەوە، پێموابێت بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمانیش پشتگیری ئەو ڕایەیان كرد كە خرایە ڕوو بۆ ئەوەی كە لێكۆڵەران لە لایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە دابمەزرێن، ئەو ڕایە لای خۆتان سیاغە بكەنەوە هەردووكی دەخەینە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمانەوە، بەڕێز كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرنجێكم دا بە هەند وەرنەگیرا دامەزراندن، لە دەسەڵاتی هیچ وەزیرێكی كوردستاندا نییە، من مەبەستم بەڕێز جەنابی دكتۆر (احمد) نییە لەگەڵ حرمەتم بۆی و زۆر باوەڕیشم پێی هەیە، بەڵام دوای ئەو بۆچی تەنیا دامەزراندن دراوە نەك تەنیا بۆ موحەقیقین بۆ كارمەندەكانی تریش، بۆ بەڕێوەبەرەكان، بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەكان تەنیا بۆ لە كوردستاندا یەك دەستە بە تەنیا سەلاحییاتی دامەزراندنی هەیە؟ یەك وەزیر نییەتی، یەك سەرۆكی دەستەی دیكە نییەتی، تەنیا بۆ دراوە بە سەرۆكی دەستەی دەستپاكی؟، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هیچ روون كردنەوەیەكتان هەیە لەسەر ئەم ڕایە؟، بەڕێز دكتۆر احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد انور/ سەرۆكی دەستەی دەستپاكی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك (عمر) ئەوە مولاحەزەیەكی جوانە پێشم خۆشە ئەو مولاحەزەیەت دا، دامەزراندن كە تۆ دەڵێی دەستەیەكی سەربەخۆ، یەعنی سەربەخۆی كارگێڕی و دارایی، یەعنی ئەو دەستەیە دەبێت فەرمانبەرەكانی لای خۆی دابمەزرێنێت تۆ ئیشێكی گەورە و مەسئولییەتێكی گەورەت بەودەستەیە سپاردووە، فەلسەفەی هێنانی ئەو دەستە سەربەخۆوانە لە لایەن (بریمەر)ەوە بەكار هاتووە بۆ عێراق، ئەگەر سەیری دەستووری عێراق بكەین یەعنی چۆن بابێكی بۆ دەسەڵاتی تەشریعی و بابێكی بۆ دەسەڵاتی تەنفیزی تەرخان كردووە و، بابێكی بۆ دەستە سەربەخۆیەكان دەستنیشان كردووە، ئێستا دەستەی دەستپاكی، كۆمسیۆنی باڵا، هەموو دەستە سەربەخۆكان لە دەوڵەتی عێراقدا ئەو مافەیان هەیە، چونكە فەلسەفەی دامەزراندنیان ئەوەیە كە خۆیان لە ڕووی ئیداری و داراییەوە موستەقیلن بۆ ئەوەی بتوانن ئەو ئەركانە ڕاپەڕێنن كە لەسەر شانیانە بەبێ ئەوە كە جیهەتێكی دیكە فەرمانبەریان بۆ دابمەزرێنن بە مواسەفاتی خۆی بە تەئكید ئەساسەن فەلسەفەی دەستەی سەربەخۆ بوونی نامێنێت، سەربەخۆ یەعنی لە ڕووی ئیستیقلالی مالی و ئیدارییەوە، واتە بودجەیەكی تایبەتی هەبێت و لە ڕووی دارایشەوە، لە نەقل كردن، لە پێشخستن، لە دامەزراندن ئەو مافەی هەبێت، وە ئەوەشی وتم ئەوە (١٨) ساڵیشە ئەو مەسەلەیە لە بەغداد مومارەسە دەكرێت، ڕاستە لە هەرێمی كوردستان تازەیە یاخۆد پێشتریش دیوانی چاودێری دارایی هەبووە، دوای دەستەی مافەكانی مرۆڤ هەبووە، دەستەی دەستپاكی هەبووە و، دەستەیەكی دیكەش بەڕێوەیە كە كۆمسیۆنی باڵایە دەبێت هەمان مافی هەبێت، چونكە چۆن داوا لە كۆمسیۆنی باڵا دەكەی ئەوانیش هەمان مافیان هەبێت كە كارمەندەكانی خۆیان دابمەزرێنن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك ئۆمێد نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئۆمێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە موناقەشەی پڕۆژەكەدا ئەو ڕایەمان وەك تاكە ڕا نووسیوە و ئەوكاتەش بەڕێز دكتۆر (احمد) ئەوشتانەی روون كردەوە، بۆیە من وەك ئەندامێكی لیژنەی دەستپاكی پشتیوانی ڕایەكەی دكتۆر (احمد) دەكەم وەكو حاڵەتێكی تایبەت پێویستە مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببووره من دوا سەرنجی خۆم دەڵێم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، مەرجەعی ئەو دەستەیە پەرلەمانی کوردستانە، چۆن مەرجەعی وەزارەتێك سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، دەبێت ئەو کارمەندانە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دابمەزرێن، نەك دەسەڵاتی سەرۆکی دەستەکە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان تکایە ڕای خۆتان سیاغە بکەنەوە لیژنەی یاسایی و لیژنەی نەزاهە، وە هەندێك تێبینی تریش هەبوون سەبارەت بە گۆڕینی تەئدیب کردنی فەرمانبەرانی دەستە و، قسەی سەرۆکی دەستە سەبارەت بە دامەزراندن کەلە لایەن حکومەت نەبێت وەجیهە، بەلام ئەو قسەیەی بەڕێز کاك (عمر) کە باس لەوە دەکات مادام مەرجەعییەتی پەرلەمانە پێویست دەکات بۆ دامەزراندن ئەوە بگاتە پەرلەمان ئەمەش ڕایەکی ترە نازانم سەرۆکی دەستە چی هینێکی هەیە لەسەری.

**بەڕێز احمد انور (سەرۆکی دەستەی دەسپاکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قوربان لەگەڵ ڕێزم بۆ پەرلەمان، کە ئەو دەستە لە ژێر چاودێری پەرلەمانە، یەعنی سەرۆکەکەی پەرلەمان هەڵی دەبژێرێت، سەرۆکەکەی پەرلەمان ئستیجوابی دەکات، (٦) مانگ جارێك یان ئێستا (٤) مانگ جارێك راپۆرت بۆ پەرلەمان دەنێرێت، لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان و هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەرکاتێك بۆیان هەیە پرسیار ئاراستەی سەرۆکی دەستە بکەن، بانگهێشتی پەرلەمان بکات بە میوانداری، بە ئیستیجواب ئەوە مەفهومی رەقابە چاودێرییەکە تەحقیق دەکات، بەلام ئەگەر دامەزراندن لە لایەن پەرلەمانەوە بکرێت ئەوا فەقەرەی ئیستیقلالەکە لە دەست دەدات، چونکە دەبێتە تابعێك بە دەسەڵاتێکی تر، ئەو کات بەڕای من مەسەلە ئەوە نییە سیقەم بە پەرلەمان نییە، پەرلەمان دایکی هەموو دەسەڵاتەکانە و دەتوانێت ئێستا بەیەك قەرار لەم جەلسەیەدا ئەم دەستەیە هەڵبوەشێنێتەوە، هیچ موشکیلەمان لەسەر ئەوە نییە، بەلام مەفهومی ئستیقلالەکە ئەوەیە کە دەستە خۆی کۆمەڵێك پێوەر دادەنێت بۆ فەرمانبەرەکانی خۆی هەتا خودی چاودێری دارایی، کە دەڵێ لە ژێر چاودێری پەرلەمانە، بەلام دوای چاودێری مورتەبیتە بە پەرلەمان، ئەو دوو فەقەرەیە لە ڕووی قانونییەوە ڕەنگە دکتۆرە (ڤالا) دەزانێت فەرقی هەیە، لە بەغداش کۆمەڵێك دەستەمان هەیە هەندێکیان مورتەبیتە بە مەجلسی نەواب و هەندێکیان لە ژێر چاودێری مەجلسی نەواب دایە و هەندێکیان راستەوخۆ لە ژێر چاودێری سەرۆکی پەرلەمانە، لەبەرئەوەیە فەلسەفەکەی کە سەربەخۆ بێت لە ئیدارە کردنی ئیشەکانی، بەلام سەربەخۆی موتڵەق نییە  لە ژێر چاودێری پەرلەمان بەڕێوە دەچێت و پەرلەمان بۆی هەیە وردو درشت و هەموو تەفاسیلەکانی ئیشی ئەو دەستەیە بزانێ، ئاگادار بێ و هەر موخالەفە و کەم و کوڕییەك لە ئەدای ئیشەکانیان هەبێت دەتوانێت بەو مەهامە بە تەریقەی موحاسەبە کردنی وەزیرەکە موحاسەبەی سەرۆکی دەستەش بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز دکتۆر ابراهیم فەرمووو.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پەسەندا ئاخفتنێت بەڕێز دکتۆر (احمد) دکەم براستی ئەگەر هەما هەمی تشت هەوە تەجدید کرن چی پێتڤیاوێ یە کو دەستەیەکا سەربەخۆ بیت، ژبەر هندێ ژی هەکە هەمی تشت بنە سەلاحیاتێت سەرۆکاتیا پەرلەمانی ئەز دبێژم باشترە پێداچوونەکێ بکەن هەر ل وێرێ وێ دەزگایێ لادەن و ئەم دێ دەستێت خۆژی بلندکەین بلا نەمینت، چونکە بڤی سیغەتی هوین یێ تەجدید دکەن ڤێ دەستەیێ و ژ رەخەکێ ڤە ژی هوین یێ داخازا ئستیقلالا وێ دکەن، ئستیقلالیەت وەکو ددەستێ وەدا بیت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر سراج فەرمووو.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوایەکم لە لیژنەی یاسایی هەیە، شوێنی نەقل و گواستنەوە، نەقل کردن و گواستنەوەی موحەڤیقینی عەدلی لەو ماددەیە بکەنەوە، زۆربەی کێشەکانی ئەم دەستەیە حەل دەکاتن بەتایبەتی دامەزراندن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ باسی کرد، کاتی خۆی.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەش پاڵپشتێکە، بەڕێزیان پاڵپشتی ڕایەکەی کرد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك ڤەمان فەرمووو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٧٤) لە پەیڕەوی ناوخۆ ((سەرۆك پاش تەواو بوونی دوایین داواکارانی قسەکردن لەوانەی ناویان نووسراوە دەرگای گفتو گۆ دادەخات و بابەتەکە دەخاتە بەر دەنگدانەوە))، تکایە رجاتان لێدەکەین ئەو سەلاحیاتەش بەکار بێنن دوای ئەوانەی ناویان نووسراوە با کەسی تر قسە نەکات و تەواو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، وا چاوەڕێی ئەوە دەکەین کە لیژنەی یاسایی سیاغەی ڕای خۆیان بکەن، ئەوەی کە جەنابت دەیڵێ زۆر ڕاستە لە دوای گفتو گۆ پێویست ناکات کەس قسەیەکی تر بکات، چونکە قسەکان کراون پێشتر، بەڵام تا

چاوەڕێی ئەوان دەکەین سیاغەی دەکەن، بەڵێ بۆ ئەوەی دەنگە دەنگ لە ناو هۆڵیش دروست نەبێت، فەرموو کاك بەهزاد.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەرویش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بقەناعەتا من ئەڤ دەستە دەستا دەستپاکی، دەستەیا دەستپاکی گەلەکا گرینگە چەوا کۆمسیۆنا سەربەخۆ یا باڵا کو (٩) ئەندامن ئەڤ (٩) ئەندامە مە بڕیاردا کو ل پەرلەمانی بێنە دەستنیشان کرن و بەرپرسن بەرامبەری پەرلەمانی، بۆچوونا من ئەز دبێژم ئەڤ دەستەش بیئعتیبار، چونکە وەکو کۆمسیۆنێ نییە کو ئەڤە دیاسایدا هاتبیت کو ئەڤە دگەل سەرۆکێ دەستەیێ بێنە هەڵبژاردن بەلکۆ بقەناعەتا من چەوا ئەنجومەنێ کۆمسیاران مە بەحسکر پەرلەمان دەستنیشان دکەت ئەز ژی دگەل وێ بۆچوونێ مە کو ئەڤ دەستە گەلەك گرینگە کو پەرلەمان ڤی ئەنجومەنی دەستنیشان بکەت تایبەتی ڤان موحەقیقا کو نووکە بەحس لسەر دهێتە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەمە وەزعەکە زۆر تەعقید تر دەکات کاك (بەهزاد) ئەوە دەستە داوا دەکات خۆی تەعین بکات، ڕایەك هەیە کە دەسەڵاتی دادوەری تەعینی بکات و جەنابیشت دەڵێی پەرلەمان لێکۆڵەرەکان تەعین بکات، بەڕێزان ئێستا روون بۆیەوە لەم بابەتەدا کە بابەتی دامەزراندنی لێکۆڵەرەکانە دوو ڕا هەیە، تەبعەن بەڕێزانی لیژنەی یاسایی و، لیژنەی نەزاهە هەندێك لە سەرنجی ئەندامانی تری پەرلەمان هەبوون کە ڕەچاو بکرێ مەسەلەی تەئدیب کردن، گۆڕینی بۆ بەرزەفت کردن، ئەوانەش ڕەچاو بکرێت لە خوێندنەکەدا بۆ ئەوەی کە بخوێنرێتەوە و بخرێتە دەنگدانەوە. بەڕێز د. احمد انور/سەرۆکی گشتی دەستەی دەستپاکی، رایەکی تری ئەندامانی پەرلەمان هەبوو کە بێ وەڵام ماوەتەوە، کە پێویست دەکات جەنابت روونکردنەوەی لەسەر بدەیت، ئێوە لە پڕۆژە یاساکەی خۆتان لە ماددەی ﴿٨﴾ بڕگەی ﴿٥﴾داوای دامەزراندنی ئەکادیمیایەکتان کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتیدا، ئەرکەکانی بونیادنانی تاواناکان و راهێنان و بڵاوکردنەوەی چەمکەکانی دەستپاکی و لێپرسینەوە و شەفافییەت و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە ئەستۆ دەگرێت.

**بەڕێز د. احمد انور/سەرۆکی گشتی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئەکادیمیایە دەتوانرێت بڵێین مەعهەدێکە بۆ پێگەیاندنی کادیرانی دەستە بۆ بەرزکردنەوەی توانای ئیداری و یاسایی و توانای فەننی بەشێك لە خۆیەوە دەگرێت کە دەڵێین ئەو تەشکیلە هەیە مانای ئەوە نییە کە سبەی دەرچوو موسادقەی لەسەر کرا، بەڵکو لەزمنی پڕۆژەی تەواو کردنی هەیئەی دەستە و دامەزراندنی دەستەیەکی ئەکتیف و کارا و بەردەوام، بۆ نموونە ئێستا لە بەغداد هیچ موحەقیقێك لەو موحەقیقانەی کە خۆیان هەیانە تەرفیع ناکات ئەگەر دەورەیەك لەو ئاکادیمیایە نەبینێت و هیچ

فەرمانبەرێك لە پلەیەك ناچێتە پلەیەكی تر كە دەورەیەك لە بەرزكردنەوەی ئاستی ئیداری پێ نەكرێت، لەبەر ئەوە زیاد نییە، بەڵام رەنگە خۆشمان حالیەن تواناى بەشەرى ئەوەندەمان لەبەر دەست نەبێت، بەڵام رەنگە لە ساڵانی داهاتوودا بیكەین، لە بەغداد هەیە، بەڵام وەكو خۆت دەزانی بۆ ئەو زروف و رەوشی ئەمنی خراپ لە بەغدا، ئێمە نەمانتوانی ئیستیفادەی لێ بكەین ئەوان لە بیدایەت عەرزیان كرد كە كۆمەڵێك فەرمانبەری ئێمە لای ئەوان راهێنانی پێ بكەن، لەبەر ئەوە پێم وایە دەزگایەكی زەرورییە و بەردەوام پێویستی بە نوێ كردنەوەی زانیاری فەرمانبەرانی خۆیە و بە تەئكید لە رووی ئیداری و مەعلوماتی بەشەكان ئەو ئەكادیمیە كومەڵێك بەش لە خۆ دەگرێت و خەڵكی موختەس بە راستی دەرسی تێدا دەڵێن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەردوو را ئامادەن، بۆ ئەوەی لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان دەنگی لەسەر بدرێت، رای یەكەم: ئەوەیە لە راپۆرتی دوو لیژنەكە ئەوەی لەبەر دەستان هاتووە و ئێستا دەستەی سەرۆكایەتی و هەردوو لیژنەكە هاتوونەتە سەر قەناعەتێكی تر، بەڵام لە راپۆرتەكەدا نووسراوە سەلاحییەتی دامەزراندنی لێكۆڵەر لە دەستی دەستە بێت، رای دووەم: ئەوەیە دامەزراندنی لێكۆڵەر لە سەلاحییەتی دەستە نەبێت و لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار هەماهەنگی بكرێت بۆ دامەزراندنی لێكۆڵەر كە لێرەدا لایەنی پەیوەندیدار بە پێی یاسا پەیوەندیدارەكانی عێراق و هەرێمی كوردستان دەسەڵاتی دادوەرییە، تەبعەن ئێمە كۆی ماددەكە دەخەینە دەنگدانەوە، بۆ ئاسانكاری بۆ ئەوەی دوو جار ماددەكە نەخوێنرێتەوە لە پێشدا دەنگدان لەسەر بڕگەی ﴿٣﴾ دەكەین و دوای ئەوە كە یەكلابوویەوە، ئەو كات دەنگدان لەسەر كۆی ماددەكەش دەكەین، د. احمد قسەیەكت هەبوو؟

**بەڕێز د. احمد انور/سەرۆكی گشتی دەستەی دەستپاكی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵام پێش ئەوەی دەنگدان بكرێت، دیارە ئازادن لە هەردوو رەئیەكە، ئێستا ئەو سەلاحییەتەمان نییە، ئێستا ئەگەر ئەو رایە پەسەند نەكەت شتەكە وەكو خۆی لێدێتەوە، بەڵام تەئكیدی دەكەمەوە كاری تەحقیقی دەستە لەوە زیاتر دوا دەكەوێت و زەربەیەكی زۆر گەورە بە ئیشەكە دەگات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

رای خۆتت باس كرد د. احمد، تكایە ئەو دوو رایەی كە لەسەر بڕگەی ﴿٣﴾ هەیە بیخوێنن، رای یەكەم بخۆینن بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە و ئەگەر دەنگی نەهێنا رای دووەم بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

برگەی سێیەم: أ، هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: دامەزراندنی لێکۆڵەر لە دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دەستە لەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسادان بەو مەرجەی کاری لێکۆڵینەوە ئەنجام نەدەن تاکو دەرچوونیان لە خولێك لەپەیمانگای دادگەری هەرێم بۆ ماوەی سێ مانگ و سوێند خواردنی ئەو سوێندە لە یاسای بنەماکانی دادگای سزاکارییەکانی ژمارە ﴿٢٣﴾ ساڵی ﴿١٩٧١﴾، دەقی لەسەر کراوە لەبەردەم سەرۆکی دەستە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم رایە ئەوەیە کە لێکۆڵەران لە لایەن دەستەوە بە هەماهەنگی ئەنجومەنی دەستە دادەمەزرێن، کێ لەگەڵ ئەم رایە دایە؟ کاك رابوون نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی وەك رێزلێنان لە بۆچوونەکەی ﴿کاك احمد﴾، ئایا پەسەندی ئەم رایە دەکات؟ ئایا ئەمە گوزارشت لە بۆچوونەکەی ﴿کاك احمد﴾ دەکات؟ دەمانەوێت بۆچوونەکەی بزانین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك احمد چەند جار رای خۆی وت، رای لەگەڵ ئەمەیە.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمانەوێت بزانین سیاغەکە گوزارشت لە رایەکەی کاك احمد دەکات؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەو پرۆژە یاسایەیە کە خۆیان ناردوویانە، کاك د. احمد فەرموو،

**بەڕێز د. احمد انور/سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

ئێمە حەقی دامەزراندنمان هەبێت ئەگەر ئیشکالەك لەسەر سوێندخواردنەکە هەیە زۆر موشکیلە نییە، دەتوانین فەقەری ئاخیر لابەرین، مومکینە یەك، دوو، برادەر موخالیفە، بەڵام ئێمە ئەسڵ ئەوەیە پێویستمان بە موحەقیقە و دەزانین دەسەڵاتی قەزا بەو وەزعەی کە ئێستا تێدایە لەگەڵ رێزی زۆرمان، موشکیلە ئەوەیە خۆیان نیانە، ئێستا ئێمە لە رانیە تا کەلار یەك موحەقیقمان هەیە و ئێستا سەرووی ﴿٥٠﴾ کەیسمان حازرە بۆ تەحقیق تێیدا، کە خۆی نەیبێت بۆ من لە کوێ بێنێت؟ دەبێت چاوەڕێی میزانییەی ساڵی داهاتوو بکات و لەو میزانییە رەنگە ﴿٥٠﴾ کەس بۆی دابمەزرێت، قەزیەکە ئەوە نییە من پێم خۆشە هەبێت قەزیەکە ئەوەیە ئیشی ئێمە بەرەو پێش بچێت ئەساسی ئەو دەستەیە بۆ ئەوە دامەزراوە تەحقیق لەقەزیەی گەندەڵی بکات، کە دەسەڵاتی قەزایی نەیبێت، بەڵێ من دەتوانم ئیشکالەکە لەسەر فەقەرەی ئاخیرە و دوایی سوێند خواردنەکە هەڵبگرین موشکیلەیەکمان نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەداخەوە ئێستا رای دەستەش رایەکی ترە، ئێستا رای دەستە رای ترە لەو پرۆژە یاسایەی کە ناردوویانە کە ئەمە ئیشی پەرلەمان تەئخیر دەکات، کاك عمر کۆچەر فەرموو،

**بەڕێز عمر صالح عمر ﴿عمر کۆچەر﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ رەئی ﴿د. احمد﴾، بەڵام بابەتی دامەزراندن کێشەیە لەم وڵاتە بە هەندێ زروفەوە، بەقەناعەتی من سەرۆکی دەستە راستە بە سەربەخۆیی و هەموو دەبێ سەربەخۆ بێت، بەس ئەمە کەم کردنە لە شەئنی موحەقیق، ئەگەر لە ئەنجومەنی دادوەری بستێنێت و لە هەیئەیەك دابمەزرێت وسوێند بخوات، موحەققی گەورە بێت وەك قانەون و عێراق ئەو حەقەی نەداوە کە دابمەزرێنیت لە ئەنجومەنە و ئەوە غەدرە بو موحەقیق، بەڵام حەقی دەستەیە نەقڵ بکات و نەقڵ حەقێکی قانونییە، بەس بابەت ئیستقلالیەتە، ئەوە ئەنجومەن شوێنێکی سەربەخۆیە و لە سەربەخۆیی دەستە کەم ناکات ئەگەر لە ئەنجومەن بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا رای سێیەمیش هەیە، رای یەکەم، ئەوەیە کە ئێستا لە راپۆرتەکە هەیە، رای دووەم، ئەوەی کە لیژنەی یاسایی و نەزاهە سیغەیان کردووە، رای سێیەم، ئەوەیە کە ئێستا د. احمد خستیە روو، ئەگەر ئەم دوو رایە دەنگیان نەهێنا دەچین بۆ رای سێیەم، کە رای سێیەم ئەوەیە کە سوێندخواردنی لەبەردەم دەستەکەدا نەبێت، کاك عمر قسەی ترت هەبوو؟ فەرموو،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ئەوەندە بوو، نووسراوە دامەزراندنی لیکۆڵەر لە دەستە لەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، یەعنی سەرووی بەکالۆریۆس ناگرێتەوە، دەبێت بنووسرێت بە لای کەمەوە، چونکە ماستەر و دکتۆرا دەکرێت لەمانەش جێگەی بکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئێستا ئەمەی کە ئێستا هەیە دەیخەینە دەنگەوە و ئەگەر دەنگی نەهێنا دەچینە رای دووەم و ئەگەر دەنگی نەهێنا دەچینە رای تر، کاك زانا قسەی تر هەیە؟

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم لە پێشدا هەر سێ رایەكەمان بۆ بخوێننەوە، دوایی یەك یەك بیخەرە دەنگدان، چونكە ئێستا ئەگەر رەئییێك بخەیە دەنگدان ئیمە تێناگەین رای دواتر چییە، هەرسێكی سیاغە بكەن، بڵێن ئەم سێ رایە هەیە، یەك، یەك بیخەرە دەنگدان، بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

قسەیەكی باشە، زۆر چاكە،

**بەڕێز د. ڤالا ابراهیم فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رای یەكەم: بڕگەی سێیەم، لە ﴿أ﴾، وەكو خۆیەتی ئەوی لە راپۆرتەكە هاتووە لە پێش جەنابیانە، دامەزراندنی لێكۆڵەر لە دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دەستە لە وانەی هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆسن لە یاسا، بەو مەرجەی كاری لێكۆڵینەوە ئەنجام نەدەن تاكو دەرچوونیان لە خولێك لەپەیمانگای دادگەری هەرێم بۆ ماوەی سێ مانگ و سوێند خواردنی، ئەو سوێندەی لە یاسای بنەماكانی دادگای سزاكارییەكانی ژمارە ﴿٢٣﴾ی ساڵی ﴿١٩٧١﴾ دەقی لەسەر كراوە لەبەردەم سەرۆكی دەستە، رای دووەم: كە لیژنەی یاسایی لە گەڵ لیژنەی نەزاهە دایانڕشتووە، داواكردنی سەرۆكی دەستە، داواكردنی دابین كردنی لێكۆڵەرەوەی دادی بۆ دەستە لە لایەنی پەیوەندیدار، واتە تەعیینی لێكۆڵەرەوەی دادی بە پێی ماددەی ﴿٥١﴾، كە لە ئەحكامی عامەی ئسوڵی موحاكماتی جەزائی دایە لە لایەن وەزیری عەدلەوە دەبێت و لە هەمان كاتدا سوێند خواردنەكەشی لەبەردەم مەحكەمی ئیستیناف دەبێت و ئەمەشیان رای دووەمە سەرۆكی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا روونە لاتان، وا نییە؟ رای یەكەم دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لە گەڵ رای یەكەمە؟ هەڵە لە چی هەیە د. ابراهیم؟ بەڵێ باشە، بەڕێز كاك ئومێد،

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها دوو ئیشكالی بچووك هەیە ئەگەر چاك بكرێت، ئەوەی ﴿كاك عمر﴾ وتی بەكالۆریۆسەكە و ئەوەی سوێندخواردنیش كە بەڕێز سەرۆكی دەستەش ئەو پێشنیارەی كرد ئەو دووانە چاك بكرێت و سوێند خواردنەكە لابرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، مامۆستا انس فەرموو،

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی دکتۆرا و ماستەر هەبێت، تەحسیل حاسلە، لیسانسی هەیە، لەبەر ئەوە داعی نینە زێدە بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەیەکی وەجیهە ئەمە،

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەفروزە تێدا بێتە نڤیسین نەحاسل تەحسیلە، ئەز نابێژم تەحسیلە، تۆ دڤێت بنڤیسی تێدا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە رایەکی قانونییە لە ماستەر وەرناگیرێی تاکو بەکالۆریۆسی نەبێت، کاك عمر فەرموو،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەست ئەوە بوو، سبەینێ کە بە دکتۆرا تەعیین بوو ئیمتیازاتی دکتۆرای بدرێتێ، ئەگەر بەکالۆریۆس بوون دەڵێت من پێویستم بە بەکالۆریۆسە، ئیمتیازاتی بەکالۆریۆسی دەدەمێ،دەبا ئێستا بنووسرێت هیچ نارازییەکی تێدا نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکالۆریۆس بەرەو سەر، بەڵێ د. بەهار فەرموو،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەلیمەی ﴿بە لایەنی کەمەوە﴾ زیاد دەکەین، بە لایەنی کەمەوە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لەیاسا، تەواو حەل بوو؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەو رایەی کە باس لەوە دەکات، ئێستا لە ئەنجامی ئەو موشاورەیەی کە کردمان، کە سوێند خواردن لەبەر دەم دەستەکە نەبێت و تەعیین لەبەردەم دەستەکە بێت، هیچ فەرقی نییە، سوێند خواردن لەبەر دەمی دەستە، لێکۆڵەری دادی لەلایەن دەستەوە تەعیین بکرێت، لەبەردەم دەستە سوێند نەخوات و بڕوات لە بەردەم دەسەڵاتی دادوەری سوێند بخوات هیچ فەرقی نییە، یان هەردووکی موخالەفەیە یان هەردووکی گونجاوە، دەکرێت سوێندخواردن و تەعیین، دەکرێت سوێندخواردن لەبەردەم دەسەڵاتی دادوەری بێت و تەعیینیش لەبەر دەم دەسەڵاتی دادەوەری بێت، کە ئەگەر دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت لیکۆڵەر تەعیین بکات دەتوانێت سوێند بخوات، بۆیە مادام ئەمە بە موخالەفە دەزانن لەبەردەم دەستەکە سوێند بخوون، ئەمە مانای ئەوەیە کە تەعیین کردنیش لە لایەن دەستەی دەستپاکییەوە هەر موخالفەیە، بۆیە هەر ئەم دوو رایە دەخەینە دەنگدانەوە، ئەوەی لە راپۆرتەکە لە بەردەست جەنابتانە کە تەعیین لە لایەن دەستەی

دەستپاکی و سوێندخواردنیش لەبەردەم دەستەی دەستپاکییەوە دەبێت، ئەمە لیژنەی قانونی روونیان کرد کە بە پێی ئەو یاسایانەی لەبەردەم دەستیانە موخالەفەی مەبادئی گشتییە، رای دووەمیش دوایی دەیخەینە دەنگەوە کە تەعیین و سوێندخواردن لەبەردەم دەسەڵاتی داوەری بێت و ئەو کاتە نەقل یان تەنسیب دەکرێن بۆ سەر دەستەکە، رای یەکەم بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، جارێکی تر،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێیەم، ﴿أ﴾ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: دامەزراندنی لێکۆڵەر لە دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دەستە لە وانەی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسادان بەو مەرجەی کاری لێکۆڵینەوە ئەنجام نەدەن تاکو دەرچوونیان لە خولێك لە پەیمانگای دادگەری هەرێم بۆ ماوەی سێ مانگ و سوێند خواردنی ئەو سوێندەی لە یاسای بنەماکانی دادگەی سزاکارییەکانی ژمارە ﴿٢٣﴾ ساڵی ﴿١٩٧١﴾، دەقی لەسەر کراوە لەبەردەم سەرۆکی دەستە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵێدایە؟ ﴿٢٩﴾کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵێدا نییە؟ ﴿٣٩﴾کەس لەگەڵێدا نییە، کەواتە پەسەند نەکرا، رای دووەم بخوێنەوە تکایە،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رای دووەم، داواکردنی دابین کردنی لیکۆڵەرەوەی دادی بۆ دەستە لە لایەنی پەیوەندیدار ﴿لایەنی پەیوەندیدار مەبەست سوڵتەی قەزاییە کە حەقی تەعیینی هەیە﴾.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵێدایە؟ ﴿٣٧﴾لەگەڵێدایە، کێ لەگەڵێدا نییە؟ ﴿٢٦﴾کەس لەگەڵێدا نییە، کەواتە پەسەند کرا، ئێستا کۆی ماددەکە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە،

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی هەشتەم، بڕگەی یەکەم، وەکو خۆی دەمێنێتەوە، یەکەم: بەڕێوەبردن و راگیرکردنی کارەکانی دەستە و مسۆگەرکردنی بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی لە سنووری یاسادا بەو جۆرەی هێنانەکایەی ئامانجەکانی مسۆگەر دەکات، بڕگەی دووەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: دامەزراندن و بەرزکردنەوە و بەرزەفتە کردنی فەرمانبەرانی دەستە بە پێی یاسا کارپێکراوەکان، بڕگەی سێیەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: داواکردنی دابین کردنی لێکۆڵەرەوەی دادی بۆ دەستە لە لایەنی پەیوەندیدار، ب: لادەبرێت و دەبرێتە مادەی ﴿١١﴾ لە یاساکەدا، بڕگەی ﴿٤ و٥ و ٧﴾ لە بەندی هەشت، هەڵدەگیرێت و

دەبڕێتە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی دەستە کە لە بڕگەی دووەم، لە بەندی نۆیەم، لە ئەسڵی یاساکەدا بە خاڵی ﴿٦ و ٧ و ٨﴾، بڕگەی شەشەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوە. بڕگەی هەشتەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەشەم: پێشکەشکردنی راپۆرتی ناو بەناو بۆ پەرلەمان، هەر شەش مانگ جارێك یان هەر کاتێك پێویست بکات چالاکیەکانی دەستە و پوختەیەك لەسەر ئەو کێشانەی لێکۆڵینەوەیان لێکراوە و ئەوانەی پارێزراون یان داخراون، ئەوانەی رەوانەی دادگا تایبەتمەندەکان کراوە لەخۆ بگرێت و دەستە لە پێگەی ئەلیکترۆنی خۆی بڵاویان دەکەتاوە و دەیخاتە بەر دەستی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی راگەیاندن.

هەشتەم: دەرکردنی ئەو رینمایانەی لەم یاسایەدا دەقیان لەسەرکراوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بڕگەی نۆیەمیش لە ئەسڵی یاساکەدا هەیە، ئێمە لە راپۆرتەکە ناومان نەهێناوە، بە مەعنای ئەوەی وەك خۆی دەمێنێتەوە، بۆیە ئەویش دەخوێنمەوە،

نۆیەم: هەڵسان بە کار و ئەرکەکان و پیادەکردنی ئەو دەسەلاتانەی ئەم یاسایە یان هەر یاسایەکی بەرکاری تر دەقیان لەسەر دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە فەقەرەی پێنج گوتم دامەزراندنی ئەکادیمیایەك، ئەو ئەکادیمیایە نەمێنێ، چونکە ئەرکەکانی ئەو ئەکادیمیایە دائیرەی تەحقیقات و دائیرەی شەفافییەت و نەزاهە دەیکات، کە ئەرکەکانی هەموو لێرەدا نووسراوە، یەعنی لە زیادبوونی یان دروستکردنی ئەو ئەکادیمیایەی تەشکیلاتی ئیداری زیاد دەکەی بەوەی، ئەسڵەن ئەرکەکانی ئەو دوو فەرمانگەیە دەکات، بۆچی دەیکەن؟ گوتم با نەمێنێت ئەو ئەکادیمیایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، پێموابێت (بەڕێز د.جوان) سەرۆکی دەستە وەڵامی ئەمەی دایەوە، گوتی لەوە دەچێ لە داهاتوودا پێویستمان بە کادیر هەبێ لەم بوارەدا، ئێستا رەنگە نەتوانین ئەو ئەکادیمیایە بکەینەوە، بەڵام ئەو پێیوایە لە داهاتوودا رەنگە دەستەکە بتوانێ ئەکادیمیایەکی لەم بابەتە بکاتەوە، رای لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەو پێشنیارە چییە؟ ئەگەر رایەکی تایبەتیتان هەیە باسی بکەن.

**بەڕێز د.ڤالاٚ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕای ئێمە ئەوەیە وەكو لە ڕاپۆرتەكەدا هاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە ئێوە لەگەڵێدا نین، لیژنەی نەزاهەش بە هەمان شێوە.

**بەڕێز عمر صالح (عمر كۆچەر):**

بەڵێ، ئێمەش لەگەڵی داین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیارم كرد كەوا ماددەی (١٨) لاببرێت كە باسی قیدەمی ساڵێك دەكات، لێرە شوێنی قیدەم بكرێ بە شەش مانگ یان بە چەند مانگێك، ناكرێتن سەرۆكی دەستە حەقی ساڵی قیدەمی هەبێتن كە وەزیر ئەو سەلاحیەتەی نییە، دەبا ئەوان ئیشارەتیان پێ بدابا لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی (بەڕێز د.سراج) باسی كرد لە ماددەی (١٨)دایە، با بگەینە ماددەی (١٨) ئەو كاتە ئەوە چارەسەری دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا كێ لەگەڵ ماددەكە دایە بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (٥٧) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (٢) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، دەچینە سەر بەندێكی تر، فەرموو بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەندی نۆیەم

بڕگەی یەكەم لە بەندی نۆیەم هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

سەرۆكی دەستە جێگرێكی دەبێ بە مەرسوومێكی هەرێمی دادەمەزرێ پاش كاندیدكردنی لەلایەن ئەنجومەنی دەستەوە بە پلەی بریكاری وەزارەت، لە كاتی ئامادە نەبوونی سەرۆك بە هەر مەرجێك بێ جێگای دەگرێتەوە، لە هەمان كاتدا گشت دەسەلاتەكانیشی پیادە دەكات.

بڕگەی دووەم: وەك خۆی دەمێنێتەوە.

بڕگەی سێیەم: وەك خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم: سەرۆکی دەستە بۆی هەیە هەندێك دەسەلأتەکانی تەخویل بکات بۆ جێگرەکەی یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان یان هەر یەکێك لەوانەی لەخوار سەرۆکن.

سێیەم: جێگری سەرۆکی دەستە یان هەر یەك لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دەستە لە پۆستەکانیان بە مەرسوومێکی هەرێمی دەبەخشرێن لەسەر راسپاردەی سەرۆکی دەستە کە پاڵپشت بێت بە کاری لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە کەوا سەرۆکی دەستە بۆ ئەم مەبەستە پێکی دەهێنێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ ناوی خۆی دەنووسێت؟ ناوەکان دەخوێنمەوە با دوایی کەس گلەییمان لێ نەکات (بەڕێز د.سراج، بەڕێز ڤەمان فیصل، بەڕێز بەهزاد دەروێش، بەڕێز قادر ئۆتمان، بەڕێز کاك تحسین)، فەرموو بەڕێز د.سراج.

**بەڕێز د.سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بۆ دامەزراندنی جێگری دەستە دەبێ بە لایەنی کەم تەبعەن وای لێبێت، سەرۆکی دەستە جێگرێکی دەبێت بە لایەنی کەم بڕوانامەی زانکۆی هەبێت لە یاسا و لە (١٠) ساڵ خزمەتی فیعلی لە کاری یاسادا کەمتر نەبێتن، یەعنی لەوانەیە ئەو کەسەی کە دەیهێنن دەبێ مەرجی هەبێت کە چ کەسێکە دەبێتە جێگری دەستە، نەك هەموو کەسێك بێنن کەوا شایستەی ئەو شوێنە نەبێ، دووەم: لە بڕگەی دووەم باس لەوە دەکات کە سەرۆکی دەستە حەقی هەیە دەسەلأتی خۆی شۆڕکاتەوە بۆ خوار بەڕێوەبەری گشتییش، بەراستی من ئیستیغراب دەکەم، تەعەجوب دەکەم، ئایا لە چ یاسایەك وەزیرێك دەتوانێ سەلأحیاتی خۆی بۆ خوار بەڕێوەبەری گشتیی شۆڕکاتەوە، من تەسەوڕ دەکەم ئەوە پێچەوانەی یاسایە، تکایە ئەوەش چارەسەر بکەن، تەنها دەکرێتن بۆ جێگرەکەی یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان و کۆتایی، نەك بۆ خوارتر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەو رێكارێن كو جێگرێ سەرۆكێ دەستەیا بێتە تەعین كرنێ گەلەك فەرقن ژ وان ئالیەتا كو سەرۆكێ دەستەیا پێ دێتە دەیناندنێ، ژبەر هەندێ لە بەندا (٧) لە راپۆرتا لێژنەیا هاوبەش چەند حالەتێكی دیاركرن، ئەگەر هاتو سەرۆكێ دەستە موخالەفەیا وان حالەتا كر دوو لەسەر سێ ئەندامان دەهێتە لادان، فەرەزەن جێگرێ سەرۆكێ دەستە جێی وی گرت و موخالەفەیا وان حالەتا كر، وان چەند خالان كر ئەوێ كو بەندا (٧)دا هاتینە كرنێ، ئالیەتا لابردنا وی نەهاتیە دیاركرنێ، ئایا هەنگی ئەو سەلاحیەتا پەرلەمانی دێ هەبیتن؟ یان ژی هەر بە وی مەرسوومی بیت ئەوەی ئەو پێ هاتیە تەعین كرنێ، چونكە رێكا تەعین كرنا جێگری گەلەك فەرقە، سەرۆك بە رێكا پەرلەمانی دێتە تەعین كرنێ و جێگرێ وی بە رێكا مەرسوومەكی دیتر یێ ئیداری، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز كاك بەهزاد فەرموو.**

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەندێ نۆیەم خالا سێیەم كە بەحسێ بەخشینا جێگرێ سەرۆكێ دكەت، منیش لەسەر راسپاردەی سەرۆكێ دەستە كە پالپشت بیت بە كاری لیژنەیەكا لێكۆڵینەوە كەوا جارێكی تر سەرۆكێ دەستە بۆ ئەم مەبەستە پێك دەهێنێت، پێمباشە كەوا ئەنجومەنێ دەستە یانیش سەرۆكێ دەستە بمێنێت بەم مەبەستە، بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دەستە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز كاك قادر فەرموو.**

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من هاوڕام لەگەڵ كاك (دكتۆر) كە جێگر پێویستە لایەنی كەم بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت، كاندیدكردنی جێگرەكە لەلایەن ئەنجومەنی دەستەوەبێت، هەروەها پێشنیار دەكەم گشت كار و ئەركەكانی رایی دەكات لابرێت، گشت دەسەلاَتەكانی پیادە دەكات، چونكە جێگر كە دادەنیشێ بۆ رایی كردنی ئەرك و كارەكانی سەرۆكی دەستە دادەنیشێ، هەروەها هاوڕام لەگەڵ ئەوەی كە سەرۆكی دەستە دەسەلاَتەكانی تەخویل بكات بۆ جێگرەكەی و بەڕێوەبەرە گشتییەكان، چونكە ناكرێ لە یەك كاتدا جێگرەكە و بەڕێوەبەرە گشتییەكان ئامادەبن، لەوە زیاتر شۆڕ بكرێتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز كاك تحسین فەرموو.**

**بەڕێز تحسین اسماعیل (تحسین دۆڵەمەڕی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

برِگەی یەكەم بە هەر مەرجێك گونجاو نییە لێرە، لە كاتێكدا هەر نا روونە هەمووی، ئەگەر رێگەم بدەن بەم سیاغەیە بێ باشە (سەرۆكی دەستە جێگرێكی دەبێت كە پاش كاندیدكردنی لەلایەن ئەنجومەنی دەستەوە بە مەرسوومێكی هەرێمی بە پلەی بریكاری وەزارەت دادەمزرێت و لە كاتی ئامادە نەبوونی سەرۆك بە هەر هۆیەك جێگەی دەگرێتەوە و گشت دەسەلاَتەكانی پیادە دەكات)، ئەمە بە نیسبەت برِگەی یەكەم، برِگەی دووەم: دەڵێ سەرۆكی دەستە بۆی هەیە هەندێك لە دەسەلاَتەكانی تەخویل بكات، ناگونجێت لێرە، سەرۆكی دەستە بۆی هەیە هەندێك لە دەسەلاَتەكانی بداتە جێگرەكەی یان بە بەڕێوەبەرە گشتییەكان، لێرە كۆتایی پێ بێت یان هەر یەكێك لەوانەی لەخوار سەرۆكن ئەویش ناكرێت، لە گشتییەكان كۆتایی بێتن، برِگەی سێیەم: ئەویشیان هەندێك ئیشكالی تێدایە، ئەگەر رێگەم پێ بدەن بەم سیاغەیە بێت (جێگری سەرۆكی دەستە یان هەر یەكێك لە بەڕێوەبەر گشتییەكانی دەستە لەسەر راسپاردەی سەرۆكی دەستە بە مەرسوومێكی هەرێمی لە پۆستەكانیان لادەدرێن كە پشت بە رای لیژنەی لێكۆڵینەوە دەبەستێت كەوا سەرۆكی دەستە بۆ ئەم مەبەستە پێكی دەهێنێت)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك سوهراب فەرموو.

**بەڕێز سوهراب میكائیل محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار سەر برِگا دووەم هەبوو، ئەز پێشنیار دكەم بەم شێوەیە بێت (لرئیس الهیئة تخویل الصلاحیات الاتیة)، بێتە دەست نیشان كرن (لنائبه) هەتا ڤێرێ و راوەستیتن، یان هەیئەكە نەیەتە دەست نیشان كرن ژی (لرئیس الهیئة تخویل بعض صلاحیاته لنائبه)، بەس ئەم چارچۆڤەیەكی بۆ دانێین (بأستثناء ما وردت في المادة الثانیة)، یان (ثانیاً، ثالثاً من الفقرة الثامنة)، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، پێشنیارەكەم ئەگەر ئەز دووبارەی بكەمەوە (لرئیس الهیئة تخویل الصلاحیات الاتیة)، ئەم دەست نیشان بكەین وان سەلاَحیاتا، چونكە سەرۆكی هەیئە هاتیە هەڵبژاردن لە پەرلەمانێ، مەعقول نینە هەندەك سەلاَحیاتێت بەرز و بلند بدەتە جێگرێ خۆ، بێتە دەست نیشان كرن، ئەگەر نەیەتە دەست نیشان كرن ئەم چارچۆڤەیەكی بۆ دابنێین (بأستثناء ما وردت في ثانیاً و ثالثاً من المادة الثامنة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـه نیسـبەت مـاددەی نۆیـەم فەقـەرەی یەکـەم و دووەم، بـە نیسـبەت دەسـەلأتەکان لێـرە دەڵـێ گشـت دەسەلأتەکان، لەوێ دەڵـێ هەنـدێك لـە دەسـەلأتەکان، لـە رووی عەمەلییـەوە و لـە رووی کارگێڕییـەوە هـیچ سـەرۆکی دامودەزگایـەك و هـیچ سـەرۆکی دەسـتەیەك هـەموو سـەلأحیاتی دەسـەلأتی نـاداتـە جێگـر، بـەڵکو هەنـدێك، لێرەدا دەبێ یەك بکرێ بڵێین هەنـدێك لـە دەسـەلأتەکانی دەدرێـت، لەگـەڵ (کـاك سـوهراب)ی دام دەبێ ئەوەی جێگریش تەحدید بکرێ، سەلأحیاتی جێگر چییە (في حالة غياب الرئيس)؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رای لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر قسەی ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو د.ڤالاً.

**بەڕێز د.ڤالاً فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارانەی کە کران مەرجەکانی جێگری سەرۆکی دەستە بە هەمان مەرجی سەرۆك دەبێت ئـەوەیان دەبێ ئیزافە بکرێتن لێرانە، چونکە زۆر گرنگـە، واتـە سـەرۆکی دەسـتە جێگرێکـی دەبـێ بـە مەرسـوومێکی هەرێمی دادەمەزرێ پاش کاندیدکردنی لەلایەن ئەنجومەنی دەستەوە، ئەوەیان هەیـە، پاشـان کاندیـدکردنی لەلایەن ئەنجومەنی دەستەوە بە پلەی بریکاری وەزارەت، هـەروەها پێویسـتە هـەمان مەرجـەکانی سـەرۆکی دەستەی تێدا موتەوەفیر بێت کـە لـە ئەسـڵی یاساکەدا هـاتووە، لـە کـاتی ئامـادە نـەبوونی سـەرۆك بـە هـەر هۆکارێك بێت جێگای سەرۆك دەگرێتەوە لە پیادەکردنی دەسـەلأت، ئێمـە لێـرە گوتوومانـە لـە کـاتی ئامـادە نەبوونی سەرۆك، کە سەرۆك ئامادەنییە، بەڵام سەرۆك کە بۆ خۆی ئامادەیە ئەوە بە پێی نیزامـی داخیلـی هەیئەکە خـۆی چ سـەلأحیاتێکی دەوێ تـەخویلی جێگـر و بریکارەکـەی دەکـات، واتـە مـەرج نییـە ئێمـە لـە یاسادا ئەو کارانەی کـە پێـی دەسـپێردرێت بـە جێگرەکـە دیـاری بکـەین، بـەڵکو نزامـی داخیلـی تایبـەت بـە خۆیان هەیـە، ئـەوە دەتـوانێ لـە نیـزام داخیلیەکـە هـەموو دەسـەلأتەکانی بـۆ دیـاری بکـات کـە پێـی دەدات، هەروەها رای جەنابیشیان گرنگە لەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بـەڵام گرنگـە لێـرە لـە بڕگـەی دووەم ئـەوەش تەسـبیت بکـرێ، سـەرۆکی دەسـتە بـۆی هەیـە هەنـدێك لـە دەسەلأتەکانی تەخویل بکات بۆ جێگرەکەی یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان یـان هـەر یـەکێك لەوانـەی لـەخوار سەرۆکن، دەسەلأتی هەر یەکێکیان بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی دەستەکە دیاری دەکرێت، لەو کاتەدا هـەر دوو مەبەستەکە دەگەیەنێ، لیژنەی نەزاهە فەرموون.

**بەڕێز عمر صالح (عمر کۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ژی حەز دکەین هەندەك سەلاحیات، نەك هەموو ئەو سەلاحیاتە بیتن، من تێبینییەکم هەیە لە هەر مەرجێك و لە هەر هۆکارێك ئەوە ژی هەیە، ئەوە ژی جێگای گومان دروست دکەت، مەسەلەن هەر هۆیەك بێتن سەرۆك ئەو سەلاحیاتە ژی هەموو بدەتە جێگرێ خۆ، جێگر وەکو سەرۆك نەهاتیە هەڵبژاردن، ئەگەر هۆیەکی شەرعی بدەین، یەعنی شتەکی یاسایی بدەین، ئەگەر عوزرەکی یاسایی یان شەرعی نەبێت دەتوانێ سەرۆکی دەستە خۆ بشارێتەوە و سەلاحیات هەموو بدەتە جێگر، ئەوە کێشە دروست دەکات بە قەناعەتی من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله دیارە لە ئەسڵی مەشروعەکەی ئێمە ئەوەبوو کە ئەو سەلاحیەتەی سەرۆکی دەستەیە دیارە لیژنە پێیان باش بوو ئەنجومەنەکە بێت، بڕوا ناکەم زۆر ئیشکال دروست بکات، چونکە  بڕوا ناکەم هیچ وەزیرێك بەبێ موافەقەی خۆی بریکاری بۆ دابنرێت، لەبەر ئەوە پێمباشە وەکو ئەسڵیەکە بمێنێتەوە، ئەوەی تریش بە تەئکید بەشێك لە سەلاحیاتە قەت مەسئولەیەتی سەرۆکێکی هەڵبژێردراو لەگەڵ جێگر وەکو یەك نییە، هەر چەندە ئەگەر جێگرەکە بڵێین ئەوە نوقتەیەکی ئەساسییە، لەبەر ئەوە بەشێك لە سەلاحیاتەکان دەکرێ، بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێزیش لە پەیڕەوی ناوخۆی خۆمان کە وابزان لیژنەی یاسایی نوسخەیەکیان لایە، بەلام ئیشارەتیان پێ نەدا ئالیاتی هەڵبژاردنی جێگرەکەشمان دیاری کردووە چۆنە و مەرجەکانیشمان بۆ دیاری کردووە تەقریبەن، نەك تەقریبەن هەمان مەرجەکانی سەرۆکە، ئەگەر لە یاساش بێ هیچ مانعێك نییە، بەلام مادام لە پەیڕەوی ناوخۆ هاتووە و لە جەریدەی وەقائیعی کوردستانیش بلاو بۆتەوە زیاتر لە هەشت تەنزیمی داخیلیە، ئەگەر پێشتان باش بێت ئەوە بڕوا ناکەم موشکیلەیەکی تێدابێت، ئەوەی تر بە تەئکید غیاب کاتێ ئامادە نەبوون، غیاب خۆتان دەزانن سەفەر دەگرێتەوە، نەخۆشی دەگرێتەوە، نەتوانینی بە ئەنجامدانی کارەکانی دەگرێتەوە، بە هەر هۆیەك تا ئەو کاتەی بە ئالیاتی تر مەسەلەن لەلایەن پەرلەمانەوە ئەو غیابەی سەرۆك عیلاج دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالا فەرمووو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی دووەمیش مولاحەزەیەك هەبوو ئەویشیان ئەوەیە كە لە بڕگەی دووەمدا هاتووە سەرۆكی دەستە بۆی هەیە هەندێك دەسەڵاتەكانی تەخویل بكات بۆ جێگرەكەی یان بەڕێوەبەرە گشتییەكان یان هەر یەكێك لەوانەی لەخوار سەرۆكن، پێمان باشە رەئیەكە وابوو كە لە رووی ئیدارییەوە تەنها دەتوانرێ بۆ جێگر و بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەكان تەخویلیان بكاتن، ئایا ئەوەی كە هاتووە یان هەر یەكێك لەوانەی لەخوار سەرۆكن؟ رای بەڕێز جیهەتی مەعنی وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز د.احمد سەرۆكی دەستە.

**بەڕێز د.احمد انور/ سەرۆكی دەستەی دەستپاكی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله دەكرێ بمێنێتەوە، چونكە رەنگە ئیش و كاری دەستە فەرقی هەبێت، بەڕێزت لەوانەیە بەڕێوەبەری قسمێكت هەیە، بەڕێوەبەری شوعبەیەكت هەیە بۆ كارێك بە یەكجار تەكلیفی دەكەی مومكینە سەلاحیاتەكە، بۆ نموونە مەسەلەن زۆر كار هەیە دەستەی دەستپاكی بەڕێوەبەرە گشتییەكان هەر یەك دائیرەی خۆیان هەیە، لەبەر ئەوە لە یاساكە بمێنێتەوە باشترە، بەڵام رەنگە لە رووی عەمەلییەوە تەتبیقاتی زۆر نەبێت، مومكینە هەندێك مەهامی تایبەت بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار قەسەیەكت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی دووەم بوو، پێموایە زیاتر لە (٣) ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان داوایان كرد ئەوەی بڕگەی یەكێك لەوانەی لەخوار سەرۆكن لابرێت، رەئیەكەش لە رووی ئیدارییەوە رەئیەكی شائیعە، یەعنی دائیمەن بۆ جێگر و بەڕێوەبەرە گشتییەكانە، بۆیە ئەگەر ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە باشترە، وەكو بە نەزەرێكی ئیعتیبار وەرگرتنی رەئی ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە، بەڕێز كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح (عمر كۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری رای لیژنەی یاسایی دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها قسەیەك بوو ئەگەر بکرێت، دەسەڵات بڵێین ئەوەی کە لە سەری سەرەوەیە یان بە خوار خۆی، خوار خۆشی دەتوانێ دەسەڵات بدات بە بەڕێوەبەری بەشەکان، یان بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکان، لەبەر ئەوە بە رەئی من تەنها بنووسرێ بەڕێوەبەری گشتیی و جێگرەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە رئیەکان سیاغە بکەنەوە، ماددەکە سیاغە بکەونەوە بەو شێوەیەی کە ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاریان کرد بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، پێش ئەوەی کۆی ماددەکە بخەینە دەنگدانەوە، ئەو رایەی هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان خستیانە روو، هەر دوو لیژنەش پشتگیری لێ دەکەن بەوەی کە لە بەندی دووەمدا سەرۆکی دەستە تەنها بۆی هەبێت هەندێك لە دەسەڵاتەکانی تەخویل بکات بۆ جێگرەکەی یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان، واتە ئەو دەستەواژەیە لابرێت یان هەر یەکێك لەوانەی لەخوار سەرۆکن، ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە کە دەستەواژەی یان هەر یەکێك لەوانەی لەخوار سەرۆکن لابرێت، بەڕێزان، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٥٧) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کەس نییە، زۆر سوپاس، کەواتە ئەو دەستەواژەیە لابرا، نەك کۆی بڕگەکە، د.ڤالاً فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی نۆیەم

بڕگەی یەکەم لە بەندی نۆیەم: هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

سەرۆکی دەستە جێگرێکی دەبێ بە مەرسوومێکی هەرێمی دادەمەزرێت پاش کاندیدکردنی لەلایەن ئەنجومەنی دەستەوە بە پلەی بریکاری وەزارەت بەهەمان مەرجەکانی سەرۆك، لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆك بە هەر هۆکارێك بێت جێگای دەگرێتەوە و گشت دەسەڵاتەکانیشی پیادە دەکات.

بڕگەی دووەم: هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

سەرۆکی دەستە بۆی هەیە هەندێك دەسەڵاتەکانی تەخویل بکات بۆ جێگرەکەی یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان.

بڕگەی سێیەم: وەك خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم: جێگری سەرۆکی دەستە یان هەر یەك لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دەستە لە پۆستەکانیان بە مەرسوومێکی هەرێمی لادەبرێن لەسەر راسپاردەی سەرۆکی دەستە کە پاڵپشت بێت بە کاری لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە کەوا سەرۆکی دەستە بۆ ئەم مەبەستە پێکی دەهێنێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان فەرموو ، نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناکرێت لە یەك بابەتدا دووجار قسە بکات تەنها ئەگەر لە سەرۆك داوایکرد ، من لە جەنابت داوادەکەم ئەگەر ڕێگام پێبدەی ، ئەو کاتەی جێگری سەرۆکی دەستە شوێنی دەگرێت ، چونکە بەهەر مەرجێك بتن ئەو نەما جێگرەکەی دەبێتە سەرۆك ، ئەگەر جێگری سەرۆك بوویتە سەرۆك ئەو خاڵانەی لە بەندی (٧) ڕاپۆرتی داهاتی لیژنە ، یەعنی پێچەوانەی ئەوانە ئیشیکرد ، لابردنی چۆن دەبێت؟ لێرەدا بەپێی ئەم ڕاپۆرتەی یەك حاڵەت دیاری کراوە سەرۆکی دەستە تەنیا دەتوانێتن جێگرەکەی لابەرێتن ، بەڵام فەرەزەن خوا نەخواستە سەرۆك نەخۆش کەوتووە (٦) مانگ ، (٨) مانگ جێگرەکەی ئەو سەلاحیەتانەی هەموو وەرگرتووە ، پێچەوانەی ئەو بەندانە ئیشی کرد لەناو بەندی (٧) ڕاپۆرتدا هاتووە چۆن لادەبرێتن؟ یەعنی ئەوە موعالەجە نەکراوە ، مەبەستم ئەوە بوو ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز دکتۆر احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور/سەرۆکی دەستەی دەستپاکی.**

لەوانەیە ئیحتیمالێکی زۆر نزیك نەبێ ، بەڵام وەکو ئیحتیمال ئیحتیمال هەیە موتەئکید خۆی فەلسەفەکە ئەوەیە کە سەرۆکی دەستە هەڵبژێردراوی پەرلەمانە بەو ئیجرائاتەی لە قانونەکە هاتووە ، جێگر پاش کاندیدکردنی لەلایەن سەرۆکی دەستە بەو ئالیەتانەی کە ئێمە نیزامی داخیلی دیاریمان کردووە مەرجەکانیش کە لێرە تەئکید کرایەوە کە هەمان مەرجەکانی تێدایە ، کەواتە بڵێین ئەوەی پلەی تایبەتە بەتەئکید لە حاڵەتی خروقات یەعنی قابیلە کە ئالییەتەك هەر ئەبێ بۆ لێکۆڵینەوە مەسەلەن بۆ نموونە ئەگەر سەرۆك ئەوە بێ خۆ ئەنجومەنی دەستەکە ماوە ، چونکە ئەنجومەنی دەستەکە خۆی کاندیدی کردووە ڕاستە سەرۆکیش لە ئەنجومەنی دەستەکەدایە بڕوا ناکەم موشکیلەمان هەبێ لە دۆزینەوەی سیغەیەك لە تەعامول لەگەڵ ئەوە بەتایبەت لە بوونی پەرلەمان کە دەستەی دەستپاکی لە ژێر چاودێری پەرلەمان دایە ئەگەر ئەو بەڕێزەش مەسەلەن نوقتەیەکی هەیە یاخود یان یەك ، دوو ئەوە ئیزافە دەکا ، بە ڕەئی من زیاتر چوونە ناو تەفاسیلە ، چونکە هەندێك مەبادئی عاممان هەیە لە محاسەبەکردنی بەپرسە باڵاکانی خوار پلەی وەزیر ، بۆ نموونە ئەگەر ئێستا لەگەڵ بریکاری وەزارەتێك تەحقیق دەکای

چۆن موحاسەبەی دەکەی؟ خۆ ئەو بریکارە لەپەرلەمان سوێندی نەخواردووە تەنها وەزیرەکە سوێن دراوە ، یەعنی ئەو حاڵەتانە کەمن ، نادرن ، بەلاّم دیسان بڵێم نییە ، لەوانەیە ببێت ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەو بابەتە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو شێوەی کە خوێندمانەوە ، لە ڕێگای بەڕێزیشتەوە داوا لە ئەندامان دەکەم کە بۆ ئەخیر جار بۆ دەنگدان خوێندمانەوە ئیتر نابێ تێبینی لەسەر برگەکان بدەنەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس ، لیژنەی نەزاهەش هەمان ڕاتان هەیە؟

**بەڕێز عمر صالح (عمر کۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ هەمان ڕامان هەیە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، بەو شێوەی کە خوێندرایەوە ئەیخەینە دەنگەوە کێ لەگەڵیەتی؟ (٤٧) ئەندام لەگەڵیەتی ، کێ دژیەتی؟ (٢) کەس دژیەتی کەواتە پەسەندکرا ، فەرموون بەندی (١٠) بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی (١٠) هیچ تێبینییەکی لەسەر نییە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فەتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠)م ماددەی (١٢)ی یاسای دەستە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە ، دەستە پێکدێت لە:

یەکەم : فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکان ، بەڕێوبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە یاسا ، خاوەنی شارەزایی بێت لەبواری پسپۆڕی خۆی کە لە (١٠)ساڵ کەمتر نەبێت و هەڵدەستێت بە ئاشکرا کردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی و کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەیان بە پشت بەستن بە دەزگا هونەرییەکان ، وەرگرتنی هەواڵدان ، زانیاری و سکاڵاکانی گەندەڵی و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی گەندەڵی و هاوکاری کردن لە بواری چاودێری خەرجکردن و وەرگرتن و ڕەفتارکردن بەمایەی هەرێم و ڕێگەکانی بەڕێوەبردن و هێنانەوەی ئەو تۆمەتبارانەی بۆ دەرەوە ڕایانکردووە ، گەڕانەوەی ئەو مایەو سامانانەی بۆ دەرەوە ڕفێنراون و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و لێکۆڵینەوەی هاوبەشی نێودەوڵەتی ،

چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی لێکۆڵینەوە پێیەوە دەبەسترێنەوە کەوا بە فەرمانی سەرۆکی دەستە دەکرێنـەوە لە هەر پارێزگایەك لە پارێزگایەکانی هەرێم.

دووەم : فەرمانگـەی یاسـایی ، بەڕێوبـەرێکی گشـتی سـەرۆکایەتی دەکـات کـەوا بەلایـەنی کـەم هـەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بەرایی بێت لە یاسا و خاوەنی شارەزایی بێت لە بـواری پسـپۆڕی خـۆی کـە لـە (١٠) سـاڵ کەمتر نەبێت و بەم ئەرکانەی خوارەوە هەڵدەستێت:

١- پێشکەشـکردنی بـیروڕا و ڕاوێـژ لەسـەر پرسـە یاسـاییەکان کـەوا دەخرێنـە بـەردەم دەسـتە ، نوێنەرایەتی کردنی دەستە لەو دەعوایانە بۆی یان لەسەری بەرزدەکرێنەوە بە بریکاری فەرمی کە لە سەرۆکی دەستە دەرکرابێت.

٢- مورافەعـەکردن لەبـەر دەم دادگـا تایبەتمەنـدەکان لـەوەی پەیوەسـتە بەتاوانـەکانی گەنـدەڵی یـان پێداچوونەوەی ڕێگاکانی تانە لێدان دەربارەیانەوە.

٣- نوێنەرایەتیکردنی دەستە لەو لیژنانەی لێکۆڵینەوە کە لەسەر داواکاری دەستە پێکهێنراون.

٤- ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی یاسایی تایبەت بە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەنـدەڵی و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی ئەم بوارە.

٥- پێشکەشکردن و داواکردنی یارمەتی یاسایی نێودەوڵەتی ئاڵوگۆڕکراو.

٦- چاودێری لەسەر دەستپاکی بڕیار و کارەکانی کەرتی گشتی.

٧- دانانی ڕێنمایی ڕێگەگرتن لە ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە هەرێمدا.

٨- گرتنەبـەری ڕێکـار بـۆ چاودێری ئاسـتی دەسـتپاکی بڕیـار و کارەکـانی کـەرتی گشـتی و دەرکردنـی ڕاپۆرتی ناو بەناو لەم بارەیەوە.

٩- دانــانی پــەیڕەوی تایبــەت بــە پاراســتنی گەواهیــدەر و هەواڵــدەر و قوربانیــان و شــارەزایان و پـەیڕەوەکانی هانـدانی جـەماوەر و ڕاگەیانـدن و کۆمەڵگـەی مـەدەنی و تۆمـەتباران بـۆ هاوکـاری کردنی دەستە.

١٠- ئامادەکردنی پێشنیار و پڕۆژە یاسا لە بواری نەهێشتنی گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی.

سێیەم : فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافییەت ، بەڕێوبەرێکی گشـتی سـەرۆکایەتی دەکات کـەوا بـەلای کـەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شـارەزایی بێـت لـەبواری پسـپۆڕی خـۆی کـە لـە (١٠)سـاڵ کەمتر نەبێت ، ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

١- وەرگرتنـی دەرخسـتنەکانی بەرژەوەندییـە داراییـەکان و مامەڵـەکردن لەگـەڵ ئـەو زانیارییانـەی تێیانــدا هــاتوون ، گــەڕان بــەدوای ڕاســتیەکانی و بەدواداچــوونی ئەوانــەی دواکــەوتوون لــە پێشکەشــکردنی و چــاودێری کردنـــی زێـــدەبوونی مایـــەیی ئەوانـــەی داواکـــراون دەرخســـتەی بەرژەوەندییــە داراییــەکانییان پێشــکەش بکـەن و گرتنبــەری ڕێکـاری یاسـایی دەرحــەق بــەوەی

**دەسەلێنرێت کەوا زێدەبوونێکی گەورە لەسامانی یان سامانی هاوسەری یان یەکێك لە منداڵ دواکەوتەکانی بوونی هەیە بەپێی حکومەکانی ئەم یاسایە.**

**٢- هاوکاری کردن لەگەڵ ڕیکخراوە ناحکومییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاگەیاندن لە جێبەجێکردنی ڕێ و شوێنی هاوبەش بۆ ڕێگەگرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی.**

**٣- گەشەپێدان و پێشخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو لایەنانەی هاوشێوەن.**

**٤- بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکانی ڕاهێنان و ئەنجامدانی کۆنگرە بەهاوکاری وەزارەت و لایەنە تایبەتمەندەکان و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت.**

**٥- بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری دەستپاکی و شەفافیەت و لێپرسینەوە و پابەندبوون بە ستاندارەکانی ڕاژەی گشتی.**

**٦- هاوکاریکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دانانی پرۆگرامی خوێندنی نیشتمانی بۆ پتەوکردنی دەستپاکی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.**

**٧- دانانی ڕێنمایی ڕێساکانی ڕەفتاری پیشەیی و چاودێریکردنی پابەندبوون پێیەوە و جەختکردنەوە لەسەری.**

**٨- دانانی ڕێنمایی دەرخستنی ئەستۆی دارایی.**

**٩- دانانی پەیڕەو و میکانیزم و ڕێسای بڵاوکردنەوەی زۆرەملێی داتا و زانیاری و بەڵگەنامەکان.**

**١٠- دانان و جێبەجیکردنی ڕێ و شوێنی ڕێگەگرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی و پتەوکردنی شەفافیەت و ڕێگەگرتن لەناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە کەرتی تایبەتدا.**

**١١- بەدواداچوون و گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا دەربارەی ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە کەرتی گشتیدا و دەرکردنی ڕاپۆرتی ناوبەناو لە بارەیانەوە.**

**چوارەم : فەرمانگەی کاروباری کارگێری و دارایی ، بەڕێوبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شارەزایی بێت لەبواری پسپۆڕی خۆی کە لە (١٠)ساڵ کەمتر نەبێت ، هەڵدەستێت بە ئەرکەکانی بەڕێوەبردن و سەرچاوە مرۆییەکان و دابینکردنی ڕاهێنانی پێویست و بونیات نانی تواناکان.**

**پێنجەم : بەڕێوەبەرە گشتییەکان بە مەرسومێکی هەرێمی پاش کاندید کردنیان لەلایەن سەرۆکی دەستەوە دادەمەزرێن.**

**شەشەم : نووسینگەی سەرۆکی دەستە ، فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات کە بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت.**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس ، بەڕێز دکتۆر سراج فەرموو.**

**بەڕێز د. سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن سـێ تێبینـیم هەیـە ، یەکـەمیان" تایبەتـە بـە فەرمانگـەی یاسـایی ، دەبوایـە کـاری عقـود و تـەنزیمی عەقدەکان لێرە مەهامی فەرمانگەی یاسایی دەبوایـەی بهاتبایـە ، لەبـەر ئـەوەی بـە نـەس نـەهاتووە (تقـوم الدائرة بالتنظیم العقود التی تبرمها الهیئة) (هیئة) هەر عەقدێك بکاتن ئەوە ئیشی ئەو فەرمانگـە یاسـاییە کە لێرەدا وەکو مـەهام نەهاتییـە ، دووەم" لـە خـاڵی (٩) کـە باسـی دانـانی پـەیڕەوی تایبـەت بـە پاراسـتنی گەواهیدەر و ئەوانە ئەکا ، ئەبێ هەمان شت لە ماددەی (١٩) حەرفیەن هاتییە ، ئەوجا یان لێرە لایـدەن لـە ماددەی (١٩) بەڕای من لابدرێتن ، ناکرێت دوو شت بەهەمان شێوە لەو ماددەیە دووبارە ببێتەوە ، سـێیەم" ئەوەیە کە پێشنیار دەکەم فەرمانگەیەك زیاد بکرێتن بەناوی عیلاقـات و مـەعلومات ، لەبـەر ئـەوەی خـاڵی (٦،٤،٣،٢) لە فەرمانگەی خۆپاراستن ئیشی عیلاقات و مەعلوماتە ، فەرمانگەیەك زیـادبکرێتن لەبـەر ئـەوەی هەمان فەرمانگەش لە یاسایی دەستەی نەزاهەی عیراقیشدا هاتووەو ئیشـەکان ڕێکـتر و تەوزیعـەکان جـوانتر دەکاتن ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز مامۆستا غەریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگـەی (٣) خـاڵی (٤) بـەڕێوەبردنی پرۆگرامـەکانی ڕاهێنـان و ئەنجامـدانی کـۆنگرە ، وائـەبینم لەبـەر هەستیاری ئەم دەزگایە کاتی کـۆنگرە دیـاری بکـرێ هـەر لـە یاسـاکە بـە (٢) سـاڵ بـێ یـان بـە (٤)سـاڵ بـێ ، چونکە هێشتنەوەی کاتی کۆنگرە بە مەفتوحی هەندێ جار ئەبێتـە هـۆی دواخسـتنی ، خزمـەتێکی گـەورە ئەکا ، بۆیە پێشنیار ئەکەم کاتی بەستنی کۆنگرەکە دیاری بکرێ بە ساڵ ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان؟

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە فەرمانگەی یاسایی کاری عقود تەنزیم کردنی لە مەهامی ئەوە ، ئـەوە خـۆی تەحسـیلێ حاسـڵە کاتێك کە عەقدێك دەبێت هەر دەچێتە فەرمانگەی یاسایی ، یەعنی ئەگەر نەشڵێین هەر تەحسیلێ حاسڵە ، سەبارەت بە زیادکردنی فەرمانگـەی عیلاقـات و مـەعلومات مـادام فەرمانگـەی خـۆ پاراسـتن ئـەو مەهامانـە جێبـەجێ دەکـات ، بۆچـی فەرمانگەیـەکی تـر زیـاد بکـەین؟ ئـەوە بڕیـار بـۆ بەڕێزیشـتانە ، ڕای سـەرۆکی دەسـتەش وەربگیرێـتن لـەو بارەیـەوە ، کـاتی کـۆنگرە دیـاری بکرێـت پێمـوایـە دەسـتە بـۆ خـۆی تـەعلیمات دەرئەکات ، یەعنی دەتوانێ لەڕێی تەعلیماتەکەوە کاتی کۆنگرەکە دیاری بکات ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، لیژنەی نەزاهە هیچ تێبینیەکتان هەیە؟ بەڕێز دکتۆر احمد سەرۆکی دەستە فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت زیادکردنی فەرمانگە ، پێموانییە ئێستا پێویستیمان بە زیادکردنی فەرمانگە هەبێت ، ئێستا لە دەستەی دەستپاکی عیراق تەقریبەن (٨) بەڕێوبەرێتی گشتیان هەیە ، دیارە ئەوەش پاش ئەوەی دەستەکە لە (١٠،٩،٨)ساڵی ئیشکردنی ڕابردوویدا ، ئێمە ئەو دائیرانەی کە پێشنیارمان کردووە بەڕاستی پێمان وایە تا مەدایەکی باش ناڵێم زۆر دوور بەس لە مەدای چەند ساڵ ڕەنگە تەغتییەی ئیشەکانی دەستەکە بکات ، هەرکاتێکیش پێویست بە ئەوەبکات بەتەئکید ئەوا پەرلەمانی بەڕێزی کوردستان مەوجودە دەکرێ بە هەمەهانگی لەگەڵ لیژنەی دەستپاکی پێشنیاری فەرمانگەی تر بکەین ، بۆیە پێموایە ئەوەی کە کردوومانە تا ئەو مولاحەزانەی لە لیژنەکەش دراوە ئێمە لەگەڵی هاوکۆکین موشکیلەیەکمان نییە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، هیچ شتێك هەیە سیاغەی بکەینەوە یان پێویستی بە ئیعادەی سیاغە هەبێ؟ بۆیە ئێستا ماددەکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەك دووبارەی تێدا هەیە دووبارە لێرە لابرێتن یان لەولاتر لابرێتن ، بیزەبت نەسەن تێیدایە بۆ لیژنەی یاسایی خوێندمەوە ئەگەر چاوی پێ بخشێنن ، ماددەی (١٩) بڕگەی (٢) لەو هەموارکراوە ئەگەر چاوی پێبخشێنن هەمان ئەو بابەتەی کە لە ماددەی (٩).......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکی دەستە بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات ، ماددەی (١٩) بڕگەی (٢)م .

**بەڕێز د. سراج احمد حمدامین.**

ماددەی (١)م بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بڕگەی (١)م (دەستە پەیڕەوێکی تایبەت بە پاراستنی گەواهیدەرو ئەوانە) هەر هەمان شت لە بڕگەی (٩) هاتیە ، دانانی تایبەت بە پاراستنی گەواهیدەر و هەواڵدەر و قوربانیان و تا ئەخیری ، هەر هەمان شتە ....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەی (٣)م خاڵی (٩).....

**بەڕێز د. سراج احمد حمدامین.**

بڕگەی (٣)م خاڵی (٩) بزەبت ، لەگەڵ ماددەی (١٩) بڕگەی (١)م هەمان شتە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

بیزەبت هەمان شت نییە ، بەڵام ئەتوانین ئەوەی کەلە ماددەی (١٩) هاتووە تەغتییەی فەقەرە (٩)ش ئەکا ، ئەتوانین لێرە ئەم فەقەرەیە لابەرین.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وایە ڕاستە ، باشە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەنە دەنگەوە.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد :**

ماددەی (١٠)یەم ماددەی (١٢)ی یاسای دەستە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە ، دەستە پێکدێت لە:

یەکەم : فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکان ، بەڕێوبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلای کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە یاسا ، خاوەنی شارەزایی بێت لەبواری پسپۆڕی خۆی کە لە (١٠)ساڵ کەمتر نەبێت و هەڵدەستێت بە ئاشکرا کردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی و کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەیان بە پشت بەستن بە دەزگا هونەرییەکان ، وەرگرتنی هەواڵدان ، زانیاری و سکاڵاکانی گەندەڵی و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی گەندەڵی و هاوکاری کردن لە بواری چاودێری خەرجکردن و وەرگرتن و ڕەفتارکردن بەمایەی هەرێم و ڕێگەکانی بەڕێوەبردن و هێنانەوەی ئەو تۆمەتبارانەی بۆ دەرەوە ڕایانکردووە ، گەڕانەوەی ئەو مایەو سامانانەی بۆ دەرەوە ڕفێنراون و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و لێکۆڵینەوەی هاوبەشی نێودەوڵەتی ، چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی لێکۆڵینەوە پێیەوە بەستراوە کەوا بە فەرمانی سەرۆکی دەستە دەکرێتەوە لە هەر پارێزگایەك لە پارێزگایەکانی هەرێم.

دووەم : فەرمانگەی یاسایی ، بەڕێوبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلایەنی کەم هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە یاسا و خاوەنی شارەزایی بێت لە بواری پسپۆڕی خۆی کە لە (١٠) ساڵ کەتر نەبێت و بەم ئەرکانەی خوارەوە هەڵدەستێت:

١- پێشکەشکردنی بیروڕا و ڕاوێژ لەسەر پرسە یاساییەکان کەوا دەخرێنە بەردەم دەستە ، نوێنەرایەتی کردنی دەستە لەو دەعوایانە بۆی یان لەسەری بەرزدەکرێنەوە بە بریکاری فەرمی کە لە سەرۆکی دەستە دەرکرابێت.

٢- مورافەعەکردن لەبەر دەم دادگا تایبەتمەندەکان لەوەی پەیوەستە بەتاوانەکانی گەندەڵی یان پێداچوونەوەی ڕێگاکانی تانە لێدان دەربارەیانەوە.

٣- نوێنەرایەتیکردنی دەستە لەو لیژنانەی لێکۆڵینەوە کە لەسەر داواکاری دەستە پێکهێنراون.

٤- ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی یاسایی تایبەت بە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی ئەم بوارە.

٥- پێشکەشکردن و داواکردنی یارمەتی یاسایی نێودەوڵەتی ئاڵوگۆڕکراو.

٦- چاودێری لەسەر دەستپاکی بڕیار و کارەکانی کەرتی گشتی.

٧- دانانی ڕێنمایی ڕێگەگرتن لە ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە هەرێمدا.

٨- گرتنەبەری ڕێکار بۆ چاودێری ئاستی دەستپاکی بڕیار و کارەکانی کەرتی گشتی و دەرکردنی ڕاپۆرتی ناو بەناو لەم بارەیەوە.

٩- ئامادەکردنی پێشنیار و پرۆژە یاسا لە بواری نەهێشتنی گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی.

سێیەم : فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافییەت ، بەڕێوبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شارەزایی بێت لەبواری پسپۆڕی خۆی کە لە (١٠)ساڵ کەمتر نەبێت ، ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

١- وەرگرتنی دەرخستنەکانی بەرژەوەندییە داراییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو زانیارییانەی تێیاندا هاتوون ، گەڕان بەدوای ڕاستییەکان و بەدواداچوونی ئەوانەی دواکەوتوون لە پێشکەشکردن و چاودێری کردنی زێدەبوونی مایەیی ئەوانەی داواکراون ، دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەکانییان پێشکەش بکەن و گرتنبەری ڕێکاری یاسایی دەرحەق بەوەی دەسەلمێنرێت کەوا زێدەبوونێکی گەورە لەسامانی یان سامانی هاوسەری یان یەکێك لە منداڵە دواکەوتەکانی بوونی هەیە بەپێی حکومەکانی ئەم یاسایە.

٢- هاوکاری کردن لەگەڵ ڕیکخراوە ناحکومییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاگەیاندن لە جێبەجێکردنی ڕێ و شوێنی هاوبەش بۆ ڕێگەگرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی.

٣- گەشەپێدان و پێشخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو لایەنانەی هاوشێوەن.

٤- بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکانی ڕاهێنان و ئەنجامدانی کۆنگرە بەهاوکاری وەزارەت و لایەنە تایبەتمەندەکان و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت.

٥- بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و دەستپاکی شەفافیەت و لێپرسینەوە و پابەندبوون بە ستانداردەکانی ڕاژەی گشتی.

٦- هاوکاریکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دانانی پرۆگرامی خوێندنی نیشتمانی بۆ پتەوکردنی دەستپاکی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

٧- دانانی ڕێنمایی ڕێساکانی ڕەفتاری پیشەیی و چاودێریکردنی پابەندبوون پێیەوە و جەختکردنەوە لەسەری.

٨- دانانی ڕێنمایی دەرخستنی ئەستۆی دارایی.

٩- دانانی پەیڕەو و میکانیزم و ڕێسای بلاوکردنەوەی زۆرەملێی داتا و زانیاری و بەلگەنامەکان.

١٠- دانان و جێبەجیکردنی ڕێ و شوێنی ڕێگەگرتن لە گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی و پتەوکردنی شەفافیەت و ڕێگەگرتن لەناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە کەرتی تایبەتدا.

١١- بەدواداچوون و گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا دەربارەی ناکۆکی بەرژەوەندییەکان لە کەرتی گشتیدا و دەرکردنی ڕاپۆرتی ناوبەناو لە بارەیانەوە.

چوارەم : فەرمانگەی کاروباری کارگێری و دارایی ، بەڕێوبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کەوا بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت و خاوەن شارەزایی بێت لەبواری پسپۆڕی خۆی کە لە (١٠)ساڵ کەمتر نەبێت ، هەڵدەستێت بە ئەرکەکانی بەڕێوەبردن و سەرچاوە مرۆییەکان و دابینکردنی ڕاهێنانی پێویست و بونیات نانی تواناکان.

پێنجەم : بەڕێوەبەرە گشتییەکان بە مەرسومێکی هەرێمی پاش کاندید کردنیان لەلایەن سەرۆکی دەستەوە دادەمەزرێن.

شەشەم : نووسینگەی سەرۆکی دەستە ، فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات کە بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ماددەکەیە کە بەو شێوەیە خوێندرایەوە؟ (٥٨) ئەندام لەگەڵیەتی ، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ ، کەواتە پەسەندکرا ، ئێستا پشوویەك وەردەگرین کۆبونەوەکەمان دوا ئەخەین تا کاتژمێر (٣) ، کاتژمێر (٣) دەست ئەکەین بە کۆبوونەوەکەمان.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی بەخشندەی میهرەبان.

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٣)، کۆبوونەوەی ژمارە (٢)، ڕۆژی دانیشتن (٢٠١٤/١١/٢٦)، بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان — عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١)، بەپێی ماددەکانی (٧٢ و ٧٤ و ٧٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، ئێستا داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە بەندی (١١) بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆوە، فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی (١١):

بڕگەی یەکەم: وەك خۆی دەمێنێتەوە.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی (١١):

بەندی یەکەم لە ماددەی (١٣) یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم:

لێكۆڵەرەكانی دەستە دەسەڵاتی لێكۆڵەریان هەیە بەو پێیەی لە یاسای بنەماكانی دادگاییە سزاكارییەكانی بەركار لە هەرێمدا دەقیان لەسەر كراوەو دەسەڵاتیان هەیە بڕواننە نووسراوو بەڵگەنامە فەرمییەكان بەوانەی نهێنیشن و پلەی نە دركاندنیان هەر چییەك بێت و، پێویستە كاری چوونە ژوورەیان بۆ فەرمانگەی پەیوەندیدار لەگەڵ ئەو ئامێرانەی سروشتی كارەكانیان پێویستی دەكات ئاسان بكرێت و پاراستنیان دابین بكرێت و نابێت ئەو ئامێرانەی پەیوەستن بە كارەكانیانەوە لێیان بسەندرێتەوە.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم: زیاد دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

لێكۆڵەرەوەكانی دەستە هەمان دەسەڵاتەكانی لێكۆڵەرییان دەبێت بەپێی یاسای بنەماكانی دادگاییە سزاكارییەكان و، هەمان مامەڵەی ئەوانیان لەگەڵدا دەكرێت لەسەرجەم ماف و ئیمتیازاتەكان سەرباری دەرماڵەی تایبەت و ئیمتیازاتی بەخشراو بۆیان وەك فەرمانبەرانی دەستە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم بەندە؟ فەرمووو نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕێی جەنابتەوە دەمەوێت سەرنجی تەواوی ئەندامانی بەڕێز رابكێشم بۆ بابەتێكی تایبەت بە لیژنەكان، ئەویش ئەوەیە ئەندامانی هەر لیژنەیەك ناكرێت هیچ تەسریحێك بۆ راگەیاندن بەناوی لیژنە بدەن بۆ هەر بابەتێك و پرۆژەیەك، كە هێشتا لە هۆڵی لیژنە وتو وێژو رای كۆتایی لەسەر نەدرا بێت، چونكە ئەمرۆ لە یەكێك لە سایتەكان بابەتێك بلاًو كراوەتەوە كە تایبەتە بە لیژنەی ئەوقاف، لە كاتێكدا ئێمە لەم لیژنەیە تاكو ئەم لەحزەیە من قسە بۆ جەنابتان دەكەم هیچ بڕیارێكمان نەداوە، جا بۆیە من داوا دەكەم حەق وایە ئەو پرسە چارەسەر بكرێت لە پەیڕەوی ناوخۆ، لە لیژنەی مەعنی زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو یاداشتە پێشكەشمان بكە، بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بكەین، راستە پێویست دەكات ئەندامانی پەرلەمان بەناوی لیژنەكانەوە قسە نەكەن، بەناوی خۆیانەوە قسە بكەن، بەڕێز كاك ئومێد حەمە عەلی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم ئەم دەقە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(لێكۆڵەرەوەكانی دەستە هەمان دەسەلاًت و ماف و ئیمتیازاتی لێكۆڵەرییان دەبێت بەپێی یاسای بنەماكانی دادگاییە سزاكارییەكان سەرباری دەرماڵەی تایبەت و ئیمتیازاتی بەخشراو وەك فەرمانبەرانی دەستە).

پێشنیاریش دەکەم بۆ حەلی ئەو کێشەیەی کە بەڕێز دکتۆر ئەحمەدیش پێشتر روونی کردەوە، کە ئەوان لێکۆڵەریان نییەو لە دوای کۆبوونەوەکەش هەر باسی ئەو کێشەیەی کرد، لێرە لیژنەی یاسایی و هەموو پەرلەمانتاران شتێکی لەو بابەتە پێشنیار بکەین، کە حەلی ئەو کێشەیان بۆ بکات، بۆ ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار مولزەم بکەین بە دابین کردنی، یان بە تەعیین کردنی ئەو لێکۆڵەرانەی کە دەستەکە پێویستیەتی، ئەگەرنا وەکو بەڕێزیان باسی کرد بۆ موحافەزەیەکی وەکو سلێمانی، یان هەولێر، یان دهۆك بە ڕێژەیەکی کەمی لێکۆڵیار ناتوانن ئیشەکانیان بکەن، بۆیە ئەمە گرفتێکی گەورەیە، ئەگەر دەمانەوێت دەرکردنی یاساکە ببێتە هۆی دەستکراوەیی زیاترو بەڕێوەچوونی باشتری ئیشەکانی دەستەکە دەبێت حەلێك بۆ ئەوە بدۆزینەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەرنجتان چییە لەسەر ئەو رەئیەی خرایە روو؟ لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان، فەرموو دکتۆرە جوان.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس ئەوەی صیاغەم هەیە ماددەی (١١):

بڕگەی یەکەم:

لێکۆڵەرەکانی دەستە دەسەڵاتی لێکۆڵەریان هەیە بەو پێیەی لە یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاکارییەکانی بەرکار.....................) لە لاپەڕەی شەش بەندی هەشت، فەقەرەی (٢) لقی (ب) هەمان دێڕ قسە کرایەوە (لێکۆڵەرەکانی دەستە هەمان دەسەڵاتی لێکۆڵەریان هەیە بەو پێیەی لە یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاکارییەکانی بەرکار) دووبارە کرایەوە، ئەگەر ئەو دێڕە بسڕیتەوە رەئسەن دەست پێ بکات بە دێڕی دووەم لەگەڵیان تا دووبارە نەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دابین کردنی لێکۆڵەرەوەکان، ئێمە لە ماددەکەدا گوتوومانە دابین کردن، دابین کردنیش یەعنی بۆ خۆی سیفەی ئیلزامی هەیە، یەعنی ئیتر بۆی نەقل دەکات، بۆی تەنسیب دەکات، بۆی دادەمەزرێنێ، دەبێت دابینی بکات، بڕوا ناکەم پێویست بکات لە شوێنێکی تر دیسان سیفەتێکی ئیلزامی تری بدەینەوە، ئێمە کە ماددەکەشمان گۆڕی، لەبەر ئەوە گۆڕیمان چونکە پێچەوانەی دەقێکی یاساییە، کە لە ئەحکامی عامە هاتووە، هەدەفەکە ئەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی بەڕێز دکتۆر ئەحمەد هیچ تێبینیەکت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێزد.احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، ئەوە وازیحە قسە لەسەر لێکۆڵەرەوەکانی دەستە، مەبەستی ئەو دیکۆمێنتانەیە کە دەسەڵاتی قەزا دابینیان دەکات، من لە فەقەرەی رابردوو رەئی خۆم گوت، ئێستاش تەئکید دەکەمەوە، من خۆم پێ لە کەس دڵسۆزتر نییە، ئێوە هەمووتان لە من دڵسۆزترن و لە منیش بەرپرسترن، من کە قسەم کرد، قسەم لەسەر پێویستییەکانی دەستە کرد لەو فەترەیەی کە ئێمە ئیشمان هەیە لەسەری، ئێستاش تەئکید دەکەمەوە تەبعەن رێزێکی زۆرم بۆ دەسەڵاتی قەزا هەیە، ئەمڕۆ کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیشیان لەسەر ئەو فەقەرەو فەقەرەی دوێنێ بەستا بوو، من پێموایە بەبێ هەماهەنگی نێوان دەستەی دەستپاکی و دەسەڵاتی قەزاو داواکاری گشتی رەنگە دەستە نەتوانێت شتێك وەکو پێویست بکات، ئەو تەرحەی ئێمە لە پێویستی خۆمان بوو، من دڵنیاشم ئەو پێویستییە بۆ ماوەیەکی زۆر وا دەمێنێتەوە، چونکە خۆیان ئەوان موشکیلەی موحەقیقیان هەیە، کە مومکینە ئێوەش وەکو پەرلەمان هاوکارییان بکەن لەو مەسەلەیە، ئەگینا ئێمە حەزمان لەوە نییە دایمەزرێنین، بە پێچەوانەوە، مومکینە ئەگەر بە نەقل بێت، هەتا ئەگەر بە هاوبەشیش دایمەزرێنن موشکیلەمان نییە، موشکیلەمان ئەوەیە ئێمە موحەقیقی پێویستم لەبەر دەست بێت، هەر قەزییەك هەبێت، لە رانیە هەبێت، لە قەڵادزە هەبێت، لە زاخۆ هەبێت، لە سمێڵ هەبێت، بتوانم پێ رابگەم، چونکە ئەرکی من ئەوەیە ئەو دەستەش لە ٧٠٪ی ئیشەکانی بۆ تەحقیق دامەزراوە، ئیتر ئەوەی تر کاك ئومێد بوو پێشنیاری کرد، پێم وایە ئەم مەوزوعە کاتی خۆی پەرلەمان ئێوە دەنگتان لەسەر داوە، دابین کردنەکەش وەکو خاتوو بەهار وتی مەتاتیە، ئەو لەوانەیە بڵێت (تەنسیب) من بۆی (نقل) بکەم، ئەویش هەر خازیعە بۆ ئیجتیهادی هەر دەستەیەك، من تەئکیدم پێویستییەکانی ئێمە لەم مەرحەلەیە دابین ناکات، بەڵام ئێوە دەسەڵاتی تەشریعن و شتەکە لای ئێوەیە، ئەگەر بڕیارتاندا تەواو، من نامەوێت بگەڕێمەوە سەر فەقەرەی پێشوو، ئێستاش تەئکید دەکەمەوە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەگەر هیچ تەعدیلێکی تێدا ناکەن بیخوێننەوە با بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم وەکو خۆی دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەی یەکەم: لێکۆڵەرەکانی دەستە دەسەلاَتی لێکۆڵەریان هەیە بەو پێیەی لە یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاکارییەکانی بەرکار لە هەرێمدا دەقیان لەسەر کراوەو دەسەلاَتیان هەیە بڕوانـنە نووسـراوو بەڵگەنامە فەرمییەکان بەوانەی نهێنیشن و پلەی نە درکاندنیان هەر چییەك بێت و، پێویستە کاری چوونە ژوورەیان بۆ فەرمانگەی پەیوەندیدار لەگەڵ ئەو ئامێرانەی سروشتی کارەکانیان پێویستی دەکات ئاسان بکرێت و پاراستنیان دابین بکرێت و نابێت ئەو ئامێرانەی پەیوەستن بە کارەکانیانەوە لێیان بسەندرێتەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم: دوای وەرگرتنی پێشنیارەکان لەلایەن ئەندامە بەڕێزەکانەوە، بەم شێوەیە دایدەڕێژینەوە.

بڕگەی دووەم: بەم شێوەیە دادەڕێژرێتەوە:

لێکۆلەرەوەکانی دەستە هەمان دەسەلاَت و ماف و ئیمتیازاتی لێکۆڵەرییان دەبێت بەپێی یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاکارییەکان سەرباری دەرماڵەی تایبەت و ئیمتیازاتی بەخشراو وەك فەرمانبەرانی دەستە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ماددەکەیە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، ٦٣کەسی لەگەڵە، فەرموون کێی لەگەڵدا نییە با دەستی بڵند بکات تکایە؟، کەس دژی نییە، کەواتە پەسەندکرا، فەرموون بۆ بەندی ١٢.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی (١٢): هیچ تێبینیەکمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو بەندی دادێن بۆ مادده (سێزدەمین)ی یاسای دەستە بەرهەردوو ریزبەندی (سێیەم) و (چوارەم)بەم شێوەیەی خوارەوە زێدە دەکرێن:

سێیەم:

١- دەستە بە بڕیاری سەرۆکەکەی بۆی هەیە هەواڵدان یان زانیاری یان سکالاَ بەبێ ئەوەی بیخاتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە بپارێزێت، ئەگەر هێماکردن بەبوونی تاوان لەخۆ نەگرێت یان، ئەگەر لای دەستە بە گەڕان و لێکۆڵینەوەی بەرایی سەلمێندرا کەوا هەواڵدانەکە دروست نییە یان درۆیە.

٢- دادوەری لێکۆڵینەوە یان ئەندامی داواکاری گشتی تایبەتمەند بۆی هەیە داوای هەر دۆسیەیەکی پارێزراو بکات بەپێی بڕگە(١)ی ئەم بەندەو گرتنەبەری ئەوەی بە گونجاوی دەزانێت دەربارەیەوە بەپێی حوکمەکانی یاسا.

چوارەم:

١- ئەوەی حوکم بدرێت لەسەر تاوانێکی گەندەڵی بە ئەنقەست ئەوا لێهاتوویی وەرگرتنی وەزیفەی گشتی لە دەست دەدات و کەرتی گشتی بۆی نییە وەك بەڵێندەر یان هێنەری خزمەتگوزاری یان کەلوپەل گرێبەستی لەگەڵدا بکات.

٢- ئەو فەرمانبەرەی حوکمی تاوانبار کردنی بە تاوانێکی گەندەڵی بەئەنقەست دەدرێت ئەوا بەگەیشتنی حوکمەکە بە پلەی بنبڕ دەسبەجێ بەدەرکراو (عزل) لەوەزیفەکەی دادەندرێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، کەس نییە قسەی لەسەر بکات؟، باشە ئێستا خوێندرایەوە بۆیە یەکسەر دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە تکایە با دەستی بڵند بکات؟، ٦٤ کەسی لەگەڵدایە؟، کێی لەگەڵدا نییە؟ ١ کەسی لەگەڵدا نییە، بۆیە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی (١٣): هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی (١٣):

بەندی (دووەم) لە ماددەی(چواردەمین)ی یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

بەپێی ئەوەی لەسەرەوەدا هاتووە، هەر زێدەبوونێکی گەورە لە ساماندا، لە دوای وەرگرتنی وەزیفەی گشتی، یان ڕاسپاردنی گشتی، یان سیفەت، یان لە سامانی هاوسەری، یان یەکێك لەو منداڵە دواکەوتەکانی بێتە ئارا، کاتێك لەگەڵ داهاتە ڕەواکانیان نەگونجێت و دەستەوەستان بێت لە هۆی دەرخستنی بە هۆکارێکی شیاو، ئەوا بە ئیستغلال دادەنرێت،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات، تکایە با دەستی بڵند بکات؟، کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها وشەی ئیستغلال بەعەرەبی هاتیە، کوردی تەبعەن دیڤ قاموسێ دوو مانا تێتن، (بەهرەگیری)، (چەوسانەوە)، جا نازانم لیژنە چیان پێ باش بیت، ئەوە لەجێگای دابنێن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەوە پەیوەندی بە صیاغەوە هەیە، باشە ئەگەر قسەیەکتان لەسەری نییە، ئەویش دەخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بەو شێوەی کەخوێندرایەوە، تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون ٦٨ کەسی لەگەڵدایە؟، کێی لەگەڵدا نییە، کەس نییە، کەواتە بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی (١٤): هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی (١٤): ماددەی(پازدەیەمین) هەڵدەوەشێندرێتەوەو ئەوەی خوارەوە دێتە جێگەی:

هەرکەسێك بۆ خۆی یان بۆ غەیری خۆی دەسکەوتێکی ناڕەوای دەست بکەوێت ئەوا بە بەندکردنی یان زیندانیکردن بۆ ماوەیەك لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێت، بە غەرامەیەك یەکسان بێت، لەگەڵ دەسکەوتە ناڕەواکەی و دەسبەسەرداگرتنی ئەم دەسکەوتەی سزا دەدرێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە ناوی دەنووسین، کاك تەحسین، فەرموو.

**بەڕێز تحسين اسماعيل دۆڵەمەڕی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چۆن دەسەلمێندرێت کە ئەم دەستکەوتە ناڕەوایە؟، تۆزێك ئەمە نادیارە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر شوان، فەرمووو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر(د. شوان قەڵادزێی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر دەستکەوتێکی ناڕەوا، ئەگەر تەوزیح بکرێت ئەوە باشە، ئەو دەستکەوتە چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حاجی کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدين( حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم ئەو دوو حاڵەتە جیان یان نا؟، بۆ نموونە کابرا ٧ ساڵ حوکمدرا یەعنی لەگەڵ حوکمەکەیدا هەرچی بردووە ئەیگەڕێنێتەوە یان بەس حوکمەکە دەدرێت و ئەوەی تری لەسەر لادەچێت، یەك شتی تری بۆ زیاد بکرێت، چونکە مەسەلەی گەندەڵی وەك شتی تر نییە، بەڕای من ئەگەر بنووسرێت هیچ عەفوویەکیش نەیگرێتەوە، لەوە ئەچێت باشتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕای ئێوە لەسەر ئەو قسانەی ئەندامان چییە، لیژنە پەیوەندیدارەكان فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سزاكە (واو)ی لەنێواندایە( بۆ ماوەیەك لە ٧ ساڵ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەكی یەكسان بێت) واتە بە هەردوو سزاكە سزا دەدرێت، لەبەر ئەوە ئەو (واو)ە جەمعە لەنێوانیان ئەوەش كە باس كرا، چۆن دەسەلمێندرێت كە ناڕەوایە، یان ناڕەوایەتیەكە مانای چییە؟، ئەوە ئێمە لە تەعریفەكاندا، تەعریفی جەریمەی فەسادمان كردووەو ئیشارەتمان پێی داوە، هەركەسێك كاتێك ناڕەوا دەبێت دەستكەوتەكانی كە بە ئیكتیساب كردنی یەكێك لەو تاوانانە ئەو مایە بەدەست بهێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دكتۆر احمد هیچ تێبینیەكت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆكی دەستەی دەستپاكی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەخێر هیچ تێبینیم نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە جارێكی تر بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەندی (١٤): ماددەی(پازدەیەمین) هەڵدەوەشێندرێتەوەو ئەوەی خوارەوە دێتە جێگەی:

هەركەسێك بۆ خۆی یان بۆ غەیری خۆی دەسكەوتێكی ناڕەوای دەست بكەوێت، ئەوا بە بەندكردن یان زیندانیكردن بۆ ماوەیەك لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێت، بە غەرامەیەك یەكسان بێت، لەگەڵ دەسكەوتە ناڕەواكەی و دەسبەسەرداگرتنی ئەم دەسكەوتەی سزا دەدرێت.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا كێی لەگەڵدایە بەو شێوەی كە خوێندرایەوە تكایە با دەستی بڵند بكات؟، فەرموون ٦٧ كەسی لەگەڵدایە؟، كێی لەگەڵدا نییە، تەنها ١ كەسی لەگەڵدا نییە؟، كەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەندی (١٥): هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی (١٥): ماددەی (حەڤدەیەمین)ی یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم: نەمانی دەعوای سزاکاری بەهۆی مردن نابێتە ڕێگر لەبەردەم گەڕاندنەوەی دەسکەوتە ناڕەواکە بەحوکمی دادگای تایبەتمەند لەسەر داوای دەستە لەماوەی سێ ساڵ لە ڕێکەوتی مردنەکە و لەمایەی هاوسەر و منداڵە دواکەوتەکانی، بە گوێرەی سوود وەرگرتنی هەر یەکێکیان لەو دەسکەوتە ناڕەوایە وەردەگرێتەوە.

دووەم: پێویستە لەسەر دادگای تایبەتمەند، لەبەرامبەر ئەو هاوسەرو منداڵە دواکەوتانەی سوودیان لە دەسکەوتە ناڕەواکە بینیوە، بڕیار بدات بەحوکمی گەڕاندنەوە، کە لە مایەی هەر یەکێکیان بەو بڕەی سوودی لێ دیوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کەس قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ پێناسەی منداڵە دواکەوتەکانیان کرد، کە ئەو منداڵانەن کە پێنەگەیشتوون یان پێگەیشتوون و دەرامەتێکی مالیان نییە کە پێی بژین، چاوەڕێی دەستی باوکیانن، شەرتیش نییە کەسێك مرد، میراتەکەی تەنها بۆ ئەوانە بێت کە دواکەوتەن، بۆ منداڵی گەورەش دەبێت، بۆ کەسێکیش دەبێت کە خاوەن سەرمایە بێت، ژن و منداڵی هەبێت، دەرامەتێکیشی هەبێت، مووچەی هەبێت، لەبەر ئەوە ناکرێت تەنها لێرەدا باسی منداڵە دواکەوتەکان بکرێت، ئەبێت بڵێین منداڵەکانی، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك ماجد عثمان، فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم لەسەر بڕگەی یەکەم هەییە، زەمانی دەعوا، ئایا ئەگەر دەعوا نەما، سزا چۆن دەدرێت؟، حەز دەکەم وەڵامم بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر قسەی ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم بابەتی منداڵەکان، جێ دێڵین بۆ سەرۆکی دەستە وەڵام بداتەوە، بەڵام لەخاڵی دووەم ئەوەی لێرەدا سقوتی دەعوای جەزائیە، مەبەستی بەهۆی مردن، چونکە هەر خۆی کە مرد ئەوە دەعواکە سقوت دەکات، بەڵام ئاسارەکانی تر دەمێنێت، ئەوەی پەیوەندی بە مالیەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە، ئەگەر ڕەئیەکتان هەبوو پێم بڵێن، بەڕێز دکتۆر احمد سەرۆکی دەستە، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی دکتۆرە ڤالا ڕوونی کردەوە، کاتێك کەسێك پارەیەکی زۆر ئیختلاس دەکات، لەقۆناغی دادگا دەبێت و لە پڕ کۆچی دوایی دەکات، لەو کاتەدا دەعوایەکە دادەخرێت، لەبەر ئەوەی کەسی موتەهەم لەژیان نەماوە، بەڵام مەبەست لێی ئەوەیە ئەو پارانەی ئەو کەسە بە ناڕەوا دەستی کەوتووە، بە تۆمەتی ئیختلاس یان هەر جەریمەیەکی تری گەندەڵی نابێت وەرەسەکەی سوودی لێ ببینن، بە عەکسەوە ئەو پارەیە پارەی گشتیە ئەبێت بۆی بگەڕێتەوە، لە پشکی هەر یەکێکیان بەقەد ئەو ڕادەیەی کە سوودی لێ دەبینێت، بۆ نموونە چەند وەرەسەی هەیە، ئەگەر ئەو مەبلەغە دابەش بکرێت یەکی چەندیان دەست دەکەوێت، هەمان مەبلەغیان لێ وەر دەگیرێتەوە، چونکە کەسی تاوانبارکراو لەژیان نەماوە، نابێت تۆ لە سەروەت و سامانی خۆت خۆش بیت، بەنیسبەت تابعین کاتی خۆی باسمان کرد، لە یاسای نەزاهەی عێراق و ئێرەش هەییە، بەڕاستی فراوانکردنێکی زیاتری هەیە، قسە لەسەر منداڵی خوار تەمەن ١٨ساڵ دەکرێت، ئەوانەی کە باوك و دایك یان باوك لێی بەرپرسە، بەڵام تابع ئەو منداڵانەیە کە فیعلەن ١٨ ساڵیان تەواو کردووە، بەڵام زیمەی مالی موستەقیلیان نییە، هەر لەلایەن باوکیانەوە بژێویان بۆ دابین دەکرێت، یان کارێکی هاوبەش دەکەن بەیەکەوە، زیمەکانیان تێکەڵە، بۆیە قسە لەسەر ئەوە دەکرێت، چونکە لەوانەیە بەشێك لەو سەروەتە ناڕەوایە بەر ئەوانیش بکەوێت، ڕاستە ئەوان تاوانبار نین لەپرۆسەکە، دوێنێش هەندێ قسە هەبوو، تابیعەکە بە حەرفی تەرجومە کرابوو، بە دواکەوتە، وابزانم دواکەوتە مەبەستمان لێی ئەوەیە لەڕووی مالیەوە سەربەخۆ نییە، تا ئێستا لەڕووی ئابووریەوە پاشکۆی باوکیەتی، بەڵام کەسایەتی یاسایی خۆی تەواوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، قسەکە لەسەر ئەوەیە، یەکێك کە کۆچی دوایی دەکات و وەرەسەکەی دابەش دەکرێت بەسەر ئەوانەی کە وەرەسە شمولیان دەکات، باشە ئێستا بۆ بەس منداڵەکانی ئەو پارەیان لێ وەردەگیرێتەوە، نەك هەموو ئەوانەی کە وەرەسەیان بەسەردا دابەش دەکرێت، فەرموو دکتۆر احمد.

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە لەخوار مەسئولیەتی خۆیەتی، زیمەی مالیشیان نییە، یەعنی ئەوە تەحصیل حاصلە، بەس ئەوی تر بۆیە ئیزافەمان کردووە، لەوانەیە لە ئیشێکی هاوبەش پێکەوە کار بکەن، یان ئابووریەن لەگەڵ باوکیان دەژین و سەر بە باوکیانن، بەڵام تابیعەکە مەبەستی ئەوانەی سەرووی ١٨ ساڵە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە بۆچوونەکەی کاك عومەر زۆر لەجێگای خۆیەتی، چونکە منداڵی دواکەوتە، وتمان ئەوانەن کە ١٨ ساڵیان تەواو کردووەو بەڵام لەڕووی مالیەوە سەربەخۆ نین، بەڵام هەییە، ١٨ی تەواو کردووە، لەڕووی مالیشەوە سەربەخۆیە، بۆیە ئەوکاتە نایگرێتەوە، بۆیە پێم باشە لێرەدا بڵێین لە تەریکەکەی، یەعنی لەوەرەسەکەی بەشێوەیەکی عام بیهێنین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر فرسەت، فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشتی ڕەئیەکەی برام کاك عومەر دەکەم، پێم وایە لێرەدا مادام کەسەکە مرد، بەپێی ئەوەی کە لە میرات و وەسیە خوێندوومانە، یەکسەر میراتەکەی بەسەر هەموویان دابەش دەبێت، ئەوکات ئەوە نامێنێت، تابیعە، قاصرە، غیر قاصرە، لەبەر ئەوە بەشێك لەوەی کەناڕەوا دەستی کەوتووە، بەر ئەو کەسانەش بکەوێت کە زیمەی مالی سەربەخۆیان هەیە، بۆیە ئەگەر لێرە ئەو تابیعە هەڵبگرین، بە موتڵەقی شمولی وەرەسە بکات باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، لیژنەی یاسایی ئەگەر صیاغەی بکەنەوە تا بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەندی(١٥): هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەكەم/ نەمانی دەعوای سزاكاریی بەهۆی مردن نابێتە ڕێگر لەبەردەم گەڕاندنەوەی دەستكەوتە ناڕەواكە بە حوكمی دادگای تایبەتمەند لەسەر داوای دەستە لە ماوەی سێ ساڵ لە ڕێكەوتی مردنەكەو لە مایەی میراتگەرەكانی بە گوێرەی سوود وەرگرتنی هەر یەكێكیان لەو دەسكەوتە ناڕەوایە وەردەگیرێتەوە.

دووەم/ پێویستە لەسەر دادگای تایبەتمەند لە بەرامبەر میراتگرەكانی كە سوودیان لە دەستكەوتە ناڕەواكە بینیوە، بڕیار بدات، بە حوكمی گەڕاندنەوەكە، لە مایەی هەر یەكێكیان بەو بڕەی سوودی لێ دیوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ماددەكەیە بەو شێوەی كەخوێندرایەوە تكایە بادەستی بڵند بكات؟، فەرموون ٦٣ كەسی لەگەڵدایە؟، كێی لەگەڵدا نییە؟، ٣ كەسی لەگەڵدا نییە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕایەك هەیە، من داوای لێبووردن دەكەم بابەتەكە كۆتایی هاتووە، بەڵام یەك شت هەیە، بەڕێز دكتۆر احمد یان برادەرانی لیژنەی یاسایی ئەگەر فەرەزەن ئەو پارەیە لەدەست وەرەسەكە نەمابوو، بۆ نموونە پارەكە گەشتە دەست كەسێك بەناڕەوا، منداڵەكەی یان كوڕی كوڕەكەی لەدەستی نەمابوو، لەو حاڵەتەدا چی دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك دكتۆر احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله كاك عمر ڕەنگە ئەوە ئیحتیمالەكان بێ، بەڵام خۆت ئەزانی ئێمە قانونی ئیستیحسالی دیونی حكومیمان هەیە، یەعنی ئەوا قەرزێك هەبێ لە سەری وەكو ئەوەی دەینی گشتی دەكرێت بە هەمان ئالیات، خۆت ئەزانی ڕەنگە لە غەیری ئەو قەرزەیەش كەس هەیە قەرزارە بەڵام پارە ناتوانیت بیداتەوە، تۆ كەسێك كە مەبلەغێكی گەورە خۆ قسە لەو بابەتە لە سەر مەبلەغێكی گەورەیە، خۆ باسی (١٠) دە ملیۆن و (١٥) پانزدە ملیۆن ناكرێ قسە لە سەر دەیان ملیۆن و سەدان ملیۆن دەكرێ، لە بەر ئەوە بە تەئكید ئالیات هەیە لەو قانونە چۆن حكومەت لێی وەردەگرێتەوە، مومكینە ئێرە باس كردنی ئەوە نەبێت، یەعنی بە تەئكید، كە لە سەری چەسپاو ئەو كات بە تەئكید حكومەت ئالیاتێك دەدۆزێتەوە بە پێی قانونی وەرگرتنی قەرزەكانی حكومەت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێز دکتۆرە بەهار قسەیەکت هەبوو؟ فەرموو.

**بەرێز د. بەهار محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ئەو تەوزیحەی بەرێز سەرۆکی دەستەی دەستپاکی بوو، ویستم بڵێم قانونی ئیستیحسالی دیونی حکومی هەیە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، ماددەیەکی تر بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆیەوە.

**بەرێز د. ڤالا فرید :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندی (١٦) شانزدە هیچ تێبینیەکی لە سەر نییە.

**بەرێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی شانزدەیەم، ماددەی هەژدەیەمینی یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە : بەشدار بوو لە تاوانی دەست کەوتی ناڕەوا لە سزادان دەبووردێت ئەگەر هەڵسا بە ئاگادار کردنەوەی دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان لە تاوانەکە بەر لە ئاشکرا بوونی یا هاوکار بوو لە گەڕان و لێکۆڵینەوە لە ئاشکرا کردنی یان ئەو مایانە لێیەوە وە دەست هاتوون ئاشکرا بکات و بگەڕێنرێتەوە و حوکمی ئەم ماددەیە پێویست بوونی حوکم دان لە سەر بە گەڕانەوە پێشێل ناکات.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لە سەر ئەم ماددەیە؟ بەرێز کاك علی هالۆ فەرموو.

**بەرێز علی علی هالۆ:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رای من بەشدار بوو لە تاوانی دەست کەوتی ناڕەوا لە سزادان دەبووردرێت باشتر وایە وا بنووسرێت سزاکەی کەمتر ئەکرێت، چونکە لە زۆربەی وڵاتان ئەم کەسانە سزا ئەدرێت، بەڵام کەمتر لە دوو ساڵ زیندانی ناکرێت، ئەو دوو ساڵە لە ژێر رەقابەیان یان ئەگەر کارێکی تری ناڕەوایان کرد ئیتر هەموو سزاکە ئەبێ بخوات.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەرێز کاك سهراب میکائیل فەرموو.

**بەرێز سهراب میکائیل محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددێ چاردێ ئەو کەسێ بەشدار دبیت دەستکەفتییێت ناڕەوا دێ هێتە سزادان دوو تشتا، حەبس یان سجن و غەرامە ژی دگەل هەیە ماددێ شانزدێ، ئەو کەسێ بەشدار بیت دەستکەفتییێت ناڕەوا دێ لێبورن، ئەز دبێژم لێبورین هەبیت بەس بۆ سزا یا حەبسێ یا سجنێ، بەس یا غەراما مالی بمینیت ئەگەر عەرەبی بخوینم ب ڤێ شێوەی بیت، پێشنیارا من ئەڤەیە (یعفی المساهم فی جریمة الکسب غیر المشروع من عقوبة الحبس او السجن و لا یعفی من عقوبة الغرامة المالیة اذا اعلن ... حەتا دویماهیکێ).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە عەلی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەمەویست قسە بکەم، بەڵام سەر ئەنجامی ئەو تێبینی یانە بەشدار بوو لە تاوانی دەستکەوتی ناڕەوا لە سزادان دەبووردرێت ئەگەر هەڵسا بە ئاگادار کردنەوەی دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان، تەنها ویستم ئەو سەرەنجە بدەم، ئەگەر ئەمە گۆڕانکاری بە سەردا بێت ئەوا هیچ کەسێك دەسەڵاتی تایبەتمەند ئاگادار ناکاتەوە، بۆیە کە دەڵێ لێی دەبووری، لە سزاکەی دەبوری لە بەرامبەر ئاگادار کردنەوەکەیدا، ئەگەر کەم کردنەوەی سزاکەش بێ، بێگومان هیچ حاڵەتێکی ئاشکرا کردنی یان ئاگادار کردنەوە روو نادات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان .**

ئەوەی پەیوەندی بە لێبووردنی ئەو کەسە بوو کە هەواڵەکە دەداتن دیارە لە بەر لە ئاشکرا بوونی تاوانەکەشە، بۆیە ئەوە وەکە ئیغرائێك وایە بۆ ئەو کەسانە، بۆیە لێبووردن دانراوە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە سزاکە هەبوو لێرانە ئەو عەفوو ناکرێتن لە حوکمدان لە سەر بە گەڕانەوەی واتە لە ئیستیرداد ئیعفا ناکرێت بە هیچ شێوەیەك، عەفوو دەکرێت لە سزاکە، بەڵام پێویستە ئەوەی بە دەست هاتووە ئیستیردادی بکاتەوە، بەڵێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور/ سەرۆكی دەستەی دەستپاکی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە بۆ تەشجیعە و لە وڵاتان تر ئەو حاڵەتانە ئێكجار زۆرە، كاتێك كە قسە بۆ نموونە بڵێم (میصر) بۆ دوای حوكمی موبارەك كەسێك موتەهەم بوو بە حدودی یەعنی لە ملیار جوتەیەی ئەوانە بەسەرەوە بوو، داوای عەرزی كرد صەفقەی لە گەڵ حكومەتی (میصری) بكات ئەعفای كەن لە مەسەلەی كەسیی مەشروعە، ئەو نیمەی پارەكەیان بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام دوای ئیتیفاقەكەی نەكرا، لێرەدا رەدەكە هەیە واتە ئەو پارەیە دەگێڕدرێتەوە كە لە كەسیی موشروعەكەیدایە، بەڵام ئیعفا دەكرێت لە غەرامە، یان غەرامە یان حەبسەكە خۆش دەزانن كە ئەوە تەشجیعە بۆ ئەوانەی كە لەو تاوانە تێگلاوەی و ئەوەی باشە، تەصەور دەكەم لە داهاتوودا ئەوە هەبێت، یەعنی نەتائیجی باش هەبێت، چونكە تەشجیعە بۆ ئەو كەسانە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی پرسیارەكە ئەوەیە ئایا ئەو كەسەی كە كەسیی غێر مەشروع ئەكات، خۆی ئەیگەڕێنێتەوە، ئایا لە مەنصەبەكە ئەمێنێت یان نا؟ مایكەكە داگیرسێنن دكتۆر، فەرموو.

**بەرێز د. احمد انور/ سەرۆكی دەستەی دەستپاكی:**

ئەڵێت (يعفى المساهم فى الجريمة من العقوبات) واتە دەبەخشرێت لە سزا، كە بەخشرا لە سزا، مەعنای ئەوەیە كە حەتمەن دەگاتە مەرحەلەی حوكمدان و ئەوانە، لەوانەیە خەڵكی تری تێدا بێت، موساهم یەعنی بەشدارە لە گەڵ ئەوە، یەكێك لەو بەشدار بووانە هەڵدەستێت بە ئاگاردار كردنەوەی دەسەڵات كە قەزییەكی كەسیی غێر مەشروع هەیە كە دێتە سەر حوكمدان لە قەزییەكە ئەو لە عقوبەكە دەبوورێت، دەبەخشرێت، عقوبەكە چییە؟ یان غەرامەیە یان حەبسە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئیعادەی سیاغەی ئەكەنەوە یان بیخەینە دەنگەوە؟ بەرێز دكتۆر احمد من پرسیارەكە جارێكی تر ئاراستەی جەنابت ئەكەمەوە، ئەو كەسەی كە كەسبی غێر مەشروع ئەكات، سزا دەدرێت یان خۆی سزا بدرێت، پێش ئەوەی دادگایی بكرێت و یان ئیجرائاتی لە گەڵ بكرێت، تاوانەكەی بە سەردا ساغ بێت و سزا درا، خۆی باسی ئەوەی كرد كە كەسبی غێر مەشروعی كردوو و پارەكەی گەراندەوە، ئەم كەسە لە هەر دوو حاڵەتەكە لە سەر مەنصەبی خۆی بەردەوام ئەبێ یان نا؟

**بەرێز د. احمد انور/ سەرۆكی دەستەی دەستپاكی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە نەصەكە دەڵێت (يعفى من العقوبه) كە ئیتر وازیحە هیچ ئیجتیهادێكی تێدا نییە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

یەعنی لە مەنصەبی خۆی بەردەوام ئەبێ؟

**بەرێز د. احمد انور/ سەرۆكی دەستەی دەستپاكی:**

نەخێر نە، بەس لە سزاکە دەبووردرێت، وازیحە نەنووسرا، حوکمیش دەدرێت مەسەلەن، حوکمەکە موساهمی لە گەڵە قەزییەکە دەگاتە حوکم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە چی لائەبرێ لە مەنصبی؟

**بەڕێز د. احمد انور / سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

ئێ حوکمی لە سەر درا، بەس لە جێ بە جێ کردنی عقوبەکە دەبووردرێت لە بەر ئەوەی تەشجیعی بکەن، تۆ نە غەرامەی دەکەی نە حەبسی دەکەی، ئەگەر نا خۆ تەبلیغی نەکردبایە دەسەڵات خۆی تاوانەکەی کەشف کردبایە هەمان سزاش دەدرا، لە بەر ئەوە کە وازحیشە ئەگەر پێشتان خۆشە ئیشارەتی پێ بدەرێ ئەوەی نییە، بەڵام پێم وایە نەصەکە وازیحە دەڵێت (یعفى من العقوبە).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە بە حوکمدان لە سەر هەر کەسێك لە مەنصەبەکەی ئیعفا ئەکرێ؟

**بەڕێز د. احمد انور / سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

تۆ حوکم داوە لە کەیسەکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە حوکمت داوە، بە حوکمەکە یەکسەر ئیعفا ئەبێ یان نا؟

**بەڕێز د. احمد انور / سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

عەفوو، ئەو کەسە موتەهەمە بە کەسبی غێر مەشروع، بۆچی تۆ ئیعفای ئەکەی، عوقبەت تەشیجع ئەکەی، چونکە ئەو کەسبی غێر مەشروعەکەی ئاشکرا کردووە.

**بەڕێز عمر صالح کۆچەر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نە مەوزوعێ (عفو العقوبە) یە، سوحبەت قسە نە لە سەر ئەوەیە.

**بەڕێز د. احمد انور / سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

تێدەگەم، مەوزوع (العقوبە) تەشجیعەکە بۆ ئەوە.

**بەڕێز عمر صالح کۆچەر:**

پرسیار نە ئەوە، پرسیار لە پۆستەکە ئەمێنیتەوە یان نا؟ ئەوە جێگا هەیە لەو قانونە یان نە؟

**بەڕێز د. احمد انور / سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

نامێنێتەوە، چونکە تۆ بەس لە سزاکەی عەفووی دەکەی، وازحە (یعفى من العقوبە).

**بەڕێز عمر صالح کۆچەر:**

به چی مادده لەم قانونە هەیە کە ئیعفا لە پۆستەکە ئەکات؟ لە چ ماددەیا؟ یەعنی ئێستا پرسیاری ئەوە ئەکەین لە چ مادده؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەمە ئەگەر ماددەکە جوان بخوینینەوە، ئەڵێ لە سزادان دەبووریێت ئەگەر هەڵسا بە ئاگادار کردنەوەی دەسەڵاتە تایبەتییەکان لە تاوانەکە بەر لە ئاشکرا بوونی، واتە حوکم نەدراوە هێشتا، بۆیە دوو شتی جیاوازن، ناکرێ بڵێین ئەم هینەکە مەحاکم ئەبڕێت و عقوبەش ئەدرێت و بەس دوای عقوبەکەی ئەبەخشرێت، ئەم پێش ئاشکرا بوون ئەبەخشرێ، یەعنی پێش ئاشکرا بوون، واتە هێشتا مەراحیلی تەحقیق دەستی پێ نەکردووە.

**بەڕێز د. احمد انور / سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ناکرێت، تۆ ئێستا جەریمەی کەسیی مەشروع کێ ئیسباتی دەکات کەسبی غێر مەشروع هەیە؟ ئەبێ بچێتە بەردەم دادگا، کەدادگا قەراری داو کەسبی غێر مەشروعە ئەو یەکێك لە موساهیمەکانە، بەڵام لە بەر ئەوەی خەبەری داوە چۆن ئەتوانین لە مەراحیلی تەحقیق ئەوەی بکەین، ناکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەبێ ئەو ماددەیە دارێژرێتەوە ئەم ماددەیە، چونکە وازیح نییە، بەو شێوەیە وازیح نییە ئەو ماددەیە، بەڕێز دکتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەوە لە نەصی ئیتیفاقی جینائی با بڵێین بەشێکە لە بەشەکانی موساهەمە لە جەریمە، ئیتیفاقی جینائی کە چەند کەسێك پێکەوە بەشدار دەبن، ئەوەی ئێمە بەر چاومان کەوتووە لە قانونی عقوبات، ئێمە زەرفی موشەدەدمان هەیە، زەرفی موخەفەفمان هەیە عادەتەن ئەوانەی کە ئاسانکاری دەکەن بۆ ئاشکرا کردنی ئەوانەی تر کە لە جەریمەی کۆمەڵێك کەس بکەن بە زەرفێکی مەخەفەف بۆ ئەوان حیساب ئەکرێ، بەڵام ئەوە لە بەر ئەوەی مەسەلەی ئیختیلاسە و ئێمەش یەعنی موتەفیقن لەوەی کە فەساد زۆر تەشەنەی کردووە وەکو تەشجیعێك بۆ ئەوانە، لێرە زۆر زۆر وازیحە، یەعنی لێرە ئیعفا ئەکرێ نیهائییەن لە عقوبە بێجگە لەوەی کە دکتۆرە ڤاڵاً باسی کرد مەسەلەی ئیستردادی ئەموال کە ئەوە لە نیزامی عامە و کەس ناتوانێ ئەوەی لێ ببەخشێ، بۆیە من پێم وایە ئەو تەنها تەشجیعێکە ئەگەر نا لە ئەصڵ دا ئەوەی کە لە قانونی عقوبات بۆ ئەو جۆرە تاوانانە هەیە، مادام عدول ئیختیاری نییە، یەعنی باسی تاوانی ئەنجام

دایە پێش ئاشكرا بوونیان عادەتەن زەرفی موخەففەف لۆ حیساب ئەكرێ، بەڵام لێرە تەشجێعێكی زیاتریان كردیە و ئیعفا دەكرێ و هیچ عقوبەیەكی لە سەر جێ بە جێ ناكرێت، جا ئەگەر بەرێز ئەندامانی پەرلەمان لە سەر ئەوە موتەفیق نین ئەوە دەكرێ بە شێوازێكی دیكە دایبڕێژین، بەڵام ئەوەی كە مامۆستا عمر كۆچەر باسی كرد، بەڵێ هەر لەوەی چەند ماددەیەك پێش، ئێستا ماددەكە لە بەر دەستم نییە ئێمە دەنگمان لە سەر دا كە ئەو كەسە ئەگەر تاوانی گەندەڵی لە سەر یەك لا بوو یەكسەر بڵێین لە وەزیفەكەش بە نیهائی دەست لێ هەڵدەگرێ و كۆتایی پێ دێت.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی بووە جێگای پرسیاری بەڕێزتان لە ماددەی دوانزدە لە بڕگەی چوار لە خاڵی یەك، لە تەعدیلی دەستەی نەزاهەدا هاتووە بەم شێوەیە (تسقط اهلیة المحكوم علیه عن جریمة فساد عمدیە لتولی الوظائف العامه و لا یجوز للقطاع العام التعاقد معه كمقاول او مورد للخدمات او الوضایع).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەكە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شازدە (١٦) : ماددەی هەژدەهەمینی یاسای دەستە هەموار دەكرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە : بەشدار بوو لە تاوانی دەستكەوتی نارەوا لە سزادان دەبووردرێت ئەگەر هەڵسا بە ئاگادار كردنەوەی دەسەڵاتە تایبەتمەندەكان لە تاوانەكە بەر لە ئاشكرا بوونی یان هاوكار بوو لە گەڕان و لێكۆڵینەوە لە ئاشكرا كردنی یان ئەو مایانەی لێیەوە وە دەست هاتوون ئاشكرا بكات و بگەڕێنرێتەوە و حوكمی ئەم ماددەیە پێویست بوونی حوكمدان لە سەر بە گەڕانەوە پێشێل ناكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لە گەڵ ماددەكەیە كە بەم شێوەیە خوێنرایەوە؟

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەس ئەگەر یەك جاری دیكە بۆمان بخوێنێتەوە تێنەگەیشتین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بیخوێنەوە جارێكی تر بێ زەحمەت.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی شـازدە (١٦): مـاددەی هەژدەهـەمین یاسـای دەسـتە هـەموار دەکرێـت و بـەم شـێوەی خـوارەوە دەخوێنرێتەوە : بەشدار بوو لە تاوانی دەستکەوتی ناڕەوا لە سزادان دەبووردرێت ئەگـەر هەڵسا بـە ئاگـادار کردنـەوەی دەسـەڵاتە تایبەتمەنـدەکان لـە تاوانەکـە بـەر لـە ئاشـکرا بـوونی یـان هاوکـار بـوو لـە گـەڕان و لێکۆڵینەوە لە ئاشکرا کردنی یان ئـەو مایانـەی لێیـەوە وە دەسـت هـاتوون ئاشـکرا بکـات و بگەڕێنرێتـەوە و حوکمی ئەم ماددەیە پێویست بوونی حوکمدان لە سەر بە گەڕانەوە پێشێل ناکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لە گەڵ ماددەیەکەیە بەو شێوەیە کە خوینرایـەوە؟ (٥٨) کـەس لـە گەڵێیـەتی، کـێ لـە گـەڵی نییـە؟ (٥) کەس لە گەڵی نییە و دژیەتی، بۆیە پەسەند کرا.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەڤدەم (١٧) هیچ تێبینیەکی لە سەر نییە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی هەڤـدەم (١٧) : مـاددەی نوزدەیـەمینی یاسـای دەسـتە هـەموار دەکرێـت و بـەم شـێوەی خـوارەوە دەخوینرێتـەوە، هـەر داوا لێکراوێـك بـە پێشـکەش کردنـی ئاشـکرا کردنـی بەرژەوەندییـە داراییـەکانی بـە ئەنقەسد یەکێك لەم کردەوەکانی خوارەوە ئەنجام بـدات ئـەوە بـە بەنـد کـردن بـۆ ماوەیـەك لـە سـێ مـانگ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە سێ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە صەد ملیۆن دینار زیـاتر نـەبێت یـان بـە یـەکێك لـەم دوو سـزایە، سـزا دەدرێـت، یەکـەم : دواکـەوتن لـە پێشـکەش کردنـی راپـۆرتی دەرخسـتەی بەرژەوەندییە داراییەکانی بۆ ماوەیەکی زیاتر لە سێ مانگ لەو ماوانەی لـە لایـەن دەسـتەوە دیـاری کـراون، دووەم : هێنانـەوەی داتـای نادروسـت لـە راپـۆرتی دەرخسـتەی بەرژەوەندییـە داراییـەکانی، سـێیەم : بازنـە کردنـی بەرژەوەنـدی یـان ئـەو مایـەی خاوەنیانـە یـان هـی هاوسـەرەکەیەتی یـان هـی یـەکێك لـە منداڵـە دواکەوتەکانیەتی لە دەرخستنی بەرژەوەندیە داراییەکانی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لە سەر ئەم ماددەیە، بەڕێز دکتۆر عزت نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەم پرۆژە هەموارەدا هەموو وشەیەکی (مایە) بـە گرنگـی دەزانم بکرێـت بـە (سەرمایە)، لە بەر ئەوەی بە ئینگلیزی پێ دەوترێت کەپیتال (Capital)، بە عەرەبی پێ دەوترێـت (راس المال)، بە کوردیش دەبێ پێی بوترێت (سەرمایە)، لە راستی دا لە زۆر لە پرۆژە یاساکانی تردا وشەی (مایە)

به كار دێت هەڵەیە، چونكە مایە یەعنی مال ئەگەر ئەو تەرجومەیە بكەین، سەرمایە پێی دەوترێت (راس المال)، كاتێك كەسێك گەندەڵی ئەكات خانوویەك، مولكی خۆی نییە كە بە ناوی خۆیەوەی دەكات بەو خانووە ناوترێ مایە، بەڵام كە پارەیەك بەرێت پێی دەوترێت (مایە)، (راس المال) بریتی یە لە خانووەكەش برێتی یە لەماڵەكەش، بەڵام (مایە) یا خۆد (مال) برێتی یە لە پارەكە، برێتی نییە لە خانووەكە، بۆیە لە پرۆژەی پێشوش نووسراوە قانونی استقطاب كە كراوە بە كوردی بە دەست هێنانی مایە، لە راستی دا شتێك نییە لە شیكاری ئابووری دا بە زمانی كوردی پێی وترێ (مایە) زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دكتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەست لە (مایە) لێرەدا تەرجومە عەرەبیەكەی مالە، و مالیش كاك دكتۆر عزت بە مەنزورە ئیقتیصادیەكەی پێناسەی ئەكا، ئێمەش بە مەنزورە قانونیەكەی پێناسەی ئەكەین، لە قانونی مەدەنی ئەڵێ : (كل حق ذی قیمە مادیە) ئیتر ئەم حەقە ئایا حەقەكە خانووە، حەقەكە هەر چی شتێكە كە بتوانرێت تەقییم بكرێت بە مایە، بۆیە پێموایە ئەگەر قسەیەك هەبێت لەسەر تەرجومەكە مال مایە نییە بە كوردی، ئەوە شتێكی ترە، بەڵام ئەگەر لەسەر ئەوە بێت لەسەر مایە ئەوە ئەوە دەگرێتەوەو جەنابت بە مەنزورە ئیقتیصادییەكە سەیری دەكەیت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. شێركۆ.

**بەڕێز د. شێركۆ جودت امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو بڕگەیەی كە باس لە سزای ئەوانە دەكات، كە سەروەت و سامانی خۆیان ئاشكرا ناكەن، پێم وایە حەدی ئەقەلی كە باس لە (٣) ملیۆن دەكات، یەعنی ئەوەی كە سەرمایەی خۆی ئاشكرا ناكات، یەعنی (٣) ملیۆن شتێك نییە رەدعی بكات، یان سزایەك بێ كە قورسایی بكات، بۆیە بەبڕوای من ئەو (٣) ملیۆنە دەبێ یەعنی موراجەعە بكرێتەوە، یەكسان بكرێت بە سەرمایەی سەلمێنراوی دوای تەحقیق تە عبیرێك بەوشێوەیە بدۆزینەوە، چونكە كابرا كە سەرمایەی خۆی كەشف ناكات، بێگومان سەرمایەی گەورەیە بۆیە كەشفی ناكات، ئەیشارێتەوە لە دەستەی نەزاهە، (٣) ملیۆن غەرامە بۆ ملیاردێرێك، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حاجی كاروان فەرموو.

**بەڕێز كنعان نجم الدین (حاجی كاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرئەوەی دکتۆر شێرکۆم هەبوو، پاڵپشتی دەکەم، دەستخۆش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. سراج.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی منیش هەر لە ڕایەکەی کاك دکتۆر شێرکۆ نزیکە، بەڵام ئەوەی مەبەستم بێ، ئەوەیە (٣) ملیۆن و (١٠٠) ملیۆن یەعنی بوعدیان زۆر لەیەك دوورە، لە هەموو قانونی عقوبات باوەڕناکەم ئەو لێك دووریە هەبێت، (٣) ملیۆن و (١٠٠) ملیۆنی ئەو نەوعە بوعدە دوورە نییە، دەکرێت تەفاروبێك دروست بکرێت، ئەوجا (١٠٠)ەکە کەم دەکرێتەوە یان (٣) ملیۆنەکە با زیاتر بکرێت، موهیم ئەوەیە یەعنی لەیەك نزیك بوونەوەیەك هەبێ، نەك لەنێوان (٣) و (١٠٠)ی زۆر دوورە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ڕام لەگەڵ ڕای دکتۆر سیراجە، بەڵام بۆمان ڕوون بکەنەوە ئایا ئەو فەرقە لەبەینی (٣) و (١٠٠)ەکە بەڕێژەی شاردنەوەی زانیاریەکاندان دراوە یان لەبەرچی داندراوە، ئایا مەسەلەن ئەوەی زانیاریەکی زۆر یان سەرپێییەکی زۆری کردبێ لە داتاکان زیاتر غەرامە دەکرێت، ئەوەی کەمی کردبێ کەم غەرامە دەکرێت ئەوە چۆنەوە چۆنتان داناوە؟ .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو نجات فەرموو.

**بەڕێز نجات محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزیش پشتەڤانیە ئاخافتنە دکتۆر سیراج دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەلایەکەوە لەگەڵ قسەکەی بەڕێز دکتۆر شێرکۆم، بەڵام لەلایەکی ترەوە لەگەڵی نیم، لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەم ولاتە ئەم فۆرمە دەیانگرێتەوە، ئەوکەسانەن کە بەرپرسی ئەم ولاتەن، بەرپرسەکانیش مووچەیان هەیە، پێویستە بەپێی مووچەکانیان، لەبەرئەوەی من پێم باشە بەڕێژەی لە (٥٠٪)ی مووچەی (٣) مانگیان یان (١) مانگیان بەڕێژە بێ ئەوکاتی یان ئەگەر سەرمایە حیساب بکەی، لە (١٠)ی ئەو سەرمایەی کە دوای تەحقیق دەبێ وەکو کاك دکتۆر شێرکۆ وتی، سیغەیەکی وا بدۆزینەوە ئەوە بەنیسبەت سزاکەوە، بەنیسبەت بڕگەکانیشەوە دەقی ماددەکە تیکراریەکی تێدایە پێم خۆشە ئاشکرای بکەم بۆ بەڕێزان لیژنەی یاسایی کە تێیدا هاتووە هەر داوا لێکراوێك بە ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان بە ئەنقەست ئەمە لە خوارەوە هاتووە، لەبەرئەوە داڕشتنەکە هەڵەیە پێویستە بکرێت بە هەر داوالێکراوێك پێشکەشکردنی فۆرمی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان بۆ ماوەیەکی زیاتر لە (٣) مانگ، لەبەرواری گەیشتنی فۆرمەکە بەدەستی غەرامە دەکرێت بەڕێژەی لە سەدا ئەوەندەی مووچەکەی بۆ یەك مانگ، ئەگەر یەکەم دواکەوتن بوو بۆئەوەی کە لە خوارەوە نووسراوە، دووەمیش هێنانەوەی داتای نادروستی کاریگەر، جاری وا هەیە تۆ هەڵەیەکی زۆر بەسیت دەکەی، چۆن دەبێ بەوە غەرامە بکرێی، هەڵەیەکی زۆر کاریگەر نییە، لەوانەیە بڵێی بینایەکم هەیە (٢٠٠)مەتر مورەبەعە، بەڵام (٢١٠) مەتر مورەبەع بێ ئەوە نادروستە، بەڵام ناکاتە ئەوەی تۆ غەرامە بکرێی، دەبێ بڵێی هەڵەی کاریگەر، سێیەمیش تەحسیلٌ حاسڵە لەناو دووەمدا هەیە، لەبەرئەوە بەڕەئی من سێیەم زیادەیە، هێنانەوەی داتای نادروست سێیەمیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە جوان فەرمووو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕەئی دکتۆر عزت دەکەم، چونکە ئەمن لە بەشی ژمێریاریش فەرقێك هەیە لەنێوان (رأس والمال)، (مال) بەس بۆ پارە دەوترێت، (رأس المال) بۆ مومتەلەکات و پارە دەوترێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو مریم فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ڕایەکەی کاك دکتۆر عزت دەکەم، هەروەها پێم باشە لەسەر غەرامەکە پێوەرێك دابندرێت هەر ئێستا، نەك هەر ئەو پارەیەی کە تەحدید دەکرێ، لە بڕگەی سێیەم باس لە باس نەکردنی

بەرژەوەنــدی یــان ئــەو مایــەی خاوەنیــان هەیــە یــان هــی هاوســەرەکەی یــان هــی یــەکێك لــە منداڵــە دواکەوتووەکانیەتی، ئەگەر بکرێت بە میراتگر ئەویش باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون لیژنە پەیوەندیدارەکان ڕاتان چییە لەسەر قسەی ئەندامانی پەرلەمان؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەندیدارە بەو جیاوازیەی کە هەیە لەنێوان غەرامەکە، کە لە (٣) ملیۆن دینـار کـەمتر نـەبێت و لە (١٠٠) ملیۆن زیاتر نەبێ، ئێمە پەسەندی دەکەین، پێشنیارەکەی دکتۆر سیراج بەوەی کە بـە غەرامەیـەك لە (٥٠) ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لە (١٠٠) ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ، بۆ بەڕێز مامۆستا ماجد سوڵتەی تەقدیری لێرانە بەپێی شاردنەوەی ئـەو مەعلوماتـە دەدرێـت بـە سـوڵتەی قـەزائی، قـازی لێرانـە تەقـدیری دەکات لە (٥٠ بۆ ١٠٠) دەسەڵاتی خۆیەتی، کەم و زیادی لەناو بابەتەکـە دابکـاتن، ئـەوەش کـە پەیوەنـدی بـە مایـەو سـەرمایە هەیـە، ئـەوە لـەکاتی داڕشـتنەوەی دیراسـەی ئـەو بابەتـە دەکرێـت و بـە نـەزەر ئیعتبـار وەردەگیرێت، بـەڵێ پێشـنیاریش کـرا هێنانـەوەی داتـای نادروسـتی کاریگـەر، ئەویشـیان بـە نـەزەر ئیعتیبـار وەردەگرن، بەڕێز عمر عینایەت پێشنیارەکەی پێشکەش کرد، ئێمەش ئەوە بە نـەزەر ئیعتیبـار وەردەگـرین و دایدەڕێژینەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر (عمر کۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لەگـەڵ ئـەوەنیم بیکەینـە (٥) ملیـۆن، چـونکە ئـەو یاسایە گشـتگیرەو زۆر کـەس دەگرێتـەوە دوای ئـەو تەعدیلەو ئەو هەموارە، کەسێك هەیە داهاتی کەمـەو راتبـی ئەوەنییـە، مەسـەلەن مەصـالحی خـۆی ئاشـکرا نەکاتن، ئەو (٥) ملیۆنە بۆ ئەو زیادە، ئەو (٣) ملیۆنەی داناوە، چونکە هەر کەسێك دەگرێتـەوە لـەم وڵاتـە، کەسێك داهاتی (٥) ملیۆن من لەگەڵ ڕەئی کاك عمر عینایەتم، بە ڕێژە بێ باشترە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو نجیبە فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر ئەو ڕایەی مامۆستا عمرم هەبوو، پشتیوانی لە قسەکانی ئە و دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەموو یاسای عقوبات و هەموو ئەو یاسایانەی کە باسی عقوبەیەك دەکات، ڕێژە نییە، دایمەن سوڵتەی تەقدیری لەنێوان دوو ڕەقەم دایە، یەعنی هەر وا بووە، موتەبەع وابووە لە قانونەکاندا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. فرست نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامی نییە با دواتر ئەوەنەبی، یەعنی ئەوەی کە ئێستا ئەو غەرامەی داندراوە، ئەوکەسە جارێ فەسادی نەکردیە با بڵێین گەندەڵی ئەنجام نەدایە، بەس تەنها ئاشکرای سامانی خۆی نەکردیە یان دوایخستییە یان ئەوانە، لەبەرئەوە پێم وایە کاك د. سیراجیش هەروا تەرحی کردیە، یەعنی نەك غەرامەکە زیاد بکرێ، بەڕێزان لە لیژنە کردیتیانە لە (٥٠ بۆ ١٠٠)، یەعنی لەیەك نزیك بوونەکە مەبەستی ئەوەبوو، (٣ بۆ ١٥)، (٣ بۆ ٢٠)، لەو نێوانە باشە نەك لە (٥٠ بۆ ١٠٠)، سەیربکە موقەدەم شمول دەکات، موقەدەم شمولی کەشف کردنی زیمەی مالی دەکات، موقەدەم مەعاشی پێم وایە (ملیۆنێك و ١٠٠ هەزارە)، ئەگەر کەشفی زیمەی مالی نەکرد یەعنی لەگەڵ (٥٠) ملیۆنی دونیایەك لەیەکتری جیاوازە، یان معاونی مودیر عام، مودیر ناحیە مەشمولە، مەعاشەکەی ناگاتە (٢) ملیۆن، لەبەرئەوە وا باشە وەکو کاك عباس دەڵێت یان بەنیسبەی سەدی بێت، یان (٣ ملیۆن تاوەکو ١٥ ملیۆن بێ) زۆر زۆر باشترە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل (دۆلەمەڕی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕەئیم هەیە، (٥٠ تا ١٠٠) زۆرە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

د. فرسەت وتی (١٠٪) دابنێین، لە سەدی (٥ بۆ١٠) ئەگەر کەشفی نەکرد جەریمە بکرێتن، جا بەگوێرەی رەقەم زۆر بێ دەچییە سەرێ ، لە خوارێش بۆ خوارێ دەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ڕوونیان کردەوە دەبێ لەنێوان دوو ژمارەدا بێ، واتە بەپێی قسەی دکتۆرە بەهار دەبێ دوو ژمارە بێ نەك بە ڕێژە بێ، بەبڕوای من ئەوەی خۆی زۆر زۆر باش بوو، چونکە بەپێچەوانەوە ئەگەر باس لە هەندێك خەڵك بکەین، کە داهاتیان کەمە، بەڵام هەندێکی تر هەن کە داهاتێکی زۆریان هەیە، بۆیە (٣) ملیۆنەکە ئەگەر بیکەیتە (٣ بۆ ١٥) ملیۆن، بە بڕوای من (٥) ملیۆنەکە بۆ هەندێك کەس زۆر زۆر کەم دەبێ، بۆیە هەر ئەسڵیەکەی زۆرباشە و لەنێوان (٣ بۆ ١٠٠) بێ، ئەوەی جەنابیشیان باسیان کرد کە سولتەی تەقدیریەو زۆر ئاساییە ئەو کاتە دادگاکان بەپێی ئاستی داهاتی کەسەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاردەکەم ئەگەر هەروەکی خۆی بێتن، بەس ئەوە زیاد بکرێت داهاتی سەروەت و سامانی بۆ ئەو سزایە، نە ئەوەش زیاد بکرێن داهاتی ئەو کەسە ئەوەی تەئخیر کردی لەبەرچاو بگیرێت بۆ ئەو سزایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر احمد هیچ سەرنجێکت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. احمد انور /سەرۆکی دەستەی دەستپاکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا ئەو سیغەیەی لای ئێمە دوای موناقەشە لەگەڵ لیژنەکە کردوومانەتە (٣ بۆ ٥٠)، نوسخەی تەعدیلەکەشمان ناردووەتەوە، دیارە ئەسڵیەکە لای ئێوە تەوزیع کراوە (١٠٠)ە، منیش پێم وایە لە حدودی (٣ تا ٥٠) ملیۆن شتێکی گونجاوە، ئەوەش تەبعەن ئەوانەی کە موتەخەلیف دەبن لەوەی موتەهەم نین بە هیچ کەیسێکی گەندەڵی، ئەوەی کە دوو، سێ بەڕێزیش باسیان کرد ڕاستە مومکینە کەسێك بە مەلاین دۆلاری هەبێت نەك (١٥) ملیۆن ئەگەر (١٠٠ و ٢٠٠) یش بێ تەئسیری لێ نەکات، ئەوە جیاوازە، ئەوە شتێکی ترە، کاتێك کەسێك موتەهەم بە کەیسێکی گەندەڵی، تەحقیقاتی لێ دەکرێت ئەوە شتێکی ترە، بەس ئەوە ڕەبتی بەس بە بڕگەی ئاشکراکردنی سەروەت و سامان هەیە، ئەوەی عەمدەنەکەشی دەبێت تێدابێت ، چونکە زۆرجار تاخیربوونەکە ڕەنگە بە ئەنقەست نەبێ، مەسەلەن ئەوکەسە لە دەرەوەی وڵاتە، نەخۆشە، لەبەرئەوە پێم باشە عەمدیەکە بمێنێتەوە، مەبلەغەکەش (٣ تا ٥٠) بێ، پێشم وایە لەگەڵ لیژنەکە وا ڕێکەوتین، بەڵام ئەو نوسخەیەی لای من نووسراوە لای ئەوانیش وا نووسراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی تەحدیدکردنی ڕەقەم لە پرۆژە یاسادا، لەبەر گۆڕانکاری زەمەنی پێم وایە هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە (٣) ملیۆنی ئێستا لەوانەیە (٦) مانگی تر یان ساڵێکی تر کەمتر بکات، زیاتر بکات و ئەمانە، بۆیە باس لە ڕەئیەکەی کاك عمریش، هەمان شتی باس کرد، ئێمە بیکەین بە ڕێژەی لە (٥٠٪)ی مووچەی (٣) مانگی، چونکە ئێمە باسمان لەوانە کرد، کە بەرپرسی حکومین، ئەوانەی کە بەرپرسی حکومین لە (٥٠٪)ی مووچەی (٣) مانگی، ئەگەر بەرز بوو، بەرز وەردەگیرێت، ئەگەر نزم بوو، نزم وەردەگیرێت، چونکە خۆی ئەسڵەن تەسەتوری کردووە، ئەمە بەپێی مەبدەئی (من این لك هذا).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر عزت فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی ڕایەکەی دکتۆر شێرکۆ دەکەم، دیاریکرنی ژمارە لە پرۆژە یاسا کارێکی خراپە، لەبەر یەك سەبەب ئابووری کوردستان خراپتر ببێت لە ئێستای، لەوانەیە بەشی کیلۆیەك گۆشت نەکاتن، پێچەوانەکەشی ڕاستە، چونکە (٤) ڕۆژی تر (٣) سفر لەسەر پارەی عیراقی لابرێت، (٣) ملیۆن دینار بەهیچ کەسێك نادرێت لەو ولأتەدا، بۆیە بەڕێژە دابندرێت هیچ کێشەیەکی تێدانییە لە (١٠٪)ی مووچەکەی، لە (٥٠٪)ی مووچەکەی بۆ سەرف دەکرێت، ئەوکاتە هەر گۆڕانکاریەك لە ئابووری ولأتدا ڕووبدات ئەو ڕێژەیە بۆ هەموو ئەگەر تەعەروز ناکات لەگەڵ بنەما یاساییەکانی کە داندراون، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوکاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابوکاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەو ڕایەدام کە بەهیچ شێوەیەك ناکرێت مەبلەغ دیاری بکرێت، چونکە بەپێی نیسبە بێ باشترە، ڕەنگە ئەو ڕۆژەی بێ گەندەڵکارە گەورەکان لە کوردستان مەحاسەبە بکرێن (٥٠٠) ملیۆن کەمتر بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا موداخەلە کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر بۆ ئەوە زیاتر تەئکید کردنەوە لەسەر ڕایەکەی خۆم، ئەگەر ئەو ڕێژەیە وەربگرین (٣) مانگی وەزیرێك یان (٣) مانگی پەرلەمانتارێك مووچەکە وەربگرێت، ڕێژەی لە (١٠٪)ی بۆ دابندرێت، ئایا ئەمە سزادانە؟ سزادان بۆئەوەیە کە تاوانێك یان شتێکی نایاسایی هەیە ڕێگای لێ بگرێت، یان سزادانەکە ئەگەر کاریگەریەکی قوولّ دروست نەکات لەسەر کەسەکە، پێم وایە نابێتە سزادان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.فرست نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوجارەی نوقتەی نیزامە، بەپێی قانونی عقوبات ڕەقەم (١١١) ساڵی (١٩٦٩)، تەبعەن (٥٠٦) ماددەیە، لەو (٥٠٦) ماددەیە دڵنیابە (٤٠٠) ماددەی غەرامەی تێدایە، هەمووشی دیاریکردیە لەوەندە بۆ ئەوەندە ئەوە یەك، دژی ئەوەنیم نیسبە دابندرێت، چونکە خۆم کە پێشنیارم کرد وتم نیسبە دابندرێت، بەڵام ئەو قسەیەم کە بڵێت بەهیچ شێوەیەك لە قانوو ناکرێت، لەو قانونەی کە ئێستا ئێمە ئیشی پێ دەکەین نزیکەی (٤٠٠) مادده غەرامەی کردووە، دەڵێت لە (٢٠٠) دینار وەختی خۆی کە دیناری عیراقی بوو، لە (٢٠٠ بۆ ٥٠٠) دینار، بۆیە هەیە حاڵەتێکی لە قانون تەبیعیە دەتوانین دایبنێین، بەڵام بۆ ئەو مەسەلەیە لەبەرئەوەی مەسەلەی مووچەیە دەکرێت پشت بەنیسبە ببەستین، منیش پێم باشە نیسبەی (٥٪) لە مووچەکەی ئاساییەو دەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەم پرسە، فەرموو.

**بەڕێز ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەوەین، کە مەبلەغەکە دیاری بکرێتن، لەبەرئەوەی غەرامەیەو، غەرامە بە عقوبە دادەنرێت، کە عقوبەیە پێویستە مەبلەغەکەی دیاری بکرێت لە (٣) ملیۆن دینار کەمتر نەبێ، ئەوەی تریش لەسەر داوای بەڕێزسەرۆکی دەستە لە (١٠٠) ملیۆن بکرێت بە (٥٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ، بەڵام ڕای کۆتایش بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە جوان قسەیەکی ترت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەتوانین کەوانەیەکی بکەینەوە (مع مراعات مستوی معیشة معدلات التضخم)، تەنها ئەو مەبلەغەی دادەنێین، یەعنی لە ئاییندە ئەگەر قیمەتی ئەو پارەیەش هاتە خوارێ، تۆ دەتوانی یان زیادی بکەی، یان کەمی بکەی، ئەگەر زیاد بوو، ئەگەر کەم بوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەڕێگای جەنابتەوە لە لیژنەی یاسایی دەپرسم ئەو (٣ بۆ ٥٠) ملیۆنە یان (١٠٠) ملیۆنە کێ دیاری دەکات؟ کێ بڕیاردەدات ئەوەندە بێ؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ڤالا فەرموو.

**بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دادوەر بڕیاردەدات، سوڵتەی تەقدیری بۆ قازیە بەڕێز کاك عمر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە ئەندام پەرلەمانێك بە هەڵە نەیتوانی مووچەکەی ئەوەندەی کە خۆمان دەیزانین، توانی ئەوەی هەیە (٥٠) ملیۆن دینار بدات، زۆربەی ئەوانەی لەو وڵاتەدان کە فۆڕم پڕدەکەنەوە هەموو کارمەندی دەوڵەتن، خۆ ناکرێت بۆ سەرمایەدارەکان، تەنها بۆ وەزیر و مدیر عام و بەڕێوەبەر و جێگرەکانیان و ئەندام پەرلەمانەکانە، کەسی تر فۆڕمی بۆ ناچێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس ئەمە لەو حاڵەتانەیە کە سەرپێچی دەکەن، مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من دەڵێم تاکو ئەو عقوبەیە کەمتر بێ باشترە، چونکە قەناعەتم وایە ئەو کەسەی کە پارەی زۆرە و مەسئولی بەرزە قەت ئەم یاسایە نایگرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تكایە ڕاكان سیاغە بكەن، با ئیتر لەوە زیاتر موناقەشە نەكرێن، یەك بە یەك دەیانخەینە دەنگەوە، سیاغەی بكەن، ئەو ڕایەی تریش هەر سیاغە بكەن، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٧) هەموار دەكرێت و بەمشێوەیە دەخوێندرێتەوە

هەرداوا لێكراوێك بەپێشكەش كردنی ئاشكراكردنی بەرژەوەندییە داراییەكانی بە ئەنقەسەت یەكێك لەم كردەوانەی خوارەوە ئەنجام بدات، ئەوە بە بەندكردن بۆماوەیەك لە (٣) مانگ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك لە (٣) ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە (١٠٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ یان بە یەكێ: لەم دوو سزایە سزا دەدرێت:

یەكەم: دواكەوتن لە پێشكەش كردنی راپۆرتی دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەكانی بۆماوەیەكی زیاتر لە (٣) مانگ لە ماوانەی لەلایەن دەستەوە دیاریكراون.

دووەم: هێنانەوەی داتای نادروستی كاریگەر لە راپۆرتی دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەكانی.

سێیەم: باس نەكردنی بەرژەوەندی یان ئەو مایەی خاوەنیانە یان هی هاوسەرەكەیەتی یان هی یەكێك لە منداڵە دواكەوتووەكانیەتی لە دەرخستنی بەرژەوەندییە داراییەكانی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕایەكەی ترتان سیاغە كردووە؟ ئەو ڕایەی تریش سیاغە بكەن، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، باشە ئێوە رەئیتان نییە؟، بەڵام بەشێك لە ئەندامان داوای ئەوە دەكەن، مەبەستم ئەوەیە ڕای دووەمیش وازح بێ لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمان، بۆئەوەی كە دەنگی لەسەر دەدەن، بەڵی فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر( عمر كۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەوزوع عقوبە بەخۆی رەدعێكی مەعنەوی هەیە، (٣ تا ١٠٠) ملیۆن ئەوە تەقدیری قازی كە وەك مەسئولێكی پارەی گەورە بێ، لە (١٠٠) ملیۆن وەردەرگرێت ئیتر كەم بێ هەر كەسێكی (٣) ملیۆن وەربگرێت، بەڕێزەش بێ هەر نەفسی ئەو حاڵەتەیە، زیاتر نییە، نە مەوزوع ئەوە گەندەڵە یان نا؟ مەعلوماتی ئاشكرا نەكردیە ئەوە عقوبە بۆ خۆ رەدعەكە، چونكە ئەوە نا هەر یەكێك بۆ خۆ بێن بە قەناعەتی من زۆرباشە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك علی نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم پێشنیارە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان كردوویانە، نموونەیەكی بەسیتت بۆ دێنمەوە، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئیش بە غەرامەی پەرلەمانتار دەكات كە بە (٢٠٠) دینار داندراوە؟ بەمە ناكرێت ، یەعنی (٣) سفر زیاد بكات (٣) سفر كەم بكات، هەموو شتێك دەگۆڕێت و ئەویش ئیشی پێ ناكرێت وەكو پەیڕەوی ناوخۆ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ڕێكی دەخەین، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سیاغەیەكم ناردە بەردەم بەڕێزتان بدرێت بە لیژنەی قەزائی یان بە جەنابت، پێم وایە ئەگەر ئەوەیان بیدەیتێ لەسەری ڕێك كەون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هاتۆتە بەردەستتان؟ بەڵام ئێستا لە پێش ئەوە دەیخەینە دەنگەوە، دوو ڕا هەیە، یەكیان ئەوەیە كە نیسبە دیاری بكرێ، ئەوی تریان كە بە ڕەقەم دیاری بكرێ، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بە نیسبە دیاری بكرێ؟ دەزانی چی؟ ئێستا لەسەر ئەوە وەستاوە بەڕێزان، بەڕێز د. سراج، دوو ڕاكە جیاوازی لەسەر ئەوەیە، یەكێك پێی وایە دەبێ بە ڕەقەم دیاری بكرێ، هەندێكیش پێیان وایە پێویست دەكات بە نیسبە دیاری بكرێ، ئەوە یەكلا بێتەوە دەتوانین سیاغەی بكەین.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان.**

سێ ڕا هەیە، یەكیان ئەوەیە سێ هەتا (١٠٠) ملیۆن بێ، یەكی تر (٣) تا وەكو (٣٠) ملیۆن، یەكی تریان بە نیسبە دیاری بكرێ، سێ ڕەئی هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، بەڵام كە هاتینە سەر ئەوەی كە بە ڕەقەم دیاری بكرێ ئەو كاتە ڕەئی تریش وەردەگرین، ئێستا لەبەر ئەوەی تەبعەن پێویست دەكات ئێوە دڵنیا بن لە ڕەئی خۆتان، ئەوەی لەبەر دەستماندایە بە ڕەقەم دیاری كردووە، جارێ ئەوە دەخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بە ڕەقەم دیاری بكرێت؟ (٣٨) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ كێ دژی ئەوەیە بە ڕەقەم دیاری بكرێ؟ (٢٨) دژیەتی، كەواتە پەسند كرا، بە ڕەقەم دیاری دەكرێ، جا ڕەقەمەكە لە بەینی چەند و چەند؟ پێم بڵێن پێشنیارەكان چییە بۆ ڕەقەم؟ ئەوەی كە ئێستا هاتووە ئەوە دەخەینە دەنگەوە، ئەگەر ئەوە پەسند نەكرا ئەوە ڕەقەمی تر دەخەینە دەنگەوە، ئەوەی كە ئێستا لە ڕاپۆرتەكەدا هاتووە، مادام موتەبەع وامان كردووە، ئەوەی ڕاپۆرتەكەمان كردووە بە دەنگی یەكەم، كێ لەگەڵ ئەوەیە (٣) ملیۆن بۆ (١٠٠) ملیۆن بێ؟ (٣٥) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژی

(٣) مليۆن بۆ (١٠٠) مليۆنە؟ (٢٢) كەس دژيەتی، كەواتە پەسند كرا، جا تكايە بيخوێننەوە بۆ ئەوەی بيخەينە دەنگەوە، ماددەكە هەمووی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان.**

ماددەی (١٧):

هەموار دەكرێت و بەم شێوەيە دەخوێندرێتەوە:

هەر داوا لێكراوێك بە پێشكەش كردنی ئاشكرا كردنی بەرژەوەندييە داراييەكانی بە ئەنقەست يەكێك لەم كردەوانەی خوارەوە ئەنجام بدات ئەوا بە بەند كردن بۆ ماوەيەك لە سێ مانگ زياتر نەبێت و بە غەرامەيەك لە سێ مليۆن دينار كەمتر نەبێت و لە سەد مليۆن دينار زياتر نەبێت، يان بە يەكێك لەم دوو سزايە سزا دەدرێت:

يەكەم/ دواكەوتن لە پێشكەش كردنی راپۆرتی دەرخستەی بەرژەوەندييە داراييەكانی بۆ ماوەيەكی زياتر لە سێ مانگ لەو ماوانەی لەلايەن دەستەوە دياری كراون.

دووەم/ هێنانەوەی داتای نادروستی كاريگەر لە ڕاپۆرتی دەرخستەی بەرژەوەندييە داراييەكانی.

سێيەم/ باس نەكردنی بەرژەوەندی يان ئەو مايەيەی خاوەنيانە يان هی هاوسەرەكەيەتی يان هی يەكێك لە منداڵە دواكەوتەكانيەتی لە دەرخستنی بەرژەوەندييە داراييەكانی.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ماددەكەيە بەو شێوەی كە خوێندرايەوە؟ (٤٦) كەس لەگەڵيەتی، كێ دژيەتی؟ (١٢) كەس دژيەتی، كەواتە پەسند كرا، ماددەی دوای ئەو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان.**

ماددەی (١٨) هيچ تێبينييەكی لەسەر نييە.

**د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ديارە وا هاتووە ماددەی (١٨) هيچ تێبينييەكی لەسەر نييە، بەڵام بەڕێز د.سراج لە كاتی خۆی دا لە ماددەی (١٢) بوو وابزانم پێشنيارێكی كرد، وتمان لە ماددەی (١٨) چارەسەری دەكەين، بۆيە ئەگەر فرسەتێكمان بدەيتێ تا ئەوە دادەڕێژينەوە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باش، دايڕێژنەوە، دوو نوقتەی نيزاميمان هەيە، بەڕێز كاك عمر عينايەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عينايەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٥) ببوورە چارەم نییە، مندالّە دواكەوتەكانمان چارەسەر كرد، بەس لەو ماددەی ئێستا دەنگمان لەسەر دا جارێكی تر هاتۆتەوە، دەبێ جارێكی تر چارەسەر بكرێ، چونكە دژی ئەوە دەوەستێتەوە، دەنگیشی لەسەر درا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، تازە دەنگی لەسەر دراوە، بەڕێز كاك أبو بكر هەڵەدنی، فەرموو.

**بەڕێز أبو بكر عمر عبدالله (أبو بكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نازانم ئەو پەیڕەوی ناوخۆیە كەی جێبەجێ دەكرێت؟ ماددەی (٥٦) دەڵێت كە نابێ هیچ پەرلەمانتارێك لەسەر بابەتێك دوو جار قسە بكات، پەرلەمانتاری وا هەیە شەش جار نەلەسەر بابەتێك، لەسەر یەك بڕگە قسە دەكات، ئێمە هەمووومان پێمان وابوو ئەو پرۆژە یاسایە دوو سەعاتی پێویستە، دوو ڕۆژە لێرە كۆ بووینەتەوە، ماددەی (٧٢) دەڵێ/ ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاسایی و ڕاپۆرتی ماددەكانی پێشنیاركراو، ئەگەر لەم پرۆژەی تەعدیلەدا مادام ئەوە هیچ تێبینییەكی لەسەر نییە، بۆ نەخرێتەوە بەر گفتوگۆ؟ ئێمە ئەگەر هەموار ئاوا بكەین بۆ هەموو قانونێك، دوو ڕۆژە، پرۆژەی دەستووری هەرێممان دێتە بەردەست بە سێ ساڵ نەجاتمان نابێ، یەعنی چۆن هەموو ماددەیەك ئاوا، دەرگای گفتوگۆی لەسەر دەكرێتەوە؟ لەبەر ئەوە من پێموایە پێشێلكارییە بەرامبەر بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس كاك أبو بكر، ڕاستە بەڵام ڕای تازە دێتە پێشەوە، ئەو كاتەی كە ڕای تازە دێتە پێشەوە، ئەندامانی پەرلەمانیش دەیانەوێ قسەی لەسەر بكەن، واتا ئەندامی پەرلەمان قسە لەسەر ڕاپۆرتەكە دەكات، بەڵام لیژنەی تایبەتمەند دێنە سەر ڕایەكی تر، كە دیسانەوە ئەندامی پەرلەمان دەیەوێ قسەی لەسەر بكات، بەڵام لەگەڵتم قسە زۆر دەكرێ، موداخەلە زۆر دەكرێ، كە پێویستە ئەندامانی پەرلەمان ڕەچاوی ئەوە بكەن لە لیژنەكان دا گفتوگۆی زیاتر بكرێ لەسەر پرۆژە یاساكان، باشتر ئامادە بكرێن، بۆ ئەوەی لە ناو هۆڵدا كەمترین قسە هەڵبگرێ.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١٨) بڕگەی دووەم هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە

بڕگەی دووەم/ ئەنجومەنی دەستە بۆی هەیە پێشخستن (قدم) بداتە ئەو فەرمانبەرانەی هەوڵی بەرچاو دەبینن، یان ئەنجامی ئاست بەرز بەدەست دەهێنن بە پێی یاسا و ڕێنمایی یە كارپێكراوەكان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کێ قسەیەکی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە؟ بەڕێز د.عزت، فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم پێدانی ئەو (قدم)ە ماوەکەی دیاری بکرێ، مانگێگ، سێ مانگ، شەش مانگ، ساڵێك، چونکە ئەو کەسەی کە لە پلەی وەزیردایە، من (قدم)م وەرگرتووە سەرۆکی حکومەت یەك مانگمی پێداوە، کەواتە دەبێ دیاری بکرێت، ناتوانرێ ساڵێك (قدم) بدرێ بە هیچ فەرمانبەرێك، هیچ کەسێك لە حکومەتی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێز کاك شوان شێخ أحمد، فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم هەیە لە ماددەی (١٨) کە ماددەی (٢١) دەگرێتەوە، کە (عدا)یەکە لابدرێ (مدیر عام و أصحاب الدرجات الخاصە) لەبەر ئەوەی ئەگەر بێت و ئاوا بێت، موەزەف دەبێت مووچەکەی لە مدیر عام و موستەشار و ئەوانە زۆر زۆر زیاتر دەبێ، کە ئەوەش بە شتێکی دروستی نابینم، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو (عدا) لابدرێت، چونکە بەڕاستی لەوەی مالیە و لەوەی عیراقیەش بە هەمان شێوە ئەوەی تێدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، خاتوو ڤیان عباس، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نزانم ژ ئەڤ ماددەیە گەلەکا مەتاتیە، ئەز پێشنیار دکەم ئەوە بێتە ڕاکرن، ژبەر کو ئەڤ فەرمانبەر ئەکید یەعنی مووچەیی هەی و یەعنی ساڵ بۆ تنا حیساب کرن، نزانم گەلەك جارا دەبیتە حافزەك بۆ هەندی کو تەسەتوری گەلەك جارا سەر گەندەلییەت بکە، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەڕێز کاك شوان تەرحی کرد، ئەگەر ئەو پێشنیارەکان بۆ بێنێ بۆ ئەوەی ئێمە لێرە دەست بە دارشتنەوەی بکەین، ئەگەر پەسند بێ، ئەوەی کە د.عزت باسی کرد، دیاری کردنی (قدم)، ئێمە لێرە

وەڵامـمـان دايـەوە دواى تەعديلەكـە، دەڵـێين پێشخسـتنى (قـدم)ى بـۆ هەيـە بـە پێـى ياسـا و پـەيڕەوە كارپێكراوەكان.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

بە زوويى صياغەى بكەنەوە، بۆ ئەوەى بيخەينە دەنگەوە، بەڕێز د.أحمد هيچ سەرنجێكت هەيە؟

**بەڕێز د.أحمد أنور/ سەرۆكى دەستەى دەستپاكى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، وەڵلا بە نيسبەت (قدم)كە ئەوەى كە لە ياساى پێموايە ديوانى چاودێرى دارايى، لە دەستپاكى عيراقيش هاتووە، شەش مانگە، ديارە بۆ ئەوانەى كە دەڵێ هەوڵێكى زۆر موتەمەيز، بە چەند ساڵ جارێك تـۆ ئـەوە نەكـەى، بـەڵام ئـەوەش دەچـێتە چوارچـێوەى موكافەئـە كردنـى خـەڵكى دڵسـۆز و ئەوانـە لـە چوارچـێوەى دەسـتەكە، بۆيـە ئێمـە كـە دامانـنـاوە بـۆ ئـەوە نييـە بـە تەئكيـد، خۆمـان دەزانـين دەسـتە موخەصەصاتى هەيە، ئەوە بۆ حاڵەتێك مومكينە كەسێك بەڕاستى جوهدێكى نائاسايى ئـەوە دەكات، بۆيـە پێموايە ئەگەر ساڵەكەشتان پێ زۆرە، لايەنى كەم شـەش مـانگ بـێ، ديـارى بكـرێ باشـترە، چـونكە بـە پێـى ڕێنماييەكان پێويست ناكات، ئـەو ماددەيـە هـەڵبگرن، چونكە خـۆ ڕێنماييـەكان بـە نيسبەت موئەسەسات وازيحە، ئەگەر ئەوە بە پێى ڕێنماييەكانە، ئەصڵەن ئەو مـاددە پێويسـت ناكـات، ماددەكـە هـەبێ يـان نـەبێ، ڕێنمايى و ياساكان چۆنە بە نيسبەت كەرتەكانى تر، بۆ دەستەى دەستپاكيش بە هەمان شێوە دەبێت.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەو داواكارييەى كە هاتبوو لـە تەعديلەكـە ئامـاژەى پـێ نـەدراوە، بۆيـە ئێمـە نـاتوانين لێـرە بيهێنينـە نـاو تەعديلەكەوە، بۆيە ماددەى هەژدەهەم بڕگەى دووەم بەو شێوەيە دەخوێندرێتەوە:

ئەنجومەنى دەستە بۆى هەيە پێشخستن (قدم) بـۆ مـاوەى شـەش مـانگ بداتـە ئـەو فەرمانبەرانـەى هـەوڵى بەرچاو دەبينن، يان ئەنجامى ئاست بەرز بەدەست دەهێنن.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ماددەكەيە بەو شێوەى كە خوێندرايەوە؟ (٣٠) كەس لەگەڵيەتى، كێ دژيەتى؟ (٣) كـەس دژيـەتى كەواتە پەسند كرا، ماددەى دواى ئەو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ماددەى نۆزدەم هيچ تێبينييەكى لەسەر نييە.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ماددەى (١٩)

دەقی ماددەی (٢٤)ی یاسای دەستە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم/ دەستە پەیڕەوێکی تایبەت بە پاراستنی گەواهیدەر و هەواڵدەر و قوربانی و شارەزایان دادەنێت و پەیڕەوی هاندانی جەماوەر و ڕاگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنی و تۆمەتباران لە هاوکاریکردن لەگەڵ دەستەدا دادەنێت و تەخویل دەکرێت بە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و خەرجکردن لەسەری دا.

دووەم/ سەرۆکی دەستە بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاک ناظم فەرموو.

**بەڕێز ناظم كبير محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی پاراستنی هەواڵدەر بەرامبەر بە ئاشکراکردنی تاوانەکە زۆر گرنگە، بەڵام وەختی من دەبینم لێرەئەوەندە گرنگی پێ نەدراوە، چونکە هەواڵدەر بەردەوام ژیانی لە مەترسیدایە لە ڕووی ئەمنییەوە، جا من پێشنیار دەکەم کە لە ناو یاساکە بە پێی ماددەیەك بە ڕوونی دیار بکرێت، نەك لە پەیڕەوی دەستەکەدا بۆ دیاری کردنی پاراستنەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕای لیژنە پەیوەندارەکان لەسەر ئەو پێشنیارە؟ د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مەبەست پاراستنی هەواڵدەر بێ، ئێمە لێرە و لە شوێنێکی تریش لەناو یاسایەکە باسمان لە پاراستنی کردووە، نازانم ئەگەر مەبەستێکی تر بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد انور (سەرۆکی دەستەی دەستپاکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مولاحەزەیەکم نییە، بەڵام قسە لەسەر پاراستنی نهێنی ئەوانەی هاوکارن، تەبعەن هاوکار بەرفراوانترە، هەواڵدەر و ئەوەی زانیاری دێنێ بەهەر جۆرێك لە جۆرەکان هاوکاری دەستەی دەستپاکی دەکات تێیدا هاتووە، بە تەئکید ئەوەش خۆی لە ماددەیەك هاتووە پاشان دەبێ تەفسیلی بکەی تەعلیماتی بۆ دەکرێ چۆن بۆ کەسبی مەشروع دەست کەوتی ناڕەوا تەعلیماتمان دەرکردووە بۆ شێوازی تەحقیق کردن، تەعلیماتمان دەرکردووە، بە تەئکید ئەوەش دەبێ تەعلیماتی بۆ دەربکرێ، چونکە هەندێك تەفاسیلی فەنی تێدایە ناکرێ هەمووی لە یاسایەکە دابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە ئێستا ماددەكە بەو شێوەیەی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگەوە كێ لەگەڵیەتی؟ ٥٣ كەس لەگەڵیەتی كێ دژیەتی؟ ١ كەس دژیەتی، پەسەند كرا، د.ڤالا فەرمووو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی/ ٢٠ هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە، فەرمووو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرۆكی دەستە بۆی هەیە بەڕێوبەرایەتی و بەش و هۆبەی دەستە بە گوێرەی پێداویستیەكانی كار بهێنێتە كایەوە، یان لێكیان بدات، یان هەڵیان بوەشێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ د.جوان فەرمووو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ماددەی (٢٠) سەرۆكی دەستە بۆی هەیە بەڕێوبەرایەتی بەش و هۆبەی دەستە بە گوێرەی پێداویستیەكانی كار، ئیزافەی ئەو ڕستەیەش بكەین تكایە ئەو گۆڕانكاریانەی كە لە ژینگەی تەكنەلۆژیا و زانیاری و پەیوەندیەكان ڕوودەدات بهێنێتە كایەوە و وا لێكیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە، یەعنی ئیزافەی ئەو ڕستەیە بكرێت، چونكە بۆ نموونە كارێكی ئەگەر بكەیە ئەلكترۆنی لە ئایند وای لێ دەكات دوو بەشی دەمج بكەی یان هەڵبوەشێنیەوە یان ئیلغای بكەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عباس فەرمووو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ هەر ئۆرگانێك دەستە جەمعی باشترە، هەر كاتێك دەستە جەمعی دەنگ بدات مادام دیموكراسین تووشی كەمتر هەڵە دەبین، بەرەو دكتاتۆریەت ناڕۆین، بە باشی دەزانم لە جیاتی سەرۆكی دەستە بكرێتە دەستە باشترە و با بە لیژنە بڕیار بدەن چ ئیشێك بكرێت واباشترە سەرۆك هەڵگیرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو حەیات فەرمووو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕایەکەی من هەمان ڕەئی مامۆستا عباس غەزالی بوو ئەگەر دەستە بێ باشترە، چونکە حوکمەکە میزاجی نابێ و بە دەستە جەمعی حوکمەکە دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕای لیژنە پەیوەندارەکان لەسەر ئەو پێشنیارانەی کە کران؟ د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەندار بوو بە ڕای یەکەم پێموایە کە دەڵێ بە گوێرەی پێداویستیەکانی کار یەعنی (حسب حاجە العمل) ئەوە هەموو پێداویستیەکان دەگرێتەوە و ئەو گۆڕانکاریانەش دەگرێتەوە کە دێتە کایەوە، لێرە پێداویستی کار بە موتڵەقی هاتووە، ڕای دووەمیش دوو ئەندام پەرلەمان پێشنیاریان کرد ڕادەوەستێتە سەر دەنگدانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئایا لە دەسەڵاتی سەرۆکی دەستە بمێنێتەوە یان تەحویلی بکەین بۆ دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی دەستە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە لیژنەی نەزاهە هیچ تێبینیەکتان نییە؟، د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد انور ( سەرۆکی دەستەی دەستپاکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە یاسای ڕەنگە زۆر لە وەزارەتەکانیش ئینشای شوعەب و ئەوانە لە سەلاحیەتی سەرۆکی دەستەیە، بەڵام ئەگەر لە ئەنجومەنیش بێ تەبیعیە، چونکە ئەساسەن ئەوە بۆ پێشوو کردنی ئیشە، ئیمتیازەك نییە بدرێ بە سەرۆك، بە عەکسەوە لەوانەیە ئەوەندەی زیاتر مەسئولیەتە بڕوا ناکەم ئەوە ئیمتیاز بێ، ڕەئیش بۆ ئێوەی بەڕێزە، موشکلەمان نییە، موهیم ئەوەیە سەلاحیەتە لەلای دەستەی دەستپاکی دەبێت، جا سەرۆکەکە هەی بێ، ئەنجومەنەکە هەی بێت، موهیم ئەوە پێداویستیەکی کاری هەموو موئەسەساتە، دامودەزگا زیاد دەکات، کەم دەکات، دەمجی دەکات بە پێی پێویستییەکانی ئیش، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بۆ ئەوەی نەچینەوە نیقاشێکی تر ئەوە دەخەینە دەنگەوە ئایا سەرۆکی دەستە بەشی تازە بکاتەوە یان ئەنجومەنی دەستە؟ لێرە هاتووە سەرۆکی دەستە، ئەگەر ئەمە پەسەند نەکرا ئەو کاتە ئەنجومەنی دەستە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە سەرۆکی دەستە بەشی تازە بکاتەوە یان لێکیان بدات؟ ٦ کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ ٣٥ کەس دژیەتی کەواتە پەسەند نەکرا، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەنجومەنی دەستە سەلاحیەتی هەبێ بەشی تازە بکاتەوە؟ یان لێکیان بدات؟ ٤٨ کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ ٢ کەس دژیەتی کەواتە پەسەند کرا، ئێستا کۆی ماددەکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، د. ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـاددەی/ ٢١: ئەنجومـەنی دەسـتە بـۆی هەیـە بەڕێوبەرایـەتی و بـەش و هۆبـەی دەسـتە بـە گـوێرەی پێداویستیەكانی كار بهێنێتە كایەوە و لێكیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەو دەسەڵاتە دەدرێت بە ئەنجومەنی دەستە، بۆیە دەستە دەچێتە بڕگەی ٢ لە ماددەی (٩) لە ئەسڵی یاسایەكە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

یەعنی دەبێتە بەشێك لە دەسەڵاتەكانی ئەنجومەنی دەستە، باشە كێ لەگەڵ ماددەكەیـە بـەو شـێوەیەی كـە خوێنرایەوە، ٥٢ كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ ٣ كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كـرا، مـاددەی (٢١٩) د. ڤـالاّ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەكی لەسەر نییە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.بەهارفەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی/ ٢١: لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقـائیعی كوردسـتان بـڵاو دەكرێتـەوە و لـە ڕێكـەوتی بڵاوكردنـەوەی بـە بەركار دادەندرێت.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ كەس نییە، كەواتە بەو شێوەیەی كە خوێنرایەوە دەیخەینـە دەنگـەوە كـێ لەگەڵیـەتی؟ (٦٢) كـەس لەگەڵیـەتی، كـێ دژیـەتی؟ كـەس نییـە، كەواتـە پەسـەند كـرا، هۆكارەكـانی دەرچوواندن، د. ڤالاّ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هۆكارەكانی دەرچوواندن**

بۆ مسۆگەركردنی زیاترە سەربەخۆیی دەستەی دەستپاكی هەرێمی كوردستان _عیراق، لە پێنـاوی پشـتگیری كردنـی دەسـەڵاتەكانی و بـۆ چەسـپاندن و بـەهێز كردنـی ڕێكارەكـانی ڕێگـە گـرتن لـە گەنـدەڵی و بەرەنگاربوونەوەی، بڵاوكردنەوەی چەمكی دەستپاكی وشەفافیەت و لێپرسینەوە لە دەزگاكانی كەرتی گشتی و تایبەت ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کەس قسەی هەیە لەسەر هۆکارەکانی دەرچوواندن؟ کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەگەر بەو شێوەیە دابڕێژرێ لەوە دەچێ باشتر بێ، لەبەرئەو ڕۆڵە گەورەی دەستەی دەستپاکی دەیبینێ لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و هێنانە کایەی دادپەروەری و شەفافیەت و چەسپاندنی هۆشیاری دەستپاکی و ڕیگەگرتن لە دەوڵەمەند بوونی نارەواو لێپرسینەوە لە دامودەزگاکانی کەرتی گشتی و تایبەت ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەو ڕایەی خۆت بێنە بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی نەزاهە بۆ ئەوەی ڕەچاوی بکەن، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ئەم ماددەیە قسەم نیە، بەڵام ئەگەر بکرێ دوایی دوو سەرنجم هەیە ڕێگەم پێ بدەی قسە بکەم، تازە ڕۆشتووە مەسەلەکە، بەڵام ماددەی (١٧) ئەگەر ئەو کەسەی زانیاریەکانی پێشکەش بە دەستەی دەستپاکی نەکرد، سزای چیە؟ لە لیژنەی یاسایی دەپرسم لە ڕێگای بەڕێزتەوە، لە (٣٠) ملیۆن بۆ (٥٠) ملیۆن غەرامە و (١٠٠) ملیۆن غەرامە ئەگەر ئەوەی دەفع کرد، دوای ئەوە سزای چییە؟ پێمان بڵێن لە یاسایەکە جێی نەکراوەتەوە، دووەم/ ئەو غەرامەی کە فەرز کرا، فەرزی بکە سێ سفر لەسەر ئەم سێ ملیۆنە لابرا، سبەی دەکاتە سێ ملیار دینار، یان سەد ملیار دینار، ئایا ئەو کەسە دەتوانێ بیدات یان نا، ئەوە بەداخەوە بەسەرمان دا تێ پەڕی، دەبووایە بە ڕێژە بووایە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێموابێ دەنگی لەسەر درا، تازە ناتوانین بچینەوە موناقەشە کردن، د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیقراحەکم کرد بوو بۆ لیژنەی یاسایی تایبەت بوو بە پابەند بوونی کارمەندانی دەستە بە پاراستنی سڕی میهنەی کارەکانیان، نەسەکم ناردبوو، نەسەکی عەرەبی ئەگەر بەڕێزیان چاو بدەنێ و لە شوێنێك جێی بۆ بکەنەوە، کارمەندان دەبێ پاراستنی ئەو سڕە بپارێزن کە دێتە بەردەستیان لە دۆکیۆمێنت لە مەعلومات، لە اخبار، دەبێ کارمەندان پابەند بن بەو یاسایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ڕاتان چییە لەسەر ئەو پێشنیارەی کرا و ئەو قسانەشی کە کران لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە؟، شکریە خان فەرموو.

**بەڕێز شكریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن پـێم باشـە هۆیـەكانی دەرچـوواندن یـەك وشـەی تـری بـۆ زیـاد بكـرێ، بـۆ مسـۆگەر كردنـی زیـاتری سەربەخۆیی و بەرفراوان كردنی، لێرە بەرفراوان، چونكە ئێمە لە هەندێ برگە دەسەڵاتەكانیمان زیاد كرد، بۆ نموونە دەسەڵاتی ناوەندە ئاینیەكان، بۆیە پێم باشە ئەگەر بەرفراوان كردنەكە زیـاد بكـرێ باشـە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی كاك د.سراج، یەكەم/ جەریمەی ئیفشای ئەسرار، جەریمەیەكە لە قانونی عقوباتدا هاتووە، بۆیـە ئێمـە ئـەو جەریمانـەی كـە لـە قـانونی عقوبـات هـاتوون لێـرە دووبارەمـان نـەكردەوە، ئەگـەر سەرنـج بدەن تەنها عقوبەمان بۆ جەریمەی كەسبی غەیر مەشروع دانابوو، لەبەرئەوەی لە قانونی عقوبـات دا نـەهاتووە، بۆیـە لـە قـانونی عقوبـات هـاتووە پێویسـت ناكـات لێـرە دووبـارەی بكەینـەوە، دووەم/ ئێمـە گەیشتووینەتە كۆتایی یاسایەكە، هۆكارەكـانی دەرچوواندمان خوێندووەتـەوە بـۆ ئـەوەی گفتوگـۆی لەسـەر بكرێ، جائیز نییە جارێكی تر بگەڕێینەوە مادده ئیزافە بكەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، ئێستا بۆ هۆكارەكانی دەرچوواندن تەوحیدی دەكەین لەگـەڵ ئـەو پێشـنیارەی بـەڕێز حـاجی كاروان یان بەجیا هەردووكیان بخەینە دەنگەوە؟ د.ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە داڕێژراوە پێمانوایە هەموو لایەنەكان دەگرێتەوە، بۆیە ئێمەی ئەندامانی لیژنە داوا دەكـەین كـە وەكو خۆی بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ئەوەی كە هاتووە دەیخەینە دەنگەوە، ئەوە كە پەسـەند نـەكرا ئـەو كـات پێشـنیارەكانی تـر لەبەرچاو دەگرین، كێ لەگەڵ هۆكارەكانی دەرچوونە وەك ئەوەی كە خوێنرایەوە؟ (٥٥) كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگـەڵی نییە؟(٧)كـەس دژیـەتی، كەواتـە پەسـەند كـرا، كـۆی یاسایەكە دەخەینـە دەنگـەوە، كـێ لەگـەڵ كـۆی یاسـای هەموار كردنی یەكەمی یاسای دەستپاكییە؟ (٥٩) كەس لەگەڵیـەتی، كـێ لەگـەڵی نییـە؟ كـەس نییـە كەواتـە پەسـەند كـرا، پیرۆزبـایی لـە خـەڵكی كوردسـتان دەكـەین بـەهۆی پەسـەند كردنـی ئـەم یاسـایە، هـەروەها هیـوادارین پەسـەند كردنـی ئـەم یاسایە ببێتـە هـۆی كـاراكردنی زیـاتری دەسـتەی دەسـتپاكی لـە هـەرێمی

کوردستان بۆ بەدواچوونی کەیسەکانی گەندەڵی، بەڕێزان بەرنامەی کار تەواو بوو، بەڵام تکایە دانیشن، لە دانیشتنی ژمارە (١٠) ی پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتی هاوبەشی دوو لیژنەی پەرلەمان، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و لیژنەی وزە و پیشەسازی و سەرچاوە سروشتییەکان خوێنرایەوە، کە کۆمەڵێك ڕاسپاردەی لەخۆ گرت بوو، ئێوە لە ئەنجامی گفتوگۆکانتان، ڕاسپاردەکانتان زیاتر دەوڵەمەند کرد، داوامان لێ کردن کە ڕاسپاردەکانیان سەرلەنوێ بنووسنەوە بۆ ئەوەی بیهێنینەوە بەردەم پەرلەمان بۆ ئەوەی وەکو ڕاسپاردە دەنگی لەسەر بدرێ و ئاراستەی حکومەت بکرێ، دوێنێ پێموابێ ڕاسپاردەکان بەسەرتاندا دابەش کرا، لەبەردەستتاندایە، بۆیە ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، کە ئایا لەدانیشتنی ئەمڕۆ ڕاسپاردەکان بخوێنرێتەوە و دەنگی لەسەر بدرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە ڕاسپاردەی ئەو دوو لیژنەیە ئێستا بخوێنرێتەوە و دەنگی لەسەر بدرێ؟ ڕاسپاردەکان موناقەشە کرا لە دانیشتنەکانی پێشتووتر حازرە و لەبەردەستتان دایە و خراوەتە بەردەستتان، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ڕاسپاردەکان ئێستا بخوێنرێتەوە و دەنگی لەسەر بدرێ، بەڕێز د.عزت نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکارم پەرلەمانتاران دڵنیا ببنەوە لەوەی کە بەدەستیان گەیشتووە یان ئەگەر نەگەیشتووە بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوێنێ بە دەستتان گەیشتووە و کۆپی کراوە بەسەرتان دابەش کراوە، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەمە بۆ پەرۆشییە بۆ وەفدی دانوستانکاری حکومەت بۆ مەسەلەی بودجە و میزانیە، بەڵام دەنگدان و دەنگ نەدان لەسەر ڕاسپاردە پێموایە هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ، ڕەئی ئەندامانە و ڕەئی پەرلەمانی کوردستان، دەکرێ بە نووسراوێك ئاراستەی حکومەتی بکەن، بۆیە بەڕای من پێویستی بە دەنگدان نییە و، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پێموابێ دەنگدانی پەرلەمانی لەسەر بکرێ شەرعیەتێکی زیاتری دەبێ، قوەتێکی زیاتری دەبێ ئەو ڕاسپاردانە، ئێستا دەخوێندرێتەوە، ڕاپۆرتی لیژنەکان خوێنرایەوە و جارێکی تریش دابەش کراوە بەسەرتان دا، ئێستاش ئەگەر پەسەندی بکەن، بخوێنرێتەوە ودەنگی لەسەر بدەین، جارێکی تر بۆتان دەخوێنرێتەوە، کاك سالار نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام ئەم بابەتە ئەهمیەتی هەیە، پێویستی بە تەسویتی پەرلەمانە، بە دیدی من مادام لە بەرنامەی کاردا نییە، شەرعیەتێکی نابێ، لەبەر ئەو تێبینیانەی کاك گۆرانیش خستنە دەنگدانی بە پێویست نازانم لە ئێستادا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سالار پێشتریش لە بەرنامەی کار بووە، لە دانیشتنی ژمارە (١٠ )خوێندنەوە بۆ ڕاپۆرتەکان کراوە، بەلام لیژنە پەیوەندارەکان بەر مەبنای قسەی ئەندامانی پەرلەمان و ڕا وپێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان دایانڕشتووەتەوە ڕاسپاردەکانیان، هەر ئەو کاتیش وتوومانە هەر کاتێك ئامادە بوویەوە دەیهێنین لە دانیشتنی پەرلەمان دا دەیخەینەڕوو و بۆ دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان لەسەری، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ بەڵێ کاك ابوکاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابوکاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە ڕای کاك سالار دەکەم لە بەرنامەی کاری ئەمرۆ نەبووە، پێویست ناکات لێرە قسەی لەسەر بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دانیشتنمان لەسەر ئەو بابەتە کرد ئەوسا ڕەئیەك هەبوو هەر ئەو ڕۆژە، ئەو ڕاسپاردانە حازر بکرانایە بخرابە دەنگدانەوە دوایی هەندێکمان پێشنیارمان کرد بۆ ئەوەی پەلەی لێ نەکەین، فرسەتەکی باشتر بدەینە لیژنەکە ڕاسپاردەکان دابریژێن، ئینجا بیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا (٢) ڕەئی هەیە لە پەرلەمان وازحە ڕەئیەك دەڵێن، هەر ڕاسپاردەکان مادام ڕاسپاردرا سەرۆکایەتی یەکسەر بینێرێت بۆ حکومەت، ڕەئیەکیش هەیە، بەڕاستی خۆشم دیفاع لەو ڕەئیە دەکەم پێم وایە شەرعیەتێکی باشتری دەبێ، بە هێزتر دەبێ ئەگەر بیخەنە دەنگدانەوە، من پێشنیار دەکەم سەرۆکایەتی بەس بیخوێنێتەوە، بیخەنە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگدانی هێنا بیهێنن بۆ حکومەتەکە، وە ئەگەر دەنگیشی نەهێنا بڕیارەکی لەسەر بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل گۆڕ پەیرەوێ ناوخۆی مادام بابەتەك نینە بەرنامەی کاری دا، ئەم ژی دگەڵ هندێ نینین نووکە بکەڤیتە دەنگدانێ دا، مادام مەشروعیەتێ بدەنێ بکەڤیتە بەرنامێ کاری دا عەجەلە تێدا نینە، پاشان بلا بچیتە دەنگدانێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێرکۆ فەرمووە.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەسەر داوای سەرۆکایەتی حکومەت خۆی بوو کە پشتیوانی پەرلەمانی گرنگە بۆ دانوستانەکان، ئەگەر بچن بۆ بەغدا، لەبەر ئەوە عاملی زەمەن لێرە، یەعنی تەئسیری وەشە هەیە کە نەچووە بەغدا، ئەمەش پیشتوانیەکی مەعنەویە شەش خاڵە زۆر نییە راسپاردەکان شەش خالە بخوێندرێتەوەو پشتییوانیەکە ئیعلان بکرێ، کۆتایی پێ بێ، زۆریش ناخایەنێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم راسپاردانە وەکو باسمان کرد کە پێشتر لە بەرنامەی کاری پەرلەماندا هەبووە، واتە شتێکی تازە نییە، لە بەرنامەی کاری پەرلەمان، بەڵام سەیرکردنی وە دەنگدان لەسەری خرایەدانیشتنەکانی داهاتوو ئەوە یەك.

دووا دوێنێ دوو لیژنەی پەرلەمانی داوایان لە ئێمە کردووە بە نووسراوێك داوای ئەوەیان لێکردووین، کە بخرێتە بەرنامەی کارەوە وە لەبەر ئەوەی (٤٨) سەعات پێش ئەوە نەبوو، بۆیە راستەوخۆ یەکسەر نەخراوە بەرنامەی کار، بۆیە دەنگدانی ئێوە ئەتوانرێ جارێکی تر بهێنرێتەوە بەرنامەی کار وە دەنگیشی لەسەر بدرێ وابێت لەمە زیاتر دوا، نەکەوێت، ئەو راسپاردانە هیچ قیمەتێکی نامێنێ، چونکە دوور نییە لە ماوەیەکی نزیکا وەفدی حکومەت دوور نییە، لە ماوەیەکی نزیکا وەفدی حکومەت سەردانی بەغدا بکا، ئەو کاتەراسپاردەی پەرلەمان هەرچییەك بێت نرخێکی ئەو تۆی نابێ، بۆیە من ئێستا ئەوە ئەخەمە دەنگەوە کە ئا ئەو راسپاردانەی ئێستا بخوێندرێتەوە دەنگی لەسەر بدرێ یان نا ؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئێستا بخوێندرێتەوە دەنگی لەسەر بدرێ؟ (٣٩) کەس لەگەڵیەتی،. کێدژیەتی؟ (١٦) کەس دژیەتی، بۆیە ئێستا دەخوێندرێتەوەو ئەو کات دوای خوێندنەوەی، وەکو راسپاردە ئەیخەینە دەنگەوە کاك دڵشاد نوقتەی نیزامیت هەبوو؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەموو.

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لەو پێشنیارانە، ئەگەر ئەمڕۆ ببنە بڕیار دڵنیام لەوەی کە حکومەت ناتوانێ جێبەجێی بکات .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نابێتە بڕیار ئەبێتە راسپاردە.

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی راسپاردە دروستە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە سەرۆکایەتی ئەو دوو لیژنەیە دەکەین کە راسپاردەکانیان بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، زۆر سوپاس بۆ ئێوە فەرموون ئێوە ئەتوانن بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی دەستپاکی پەرلەمان و لیژنەی کاروباری یاسایی، فەرموون، دەستان خۆشبێ، کاك د. شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێسشنارەکەم جەنابی (د. عزت) لەبری هەردوو لیژنەکە شەش خاڵەکە بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە پێشنیاری هەردوو لیژنەی پیشەسازی و ووزە و سەرچاوە سروشتییەکان و دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەر هێنان، بۆ وەفدی دانوستانکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

١- هەوڵبدرێت سەرجەمی ئەو پێشنیارانەی کە لە ڕاپۆرتی گرفتەکانی پشکی هەرێمی کوردستان لە بەشە بودجەی عێراقدا هاتبوو، کە لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانەوە ئامادە کرابوو جێبەجێ بکرێت، ئەگەر نا پەنا بۆ ئەو خاڵانەی لای خوارەوە ببرێت.

١- هەرێمی کوردستان داوای لە (١٧٪) بەشە بودجەی عێراق بکات واتە (١٧٪) راستەقینە، پێش دەرهێنان و لێدەرکردنی خەرجی سەروەری و حاکیمە.

٢- هەرێمی کوردستان سەرجەمی نەوتی بەرهەم هاتووی، جگە لەوەی کە بۆ پێداویستی ناوخۆ بەکاردێت، لە رێگای بۆڕیەوە بیفرۆشێت و کۆنترۆڵ لە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بێت و حکومەتی ناوەندی ئاگاداری پرۆسەکە بێت، واتە حکومەتی ناوەندی ئاگاداری بڕی بەرهەم هاتوو، بڕی فرۆشراو، نرخی فرۆشراوی نەوتی هەرێمی کوردستان بێت.

٣- لە ماوەی دوو هەفتەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ بە بازار کردنی نەوت پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکات.

٢- ئەگەر راسپاردەکانی پەرلەمان سەری نەگرت، ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێی یاسای ژمارە (٥) ساڵی (٢٠١٣) بۆ وەرگرتنی مافە داراییەکانی هەرێم و دابین کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان راستەوخۆ نەوتی هەرێمی کوردستان بفرۆشێت و بوودجەی هەرێمی کوردستانی پێ دابین بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راسپاردەکان خوێندرانەوە، کێ لەگەڵ راسپاردەکانە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

دوو پرۆژەکە هاتووە ئەوەی پێشنیار کراوە، پرۆژەکان هاتوون .

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای کۆمپانیای کوردستان بۆ بە بازاڕ کردنی نەوت پێشکەش بە پەرلەمان بکرێت، ئەمە جیاوازە لە کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت ئەم پرۆژە یاسایە جیاوازە لە پرۆژەکانی تر ئەوانەی کە هاتووە جیاوازن لەمە .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی کەو هاتووە کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت، کێ لەگەڵ راسپاردەکانە ئەوەی کە خوێندرایەوە؟ (٥١) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (١) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، زۆر سوپاس دانیشتنەکەمان بەم شێوەیە کۆتایی پێهات سوپاس بۆ ئێوە.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |